تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

سكا و بلوخ

سیخوڕی و دژە سیخوڕی

K.G.B. <—> C.I.A.



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

مەشخەڵ کەولاسی

لەبڵاوکراوەکانی
نێوەندو چاپو پەخشی برایان

سیخوڕی
و
دژە سیخوڕی

KGB ⟷ CIA

نوسینی: بلید وفسکاو بلوخ
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە
مەشخەڵ کەوڵۆسی

سلێمانی ٢٠٠٢

مافی لەچاپدانو لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

ناوی کتێب: سیخوڕیو دژە سیخوڕی
نووسینی: بلید وفسکاو بلوخ
وەرگێڕانی: مەشخەڵ کەوڵۆسی
چاپی: یەکەم
ساڵی: ٢٠٠٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی: گەنج
سەرپەرشتی چاپو بڵاوکردنەوەی (فواد احمد کەوڵۆسی)

ژمارەی سپاردنی (٤١٣)ی ساڵی ٢٠٠٠ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

ڕازێك لە وەرگێڕەوە

لەو ساتەوە کوردستان داگیر و پێشێل کراوە و خەڵکەکەی دیل و کۆیلە کراوە ، جەماوەری خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژ بە حوکمی شۆڤێنی وڵاتانی دەورووبەر و داگیرکەری کوردوستان بەرپاکردووە و لە ڕووی تەمەنیشەوە زۆری خایاندووە و باجێکی گیانی و ماددی زۆر و قەبە و فراوانیش لە پێناوی بەردەوامی پێدانیدا سەرف کراوە ، وەلێ بەبێ ئەنجامێکی دڵ خۆشکەرانە کۆتایی هاتووە و سەرانی شۆڕشەکان بە زۆری لە پڕۆتۆکۆڵی موخابەراتی جاڵجاڵۆکەییدا بە گورگان خواردن دراون ...نموونە لەو ڕووەوە هێند زۆرە و لەبەر چاون بڕاناکەم پێویست بکات ئاماژەی پێ بدەین ...ئەم دیاردەیەش کە لە شۆڕشی کوردیدا دەبینرێت دیارە پێویستە تەفسیری بکەین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین و وەك دیاردەیەکی ڕۆتینی لێی نەڕوانین ...پێم وایە یەکێك لەو هۆکار و فاکتەرە گرنگ و بناغەییانەی وای کردووە هەمیشە کورد لە مەیدانی موخابەراتیدا بدۆڕێت ، تێنەگەیشتن و بێ ئەزموونی ئەم نەتەوەیە بووە لە مومارەسە کردنی سیخوڕی و موخابەراتیدا ، تێنەگەیشتن (لەوەی کە چەندە دەزگا موخابەراتیەکان لە دنیادا کار لە بڕیاری سیاسی دەکەن و ڕۆڵیان هەیە لە دروست کردنی ئەو بڕیارانەدا) وای کردووە کوردان بەتەنها بە بینا لەسەر ڕاگەیاندن و پڕوتۆکۆڵە ڕاگەیاندنەکان کار بکەن و هەنگاو هەڵبگرن ،باجی ئەم ڕوکەشی تێگەیشتنەش لە سیاسەتی دەولی لەسەر شانی کوردان قورس کەوتووە ، لە کاتێکدا دەبوایە شۆڕشەکانی کورد هەمیشە پشتی پەردەکانیان بخوێندایەتەوە ...هێنانەدی ئەم ئاواتە گەورەیە پێویست بەوە دەکات دەزگایەگی سیخوڕی و موخابەراتی گەورە بە بودجەیەکی زۆر و توانای ماددی و

تەکنیکی و بەشەریی قەبەو گرنگەوە بێتە بوون ، ئەمەش کاتێك یەتەدی کاتێك کوردان هەست بکەن (یان ڕاست بلێین) تێ بگەن لەو ڕاستی‌یەی کە دەزگا موخابەراتیەکان لە هێنانەدی بەرژەوەندی‌یەکانی نەتەوە جیاجیاکانی دنیادا چ ڕۆلێکی کاریگەر و حەیەوی دەبینن ، بەجۆرێك هەموو بڕیارێکی سیاسی ڕێخۆشکاری لە پشتی پەردەوە بۆ دەکرێت ...ئەو ڕێخۆشکاریەش دەزگا سیخوڕی و موخابەراتی‌یەکان پێی هەلدەستن ! کێ هەیە نکولی لەو ڕاستی‌یە بکات ؟!

مەبەستمان لە وەرگێڕانی ئەم پەڕتوکە پێکانی دوو خالّی سەرەکی بوو :

١. ڕونکردنەوەی کاریگەری دەزگا موخابەراتی‌یەکان لەسەر بڕیاری سیاسی دەولەتان و هەولێك بۆ شارەزا بوون لە سروشتی کارەکە و گواستنەوەی ئەزموونی دەزگا موخابەراتی‌یە گەورەکان وەك (C .I .A) و (K.G.B) بۆ نێو هزری خوێنەرانی پەڕتوکەکە و ئاشنا بوون بەو ئامراز و پێویستیانەی کە زۆر جار لەم بوارەدا بەکار دەهێنرێت ، لەسەروی هەمویشی‌یەوە تیشك خستنە سەر ڕادەی قوربانی دانی ئەوانەی بە پیشەکەوە سەرقالّ دەبن ، کە هەندێك جار لە پێناوی چالاکی‌یەکدا کە بەرژەوەندی وولاتەکەیان مسۆگەر دەکات گیان لە دەست دەدەن یان لانی‌کەم دەکەونە دەست دوژمن و دوژاری ژیانی دیلێتی و دەستەسەری دەبن .

٢. لە پالّ وەرگێڕانی ئەم پەڕتوکەدا ڕازێك بۆ خوێنەران بدرکێنین و پێیان بێژین کوردانیش زەروورە دەزگایەکی موخابەراتی هاوشێوەی دەزگا گرنگ و زیندووەکانی دنیایان هەبێت ، ویستمان ڕووی بانگەواز بکەینە هەموو لایەك تاکو هەنگاو لەو ڕووەوە بنێن ، تاکو بە هەلگرتنی هەنگاو لەو سەرە

ڕێگەیەوە و بەدی هێنانی ئەو خەونە ، شـەقاوێکی تـری شۆڕشـی کـورد لـە ڕوشدەوە نزیك بکەینەوە ..

ئەمـە بـە چـاو پۆشـین لـە نـاوەڕۆکی پەڕتوکەکـە کـە تایبەتـە بـە کـردەوە و چالاکییەکانی دوو دوزگای گرنگی موخابەراتی لە دنیادا .

مەشخەڵ کەوڵۆسی

٢٠٠١/٣/٧

بەشی یەکەم

«کاتێك جەنگ کۆتایي هات»

بەکۆتایی هاتنی جـەنگی جیـهانی دووەم لـە(١٩٤٥/٨/٢٤ ز)دا ،جـەنگێکی نـوێ لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگری سەر بەیەکێتی سۆڤیت و ئەمەریکادا دەستی پێکرد، ئـەم جەنگە جۆرەها کردەوەی سەرنج ڕاکێشی سیخوڕایەتی بەخۆوە بینی،کەهـەندێك جـار بەکردەوەی قارەمانانەو ڕۆمانسیانە دێنە ناساندن...لـەڕووی ڕاسـتی یـەوە کـردەوەی غەدر و کووشتن و چاوبەست کردن بوو.

دامـەزراندنی دەزگـای هـەواڵگری (C.I.A)ی ئـەمریکا،بـەرەنجامی ڕاسـتەوخۆی کردەوە سیخوڕییەکانی ئەمریکا بوو لەساتە وەختەکانی جەنگدا ...سەرۆك (فرانکلـین رۆزفێلت)هەستی کـرد ،پێویسـتە کـار ڕێکخـەر موخابـەراتی درووسـت بکرێـت بـۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەجیهاندا بۆ ئەم مەبەستە کابرایـەکی دەوڵەمـەندی دەستنیشان کرد کەلەهەڵگرانی مەدالیای جەنگی یەکەمی حیهانی بوو بـەناوی(ولیـەم ج.دونوفان)ناسراو بە (وایلد بل)،ولیەم بەو چاوە سەیر دەکرا گوایـە زانیـاری وردی لـەسەر دەوڵەتە ئەورووپیەکان هەیە ،بۆیـە بۆئـەم پۆسـتە دەسـت نیشـان کـرا بەتایبـەت دەربارەی وولاتانی (ئیطالیا،ئەڵمانیا،بریطانیا،فرنسا).

پێشوەختیش داواکاری گشتی بووە لەوەزارەتی داد و لەسەر لیستی پارتی کۆماری خۆی کاندید کرد بۆ پۆستی فەرمانداری نیویۆرك لەساڵی (١٩٣٢)دا.

وەك توانجێك لـەسەر دەست نیشانکردن (دونوفان)بۆ پۆستی کار ڕێکخەری دەزگـای هەواڵگری ئەمریکا ،یەکێك لەکارمەندانی دەزگای هـەواڵگری بـەریتانیا لـەو دەمـەدا

دەڵێت (دەتوانین لەمیانەی ئەوپیاوەوە شتی زۆر بەدەست بێنین ،چونکە ئەو پیاوە جێگای متمانەیە)..

پاش ماوەیەك سروشتی کارەکانی (دونوفان) و دەستەڵاتەکانی دەستکاری کران ،کرایە (بەرێوە بەری نوسینگەی خزمەتگوزاریە ئیستراتیژیەکان (ن،خ،ا)لە دوای هێرشە بەناوبانگەکەی ژاپۆنیەکان بۆسەر بەندەری (بیرل)ی ئەمریکیلە گەڵ کۆتای هاتنی جەنگیش دا ئەو نوسینگەیە(١٣)هەزار کارمەندی تایبەتی هەبوو ..بودجەشی گەیشتبووە (٣٧)ملیۆن دۆلاری ئەمریکی ..دوابەدوای دامەزراندنی ئەم نووسینگەیە (٣)بەشی پێوە لکێنرا بەمەستی چاککردنەوەی سیخوریەکان ..ئەو (٣) بەشە بەم ناوانەوە ناسرابوون:

١-سکرتاریا ٢-پلان دانان ٣-ئەرکەکانی پشتی دەریا...

هەریەکە لەم سێ بەشە بەچەندگرووپێکی موخابەرات پشت ئەستوور کران بۆراپەڕاندنی ئەرکە تایبەتیەکان ئەو گروپانە ناونران "دەستەکانی کار "..لەنێو ئەندامەکانی ئەم گروپانەدا ،بەر پرس و پسپۆرِ بەدەرکەوتن لە (نوسینگە خزمەتگوزاریە ئیستراتیژیەکاندا) تالە دوایدا بوونە بەرێوەبەرو نوێنەرو کارمەندی پلە بلند لەدەزگای هەوالگری ناوەندی ئەمریکادا ، کەلە ناوەندە نێو دەولتیەکاندا بە (C.I.A)دەناسرێت.سەرەڕای گەشەکردنی ڕۆلی (ن.خ.إ) کەبە ئاشکرا سنوری ئەرکەکانی خۆی بەزاندبوو لەماوەی جەنگ دا (واتە هێندە کارا بووە -وەرگێڕ) ،دونوفان هەولی زۆر دا بۆچەسپاندن و پشت ئەستوور کردنی ڕۆلی ئەم دەزگایە لە ڕۆژگارەکانی ئاشتی داهاتوودا .سالی ١٩٤٤ دونوفان نامەیەك بۆ سەرۆکی ئەمریکا دەنوسێت و تیایدا دەلێت :(پێویستە پارێزگاری بکرێت لەو توانایەی ئێستا لەبەر دەستماندایە)وەلێ هەندێك لەبەرپرسە ئەمریکیەکان بەتایبەت بەرێوەبەری نوسینگەی لێکۆلینەوە فیدرالیەکان) (ئیدگار هوفر)،بەدەم بیرۆکەکەی دونوفانەوە نەچوو

،کەدەزگایەکی هەواڵگری دابمەزرێت وەك رکابەری دەزگاکەی خۆی ..بەهەر حاڵ دونوفان لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو لەبەردوو هۆ :

١. مردنی سەرۆك ڕۆزفلت لەنیسانی ساڵی ١٩٤٥ دا....

٢. گەیشتنی کەسانێکی زۆر لەنەیارانی سیاسەتەکەی (بیرۆکەکەی)بەپۆستە گرنگەکان ،لەسەردەمی سەرۆك (ترومان)دا .

لەوانە (هارول سمیث) ،کەبەڕێوەبەری بودجە بوو لەوکاتەدا .تێبینی دەکەین شێوازی مامەڵەو زمانی ڕەقی دونوفان لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا وای کردبوو بەبەردەوامی ژمارەی نەیارانی بیرۆکەکەی لەزیادبووندا بن .بۆیە لەکۆتایدا(ن.خ.إ) هەڵوەشێنرایەوە ،هەندێك لەبەشەکانی لکێنران بەدەزگای موخابەراتی دیکەوە ...ئەو دەزگایانە دڵنیا کرابوونەوە لەڕۆڵی ئەم بەشانە ،وەلێ دەزگاکان نەیان دەزانی لە پشتی پەردەوە بەشەکانی (ن.خ.إ)خۆیان بۆچی ئامادە دەکەن بەرلەدەست پێکردنی مانگی ئەیلولی ١٩٤٥ ،(جمیس فروستاڵ)ی سکرتێری دەریاوانی ئەمریکی،تێبینی ئەوەی کرد دوبارە دابەش کردنەوی بەشەکانی (ن.خ.إ) و ئەو حاڵەتەی دەزگاکانی تری تێدا دەژی پێویستە چارەسەر بکرێت ..بۆیە داواکرا لەپارێزەرێکی نیویۆرکی بەناوی (فرندیاد أبرستاد)تا ڕاپۆرتێکی یاسایی ئامادە بکات و تیایدا ئامانج و داواکاریەکانی ئیدارەی ئەمریکا لەبواری هەواڵگری و سیخوڕایەتیدا دەست نیشان بکات ..

دوای ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە ،(أبرستاد) بەرەنجامێکی دەستگیر بوو ،بریتی بوو لە (ئەمریکا پێویستی بەدەزگایەك هەیە بتوانێت لەقۆناغەکانی ئاشتی و شەڕدا بەیەکسانی کاری خۆی بکات و ئەو قۆناغانە بقۆزێتەوە ...)دەست بەجێ سەرۆك تروومان دەستەیەکی موخابەراتی نوێی پێکهێنا بەناوی (گروپی هەواڵگری ناوەندی)(گ.هـ.ن) بەبۆنەی ڕاگەیاندنی ئەم گرووپەوە ووتی :(ئەم وولاتە خوازیاری (گوستابو) نیە لەژێر هەرچی دەمامکێك دا بێت...).. لەهەواڵێکیش دا

بۆ کۆنترۆلکردنی ئەم گروپە کە چالاکیەکانی مانگی لە (١٩٤٦/١) دەستی پێکرد،سەرۆك تروومان چوار پیاوی دەست نیشان کرد بۆ چاودێری ڕەوتی کارەکانی (گ.ه.ن). چوار پیاوەکە بریتی بوو لە :

١-وەزیری دەرەوە ٢- وەزیری جەنگ ٣-وەزیری دەریاوانی

٤-ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی...

ئەم چوار پیاوە پێکەوە ناونران(دەسەڵاتی هەواڵگری نیشتمانی)،بەرەسمیش ڕاگەیەنرا (گ.ه.ن)لەکردەوەکانیدا بەرپرسە لەبەر دەم ئەم دەستە چوار کەسیەدا ...بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی دامەزراندنی (گ.ه.ن)ەوە سەرۆك ترومان ئاهەنگێکی سازکرد و تیایدا میوانە تازەکانیپێشکەش بەئامادەبوان کرد ،میوانەکان شەبقەو عەبای ڕەشیان لەبەرکردبوو ،ئەمەش نیشانەی پرسیاری لای چاودێران سەبارەت بەدەزگاکە جێهێشت ،نەخاسمە دەربارەی ئامانجەکانی ئەم دەزگایە کەلەبنەڕەتدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دامەزراوە نەك بۆ سیخوڕی کردن

(ئیگۆر گۆزنکۆ) ی جیابووەوەی سۆڤێتی لە ئەیلولی ١٩٤٥ دا پەردەی لادا لەڕووی مەترسیدارترین تۆڕی موخابەراتی سۆڤێتی لە ئەمریکای باکوردا..گۆزنکۆ ڕوخساری خۆی بە دەمامکێکی ڕەش داپۆشیوە لە وێنەکەدا لە ترسی بەشوێندا چونەکانی KGB لە کەنەدا ، کە لەوێندەر بڕیاری مانەوە و نیشتەجێبوونی دابوو .

لەلایەکی ترەوە ،(ئەمیراڵ سیدنی سوارز)کرایە بەڕێوەبەری یەکەمی ئەم دەزگایە ،بەڵام ئەم کارەکەی بەهەند وەرنەگرت،بۆیە پاش تێپەڕبوونی (٦)مانگ بەسەر دەست بەکاری بوونیدا دەستی لەکار کێشایەوە ،و وژەنەراڵ (هویت ڤاندنبرگ)کرایە دووەمین بەڕیوەبەری (گ.ه.ن)لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین

بەوە ژەنەراڵ (هویت) پێشتر لەپۆستی (ڕاوێژکاری سەرۆك بۆ کاروبـاری هـەواڵگری) کاری کردبوو .خاوەنی عەقڵیەتێکی سەرکەوتووی سیخوڕایەتی بوو ،هەروەها بـرازای (سـیناتۆری ئـەمریکی سـەر بـەپارتی کۆمـاری ئارثـەر ڤاندنـبرگ) بـوو ...بەدەسـت بەکاربوونی لەو پۆستە نوێیەدا (ڤاندنبرگ)سێ سەرپیاوی دیکەی بۆ ڕاپەڕاندنی باشتری کارەکانی دامەزراند.شالاوێکی بەرفراوانیشی دەست پێکرد بۆ دارشتنی مافی سیخوری کــردن لـــە ئـــەمریکای لاتینـــی دا لـــەدەزگای (نوســـینگەی لیکۆڵینـــەوە فیدراڵیەکان)(ن.ل.ف)... هەروەها توانی بڕیارێك لەوەزارەتی جەنگـەوە دەربکـات و تیایدا مافی چاودێری کردنی (بەشی سیخوری و زانیاریە نهێنیەکان)بۆخـۆی بپچرێـت کەلە بەردا سەربە (ن.خ.إ)بوو...

(بەشی سیخوڕی و زانیاریە نهێنیەکان)پێشتر (٦٠٠)کارمەندی هەبوو لەگروپـەکانی پشـتی دەریاکانـەوە کاریـان دەکـرد لـەڕیزی (١٠٠٠) کارمـەندی ئـــەو گروپـــەدا ...لەدوایدا لەدوایدا بەرپرسانی (گ.هـ.ن)توانیـان دووبەشـی تـری گرنگـی (ن.خ.إ) بخەنە پاڵ خۆیان ، بەشەکان بریتی بوون لە :

١. نوسینگەی خزمەت گوزاریەکان :بەرپرسیاری کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە بوو گەلەهەندەران دا لای خۆبەخشە ئەمریکییەکان چنگ دەکەوت .

٢. بەشی زانیاریە ئێستگەییە دەرەکیەکان ...

لەسەر ئاستی خودی گەشەسەندنیشدا ، (گ.هـ.ن) توانی پەیوەندی بـەتین لەگـەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا ببەستێت هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆشـیان لەتـەك ئەوپسـپۆڕانەدا گـرێ دا کەلـەوەوپاش ئاژانسـێکی هێمنایـەتیان پێکـهێنا بـەناوی (ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی) (أ.أ.ن)ەوە .. لەم قۆناغـەی گەشـەکردنیدا ،ژمـارەی کارمـەندانی (گ.هـ.ن) گەیشـتە (٢٠٠٠)کارمـەند.لـــەدوای ســـەرکەوتنی هاوپەیمانەکان لەجەنگی دووەمی جیهانیدا ،ئیدی ڕۆژ بـەڕۆژ پانتـایی ناکۆکیـەکانی نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت فراوانتر دەبوو ،بەتایبەت دوا بەدوای بلاوبوونـەوەی ئـەو

هەواڵانەی کەباسیان لە چالاکی چڕوپڕی سۆڤیەت دەکرد لەبورای سیخوڕیدا ساڵی ١٩٤٥،(ئیگۆر گوزنکو)ی کارمەندی بلّند پایەی باڵوێزخانە سۆڤیەت لە (ئۆتادا :کەنەدا) پەردەی لەڕووی کۆمەڵێك دیکۆمێنتی نهێنی سۆڤیەتی لادا کە تایبەت بوو بەشانە سیخوڕیەکانی سۆڤیەت لەهەریەکە لەکەنەداو ئەمریکادا.لەکاتێکدا لەباڵوێزخانەکەی جیابوویەوە ..

ئەو دۆکیومێنتانە کە (گوزنکو)لەکاتی هەڵهاتنی لەگەڵ خۆی لە باڵوێزخانەکەی فڕاندبوني ،پەردەی لادا لەڕووی پەیوەندی ژێر بەژێری هەندێ لەبەر پرس و زانا کەنەدیەکان بەدزین و ناردنی زانیاری بۆ سۆڤیەت لەبواری دروستکردنی چەکی ناوکی دا ..لە ئەنجامدا (٢٢)کەس بەتۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت دەستگیر کران ...(گوزنکو ئاماژەی دا بە مامەڵەی ئەنتۆني بلانت لەگەڵ موخابەراتی سۆڤیەتی دا ،بەڵام ئینگلیزەکان بۆ ماوەی بیست ساڵ لەم مەسەلەیە بێدەنگ بوون).

لەیەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئاستی چالاکی سیخوڕی دا بارو دۆخ جیاواز بوو ،ئەوەبوو لەگەڵ کۆتای هاتنی جەنگ دا (لاڤرنتی بریا)ی پیاوی ستالین،بەڕێوەبەرایەتی تۆڕێکی هەواڵگری زەبەلاحی گرتە ئەستۆ،کەپیاوانی پۆلیسی نهێنی سەر بەهەردوو کۆمیسارایای (گەل بۆکاروو باری ناوخۆ)و(ئاسایشی دەولەت)ی لەبەر دەستا بوو لەئەمریکا لەبەرامبەر ئەم دەزگایەدا (ن.ل.ف)ی بەرپرس لە ئاسایشی ناوخۆیی و (C.I.A) ی بەرپرس لەکارو بارەکانی ئاسایشی دەرەکی دانراوە.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە هەموو کۆمیسیاریاکان لەیەکێتی سۆڤیەت دا لە ساڵی (١٩٤٦)دا کرانە وەزارەتی ڕەسمی ..(لاڤرنتی بریا)ش بویە دووەمین پیاوی دەستەڵات دار لەدوای ستالین...لاڤرنتی بەبەکارهێنانی دەسەڵاتە هێمنایەتیەکانی

توانی سەرکووتی نەیارە حیزبی و ناوخۆییەکانی بکات ،لەو کاتەوە (ئۆردوگای دەستگیرکردنە کۆمەڵایەتییەکان)لەو وولاتەدا دامەزرێنرا...

جگە لەوەش لەسەردەمی (بریا)دا ماراسۆنی خۆ پر چەککردن گەیشتە لووتکە ،دەست کەوتنی زانیاری سەبارەت بەچۆنێتی درووست کردنی بۆمبی ناوکی بویە تاکە خولیاو ئەرکی هەواڵگری سۆڤیەتی وەك زانراویشە ئەمریکا لەسەرەتای درووتسکردنی بۆمبی ناوکیدا سوودی لەپێش کەوتنی نازی ئەڵمانیا لەڕووی تەکنەلۆجیاوە وەرگرت.

سەبارەت بەیەکێتی سۆڤیەتیش بەهەمان شێوە سوودی لە ئەڵمانیا وەرگرت و زانیاری بەنرخی زۆری لێیانەوە چنگ کەوت ،بەتایبەت لەوزانا ئەڵمانیانەوە کەبەزۆرەملێ لەدوای جەنگەوە گوێزرانەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت ،دەگوترێت گوایە وەزارەتی جەنگ نزیکەی (٦)هەزار زانای ئەڵمانی لەساڵی ١٩٤٦ دا گواستۆتەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ژمارەیەکیان تا ساڵی ١٩٥١ مانەوەو سەرجەمیشیان پسپۆڕ بوون لە دروستکردنی بۆمبی ناوکیدا هەروەها دەشگوترێت ئەمریکاو سۆڤیەتیەکان پێکەوە هەستاون بەپشکنینی جێگەی تۆڕی مووشەکی ئەڵمانیەکانی جۆری (٧٢)بەئامانجی دەست کەوتنی زانیاری و توانای شەخصی لەوبوارەدا ..هەرچەندە ئەو زانیاریانە ڕاستەو خۆنەبوونە یارمەتی دانی یەکێتی سۆڤیەت لەدرووستکردنی بۆمبی ناوکیدا بەڵکو بۆمبە ناوکیەکەی لەمەڕ سۆڤیەت بەرەنجامی ڕاستەو خۆی هەوڵو کۆششی هەواڵدەر و بەکرێگیراوەکانی سۆڤیەت بوو ...ئەو ململانێ سیاسی یەیگۆڕەپانی جیهانی لەسییەکان و قۆناغی جەنگی جیهانی دووەمدا بەخۆیەوە بینی ،یارمەتی یەکێتی سۆڤیەتی دا بۆ وەگەڕخستنی توانا زانیاریەکان و ڕۆشنبیران لەپێناوی سەرخستنی کۆمۆنیزم دا ...

بڕوای زاڵبوون بەسەر هۆشمەندی ئەوڕۆشنبیرانەدا بریتی بوو لەوەی ،کۆمۆنیزم تاکە ڕزگارکەری مرۆڤانە لەتەنگ و چەڵەمەکانی سەرمایەداری ئابووری و

مۆتەکەی فاشیەت و ڕەگەز پەرستی لەلایەکی ترەوە یەکێتی سۆڤیەت سوودی لە سیفەتی هاو پەیمان وەرگرت،لەماوەی جەنگ دا چونکە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دوودڵ بوون لەوەی دۆستانی کۆمۆنیزم و ئەوانەی زانیاری بۆ دەنێرن بەخیانەت کارو سیخورِ ناوبەرن ...بەو جۆرە یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام زانیاری هەبوو دەربارەی دوا گۆڕانکاریە زانستی یەکانی ڕۆژئاوا لەبواری دروستکردنی چەکی ناوکی‌دا ...

لەوانەیە (کلاوس فوتشز)یەکێك بێت لە گرنگترین (سیخورەکانی ئەتۆم)کە لەبەرژەوەندی سۆڤیەت کاریان کردبێت ،ئەم (فوتشز)ە ، خەڵکی ئەڵمانیاو سەر بەشیوعیەکان بوو ،لە دەست ستەم کاری نازیەکان هەڵاتبوو ..بەهۆی توانا زانستیەکانیەوە لەبواری ئەتۆم دا توانی لە پرۆژەی (مانهاتن)ی تایبەت بەدروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی دا کاربکات و،لە دوایشدا بوویە سەرۆکی (بەشی فیزیای تیۆری) لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی بەریتانی) لە (هارویل) لەماوەی کارەکەشی دا توانی زانیاری نهێنی بۆ سۆڤیەتیەکان ڕەوانە بکات .. لەسەرەتای ساڵی ١٩٤١ تا ساڵی ١٩٥٠ ئەوەبوو لەو ساڵەدا کارەکەی ئاشکرا بوو ،دەستگیرکرا ،یەکێکی تر لەو فیزیاییانەی لەبەرژەوەندی سۆڤیەت کاریان دەکرد (ئالان نای مای)بوو، ئەم توانی چەند نموونەیەك لەو(یۆرانیۆمە) بگوازێتەوە بۆ سۆڤیەت کەلە پرۆژەی (ئەنگلۆ-کەنەدی) ئەتۆمی سەر بە(بەریتانیا-کەنەدا) دا بەکار هێنرابوو ،دوای ئاشکرا کرانی تۆڕی سیخورەکانی سۆڤیەت لەلایەن (گوزنکو)وە ئەم سیخورەش دەستگیرکرا ،جگە لەوانیش هەریەکە لە (خولیوس) و (ئاشل روزنبرگ)یش زانیار ئەتۆمیان گواستەوە بۆ سۆڤیەتیکان و هەردووکیشیان لەساڵی (١٩٥٣)دا لە ئەمریکا لەسێدارە دران ،هەروەها (دۆناڵد ماکلین) یش زانیاری بۆ سۆڤیەتیەکان گواستۆتەوە و ئێمە لەبەشی پێنجەمدا باس لەڕۆڵی (دۆناڵد ماکلین)دەکەین.

لەگەڵ بەدەر کەوتنی زانایانی ئەتۆمی سۆڤیەتی وەك (ئەندریە زاخارۆف)،ڕەواجی بیرو بۆچوونی ئەوکەسانە چاشەکشەی کرد کە پێیان وابوو سەرجەم ئەزموونی ئەتۆمی سۆڤیەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی سیخوڕیلەساڵی ١٩٤٧ دا جیهان بەرەو پێشەوە چونێکی نوعی لەسەر ئاستی چالاکیە هەواڵدەریەکان بەخۆیەوە دەبینێت،یەکێتی سۆڤیەت لیژنەیکی زانیاری درووست کردکە سەرەڕای یەکەکانی هەواڵدەری دەرەکی (سەر بەوەزارەتی ناوخۆ)،چەندیەکەیەکی لەدەزگای هەواڵگری سۆڤیەتیدا گرتە خۆ .لەکاتێکدا وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستبوونی (C.I.A)ی ڕاگەیاند.لەدوای دەرچوونی یاسای ئاسایشی نیشتمانی،کە بەڕۆڵی خۆی (گ.ه.ن)هەڵوەشاندەوە و (دەسەڵاتی هەواڵ دەری نیشتمانی)شی گۆڕی بە (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)(أ.أ.ن) ... شیاوی باسە (یاسای ئاسایشی نیشتمانی) سەرۆکی ئەمریکی سەر پشك کرد بۆ سەرۆکایەتی (أ.أ.ن) ،لەپێناوی ئاسانکردنی کردەوەکانی پەیوەندی کردن لەنێوان (C.I.A)و کۆشکی سپیدا ... (C.I.A)یشی ڕاسپارد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری نهێنی لەڕێگەی میکانیزمەکانی سیخوڕایەتیەوە و کردیشە لێپرسراو لەبەردەم (أ.أ.ن) دا.هەمان یاسا کە لە (١٩٤٧/٩/١٨)دا دەرچوو (C.I.A)یشی سەرپشك کرد بۆ هەستان بەئەرکێکی تر بەپێی داواکاری (أ.أ.ن) و داواکاریەکانی ئەنجوومەنەکە ئەرکەکان زیاتر بریتی بوون لە :

١. ڕێنموونی کردنی (أ.أ.ن) دەربارەی چۆنێتی ڕێرەوکردنی چالاکی ئەو دەزگا حکومیانەی سەر بەئەنجوومەنەکەن.

٢. توێژینەوەو ئامادەکردنی ئامۆژگاری تایبەت بەهاریکاری لەنێوان ئەودەزگایانەدا

٣. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بەئاسیشی نەتەوەیی.

٤. کارکردن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی تر کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی گشتی هەبێت هتد. بەو شێوەیە ،یاسای ئاسایشی نیشتمانی ئەرکی سەرەکی (C.I.A)ی لە قالب داو کردیە ئەرکێکی لاوەکی ...

ئەمیر (رومسو هیلونکوتر) ی پیاوی پێشووی هەواڵدەری دەریاوانی و ڕێکخەری تۆڕی تایبەتی سیخوڕی سەربە دەریاوانی لە (باسیفیك) کرایە بەڕێوەبەری (C.I.A) ...سەرەڕای ئەوەیش ئەورووپا بەدابەشکراوی لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا مایەوە،ئەمەیش وایکرد ببێتە گۆڕەپانی ململانێ و بازوو نیشاندان لەنێوان (C.I.A) و دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتیدا ...وەك زانراویشە ئەو دەوڵەتە ئەورووپیانەی سۆڤیەت لە چنگی نازیەکانی دەرهێنان ،بەهاوکاری شیوعیە ناوخۆییەکان ،بوونە هاوپەیمانی سۆڤیەت ..دەزگاکانی هەواڵدەریشیان بوونە بووکە شووشە لەبەردەم دەزگای هەواڵدەری سۆڤیەتدا ...ئەم فاکتەرەش یارمەتی بریای پیاوی ستالینی دا لە موخابەراتی سۆڤیەتی دا ،تاکو هەژموونی ستالینیەت بەسەر ئەورووپای ڕۆژهەلاتدا بەبەردەوامی بهێڵێتەوە بەپێی بنەماکانی بەرگری لەمافی ستالین لە هەژموون داریدا ،(جان ماساریك)ی وەزیری دەرەوەی (تشیکۆ سلۆڤاکیا)کە کەسایەتیەك بوو ستالین خۆشی بەچارەی نەدەهات ،ڕۆژی (١٩٤٨/٣/١٠) لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا ،لەڕاگەیاندنی ڕسمی مردنەکەیدا هاتبوو ،گوایە ماساریك خۆی کوشتوەو هۆکاری کوشتنەکەشی نادیارە ،لەکاتێکدا هەواڵی تر ئاماژەی دەدا بەوەی ماساریك کوژراوە ...پاش ماوەیەکی کوورت یاخود لەمانگی (ئایار)ی هەمان ساڵدا ،موخابەراتی سۆڤیەتی توانیسەرجەم کاندیدە شیوعیەکان لەپراگ لە هەڵبژاردن دا سەربخات بەبێ نارەزایی هیچ گروپێکی ڕامیاری تر ...لەوکاتەدا، ڕابەری شیوعی پۆڵۆنی (فلادیسلوگومولکا) لەپۆستەکەی دارنرا بەو پێیەی لەسیاسەتە ناوخۆییەکانیدا سەربەخۆیە .. چونکە بەپێی بۆچوونی ستالینیەت بۆ ئەو ووشەیە تاوانێکی گەورە ئەنجام دراوە(وەرگێڕ).

هەروەها لەئەورووپاشدا ،ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی مەترسی دار لــەنێوان ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر بەرلین سەری هەڵدا ،لەکاتێکدا سۆڤیەتیەکان ئابلۆقەیــەکی ووشــکانی بەرلینی ڕۆژئاوایان دا بۆناچارکردنی سوپا ڕۆژ ئاواییــەکان بەپاشەکشــە ،بــەڵام ووڵاتــە یەکگرتووەکانی ئــەمریکا بــەهاوکاری بــەریتانیا پردێکــی هــەوایی درووســت کــرد بــۆ باربوکردنی دانیشتوان و ســەربازەکان لەبــەرلینی ڕۆژئــاوا بــە خــۆراك و کــەل وپــەلی پێویست .. .ئەمریکیەکان سەرکەوتن لە شکست پێــهێنانی پلانــی ڕووبەڕووبونەوەکــە بەبێ ئاشکرا کردنی هۆکارەکانی ... ئامادەکــاریی و لێــك خوێنــدن و ناکۆکیــەکانی نێوان دوو زلهێزەکە پێشی ڕووداوەکان کەوتبوو لە ئەورووپادا و بەڵکوو هۆکاربوون بۆ سەرهەڵدانی (ڕووداو) لەئەورووپادا...

لەیەکەم دانیشــتنی (أ.أ.ن) ی ئــەمریکی لــەمانگی (١٩٤٧/١٢ ز)دا ،ئەنجومەنەکــە ئاگاداری دا بەمەترسی کۆمۆنیزم لە ئەورووپاو جیــهاندا ... هــەروەها دڵــە ڕاوکێشــی دەربڕی سەبارەت بە بەهێزی (حیزبی شیوعی ئیتالیا)لــەقۆناغی پێش هەڵبژاردنــەکانی ئیتالیا لە ساڵی ١٩٤٨دا.

زۆرینەی چاودێران بۆچونیان وابوو شیوعیەکانی ئیتالیــا ســەرکەوتنێکی گــەورە لــە هەڵبژاردنەکانی(١٩٤٨ز)بەدەست دێنن، گــەربێت و ڕاســتەو خــۆ ڕۆژئــاوا دەســت وەرنەداتە هەڵبژاردنەکانەوە.

لەبەر ئەوە سەرۆکی بەشی ئاڕاســتەکردنی ڕامیــاری لــەوەزارەتی دەرەوەی ئــەمریکا (جۆرج کینیان)دەربارەی مەترسی کۆمۆنیزم دەنوســێت: (ئیتالیــا خــاڵی وەرچەرخانــە بەرێڕەوی شیوعیەتی لەئەورووپادا گەر شیوعیەکان لــەوێندەر ســەربکەون،ئــەوا لــەســەر حیسابی مۆڵگەکانی ئێمــە لەهــەموو جێگەیــەك ســەرکەوتوون ،هــەموو مۆڵگــەکانمان لەدەریای سپی ناوەڕاست و ئەورووپادا)..

ڕێڕەوی‌شیوعیەت لە ئەورووپادا،گەر شیوعیەکان لە وێندەر سەربکەون،ئـەوا لەسـەر حسابی مۆڵگەکانی ئێمە لـە هـەموو جێگەیـەك سـەرکەوتوون،هـەموو مۆڵگەکانمانلـە دەریای سپی ناوەڕاست وئەورووپادا...)..

بـەو شـێوەیە (ئیتالیـا)بوویـە پێگـەی یەکـەم تاقیکردنـەوەبۆ کـارایی (C.I.A) و(هیلونگوتر)ی بەڕیوەبەری ،کەبەردەوام ڕاسپاردەو ئامۆژگاری پێدەگەیی ،دەربارەی ڕێکخستنی چەند زنجیرەیەك کردەوەی نهێنی بۆ قەلاچۆکردنی حیزبی شیوعی ئیتـالی و یارمەتی دانی گروپە ڕامیاریـەکانی تـر ...ئـەوەبوو (هیلونکوتـر)دەسـتەیەکی پێکـهێنا بەناوی (فرقة التدابـر الخاصـة)بـۆ کـارکردن لـەژێر چـاودێری (نوسـینگەی کـردەوە تایبەتەکان)لە (C.I.A) ،پیاوێك بەناوی (جیمـس ئـەنگلتون)کرایـە سـەرۆکی ئـەو دەستەیە ،ئەو پیاوە بەزیرەکی و توونـد و تیژی ناسرابوو ،بـەر لـەدەسـت کـردن بـەجێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکـە (هیلونکوتـر)داوای ڕوونکردنـەوەی یاسـایی لـەڕاوێژکاری یاسایی (C.I.A) کرد،دەربارەی ئەوکردەوانەی بڕیارە لەئیتالیادا جـێ بـەجێ بکـرێن وەڵامەکەی بەنەخێر وەرگرتەوە.

بەڵام پشتی بەڕاوێژکردنەکە نەبەست ،بـەڵکو بڕیـاری دا هـەلێك بداتـە (C.I.A) بۆچونە نێـو کـارێکی بـەو جـۆرەوە لـەدوای ئـەوە ،بـڵاو کـراوەی دژ بەشـیوعیەت لەئیتالیادا چاپ کرا ،پۆستکارت بەدیوارەکانی ڕۆماو هەموو وولاتدا لکێنرا هـەروەها ووتاری دژ بەکۆمۆنیزم بەسەر بڵاوکراوەو ڕۆژنامـەکاندا دابەشـکراجۆرەها درۆ ڕێـك خران دەربارەی حیزبی شیوعی لەپاش ساختە کردنی دیکۆمێنتایبەت ...بودجەی ئـەم شاڵاوە (٧٥)ملیـۆن دۆلار بـوو ،سـەرجەم دارایییەکـەش بەسـەر پـارت و کەسـایەتیە نەیارەکانی حیزبی شیوعیدا دابەش کرا شـیاوی باسـە (جیمـس فورسـتاڵ)ی وەزیـری بەرگری ئەمریکا لەوکاتەدا هەڵمەتێکی بـاربوو کۆکردنـەوەی لـەڕیزی دەوڵەمـەند و پیـاوانی بورصـەی ئـەمریکادا دەسـتپێکرد لـەژێر نـاوی (قـەلاچۆ کردنـی مەترسـی شـیوعیەت)،لەهـەموو شـارەکانی ئەمریکاشـدا دەنگـی ووتـار بێـژ و بـرەو دەران

بەپروپاگەندە بەرز بوویەوە بۆ قەڵاچۆ کردنی هەمان مەترسی سەرۆك ترومان لەوەش پتر چووکاتێك بڕیاری بڕینی هاوکاری لەهەرکابینەی حکومەتێکی ئیتالی دەرکرد کەشیوعیەکان بەشداری تێدابکەن .ئەم هەڕەشەو گوڕەشانە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دەنگدەرە ئیتالیەکان و چارەنووسی ڕامیاری وولات ...لەئەنجامدا شیوعیەکان نەیان توانی بگەنە دەستەڵات، ناشزانین ئایا هۆکاری شکستی شیوعیەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتەکانی (C.I.A)بەتەنها ،یاخوود دەنگدەرە ئیتالیەکان ویستویانە مەترسی مۆتەکەی شیوعیەت لەوولاتەکەیان دوور بخەنەوە ،دوای ئەو زنجیرە ڕووداوەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەر لەهەڵبژاردنەکان بەخۆیەوە بینی ...دەمێنێتەوە ئاماژە بدەین بەگرنگی و قەبارەی ئەو هەوڵانەی (C.I.A)وەگەڕی خست لەبەرانبەرکێی شیوعیە ئیتالیەکان و شادمانی بەخشین بەسەرۆك ترومان ...دوا بەدوای سەرکەوتنی (C.I.A)لە جێبەجی کردنی ئەرکەکانیدا ،ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە (١٩٤٨/٦/١٨)دا کۆبوونەوەیەکی کت وپری گرێدا،لەمیانەی ئەم کۆبوونەوەیەدا ئاماژەی ژمارە (٢/١٠)دەرچوو،سەبارەت بەدامەزراندنی دەستەیەکی هەمیشەیی بۆکردەوە نهێنی یەکانی لەژێر ناوی (نوسینگەی تەنسیقی ڕامیاری) (ن.ت.ر) بەمەرجێك (C.I.A)پارێزگاری لەم جۆرە کردەوەیە بکات لەمیانەی (فرقة التدابر الخاصة)ەوە...ئاماژەکەی گۆڕین ئەم ئاراستە کاریانە لە خۆگرتبوو ((پێوسیتە جێبەجێ کردنی کردەوە نهێنیەکان بەشێوەیەکی وورد و ڕێك و پێك بێت ،بەجۆرێك ئاسان ئیدارەی ئەمریکا جیاوازی بکات لەنێوان بەرپرسیارێتی حکومەت لەو کردەوانە لەگەڵ جێبەجێ کەرانیدا کە بەرەسمی تەوزیع نەکراون بۆهەستان بەو کردەوەیە ..هتد)) لێرەدا ئاماژە دەدەین بەوەی یەکەم بەرپرسی (ن.ت.ر) (فرانك ویزنر)ی کارمەنی پێشووی (ن.خ.إ) بوو...

سالّی (١٩٦٣)سەرۆك ترومان ووتی(لەو کاتەدا دامەزراندنی (C.I.A) م راگەیاند ،بڕوام نەدەکرد بەوەی ئەم دەزگایە لەداهاتوودا عەبای ڕەش لەبەر دەکات ،لـەڕۆژانی ئاشتی و ئاشتەوایشدا کردەوەی خەنجەری جێبەجێ دەکات).

لەلایەکی ترەوە (C.I.A)سوودی لەو یاسایە وەرگرت کەسالّی ١٩٤٩ز دەرچوو بەناوی یاسای (C.I.A)،وتیایدا (C.I.A)دەبەخشـرێت لەسـەرجەم حوکمـەکانی یاسای فیدرالّی کەدەزگاکانی کەرتی ڕەسمیّ کـاری پێدەکـەن دەیکەنـە مـەرج بەسـەر بەرپرسەکانیەوە تا(کـار و نـاوو مووچـەو ژمـارەی کارمـەند)ەکانیـان ئاشـکرا بکـەن ،هـەروەها سوودیشـی وەرگـرت لـەو دەسـتەلاّتە بەرفراوانـەی بـەپێی یاسـا دراوە بەبەڕێوەبەرەکەی ،بەمافی خەرج کردنـی دارایـی و بەکارهێنانییـەوە بـیّ پابـەند بـوون بەبودجەی دیـاری کـراوەوە جگـە لـەوەش یاسـاش مـافی ئەویشـی دا بەبەڕێوەبـەری (C.I.A)کەسالاّنە بۆی هەیە (١٠٠)بیانی بهێنێتە وولاّتـەوە بـیّ ئـەوی پابـەند بێـت بەیاساکانی کۆچەوە..

ماوەتەوە بێژین دەرچونـی یاسـای (C.I.A)و دامـەزراندنی (ن.ت.ر) دووکـاری گرنگ بوون لەزنجیرەی ئەوکردەوە یاسا سازیانەدا کەچوار چێوەی کردەوە نهێنیەکانی (C.I.A)یان وینا کرد لەماوەی (٤٠)سالّ دا وەلیّ پێویستە ئاماژەیش بدەیـن بـەوەی ئەوگۆڕانکاریانـەی لـەمیتۆدەکانی جێبـەجێکردن یـاخود لەتێکـەلّکردنی بەشـە سیخوریەکان تەنها گۆڕانکاریەکی لاوەکیبوون لەبەر دەم ئەو هـەموو ئازادیـەی یاسـا بەدەزگای هەوالّگری دابوو.

بەشی دووەم

﴿ یەکەمین کردەوەی نهێنی ﴾

لەسەرەتای قۆناغی جەنگی جیهانی دووەمدا (ن.خ.إ) هەموو توانا موخابەراتیەکانی خۆی لەوناوچانەدا چڕکردەوە کەسوپای ئەڵمانیا داگیری کردبوو،بەتایبەت لەو جێگایانەدا کەشۆڕشگێڕانی دژبەو سووپایەی تێدابوو پاش کۆتایی هاتنی جەنگیش زۆربەی بەکرێگیراوانی سەر بە (ن.خ.إ) ڕوانینی خۆیانیان نەگۆڕی بەرامبەر ئامادەگی سۆڤیەت لە ئەورووپای ڕۆژهەلاتدا ،بەڵکو لەگەڵ سۆڤیەتیشدا بەهەمان شێوەی سوپای ئەڵمانیا جووڵانەوە و زنجیرەیەك کردەوەی نهێنیان ئەنجام دا کە بە(جەنگی سیخوڕان)ناسرا یەکەمین کردەوەی ناونرا فڕوفێڵەکەی ئەلبانیا .

تاکو ساڵی ١٩٤٨ ئەلبانیا لەشانۆی نێو دەوڵەتیەوە بەدوور بوو ،بەو پێیەی دەوڵەتێکی دواکەوتووە لە دەوڵەتەکانی (بەلتیق).. وەلێ ئەو جیاوازیانەی لەنێوان ڕابەری کۆمۆنیستی یوگسلافیا (جۆزیف بروزتیبو)و(ستالین) دا بەدەرکەوت بویە تیشك خستنە سەر ئەلبانیاو گۆڕانی مەوقیفی ڕامیاری ئەو وولاتە لەسەر نەخشەی سیاسی جیهاندا ..پاش هەستانی (ستالین)بەدەرکردنی ئەلبانیا لەڕێکخراوەی دەوڵەتە کۆمۆنیستیەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا (تیتۆ)دەستی کردە هاوکاری کردنی ئەلبانیای هاو سنووری لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و سەربازی لەهەولێکدا بۆ بەدەست هێنانی دۆستایەتی ڕابەری شیوعیەکانی ئەلبانیا (ئەنڤەر هۆکسا) کەتیتۆ هەمیشە دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئەودای بە (پەیوەنی برا گەورە)ناودەبرد وەلێ ئەم دۆستایەتیە تەمەنی درێژ نەبوو ،ئەمەیش وایکرد ئەلبانیا بەتەواوی لەڕوی پەیوەندیە نێودەولتیەکانەوە گۆشەگیر بێت و پتریش ببێتە جێگەی کاریگەری ڕۆژئاوا.

لەم کاتانەدا بیرۆکەی هاوکاری کردنی نەیارانی ستالین لەئەوروپای ڕۆژهەلات دا ،لەنێو حکومەتی ئەمریکادا گەشەی دەکرد،ئەمریکاییەکان پێیان وابوو هاوکاریکردنی دەولەت و گرووپە سەربەخۆکان لەستالین دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕژێمە کۆمۆنیستیەکان لەسەرتاسەری ئەوروپادا،بە پشت بەستن بەم ڕوانینە ،سەرکردایەتی سوپای ئەمریکا یەکێك لەژەنەراڵەکانی ناردە بارەگای (C.I.A)بۆئەوەی بەر پرسانی ئەم دەزگایە بخاتە ئەو بارو دۆخەوە کەلە ئەوروپادا سووپای تێدا دەژی ،هەروەها بۆ لێکۆلێنەوە لەمەسەلەی دابین کردنی زیاتری زانیاری نهێنی بۆی ..لەلایەکی ترەوە یەکێك لەکارمەندە پێشوەکانی (ن.خ.إ) بەناوی (ڕۆبەرت ماکرویل) توانی سەرکردایەتی سوپا دلنیا بکاتەوە کە زالدەستی ستالین لەئەوروپای ڕۆژهەلاتدا سەقامگیر نیەو بەلکو تارادەیەکی زۆر لاوازە ،(ماکرویل)پاش دانانی گریمانێك گەیشتە ئەم بەرەنجامە گریمانەکە دەبێژێت :تاچەندە سۆڤیەتیەکان توند تر دەست لەقوڕقوڕاگەی هاوپەیمانە شیوعیەکانیان بنێن ،هێندە بەرهەلستی سۆڤیەت لە ئەوروپای ڕۆژهەلات دا زیاتر دەبێت ..بەلەبر چاوگرتنی ئەم گریمانە سەرکردایەتی سوپا بیرۆکەکەی ماکرویل ی تەبەنی کردو دەستی کردە هاوکاری کردنی ئەوانەی کەلەستالین جیابوونەتەوە و بیرۆکەیەکی دیکەشی بۆ زیاد کرد کە پێی دادەگرت لەسەر هاوکاری کردنی جالیەی سەربەو دەولەتانەی لەستالین جیابوونەتەوە ،لەپێناوی پیادە کرنی ئەو پرۆسەیەی ناونرابوو (دوو بارە چکسازی کردنەوەی نیشتمان) لەئەنجامدا (C.I.A)ڕاسپاردەی سەرکردایەتی سوپای جێبەجێ کرد و سەدان بەکرێ گیراوی خۆی ناردە پشتی بەربەستە ئاسنینەکەوە ،بەگومانی ئەوەی دەزگای هەوالگری سۆڤیەت ئامادەیی نییە بۆ ئەم جۆرە کردەوانە ،بەهۆی سەرقالیەوە بەقەیرانەکانی شەڕوو کاولکاریەوە ئەم بارو دۆخەش بەدلنیاییەوە باخی بووانی دژ بەستالینم لەئەوروپای ڕۆژهەلات دا سەردەخات ،بەلام بیردۆزەکەی ماکدویل لەهەلسەنگاندنی بارو دۆخی گشتی دا شکستی هێنا

،بەتایبەت ئەم بیردۆزە حاڵەتی شەکەتی ئەوروپیەکانی لەبەر چاو نەگرتبوو کەلـەماوەی جەنگ و ساتەکانی بوونی سۆڤیەت لـەسەر خاکەکەیاندا دووچاری ببوون .

سەبارەت بەئەلـبانیا هەندێك وایان دەزانی لایەنگرانی (زوگ)ی پادشای ئـەلبانیا کـە لـەقاهیرە بـەدوور خراوەیـی دەژیـا ،لـەناوخۆی ئـەلـبانیا دا بـەهێزن وەك ڕابـردووش دڵسۆزن بۆی،لەهەمان کاتدا ناوەندە هەواڵدەریەکانی ڕۆژئاوا پێیان وابوو شـیوعیەکان بەڕابەرایەتی (هۆکسا)بەدەست چەندین گیروگرفتی گەورەوە دەنـاڵێنن بەتایبـەتی لـەو هەواڵانەدا کەدەیدەن بۆ پاراستنی دەستەڵاتەکەیان لە ئـەلبانیادا. لەسـاڵی ١٩٤٧ ەوە دەزگـای هـەواڵدەری بـەریتانیا (M16)ژمارەیـەکی کـەمی پەرەشـووت دارەکـانی لەئەلبانیا دابەزاندبوو بەنیازی گرێدانی پـەیوەندی نـهێنی لەگـەڵ گرووپـە نـەیارەکانی شیوعیەت وەلێ پاراشووت دارەکان شکستیان هێنا لەهەڵنان و هـاندانی ئەوگروپانـەدا کەپێیان وابوو هاوکاریەکانی بەریتانیا بەس نیە بۆ هەستان بـە شۆڕشـێك یـاخود یـاخی بوونێك لەدژی شیوعیەکان ،ئەمە لەکاتێکدا بەریتانا بەدابەزاندنی پاراشووت دارەکـان دەسـتی هەڵنـەگرت بـەڵکو چـەند کـامپێکی کـردەوە بـۆ مەشـق پێکردنـی پەنابـەرە ئەلبانیەکان لەیۆنان و ئیتالیادا بەهۆی ئەم پەنابەرانەوە توانی چەندین جار هێرشی پارتی زانانەو سنور بەزاندن لـەسـەر سـنووری ئـەلـبانیا جێبـەجێبکات ،بـەڵام ئـەم کردەوانـە سەرەڕای دوبارە بوونەوەیان ئامانجەکانیان بەدەست نەهێنا .

لەلایەکی تـرەوە ڕۆژئـاوا بەلێبڕاویـەوە بیریـان کـردەوە لـەڕووخاندنی دەسـتەڵاتی شیوعیەکان ،پاش تێکچوونـی پەیوەندیـەکانی نێـوان (هۆکسـا)و هاوپـەیمانی پێشـووی (تیتۆ)نەخاسمە لەدوای ئەوەی هۆکسا هەستا بە لـەکار لادانی وەزیری دەرەوەی (کوسی خوکسـیە)ی لایـەنگری یوگسـلافیەکان (جـی مینـان)ی وەزیـری دەرەوەی فەرەنسـا لەوکاتەدا ئەم بارو دۆخەی ئەلبانیای بەم تەرزە وەسف کردبوو(لەئەلبانیا بارودۆخەکـە تراژیدیەو جەنگیش لەوێندەر چاوەڕوانی هەموان دەکات).لەدوای ئـەوە واتـە لـەدوا لەرزینی وێنەی ڕژێمی کۆمۆنیستی لە ئەلبانیاو بەردەوامی شیوعیەکانی ئەلبان بۆچوونە

یۆنان بەمەستی هاوکاری کردنی هەڤاڵەکانیان لەشەڕی نـاوخۆدا و هـەروەها لـەدوای گەشانەوەی ئەستێرەی بەختی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا کەتەنها (٥٥)میـل لەئـەلبانیاوە دوورە لـەدوای هەموو ئەوانە بەرپرسانی (C.I.A) بڕوایـان بەبۆچونەکـەی دەزگـای هەواڵگری بەریتانیا کرد بەتایبەتی لـەهاوکاریکردنی لایـەنگرانی (شـازووگ) هـەندێ لەپەنابـەرە ئەلبانیـەکان بـۆ دووبـارە داگـیر کردنـەوەی ئـەلبانیا لـەکۆتاییـەکانی ساڵی(١٩٤٨) دا (ئێرنسـت بیڤـن) ی وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا گلـۆپـی سـەوزی هەڵکرد بۆ ئەنجام دانـی کردەوەیـەکی سـەربازی سنووردار بـۆ تێکدانـی بـارو دۆخ لەئەلبانیادا ..بەڵام لیـژنەی (جەنگی سارد) لـە بەریتانیا ڕۆژی (١٢/١٦)ی هەمان سـاڵ

(بارەگای سەرەکی موخابەراتی سۆڤێتی لە گۆڕەپانی " دز رجنسکی " لە مۆسکۆدا ، لەو جێگەدا زیندانی بـەناوبانگی لۆبینکای تێدایە ، لۆبینکا چەندین کردەوەی گرتـن و ئەشکەنجەدانی زیندانیـیە سیاسـییەکانی لـە یـەکێتی سـۆڤیەتدا بەخۆوە بینیوە).

ڕایگەیاند پێویستە سەبارەت بە ڕەوشی ئەلبانیا مامەڵە لەگەڵ ئەمریکیەکاندا بکرێت..سەرەڕای ڕاڕایی هەڵوێستی ئەمریکیەکان سەبارەت بەم مەسەلەیە لەسەر ئەم بناغەیە دوو نێردراو لەنوسینگەی دەرەوەی بەریتانیا (ولیەم هاینەر)و (لۆرد جلیکۆ)سەردانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کرد و لەگەڵ (فرنك وایزنر) لە(نوسینگەی تەنسیقی ڕامیاری)و (ڕۆبەرت جوسی) لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا کۆبوونەوەیان کرد ...هەردوولا ڕێك کەوتن لەسەر دوور خستنەوەی ناوی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو ئەمریکا لە هەر هەڵوێستێکی ئاشکرا سەبارەت بەکردەوەی سەربازی لەدژی ئەلبانیا سەبارەت بەشوناسنامەی گەریلاکانیش کەبڕیار وابوو مەشقیان پێبکرێت و کۆبکرێنەوە لەیەك دەستەی سیاسیدا هەردوولا یەك ڕابوون کەلایەنگرانی (شازوگ)وەهەندێك لەو محافیزکارانەی لەوولات هەڵهاتوون بڕبڕەی پشتی بزافی یاخی بوونی ئەلبانیا پێك دەهێنن شیاوی باسە ڕابەرانی شۆڕشگێڕانی ئەلبانیا بەم جۆرە پرش و بڵاو ببوونەوە لەمنفاکانیاندا:مەدحەت فراشی لەتورکیا بوو عەباس ئەرمەنجی لەیۆنان سعید کریوتز و عەباس کوبی لە ئیتالیا هەروەها ژمارەیەك لەپەنابەران لەمصر دا دەژیان بەسەر کردایەتی (مەلیك زوگ)...

لە(نیسانی ساڵی ١٩٤٩)دا(فرانك وایزنر)بەرەو (لەندەن) کەوتە ڕێ و بەمەستی تاوتوێکردنی مەسەلەی دۆزینەوەی بنکەیەك بۆ مەشق پێکردنی شۆڕشگێڕان لەسەرەتادا بنکەیەکی ئەمەریکا لەلیبیا بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشان کرا وەلێ هۆکاری زۆر بوونە ڕێگر لەبەر دەم ئەم دەستینیشان کردنەدا ئنجا ڕاکان سەقام گیر بوون لەسەر دەست نیشانکردنی دوورگەی (مالتا)ی ژێر دەستەڵاتی بەریتانیا وەك بنکەیەك بۆ مەشق پێکردنی شۆڕشگێڕان (وایزنر)سەبارەت بەهەڵبژاردنی دوورگەی (مالتا) گووتی (لەهەرکاتێکدا بێت دەتوانین لای بەریتانیەکان دوورگەیەك بدۆزینەوە تالێیەوە بۆ گۆڕینی ڕژێمی هەر دەوڵەتێك لەجیهاندا پێشڕەوی بکەین)... بەرلەوەی دەست بکرێت بە جێ بەجێ کردنی کردەوە سەربازیەکە لیژنە (بەریتانی – ئەمریکی)یەکە

تێبینی کرد کاتی ئەوە هاتووە یەکێك لەپیاوە سەربازیەکانی ئەمریکاش دیاریبکرێت بۆ سەرکردایەتی کردنی هەڵمەتە سەربازیەکە شان بەشانی بەریتانیەکان بۆ ئەو مەبەستە ژەنراڵ(رۆبەرت لۆ)دەستنیشان کرا کە ئەفسەرێکی یەدەگ بوو لەسوپای ئەمریکادا و خاوەنی شارەزاییەکی باشیش بوو لەکاروبارە سەربازیەکانی (بالکان)دا وەیەکێکیش بوو لەو پیاوە سەربازیانەی لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم دا لە قاهیرە خزمەتیان کردبوو لەم ماوەیەی پلان رێژی کردن بۆ وەشاندنی گورزێکی سەربازی لەدژی ئەلبانیا هەموو پێش بینیە کان ئاماژەیان بۆ شکست هێنانی پلانەکە دەکرد بەتایبەتی کەپێك هاتەی شۆڕشگێڕان لەڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەوە پیکهاتەیەکی ئاڵۆز بوو... لێك دابڕانی سیاسی تائەو کاتەش لەنێوانی هەندێك لەگرووپە شۆڕشگێڕەکاندا لەئارادا بوو تیرەو هۆزە باکووریەکان کە زووربەیان گاووری(ڕۆم کاسۆلیك)ن لەڕووی ڕۆشنبیری وشارستانیەوە بەتەواوی جیاوازن لەگەڵ هۆزە باشووریەکاندا کە موسوڵمانن ... هەروەها لەڕووی سیاسیەوە لایەنگرانی (مەلیك زوگ)ناکۆك بوون لەگەڵ شۆڕشگێڕانی (بەرەی بالی)داشیاوی باسەئەم بەرەیە بەسەرکردایەتی (عباس أرمنجي) لەماوەی دلێرانە لەدژی نازیەکان جەنگاوە... سەرەڕای ئەم ئاڵۆزیانە گرووپەکان توانیان دەستەیەکی نیشتمانی پێك بهێنن بۆ چوونە نێو جەنگەوە دەستەکە پێك هاتبوو لەدوو لیژنە یەکێکیان سەربازی بوو (غەباسیکووبی) سەرکردایەتی دەکرد وەك نوێنەری (مەلیك زوگ) هەریەك لە(عەباس أرمنجي) و (سعید کریوتزو)ش ئەندامی بوون لیژنەکەی دیکە رامیاری بوو ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لەبرەو دان بە بیرۆکەی (ئەلبانیای ئازاد) ئەم لیژنەیە یەکێك لەڕابەرانی بەرەی (بالی) سەرۆکایەتی دەکرد بەناوی (مدحت فراشي) ... جگە لەوەش ئەم دەستەیە لەکارەکانیدا سەرکەوتو نەدەبوو گەر هاوکاری چەندین دبلۆماسی شارەزا لەکاروباری ئەلبانیادا نەبوایە بەتایبەتی لەدوای پێداگرتنی (شازوگ) لەسەر سەرۆکایەتیکردنی دەستەکە ... بۆ چەسپاندنی بینینی ئەم ڕۆڵە هەموو توانا و پ سەوانەکانی خستە خزمەتی (دەستەی

نیشتمانی)یەوە بەڵام دڵسۆزترین کەسەکانی هێشتەوە بۆ پاسەوانی کردنی ئەوبرە ئاڵتوونە یەدەگەی ئەلبانیا کەلە کۆشکی پاشادا هەبوو لەشاری قاهیرە ١٩٤٨/٧/١٤ یەکەم دەستەی پەنابەرە ئەلبانیەکان ڕەوانەی (ماڵتا کران)بەمەبستی ڕاهێنانیان ئەم کارە لەنهێنی یەکی زۆر گەورەدا بەڕێوە چوو سەرەڕای بڵاو بوونەوەی ژمارەیەکی زۆری بەریتانیەکان لەوێدا...(١٩٤٨/٩/٩) پاسەوانی ڕۆخەکانی ئیتالیا هاوڕێیەتی یەکەم گرووپی پەنابەرە ئەلبانیەکانی کرد کەلەسەر پشتی کەشتی (البحار الهائجة=دەریا هەڵچووەکان)بەرەو ئەلبانیا دەچوون لەدوای مەشق پێکرانیان پاسەوانە ئیتالیەکان زانیاری پێویستیان دەدایە (C.I.A)دەربارەی بەڕێوەچوونی کردەوەکان ... بەگەشتنی شۆڕشگێڕان بۆ ئەلبانیا لەمانگی (تشرینی یەکەم)دا(پۆلیسی نهێنی) ئەلبانیا کەئاگاداری پلانەکە بوو بۆسەی بۆدانان و دەستگیری کردن ... پلانەکەشی پوچەڵ کردەوە لەدوای ئەمە چەند نامەیەکی نهێنی گشتە بنکەی موخابەراتی بەریتانیا لە(کۆرفۆ)سەرچاوەی نامەکان ئامۆزای یەکێك لەو ئەفسەرە ئەلبانیانە بوو کەڕاسپێردرابوو بۆسازدانی کردەوەکە لەناو خۆدانامەکان باسی ئەوەیان دەکرد کەسێ کەس لەگەریلاکان لەبۆسەی پۆلیسی نهێنی دا کوژراون و ئەوانی دیکەش دەستگیر کراون (جیمس أنگلتون) کەهەر لەسەرەتاوە سەرپەرشتی کردەوەکەی دەکرد پێی وابوو موخابەراتی سۆڤیەت زانیاری دەست کەوتووە دەربارەی کردەوەکە لە هەندێك لەوپەنابەرە ئەلبانیانەوە کەلەڕۆژئاوا دەژین:لەم ڕایەشدا پشتی بەوزانیاریە کۆنانە دەبەست کەلەسەردەمی (فلیکس دجیر جنسکی) یەکەم دامەزرێنەری دەزگای هەواڵدەری سۆڤیەت لە ساڵی (١٩١٧ز) موخابەراتی سۆڤیەت هەستاوە بەدروست کردنی بەکرێگیراوی خۆی لەڕیزی نەیارانی سۆڤیەت دا بەهەرحاڵ شۆڕشگێڕانی ئەلبان لەدوورگەی ماڵتاوە بەردەوام بوون لەسەر چەند بارە کردنەوەی هەوڵە سەربازیەکانیان بەنیازی تێکدانی بارودۆخ لەئەلبانیا وەلێ بەهیچ شێوەیەك بەخت یاوەریان نەبوو بەڵکو یاوەری هێزەکانی ئاسایشی ئەلبانیا بوو کەهەمیشە زانیاری پێش

وەختیان هەبوو سەبارەت بەوەی ڕوو دەدات لەلایەنی خۆیانەوە ئەمریکیەکان بەو بەرنجامە دەستیان هەڵنەگرت ئەوەبوو(مایکل بیرك)ی نوێنەری (ن.ت.ر) و ڕاسپێردراو بۆکارکردن لەگەڵ بەریتانیەکاندا هەستا بەگواستنەوەی بنکەکەی خۆی بۆ (ڕۆما)بەمەبەستی چاودێری کردنی دووبارە کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕانی ئەلبان هەروەها کۆمپانیایەکی وەهمیشی دامەزران بەناوی کۆمپانیای (فلیمە کەشخەکان)بۆ ڕووپۆش کردنی کردەوە هەواڵدەریەکانی ... ئەوماوەیە ڕێگە نەدرا بە (بیرك) سەردانی (مالّتا)بکات شیاوی باسە (بیرك) لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دا کارمەنی (ن.خ.إ) بووە لەلایەن(فرنك لیندزی)بەڕێوەبەری نوسینگەی تەنسیق بۆکاروباری ئەوروپا وە کراوەتە نوێنەری (ن.ت.ر) لە ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە (جان ماکلۆ)ی نوێنەری باڵای ئەمریکا پێشنیارێکی پێشکەش کرد کەلە (C.I.A) ەوە پێی ڕاگەیەنرابوو باسی لەمەشق پێکردنی شۆڕشگێڕانی ئەلبانیا دەکرد لەئەڵمانیادا.. لەژێر پەردەی کۆمپانیایەکی وەهمی دا کەپاشتر ناونرا (کۆمپانیای ٤٠٠٠) ئەم کۆمپانیایە شان بەشانی هەندێك لەئەفسەرە ئەمریکیەکان (٢٥٠) پەنابەری ئەلبانیشی لەخۆ گرتبوو کەلەنێویاندا هەندێك لەو بەر پرسانەی تێدابوو کەڕاسپێردرابوون ئەرکی سەرکردایەتی پرۆسەی ڕاهێنانەکە بگرنە ئەستۆ.. لەلایەکی ترەوە (مایکل بیرك) کەئەو دەم لە ئەوروپابوو ڕاستپێردرا کە جێگەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ کارکردنی ئەم کۆمپانیایە لە ئەڵمانیادا ئەوەبوو (بیرك) توانی جێگەیەك بدۆزێتەوە تاوەکو ببێتە بنکەی گەریلا ئەلبانیەکان ناوچەکە ناوی (شلوس) بوو دەکەوتە سەر لێواری ڕووباری (نیکر) لەدەوروبەری ناوچەی (هاید لبرگ) دا سەرەڕای هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە پۆزەتیفانە لە سەرە ڕێگەی دووبارە کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕانی ئەلباندا کەچی شیکاریەکانی تایبەت بە (C.I.A)هەندێك ڕاڕایی نیشان دەدات سەبارەت بەوەرگرتنی هەڵوێستی گونجاو لەمەڕ ئەلبانیا ئەوەبوو یەکێتی سۆڤیەت سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەتەقاندنەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لە (ئەیلول-١٩٤٩ز) دا ئەمەش

لایەنگرانی (شەڕی سارد)ی هاندا تاکو فشار بخەنە سەر کۆشکی سپی بۆئەوەی بەردەوام بێت لەسەر شلەژاندنی بارودۆخی ناوخۆی ئەلبانیا ،هەروەها بەشە رەسمیەکانی ئیدارەی ئەمریکا زانیاری و هەواڵی پێچەوانەیان پێدەگەیشت دەربارەی باروو دۆخی (هۆکسا)و هاوەڵە کۆمۆنیستەکانی لەئەلبانیادا.

جگە لەو دوو هۆکارە هۆکارێکی تریش لەئارادابوو کەبریتی بوو لەبارودۆخی بەهێزی ستالین ،ئەم فاکتەرەی سێ یەم هەندێ لەپیاوە ژیرەکانی کۆشکی سپی هاندا تاکو دووبارە چاو بگێڕنەوە بەپێشنیارە منداڵانەکانی (ن.ت.ر) دا.وەلێ ئەم دڵە ڕاوکێو پرسیارو پرسیارۆکانە نەدەدران بەگوێی ئەو شۆڕشگێڕە ساکارانەدا !! کەبەردەوام بوون لەسەر پەشق کردن لەسەردەستی موخابەراتەکانی ڕۆژئاوادا ...

لەلایەنی خۆیەوە (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)ڕاپۆرتێکی بەرزکردەوە تیایدا هاتبوو (سەرەڕای بارودۆخە نارەحەتەکان،پێویستە لەسەر وولاتە یەکگرتووەکان بەردەوامێتی بدات بەهاوکاری کردنی کردەوە سەربازی و شالاوە ئیعلامیەکانی دژ بەکۆمۆنیزم،بەئامانجی پارێزگاری کردن لەوترووسکە هیوایەی کە پێی وایە هێزە ناشیوعیەکان لەوولاتە دۆستەکانی یەکێتی سۆڤیەت دا سەردەکەون ،گەروولاتە یەکگرتووەکان دەستبەرداری ئەوکردەوانە ببێت،ئەوا یانی دەست بەرداری ئەو بنەما بناغەییانە بووە کەڕابەرایەتی ئەمریکا بۆ جیهانی ئازادی لەسەر ڕاوەستاوە)...

لەگەڵ سەرەتای ساڵی (١٩٥٠ز)دا ،ڕای گشتی ئەمریکی قەڵسی دەردەبڕی بەرامبەر هەژموونی سۆڤیەت بەسەر بارو دۆخی نێو دەوڵەتیدا ،و دەستەوسانی ئیدارەی ئەمریکا تاڕادەیەکی زۆر لە پاراستنی هاوسەنگی نێوان دوو زل هێزەکە ... (سیناتۆر جومکارش) توانی ڕای گشتی ئەمریکا لەدژی سیاسەتەکانی کۆشکی سپی هانبدات ،لەمیانەی تۆمەت بارکردنی چەند پاتکراوەوە کەئاڕاستەی (٨١) کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی دەکردو بەنا دڵسۆزی بۆ وولاتەکەیان دابوو لەقەڵەم و ئاماژەشی بەبوونی ئەندامی بەبیروڕا شیوعی دەکرد لەنێو حکومەتی ئەمریکادا... یەکێك لەوکەسانەی

بەرشالاوی تۆمەت بارکرانەکە کەوتن ،(دین ئەکنسون)ی گەورە کارمەندی وەزارەنی دەرەوەو کۆنە هاوەڵی سیخوڕی سۆڤیەتی (ئەلگەر هیس) بوو ...

لەژێر فشاری ڕای گشتی و تۆمەت بارکردنەکانی (مکارش) دا ،لیژنەیەك پێکهێنرا لە(لیژنەی لێکۆڵینەوەکانی سەر بەئەنجوومەنی پیران)و لیژنە پێکهاتوەکە دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی لەگەڵ هەندێ لەکارمەندە رەسمیەکاندا نێچیرەکە پاریزراو بوو سەگی ڕاویش بەردەوام دەوەڕین لەبەر تینویەتیان بەخوێن سەگی ڕاو لەوکاتەدا بریتی بوو لەبەشی هەرە زۆری گەلی ئەمریکی (دەربڕینی دانەرە)وەرگێڕی کوردی کەکەوتبوویە شوێن تۆمەتبارکردنەکانی پیاوێك کە هەرگیز خۆش ویستراو نەبووە، واتە (مکارش)... ڕای گشتی (C.I.A) و (ن.ت.ر) هاندا بۆئەوەی پەلە بکەن لەوەشاندنی گورزی سەربازی لەئەلبانیا.

لەوماوەیەدا پەنابەرە ئەلبانیەکان بەباشی ڕاهێنانەکەیان بەڕێ دەکرد .جگە لەهەندێ گیرو گرفتی ڕامیاری بچووك کەکات ناکاتێ لەنێوان لایەنگرانی (پادشا زوگ)و نەیارەکانیدا سەری هەڵدەدا ...

گەریلاکانی ئەلبان لە (مالطا) چەند هەوڵێکیان دا بۆ پێشرەوی کردن بەرەو سنوورەکانی ئەلبانیا لەڕێگەی (یۆنان) ەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی شالاوی سەربازی ..بەلام پۆلیسی یۆنانی سەرجەمیانی دەستگیر کرد ،پاش ئەوەی بۆیۆنانیەکان ڕوون بوویەوە کەبەریتانیەکان بەووردی ئامانجەکانی کردەوە سەربازیەکان و شێوازی جێبەجێ کردنەکەیان بۆ حکومەتی یۆنان ڕوون نەکردۆتەوە ،بەم پێودانگە ئەنجام دانی کردەوە سەربازیەکانی ڕاوەستاند بۆ ئەوەی خۆ لەکاردانەوی ڕابەری ئەلبانی لەناوخۆدا دوور بخاتەوە .. لەئەنجامدا، حکومەتی یۆنان شۆڕشگێڕە ئەلبانیە دەستگیرکراوەکانی مەرەخەس کردو گواستنیەوە بۆ جێگەیەکی نهێنی بۆ ئەوەی پەردەپۆشی مەسەلەکە بکات ... لەکاتێکی دواتردا ،شۆڕشگێڕان هێرشیان کردە سەر سنوورەکانی ئەلبانیا و تارادەیەك سەرکەوتن لەبەزاندنی هێلەکانی بەرگری شیوعیەکانی ئەلبانیا دا ،بەلام

نەیان توانی یەکبینە بن لەپێشڕەوی کردندا ،بەهۆی ئەو زیانە زۆرەی لەژمارەی کـەمی شۆڕشگێڕان کەوتبوو ...

لەدوایدا ئەوانەی دەرباز بوون لەچالاکیەکە ،گەڕانـەوە کامپـەکانی ڕاهێنـان و بـیرو ڕای خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی گۆڕەپـانی جـەنگ بـۆ بەرپرسـان ڕوون کـردەوە ،دووپاتیشیان دەکردەوە کەئەستەمە بـەم ژمـارە کەمـەوە هێلـەکانی بـەرگری ئـەلبانیا بەتەواوی تێك بشکێنرێت نەخاسمە لەم کاتەشدا کەهەمووان بڕوایـان وایـە کـەدەزگای هەواڵگری ئەلبانیا زانیاری پێش وەختی هەیە ،لەسەر هەموو چالاکیـە سـەربازیەکان و ئەو هەنگاوە سەربازیانەی لەلایەن شۆڕشـگێڕانەوە دەگیرێنـە بـەر ...بـەرەنجامی زیانـە مرۆییەکان و هەوڵە شکست خواردووەکان ،شۆڕشگێڕان هەستیان بەحەتمیەتی شکستی ئەرکەنیشتمانیەکەیان دەکرد ...وگومان و دوودڵیش دزەی دەکردە نـاخی ڕاهێنـەر و بەرپرسە ئەلبانیەکان لە ڕیزی شۆڕشگێڕاندا ...ئایە ئامانج لەدووبارە کردنـەوەی ئـەم جۆرە چالاکیانە تەنها مەرامی و ماستاو کردنـە بـۆ بەرپرسـان لـە(M16) بـردوای و سەرانی (C.I.A)و (ن.ت.ر) لەواشنتن؟ گەر وەڵێمەکە ئەرێ بێـت پرسـیارێکی تـر سەرهەڵئەدا کەزۆر لــەوە قورسـترە وەڵام بدرێتـەوە پرسـیارەکە تاهەتایـە لەسـەرزاری ویژدانی مـرۆدا دەمێنێتـەوە کـەدەڵێت(ئایـا مـەرامی کـردن بـۆ سـەرانی (C.I.A) و(M16) تاوانێك نەبوو کەزۆرێك ڕۆحی بێگەردی بویە قوربانی؟)...

لەنێوەندی ئەم دوو پرسـیارەدا ڕاسـتیەك لای شۆڕشـگێڕانی ئـەلبانیا خـۆی قـوت دەکردەوە کە دەڵێت :- (ئەزمونەکـەی لەمـەڕ ئـەلبانیا ،بەتەنـها بریتیـە لەئـەزموونی ململانێی نێوان (C.I.A)و(M16) لەسەر هەژمونداریێتی و زاڵبون لەئەوروپادا).

ساڵی ١٩٥٠ ،پیاوانی (M16) هەستیان بەتەنگ دەسـتی دارایـی دەکـرد بـەهۆی پاشەکشێی ئابووری بـەریتانیاوە ،لـەکاتێکا (C.I.A) و(ن.ت.ر) هەسـتیان بـەهیچ نـەکرد جگـە لـێشـاوی مـاددە ... لـەم ڕووەشـەوە ،دەزگـای (M16) کەوتـە ژێـر

کاریگـەری پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژی ئـەمریکاوە کـەتا ڕادەیـەکی زۆر بوویـە هــۆی سەرکەوتنی (C.I.A)لەبواری سیخوریدا .

لـەهەمان ساڵدا (فرنك وایزنر)ی سەرۆکی (ن.ت.ر) پیاوێکی شارەزای لـەکاروباری (بالکان)دا هەڵبژارد بەناوی (گراتیان یاسیڤیتش) هەردووزمانیصربی و کرواتیدەزانی و بەباشی پێیان دەدوا ،پێشتر لـەگەڵ سیخوری بەریتانی (کیم فیلبی)دا کـاری کردبـوو بۆسـازاندنی هـەل ومـەرجی هاریکـاری لـەنێوان ئـەمریکاو بـەریتانیادا ..لـەسـەرەتای حوزەیرانی هەمان ساڵدا ،هێزە شیوعیەکانی کۆریای باکوور توانیان هەندێك ناوچـەی کۆریای باشوور داگیر بکەن ،ئەم حاڵەش بوویە بەڵگـە بەدەسـتی ئەمریکیەکانـەوە بـۆ پاساودانی کردەوە سەربازیەکانیان لەئەلبانیادا ،بۆیە بڕیاریـان دا لـەسـەرپلانی گۆڕینـی ڕژێمی ئەلبانیا بەردەوام بـن ،وەلێ ئـەم پرسـیارەی ئامـادەگی هەمیشـەی هـەبوو ،ئـەم پرسیارە بوو :باشترین ئامراز کامەیە بۆ گەیاندنی گەریلاکان بەناو جەرگەی ئەلبانیا؟..

وەڵامـی پرسـیارەکە ئـەم جارەیـان لـە (جـەو) دوە هـات ،(ن.ت.ر) پێـی وابـوو گواسـتنەوەی شۆڕشـگێڕەکان بۆنـاو جەرگـەی ئـەلبانیا لەرێگـەی ئاسمانیـەوە (واتـە بەفڕۆکە)،ڕێگەیەکی لەبارەو ئەمریکا دووچاری تۆمەتبار کردن بەپێشل کردنی یاسا نێو دەولـەتیەکان ناکاتـەوە .. لەلایـەکی تـرەوە...بەرپرسـانی (M16) ش بیرۆکەکـەیان بەگونجاو زانی ..نەخاسمە لەبەریتانیا کۆمەڵێك فرۆکـەوانی پۆلـۆنـی هەیـە کەلەجـەنگی جیهانی دووەم دا لـەدژی ئەڵمانیەکان جەنگاون و لـەشەڕە ئاسمانیەکاندا چاپوکیەکی بێ وێنەیان نیشان دابوو — لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بدرێت بەوەی ئەم فرۆکەوانانە ناچار کرابوون کەبسوولی کیمیاءی ژەهراوی (سـیانید)هـەڵبگرن بۆئـەوەی لـەکاتی بـەدیل گیرانیاندا قووتی بدەن .

لـەپاش دا ،ڕاهێنـانی چڕ بۆفڕۆکەوانـە خۆبەخشـەکان لـە هیـدل بـرگ سـازدرا ،لەبەرێکرانی ئەم ڕاهێنانانەدا هەردوو ڕابەری ئـەلبانی (کوبـی و ئـیرمنجی) زۆر جـار ئامـادە دەبـوون و دڵـە ڕاوکـێ و ترسـی خۆیـان دەردەبڕی بەرامبـەر ئـەم پرۆسـە

هەوایيه.ئەوه بوو پێشبينيەكانيان ڕاست دەرچوو ،بەوەی يەكەم هەوڵی بەكارهێنانی فڕگەی يۆنان شكستی هێنا چونكە يەكێكيان بەرلە فڕينی فڕۆكەكان پلانەكەی تێكدا ... ئيدی (١٦ فڕۆكەوانە تەرخانكراوەكەيان)گەڕاندەوە بۆئەڵمانيا.



(هەندێك لە ئامێرە سيخوڕيە ئەمريكيەكان كە موخابەراتی تيشكی دەستی بەسەردا گرتوون ، ئەم كامێرانە و ئامێرەكانی تريش كە(C.I.A) بەكاری دەهێنان بۆ سيخوڕی كردن بەسەر مۆڵگە سەربازيەكانەوە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا دەخرانە نێو ئەو باڵۆنانەوە كە بۆ مەبەستی كەشناسی هەڵدەدران و لە بەرزيەكی زۆرەوە وێنەی مۆڵگەكانيان دەگرت) .

كەئەركی جێبەجێكردنی ئەم كارەيان لەئەستۆ دابوو ...كەتۆپەكە گەڕێنرايەوە ،نۆ فڕۆكەوان بەئەستەم توانيان هێزی تايبەتی سەر بەشۆڕشگێڕانی ئەلبانيا لەناو جەرگەی ئەلبانيادا دابەزێنن ،بەڵام پۆليسی نهێنی ئەلبانيا لەبۆسەدا بوو بۆيان ،توانی هەموو پارەشووت دارەكان بگرێت جگە لەدوانيان كەتوانيان هەڵبێن بۆ يوگسلافيا ...

وەك كاردانەوەيەك لەسەر ڕاكردنی ئەو دووپياوە ،پۆليسی ئەلبانيا خێزانی يەكێكيانی كوشت (واتە خێزانی (ئادەم جيرا)ی كوشت (ئادەم جيراش)لە يوگسلافيا بۆماوەی ١٩ساڵ زيندانی كرا)لەماوەی ساڵی يەكەمی زيندانی كرانەكەيدا ،هەوڵی دەدا

بەرپرس و ڕابەرە ئەلبانیەکان وەئاگابێنیێتەوە لەمەترسی ڕەوشەکە ،وەلێ نەیدەزانی ئایە ;ئاگادارکردنەوەکانی دەگاتە گوێی بەرپرسان یاخود نا؟ سەرەڕای شکستە ئاشکراکەی ، کەچی (ن.ت.ر) بەردەوام بوو لەسەر بەسەرباز کردنی پەنابەرە ئەلبانیەکان و ناردنی دارایی بۆ کامپەکانیان لەرێگای ڕۆماوە...

لەحوزەیرانی ١٩٥١ یشدا ، دابەزاندنی ١٦ شۆڕشگێری تر لەئەلبانیادا هەمان چارە نووسی بەرکەوت ،ئەوی لەجێگەی دابەزاندنەکەدا کوژرا ئەکوژراو ئەوانی تریشیان لەدوای دادگای کردنی ئاشکرایان لەشاری تیرانای پایتەخت بەتۆمەتی ناپاکی هەرە گەورە بەرانبەر ئەلبانیا ، لەسێدارە دران .لەدوای ئەم زنجیرە ڕوداوە پەنابەرەکان هەموو ئومێدێکی سەرکەوتنیان لەدەست دا ، ئاستی هەستی نیشتمانیش لای پەنابەرە بەسەربازکراوەکان داڕووخا ،ئەوانەیان کەلەدەوری نەیاران یاخوود لایەنگرانی (پادشا زوگ)دا خر ببونەوە .. لەلایەکی ترەوە بەریتانیەکان هەولێاندا گرووپێکی تر لەپەنابەران لەسەرزەویەکانی (دراتموور)ی بەریتانیا مەشق پێبکات ، بەلام هەولەکە شکستی هێنا بەهۆی ناکارامەیی دەستە بەسەربازکراوە نوێیەکەوە .

بەکۆتای هاتنی ئەم ئەزموونەی ،بەریتانیا دۆسیەی ئەلبانیای داخست و بڕیاری دا کاروباری ئەلبانیا بەتەنها جێبهێلێت بۆ ئەمریکا تاکو بەئارەزووی خۆی بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدات ،ئەمریکا لەلایەنی خۆیەوە هیوا بڕاو نەبوو بەسەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی ئەلبانیا ،بەتایبەت لەدوای درەوشانەوەی ئەستێرەی سەرکردە (حامیت ماتجانی)کەبەتواناای خۆی سەلماندبوو لەهەلگرتنی ناڕەحەتی و ئەرکە قورسەکان دا ... بۆیە بۆ ئەوەی بچاودێری (C.I.A)دا لەئۆردوگەی (کالانیسیا)ی یۆنانی لەسالی ١٩٥٢ دا کۆمەلێک ئەلبانیە ئازاو بەدەمەترسەکان لەگەل سەرکردە (ماتجانی)دا ڕاهێنانیان دەستپێکرد..بڕیاری بەردەوامی دانیان بەڕەوتەکەدا ... ئەمەش وای کرد (مەلیک زوگ) کۆمەلێک لەپیاوەکانی ڕەوانە بکات تاکو شانبەشانی (ماتجانی)مەشق

بکەن .لەم قۆناغەدا ،هەندێك واگومانیان دەبرد کەڕژێمی (هۆکسا)دەستی بە داڕوخان کردووە لەبەر دووهۆ:

١-ژمارەیەك لەشۆڕشگێڕان توانیویانە بچنە ناو جەرگەی ئەلبانیاوە ،وتۆڕێکی پەیوەندیشیان لەنێوان ناوەو دەرەوەدا ڕێکخستووە .

٢-مردنی ستالین لە (١٩٥٣/٣/٥ز)دا...وەلێ ئەم ئەگەرەش بێ هوودەو پوچ دەرچوو ،لەدوای ئەوەی لەشەوی سەری ساڵی ١٩٥٣ دا ڕادیۆی ئەلبانیا ڕایگەیاند :زۆرێك لەو ئەلبانیانەی لەماوەی دووساڵی ڕابردودا داەبەزێنراونەتە ئەلبانیاوە لەسەر دەستی (C.I.A)دا ئێستا لەزیندانەکانی ئەلبانیادان ،بە(حامیت ماتجانی) یشەوە ، کەلەسەرەتای یەکەم ئەرکی سەربازیدا دەستگیر کراوە . بەم ڕاگەیاندنە ،ئەمریکیەکان لایان ئاشکرابوو ،کەلەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا موخابەراتی ئەلبانیا خەڵەتاندوونی و وای لە ئەمریکیەکان گەیاندووە کەتۆڕی پەیوەندیە ناوخۆی و دەرەکیەکە تۆڕێکی ڕاستەقینەیە !.

بەڵام بۆچی هەموو هەوڵەکان بۆ ڕوخاندنی (هۆکسا) شکستیان هێنا ؟وەڵامەکانی ئەم پرسیارە زۆرن و فاکتەرەکانیش هەمە چەشنن. پسپۆڕانی سیخوڕی شێوە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی (کیم فیلبی) پیاوی سۆڤیەت لە (M16)دا هۆکاری یەکەمین بووە لە (فرۆفێڵەکەی ئەلبانیا)دا ،بەرلەوەی نهێنیەکەی ئاشکرا ببێت (کیم فیلبی)ڕایکردە یەکێتی سۆڤیەت و پاشماوەی تەمەنی لەوێندەر گوزەراند.

شیاوی باسە لەساڵی ١٩٤٩دا فیلبی لای زۆرینەی ناسراوەکانی ،پیاوێکی ڕۆشنبیر و ،زیرەك و ،دڵسۆز و خۆشەویست بووە لای زۆربەی هاوڕێکانی ... بەڕاستیش فیلبی خاوەنی ئە خەسڵەتە باشانە کەکوڕی یەکێك لەسیاسەت مەدارە ناسراوەکانی بەریتانیاش بوو ،توانی بگاتە پۆست و ناوەندە ئاڵۆزو گرنگەکانی (M16) ،چەندین جار نوێنەری (M16)بووە لەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەشداری کردووە لە چاودێری کردنی و سەرپەرشتی کردنی مەشقی شۆڕشگێڕە ئەلبانیەکاندا بەڵام

(ڕۆبەرت لۆ)گوومانی هەبوو لـەوەی (فیلبـی)زانیـاری دزە پێبکـات لـەبـەرژەوەندی سۆڤیەتیەکان کەچی ئەم تۆمەتانەی بۆ نەسـەلما ...هەرچـەندە لەوکاتـەدا ووتـی : (زۆر ئاشکرایە کـە هـەواڵ دزە دەکـات بـۆ ئەلبانیـەکان .. شـیوعیەکان زۆریکـی زۆریـن دەزانن..)بەرپرسانی (C.I.A)داوایان کرد کە (کیم فیلبی)بەپەلە بگەڕێتوە بۆ لـنـدن لەدوای هەڵهاتنی دووبەکرێگیراوی (M16)بۆ یەکێتی سۆڤیەت..

شیاوی باسە ،بەڕێوەبەری (C.I.A)لە تشرینی یەکەمی ١٩٥١ ەوە گوومانی پەیدا کردبوو بەرامبەر ئەو ڕۆڵە پەنامەکیەی (کیم فیلبی)دەیبینێت ، بۆیە هەڕەشـەی کۆتـایی هێنان بەپەیوەندیە بەتینـەکانی نێـوان (C.I.A)و(M16) ی کـرد گـەربێت وئـەم دەزگای دووەمە هەڵنەسێت بەگۆشەگیرکردنی (فیلبی)وگواستنەوەی لە (واشنطن)...

(فیلـبی)دەربـارەی ڕۆژەکـانی ژیـانی لـە (واشـنطن) دا دەڵێـت (چـەند ژمـارەی ناسراوەکانم و ئەوانەی سـەردانیان دەکـردم لـە (واشـنطن) زیـادی بکردایـە ،ئـەوندە زانیاری لەمەلەفەکەم دا زیادی دەکرد... منیش تەنـها لەڕاسـتیدا ئـەوەم مەبەسـتبوو) لەڕاستی دا (فیلبی) دانی نەناوە بەڕۆڵی دووڕوانە گێڕاندا لە (فڕوفێڵەکەی ئـەلبانیا)دا ..وەڵێ گەر بێت و پۆستەکەی فیلبی و پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی لە (واشنطن)، لەلایـەك و ڕاکردنە ئابڕوبەرانەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەلایەکی ترەوە هەروەها بڕو جـۆری ئـەو زانیاریانەی پۆلیسی ئەلبانی لێی ئاگادار بوو پێکەوە ببەستینەوە ... ئەوا بەرەنجامێکمان دەستگیر دەبێت کەفیلبی بەرپرسە لەکوژرانی پتر لە (٣٠٠) کەس کەلەنێویاندا منـداڵ و ئـافرەت هـەبووە لـــەماوەی جـەنگی ئـەلبانیادا ... بەهـــەرحاڵ ماوەتــەوەبێژین جەماعەتـەکانی (دەربڕینـی دەقـاو دەقـی نوسـەرە وەرگـێڕی کـوردی) (C.I.A)و (M16) هۆکاری پشتەوەی شکستی ئەرکی شۆڕشگێڕانی ئەلبانیا بـوو ... بۆنموونـە بۆچی هـەردوو دەزگاکـە دوا کـەوتن لەخـەملاندنی حەتمیـەتی شکسـتی پرۆسـەکەی ئەلبانیا؟ سـەبارەت بـەم بابەتـە بەڕێوەبـەری (ن.ت.ر) بۆکاروبارەکـانی ئـەورروپا لـەو قۆناغەدا دەڵێت : (یەکبینە بوون لەسەربڕینی خەڵك لەبەشی کۆتایی جەنگی ئـەلبانیادا

،کـارێکی نارەوشـتی و کەرانـە بـوو لەهـەمان کـاتدا)بێگوومـان کـارتی قصابـەکان نەدەگەیشتنە ملـــی پیـاوانی (C.I.A)و (M16) بـەڵکو بەتەنـها دەگەیشـتە ملـی پەنابەرە ئەلبانیەکان ،کەبوونە قوربانی ئەوانەی پیلانیان دادەناو زانیاریان کۆدەکـردەوە لەنوسینگە سیخورپەکاندا ... گەر (کیم فیلبی)ناپاك بوو بێت ئەوا هەرگیز (C.I.A) و (M16) بێتاوان نین .

بەشي سێیەم

﴿جەنگی زانیاریەکان﴾

لەپەنجاکانەوە تائەم کاتەی ئێستامان دەزگاکانی هەواڵدەری ئەمریکا و سۆڤیەت هەموو هەوڵ و توانایەکیان خستۆتە کار لەپێناوی قایل کردنی وولاتەکانیان بەزەرورەتی هێشتنەوەی چالاکی سیخوڕی و یارمەتی دانی بەهەموو ئامرازێك مادامێك دوژمن لەبەرەی بەرامبەردا مابێت... بەپێی ئەم هەولانە بەرپرسانی (C.I.A)و(K.G.B) (واتە موخابەراتی سۆڤیەت)هەموو هەولێکیان بەگەڕخستووە بۆ دەرخستنی ئەو دەست کەوتانەی لە هەولە سیخوڕیەکاندا بەدەستیان هێناوەو ئەو ڕۆلە کاریگەرەی دامەزراوە تەنزیمی و ئیداریەکانیان بینیویانە لەدوای ئەوەی سالی ١٩٥٠ز (ولتر سیمث) لەدوای (ئەمیراڵ هیلۆن کوتر) کرایە بەڕێوەبەری (C.I.A) ،(سیمث)چەکوشکاریەکەی پەیکەری ڕێکخستنی (C.I.A)ی کرد بۆ ئەوەی سەرنجی بەرپرسەکانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لەم ڕووەوە سێ بەڕێوەبەرایەتی نوێی پێکهێنا بەم تەرزە:

١-لەئەنجامی خستنە پالیەکی (ن.ت.ر) و(نوسینگەی کردەوە تایبەتیەکان) بەڕێوەبەرایەتیەکی نوێی بەناوی(بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان)پێکهێنا،(ئالن دالس)کرایە بەڕێوەبەری (فرنك وزنر)یش جێگری بەڕێوەبەر(ریشارد هلمز)پۆستی بەرپرسی کردەوەکانی پێسپێردرا .

٢-بەڕێوەبەرایەتی (زانیاریەکان)چەند نوسینگەیەکی هەبوو کە (C.I.A)یان بەزانیاری پێویست پشت ئەستوور دەکرد و لەڕووی نیشتمانی و ئیعلامیەوە

هاریکاریان دەکرد ...دیارترین نوسینگەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە بریتی بوون لـە :

- نوسینگەی خەملاّندنی نیشتمانی.
- نوسینگەی زانیاریە زانستی یەکان.
- نوسینگەی زانیاریە ئالوگۆڕپێکراوەکان .

٣-بەڕێوەبەرایەتی (پشتگیری)لەپاشـدا نـاونرا بەڕێوەبەرایـەتی (بـەڕێوەبردن)ئـەرکی سەرەکی بریتی بوو لە ڕێکخستنی کاروباری دارایی و شتو مەك ...بەرلەکۆتایی هاتنی سـالّی ١٩٥٢ ژمـارەی کارمـەندانی (C.I.A)گەیشـتە (١٠,٠٠٠)کارمـەند . وەبودجەکەشـی بـەرەسمی دیـاری نـەدەکرا سـالّی ١٩٥٣ز یـش سـەرۆك (ئایزنهاوەر)،ژەنەراڵ(سیمث) ی کردە بەرپرس لە ئیدارە نویّ یەکەی خۆیـدا و (ئـالن دالس)ی شـی کـردە بەڕێوەبـەری گشـتی لـە (C.I.A)دا هـەروەك چـۆن (جـۆن دالـس)ی براشـی کـردە وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا. شـیاوی ئامـاژە پێدانـە (ئـالن داس)سەرەتای کاری موخابەراتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی جیهانی یەکەم لـەقۆناغی جەنگی جیـهانی دووەمیـش دا پـەیوەندی بـە (ن.خ.إ) وە کـرد هێنـدە لەراپـەڕاندنی کارەکانیدا وورد و زیرەك و کارامە بووە هەندێك لەهاوەڵـەکانی ناویـان نـابوو فیلـە سپیەکە .دیارە فیلـی سـپی ناسـراوە بـەزیرەکی یـەکی زۆر .لەیەکـەم هـەنگاویدا بـۆ لەگۆڕنانی فراوان خوازیەکانی سۆڤیەت و کۆنترۆڵ کردنی هەولەکانی شیوعیەت لـەم پێناوەدا ،(دالـس)بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانانی (C.I.A)دا هەسـتا بەدامەزراندی (ڕادیۆی ئـازادی)و (ڕادیـۆی ئـەوروپای ئـازاد)کـە پرۆگرامـەکانی لـە ئەڵمانیای ڕژئاواوە پەخش دەکرد... وسالأنە ٣٠ ملیۆن دۆلار خەرجی دەخستە سەر (C.I.A)...برێك لەو پارەیە تەرخان کرا بۆ ئەو ڕۆشنبیرو کارمەندە ئیسـتگەییانەی لەڕادیۆکەدا کاریان دەکرد و خەڵکی ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت بوون.

هەروەها (دالس)پێی دادەگرت لەسەر پەخشکردنی پرۆگرامی ئاینی بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەك ئەلتەرناتیفی ئەو کردەوە تێکدەریانەی پێشتر (C.I.A)جێبەجێی دەکردن لەوکاتەدا خەرجیە گشتیەکانی (بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان) گەشتە (هەشتاو دوو ملیۆن دۆلار)... دیسانەوە لەهەمان چوارچێوەدا ، (C.I.A)یەك ملیۆن دۆلاری خەرج کرد بۆ دامەزراندنی(ئەنجومەنی سەربەستی‌مەدەنی)و(٣٠٠هەزار دۆلار)یش بۆ بەشداری کردن لەدامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوەی‌جیهانی لەویلایەتی (ماساتشوستس)ی ئەمریکی ،جگە لەو خەرجیانەش دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بڕی (٥٠,٠٠٠)دۆلاری بەهۆی بەرپرسە تەنزیمیەکانەوە گەیاندە دەستی (وولتر رودز)ی سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی ئوتومبێل لەئەڵمانیای ڕۆژئاوادا بۆ دابەشکردنی‌بەسەر سەندیکای کرێکاریە ناشیوعیەکانی وولاتدا... لەبەرانبەریشدا یەکێتی سۆڤیەت دەستەو ئەژنۆ نەوەستابوو لەئاکار ئەم دەستێوەردانانەی ئەمریکا لەکاروباری کرێکاراندا،بەڵکو پتر کارابوو لەهاوکاری کردنی سەندیکا کرێکاریەکانی وولاتانی ڕژئاوادا ،ئەوانەیان کەلایەنگری حیزبە کۆمۆنیستەکان بوون نەخاسمە لەئیتالیاو فەرەنسادا.

لەلایەکی ترەوە (C.I.A)هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستپێکرد لەپێناوی هاوکاریکردن و فراوانکردنی بڵاوبوونەوەی یەکێتیە کرێکاریەکانی‌سەندیکای پیشەسەربەستەکان لەئەوروپاو جیهانی سێهەم دا (ئارثەر گولدنبرگ)لەپشتی ئەم هەڵمەتانەوەبوو ،ئەم پیاوە پۆستی بەڕێوەبەری کاروباری کرێکارانی لە (ن.خ.إ) دا هەبوو ...دواتریش بوویە (وەزیری کاری) ئەمریکا ...وەیەکێکیش بووە لەدادوەرانی دادگای تمیز لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

ئامانجیش لەزاڵ بوون بەسەر ئەو یەکێتی یانەدا ،بەکارهێنانیان بووە وەك میکانیزمێك بۆ پروپاگەندەو بلاو کردنەوە،هەروەها گواستنەوەی ئامۆژگاریەکانی (C.I.A)و ڕێنماییەکانی بەڕێگەیەکی پەنهانی و دراسە کراو .بەئەندازەی کارکردنیشی لەڕیزی سەندیکا کرێکاریەکاندا ، (C.I.A)کاری لەنێو یەکێتیەکانی لاواندا

کردوه..بۆنمونه(بزوتنەوەی لاوانـــی ئەوروپایی) لـەماوەی (١٩٥١-١٩٥٩) ; بـڕی (یەك ملیۆن و سێ سەدهەزار پاوەند)ی لە(C.I.A)وەرگرتووه ...لەسـالّی ١٩٧٥ز دا تۆم براون ی کۆنه کارمەندی بەشی(ڕێکخراوه جیهانیەکان)له (C.I.A)دا ڕاسـتی ئەم زانیاریانەی دووپات کردەوە.

لەکاتێکدا (C.I.A)لەڕێکخستنی بەشەکانی بویەوە ،و هێرشی ڕاگەیاندنی ڕێـك و پێکـــی دەســـتپێکردبوو ،(K.G.B) هێشـــتر لـــەژێر گۆڕانکاریـــە بنەڕتیـــەکاندا لەهەردووبواری ڕێکخستن و کارکردندا جێنگلّی دەهات...

لەکۆتاییەکانی ســـەردەمی ستالین دا ،کـت ومـت لەسـەرەتای پـەنجاکان دا ،خـوە شـێتانەکانی سـتالین توونـــد وتیـــژ بـــوو،ڕوگـــە ســـەلّتەویەو تۆقێنـــەرەکانی پـــتر هەلّچووبوو،ئەمیش وایکرد(K.G.B)زیاتر پێش بکەوێت لەهۆنینەوەی پلانی ناپاکانـە لەدژی هاولاّتیە سۆڤێتیەکانی خۆیی و دوژمنەکانیشـــی لەدەرەوەپێکـەوە...لەوکاتـەدا (بریا)پێشتر بەرپرسی دەزگای موخابەراتی سۆڤیەت بـــوو بـارودۆخی زۆر لـــە قەلّـسی دابوو،چوون هەستی دەکرد بەمەترسی شێتیەکانی ستالین لەسەر ژیـانی تایبـەتی خـۆی ...گەر ووتەی ڕابەرە سۆڤیەتیەکە بەڕاست بگێڕین ئەوا ستالین ئامادەباشی وەردەگرت بۆ لەسێدارەدانی (بریا) بـــە تۆمـەتی کـەم تەرخـەمی کـردن لەئاشـکرا کردنـی پلانـی ناوخۆیی لەدژی ستالین ئەمـەش لـەپاش ئـەو ئەرکـەبوو کەسپاردی بـە (بەڕێوەبـەری ئاسایشی دەولّەت)بۆ هەلّبەستنی ڕاپـــۆرت لەســـەر ئـەوەی گوایـە هـەندێك پزیشـکی سۆڤیەتی کەزۆرینەیان جولەکەن ،هەولّی تیرۆرکردنی ســـتالینیان داوە ،(ئـەگناتیاف)ی بەڕێوەبەری ئاسایشی دەولّەتیش ئاگادار کرابوویەوە،ئەگەر بێت و ئیعترافات بەهـەرچی شـێوازێك بێـت لـەو پزیشـکانە وەرنـەگرێت ،ئـەوا سـزای لەسـێدارەدانی بەســـەردا دەسەپێنرێت ... تەنها لە سێدارەدان.

وەلێ ستالین بەرلەوەی هەڕەشەوگوڕەشەو پلانەکانی لەدژی بریا جـێ بـەجێ بکـات مرد،پاشتریش هەندێك ناوەند گومانیان وابوو بریا لە پشتی مردنی ستالینەوەیە ،نەخاسمە

که(بریا) هەوڵی دابوو لەمیانەی تواناکـانی (K.G.B)و ڕۆڵـی گرنگیـەوە لـەژیانی گشتی دا ،دەستەڵات بگرێتە دەست.



(وێنەی یەکێکە لە شەقامەکانی ئەلبانیا ، ئەو بارودۆخی هەژاریەیە ڕوون دەکاتەوە کـە لـە سـەردەمی هۆکسـادا وڵاتی پێدا تێ دەپەڕی).

سـەرەنجام مەکتـەبی سیاسـی پـارتی کۆمۆنیسـتی بەهـەما هـەنگی لەگـەڵ (نیکیتـا خروشوف) هەوڵەکانی (بریا)ی پوچەڵ کردەوە و بڕیارێکی دەرکرد کە(بریا)لەسێدارە دراوە ،بڕیاری هاوەڵی ستالین و رابەری پێشوی موخابەراتی سۆڤیەتی.

لەدوایدا سـەرکردایەتی سـۆڤیەت توانـی ڕۆڵـی نـاوخۆیی موخابەراتەکـەی سـتالین لەقاڵب بدات ،کەپەیڕەوی تۆقاندنی کردووە لەدژی مەکتەبی سیاسی وحیزبی شـیوعی ،وەك چۆن بەئاشکرا لەدژی هاوڵاتیە ئاساییەکانیسـۆڤیەت پـەیڕەوی هـەمان شـێوازی کردووە بەوەش دەستەی هەواڵدەری سۆڤیەت ،لەدەستەیەکی وەزاری سەربەخۆوەبووە لیژنەیەکی هێمنایەتی و ناونرا (لیژنەی ئاسایشـی دەوڵـەت) کەئێسـتاکە لەئاسـتی نێـو دەوڵـەتیدا بـە (K.G.B)دەناسـرێت (K.G.B)کۆمـەڵێك دەسـەڵاتی زۆری

لێسەنرایەوە کەلەسەردەمی ستالین دا لەدەستی دابوو ،بۆنموونە دەسەڵاتی دەستگیرکردنی ئەندامانی حیزبی شیوعی و دادگای کردنیان لەدادگای تایبەتی دا ،هەروەها دەسەڵاتی چاودێری کردنی کامپی کاری قورس و زیندانە سیاسیەکان لەهەمان ڕووەوە ژمارەی کارمەندانی سەر بولیژنەی نوێی(K.G.B) کەم کرایەوە. هەروەها دەستەڵاتەکانی وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەت کورت هەڵهێنرا کەلەپاشدا بریتی کرا لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پۆلیسی ناوخۆیی لە وڵاتدا ڕاگەیاندنی دامەزراندنی دەزگای (K.G.B)..ژەنەراڵ (ئیفان سیرۆف) کەیەکێك لەیاریدەرانی (خرۆشۆف)و فەرماندەی پێشووی پۆلیسی ئۆکرانی بوو ،کرایە بەرپرسی دەزگاکە.وەلێ بەڕێوەبەرایەتیەکەی کارانە بوو لەسەر ئاستی (ئاسایشی دەوڵەت) کەبەکردەوە (ئەلسکەندەر شلبین)چاودێری کاروبارەکانی دەکرد... شیاوی ئاماژە پێکردنە (شلبین)توانی ساڵی ١٩٥٨ ژەنراڵ(سیرۆف)لەکار لابدات و خۆی بکاتە ڕابەری (K.G.B)...

سەرەڕای ئەم گیر وگرفتە سیخوڕانەیە ،موخابەراتی سۆڤیەت کەم تەرخەمی نەکرد لەپەرەدان بەپڕوپاگەندە وچالاکیە سیخوڕیەکانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٣)دا کۆمەڵێك لەهەواڵدەرە سۆڤێتیەکان چوونە نێوکاری ڕۆژنامە نوسیەوە ،توانیان شاڵاوی ڕاگەیاندنی سەرکەوتوانە بکەنە سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتەکانی لەژاپۆن دا ..هەروا بێتەوە توانیان (١٣٠)ئامێری گوێ شنە ووتن لە باڵوێزخانەکانی ئەمریکا دا دابنێن و لەباڵوێزخانەی ئەمریکاشدا لە(مۆسکۆ) (٤٤)ئامێری گوێ هەڵخستن یان بەتەنها لەساڵی (١٩٥٢ز)دا دامەزراندبوو.

لەبەرانبەریش دا (C.I.A)توانی لەساڵی ١٩٥٦ز دا دەقی ووتارێکی نهێنی ڕابەری سۆڤیەتی (خرۆشۆف دەست بکەوێت)کەلە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعیدا خوێندبوویەوە و تیایدا تاوانکاریەکانی ستالینی ریسوا کردبوو هەروەها ڕەخنەی لەستالین گرتبوو لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ..ئەم کردەوە سەرکەوتوانەی (C.I.A

)موخابەراتی سۆڤیەتی دووچاری حەپەسان و سەرە سوڕێ کرد ئەمان پێیان وابوو گەیشتنی ئەو ووتارە بەڕای گشتی ڕۆژئاوا ،دەبێتە پاساو دەری ئەوکردەوانەی (C.I.A)بەنهێنی لەدژی شیوعیەکان لەگێتی دا پێی هەڵدەستێ ،جگە لەوەی موخابەراتی ئەمریکا دەتوانێت ناوەرۆکی ووتارەکە بەپێی ئارەزووی سەرانی ڕامیاری خۆیان قەبە بکەن.

لەڕاستی دا تاکو ئێستا کەس نهێنی دزینی ووتارەکەی خرۆشۆف لەلایەن (C.I.A)ەوە بۆ ڕوون نەبۆتەوە ،بەڵام زانیاریەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کەووتارەکە لەڕێگەی (جیمس ئەنگلتۆن)ەوە گەشتووە،چونکە هەندێ کەس گومان دەبەن پەیوەندی توونڈ و تۆڵی بە مۆسادی ئیسرائیلیەوە هەبوبێت ئەمە لەکاتێکدا هەندێکی دیکە لەزانیاریەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن ووتارەکەی خرۆشۆف لە ڕێگەی (ڕینارد گیلین)ی بەرپرسی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە گەشتبێتە (C.I.A).

بەهەر حاڵ گەر ئەو زانیاریانە ڕاست بن کە ئاماژە بەڕۆڵی مۆساد دەکەن لەڕفاندنی ووتارەکەدا ،ئەوا دەتوانین بڵێین ئیسرائیلیەکان لەڕێگەی بەکرێگیراوەکانیانەوە لە (پۆڵەندا)توانیویانە دەقی ووتارەکە چنگی خۆ بخەن .

شیاوی یادخستنەوەیە مەسەلەی دەستکەوتنی ووتارەکەی خرۆشۆف خاڵی گرنگترین نەبوو لەسەرکەوتنی ئەرکەکەدا ،بەڵکو چۆنێتی بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکی ووتارەکەخاڵی هەرە وورد و گرنگ بوو.چاودێری سۆڤیەت لە (C.I.A)دا (د.رای کلین)پێشنیاری کرد بەیەك جار دەقی ووتارەکە بڵاو بکرێتەوە ،لەکاتێکدا ئەنگلتۆن و وایزنر سوور بوون لەسەر بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکی ووتارەکە بەشێوەی بەش بەش ،بۆ ئەوەی لەهەرکاتی بڵاو کردنەوەی ووتارەکەدا سوودی لێوەر بگیرێت لەبرەو دان بەپروپاگەندە لەدژی سۆڤیەت ..لەدوای مشت و مڕێکی درێژ لەسەر لەبارترین شێواز بۆبڵاوکردنەوەی ووتارەکە ،لەسەنتەری (بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان) لە (واشنطن)،بیرۆکەکەی (د.کلین)پەسەند کرادەقی ووتارەکە بەتەواوی لەڕۆژنامەی

نیویۆرك تایمز دا بلاوكرایەوە ،وەلێ تارۆژی ئەمڕۆمان ،چاودێران دڵنیا نەبوون لەدرووستی ئەو زانیاریانەی (C.I.A)بلاوی كردنەوە،سەرەڕای پێداگریەكانی (C.I.A)لەسەر ئەوەی زانیاریەكان وورد و سەرچاوەكانیش باوەڕپێكراون ...ساڵی (١٩٥٦)یش، (C.I.A)بەلێبڕاویەوەبیری لەڕێگەیەكی نوێی سیخوڕی كردن بەسەر سۆڤیەتەوە كردەوە ،كەزانیاری وورد و دۆكیو مێنتی نەگۆڕی بۆ دەستەبەر بكات ،لەدوای ئەو ئەزموونە پڕكۆسپ و لەمپەڕەی دەزگاكە پیایدا تێپەری لەمیانەی مامەڵەكردنیدا لەتەك هەواڵدەرە باوەڕپێنەكراوەكاندا،مامەڵە لەگەڵ هەندێ بەكرێگیراو و هەواڵدەر مەترسی دروست دەكات لەسەر درووستی بڕیارەكان و زانیاری پێویست لەكاتی خۆیدا مسۆگەر ناكات .

لەبەر ئەوە (C.I.A)دەستی كردە نەخشە ڕێژی بۆ پڕۆژەی درووست كردنی فڕۆكەی چاودێری ی سەربازی كەلەپاشدا ناونران (یو ٢ یچاودێری)،هەرلەم ماوەیەدا سەرۆكی ئەمریكا ئاشكرای كرد وڵاتەكەی نیازمەندە پشت ببەستێت بەوێنەی ئاسمانی وەك میكانیزمێك بۆسنور بەندكردنی ماراسۆنی خۆ پڕچەك كردن یاخود داماڵینی چەكی ناووكی بەتەواوی لەیەكێتی سۆڤیەت و وولاتە یەكگرتوەكاندا ،بەلام خرۆشۆف پێشنیارەكەی بە پێشنیاری خەیاڵی ناوزەد كرد.

دوابەدوای سەركەوتنی پرۆسەی درووستكردنی (یو٢)ی تایبەت بەوێنەگرتنی ئاسمانی بنكە موشەكیەكانی سۆڤیەت و هاو پێچەكانی، (C.I.A)بەهاوكاری هێزی ئاسمانی ئەمریكی هەستا بەتەرخانكردنی (١٠٠)فڕۆكەوان بۆكاری سیخوڕی ئاسمانی یەكێك لەفڕۆكەوانەكان فڕۆكەوانی بەناوبانگ (گاری بورز)بوو، كەلەكاتی جێبەجێ كردنی ئەركەكەیدا بەدیلی كەوتە دەستی سۆڤێتیەكان ئەمریكیەكان لەنێو سەرجەم بنكە ئاسمانیەكاندا ،بنكەی ((أنشرلیك))ی ئاسمانی توركیان لەنزیك (ئەچنە)وە هەڵبژارد بۆ بەڕێكردنی كردەوە سیخوڕیە ئاسمانیەكان لەدژی سۆڤیەت ئەو دەم (C.I.A)بڕی



(فڕۆکەیەکی (U-2) ی ئەمریکی بۆ سیخوڕی کردن لە بەرزاییەکی زۆر بڵندەوە دەفڕن ، زۆرینەی بڕواکان لە دەوری ئەو ڕایە دەسوڕانەوە کە هەڵفڕین لە بەرزی ٨٥ هەزار پێ لەسەر زەوییەکانی سۆڤیەت فڕۆکە سیخوڕیەکە دەپارێزێ لە موشەکی دژە هەوایی ، بەڵام سۆڤێتییەکان موشەکە دژە هەواییەکانیان پەرە پێدا تا ڕادەیەك توانیان فڕۆکەی (U-2) ی ئەمریکی بخەنە خوارەوە) .

(٣٠,٠٠٠)دۆلاری تەرخان کرد بۆ (گاری بورز)و هاوەڵاکانی بۆ دەستبەکاربوونیان لەپرۆسەی چاودێریکردنی هەواییدا (بورز)خوودی خۆی لەساڵی (١٩٥٦)دا بۆیەکەم جار دەستبەکاربوو لەم ڕێگە مۆدێرنەی سیخوڕی کردنداو ڕچەی بۆ فڕۆکەوانەکانیتر شکان . لەماوەی چوار ساڵی یەك لەدووی یەکیشدا ،(یو2)سەرکەوتوبوو لەوێنەگرتن و کۆکردنەوی زانیاری لەسەرسەکۆی موشەکە سۆڤیەتیەکان ،سەنتەرەکانی ڕاهێنان و عەمبار کردنی چەك ،فڕگە سەربازیەکان، کارگەکانی درووستکردنی کڵاوەی ئەتۆمی و ژێردەریایی... هەرچەندە درووستکردنەکەی سەرەتایی بوو بەڵام فڕۆکەکان دەیان توانی لەبەرزی

(٨٥,٠٠٠)پێ دا بفڕن ،بەمەش لەژێرکاریگەری بەرەنجامەکانی (کەش)دا خۆی قوتارکرد ، ئەگەرچی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی (گاری بورز) لەسەر زەویەکانی سۆڤیەت و دیل کرانی،گورزێکی کاریگەر و بکوژبوولە پرۆژەی (سیخوڕی ئاسمانی) دا و بوویە ریسواییەکی دیکە لەڕیسواییەکانی (C.I.A)..

لە(١/٥/١٩٦٠)دا ،لەکاتێکدا (بورز) بەسەر ئاسمانی ناوچەی (سفر دلوفسك)ی سۆڤێتیدا دەفڕی ،فڕۆکەی (یو2)ەکەی بەهۆی ڕۆکێتی (S-A2)سۆڤیەتی یەوە خرایە خوارەوە ..ئەم لەکاتێکدا ژیانی دیلی هەڵبژارد بەسەرخۆکوشتن بەکەپسولە بکوژەکەی C.I.A کەناسراوبوو بە(سیانید)دەستگیرکرا ...دوابەدوای ئەم ڕووداوە ،پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئاڵۆزبوون دانوستاندەرەکان کەوتنە پەلەپەل بۆ نزیکخستنەوەی بیرو ڕاکان و گرێدانی کۆبوونەوەیەکی (لووتکە)لەنێوان هەردوو زەبەلاحەکەدا .لەکۆتای ئەم هەولأنەدا بڕیار درا لە(١٦/٥/١٩٦٠)دا ،کۆبونەوەیەکی کتوپڕی لەنێوان سەرۆکی ئەمریکاو سۆڤیەت دا بەئامادەگی بەرپرسانی فەرەنساو بەریتانیا گرێبدرێت ،کەچی گرێو گۆڵەکانی کێشەکە یارمەت دەر نەبوون بۆ سازدانی کۆبوونەوەبالأکە..سەرۆکی ئەمریکا هەرچی ئاگادار بوونێکی خۆی بەرانبەر ئەرکی فڕۆکەوان (بورز)ڕەتکردەوەو بێئاگایی‌خۆی لەو چالاکیە نیشاندا لەکاتێکدا (بورز)لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەی لە (مۆسکۆ)،ڕۆژی(٧/٥)گرێ‌ی‌دا ڕایگەیاند سەرۆکی ئەمریکا مۆڵەتی ئەم چالاکیە سیخوڕیەی داوە و(C.I.A)شی ڕاسپاردوە بۆ جێبەجێ‌کردنی ..وەلێ تا هەنوکە ،هیچ کەسێك نەیتوانیوە پەردەلابدات لە ڕوی ئەولایەنەی ،مۆڵەتی کردەوەیەکی مەترسی داری بەوشێوەیەی داوە،لەو قۆناغە ناسکەی ئاڵۆزی نێوان ڕۆژ هەڵات ورۆژئاوادا..لیژنەی پەیوەندیە دەرەکیەکانی (ئەنجومەنی پیران) ئەودەم ڕایگەیاند :(هیچ کام لەسەرۆك و وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگری ،ئاگایان لەفڕینی ئەو فڕۆکەیە نەبووە کەسۆڤیەت خستوویانەتە خوارەوە)...شیاوی ئاماژە پێدانە ،ئەم ئەرکەی بورز ،ئەرکی ژمارە (٣٠)بوو

کەلەماوەی چوار ساڵی یەك لەدوای یەکی سیخوڕیدا بەڕێ دەکرا،بەڕێوەبەری C.I.A لەوسەردەمەدا (ئالن دالاس) هەموو جۆرە ڕاوەستانێکی خۆی چ بەئاشکرا چ بەنهێنی بۆ لێپرسینەوە لەبەر دەم لیژنەی پەیوەندیە دەرەکیەکان دا ڕەت کردەوە..

لەکۆتایدا دالس لەوازیە سیخوریەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو،ئەوەندە هەیە توانی نمونەیەکی ڕوونی ئەویاریە سیخوڕیانە پێشکەش بکات کەهەرکام لە (C.I.A) و(K.G.B)پێی هەڵدەستن...سەبارەت بەفرۆکەوانە دیلەکەش ،سزای زیندانی کردنی بۆماوەی (١٠)ساڵ بەسەردا درا ،تەنها (١٨)مانگی لەماوەی سزاکەی لەزینداندا بردەسەر ،ئەوەبوو دانوستانەکان سەرکەوتن لەسازدانی ڕێ و شوێنی گۆڕینەوەی سیخوڕەکان بۆیەکەم جار ...(بورز) لەزیندان ڕزگار کرا لەپاش ئەوەی وولاتە یەکگرتووەکان قایل بوو لەسەر بەردانی سیخوڕی سۆڤیەتی (ویلی رودولف ئابل)ی ڕووخسار لاکێشەی و خاوەنی ئەدگارە شەڕەنگێزەکان. (ئابل) لەدایك بووی ئینگلتەرایە لەساڵی (١٩٠٣ز)دا،ناوی ڕاستەقینەشی (ولیەم فیشر)ە، باوکی ئابل هاوڕێ و دۆستی (لینین)ی ڕابەری شۆڕشی کۆمۆنیستی ڕووسیا بوو ،بۆیە ئابل لەساڵی (١٩٢٠ز)دا پەیوەندی کرد بەپارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی یەوە ،پاش ئەوەی نیشتە جێ بوونی خۆی لەبەریتانیاوە گواستەوە بۆ سۆڤیەت ،هێشتر ماوەیەکی کورت تێپەڕی بوو بەسەر پەیوەندی‌کردنیدا بەحیزبی شیوعیەوە،بویە کارمەند لەدەزگای هەواڵ دەری سۆڤیەت دا...ئارەزوویەکی بەرز و توانایەکی زمانەوانی و سیخوڕی لەڕادە بەدەری نیشان دا،لەماوەی خوێندنی پەیمانگای تەکنەلۆژیای ئەلمانیدا لەبەرلین،بەدەرچوونی لەپەیمانگا،ئابل خرایە خوولی سیخوڕی کردنەوە لەپەیمانگای هەواڵدەری سەربازی لە (مۆسکۆ) لەساڵی (١٩٤٩ز)ش ناوی هاوولاتیەکی ئەمریکی لەخۆینا کە(لیتوانیا) مردبوو ،لەکاتێکدا ویستی سەردانی یەکێك لەخزمەکانی بکات ،لەوکاتەوە ناوی خۆی کردە (ئەندرو کایوکیس)و جێگەی هاولاتیە مردووەکەی گرتەوە ...لەژێر پەردەی هەمان ناوی خوازراوەوە چوە کەنەداو ماوەیەکی کورت لە

ناوچەی (کیوبك)ی کەنەدی دا ژیا ،بۆوەی لەوێندەرێ وە بچێتە زەویەکانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە..لەم کاتەدا ناوی خۆی گۆڕی و کردیە (ئەمیل.ڕ. گۆڵدفس)لەوێدا وەك وێنەگرو کارتلنگ دەستی بەکار کرد لەناوچەی (بروکلین)دا... لەوساتەوە،تاکو سالێی ١٩٥٧ز ئابل هەستاوە بەئەنجام دانی چەندین کردەوەی سیخوڕی و توانیوەتی زۆرێك زانیاری بەپێز بگەیەنێتە سۆڤیەتیەکان .لەیەکێك لە ووتێلەکانی نیویۆرك دا دەستگیرکرا لەکاتێکدا ناوی خوازراوی (مارتن لولین)ی لەخۆی نابوو ،بەهۆی ئەوەی هەمووکارکردنێکی لەگەڵ (C.I.A) دا ڕەت کردبویەوە بۆماوەی سی ساڵ سزای زیندانی کردنی بەسەردا درابوو ..وەلێ کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە سیخوڕیەکەی (بورز)و دیل کرانی فڕۆکەوانەکە ماوەی زیندانیەکەی ئەمیشی کورتکردەوە و لەپرۆسەیەکی گۆڕینەوەی سیخوڕاندا هەردوو سیخوڕەکە ئازاد کران سەبارەت بەپرۆسەی گۆڕینەوەکە ،پارێزەرێکی نیویۆرکی بەناوی جیمس دونوفان ی کۆنەکارمەندی (ن.خ.إ) ڕاسپێردرا تاکو زەمینە سازی بکات ...لەسەرەتادا،دانوستانەکان بەنامە گۆڕینەوەی نێوان(دونوفان)و ژنی سیخوڕە سۆڤیەتیەکە(ئایلین ئابل)دەستی پێکرد ...کەهەندێك واگومان دەبەن ئەم ئافرەتە بەکردەوە بەشداری نەکردووە لەنامە گۆڕینەوەکەدا ،بەڵکو تەنها بەناو بەشداری کردووە ،هەر کەدوونوفان نامەکانی (ئایلین ئابل)ی بەدەست دەگەشت ،دەینارد بۆ (لورنس هیوستن)ی ڕاوێژکاری گشتی (C.I.A) ،ئەمیش بەڕۆلی خۆی پۆزەتیفانە وەلامی دایەوە و مۆلەتی دا هەردوو دیلەکە ئالوگۆڕ بکرێن، بۆیە (دونوفان) بەوێ یەی هاولاتی یەکی ئەمریکیە ،گەشتە بەرلین بۆ ئەوەی لە کۆتا قۆناغ دا بەرد بخاتە سەر مەلۆی ئاڵ وگۆڕکردنەکە ...

لەمانگی (١٩٦٢/٢ز)دا توانی (گاری‌بورز)بگۆڕێتەوە بەسیخورە سۆڤیەتیەکە لەخالێی تێپەرین دا لە بەرلینی ڕۆژهەلات کەناونرابوو (پردی گلیانیکر)..شیاوی ئاماژە پێدانە ئەم کردەوەی ئالوگۆڕە ،نمونەیەك بووو بۆ ئەوکردەوانی پاشتر لە هەمان

خاڵەوە بۆ هەمان مەبەست بەڕێکران ،لەلایەکی ترەوە لەهــەمان ساڵدا گەڕایـەوە بـۆ یەکێتی سۆڤیەت و پاشماوەی ژیانی لـەوێ بەســەربرد تائـەوەبوو لەساڵی ۱۹۷۱ز دا کۆچی دوایی کرد.

کەوایـە قۆنـاغی پـەنجاکان قۆنـاغی بـەرفراوانبوون و گەشـەکردن بـــوو لـــەبواری پروپاگەندەو سیخوڕایەتی دا ،هەریەکـە لـە(C.I.A) و(K.G.B)سـەرکەوتو بـوون لەدامەزراندنی دەستە (کرێکاری-ئیعلامی)یەکانیان لـەئـەوروپاو هـەموو جیـهان دا بـۆ بەرفراوانکردنی بوارە سیخوڕیەکان ،هەروەها چەندین کردەوەی نهێنیان لەبەرژەوەندی وولاتـەکانیان بـەڕێوەبرد،لەگـەڵ یـەك جیـاوازیدا کـەبریتی بـوو لـــەوەی حکومەتــە سۆڤیەتیەکان بەبەردەوامی ئاگاداری کردەوەکانی (K.G.B)بـوون بـەڵام کابینـەکانی ئیدارەی ئــەمریکا زۆر جـار ئاگایـان لـە چـالاکی و ئامانجـەکانی (C.I.A) نـەبوو.. لەلایـەکی تـرەوە پاکتـاوکردنی جەسـتەیی سـیخوڕە دێرینـەکان و سـیخوڕە دژەکـان مەسەلـەیەکی یەکلاکراوەبوو لەکردەوەکانی (K.G.B)دا ،لـەبەرانبەردا ئەم مەسـەلـەیە جێگەی مشت و مڕ بـوو لـەنێوان بەرپرسـانی (C.I.A) دا ،لەنێوەڕاستی پـەنجاکاندا یەکێك لـە مامۆستاکانی (C.I.A)بەقوتابیەکانی دەڵێت:(لەهەندێك حاڵــەتدا پێویسـتە (C.I.A) هەسـتێت بـەپاکتاوکردنی دژەکـانی و ئەوانـەی دەبنـە مەترســـی بەســەر کارەکانیەوە)ئــەم گووتەیـە دەروازەی مشــت ومڕێکــی بـەربڵاوی والاکـرد لـەنێوان لایەنگران و نەیارانی بیرۆکەی پاکتاوکردنی جەستەیی دا..

هەرلەهەمان ماوەدا لـەدیرۆکی دانــانی کاروبـارە سـیخوڕیەکان لـەجێگـەی خۆیـاندا ،چەند ڕووداوێکی گرنگ لەجیهان دا ڕووی دا ،لەوانە دەست تێوەردانــی (C.I.A) لەژیانی ڕامیاری ئـێران و ،کاروبارەکـانی گوانیمـالاو کوبـا لـەئـەمریکای لاتینـی دا.

بەشی چوارەم

﴿ دەست تێوەردانی دەزگای هەواڵدەری ئەمریکی ﴾

لەسەرەتای پەنجاکاندا ئادگارەکانی دەست تێوەر دانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەکاروباری وولاتەناشیوعیەکاندا هێدی هێدی بەرچاودەکەوت ،ئێرانیش یەکەم ڕووی ئەدگاری دەست تێوەردانەکە بوو ..

دوای دووساڵ لەدرەوشانەوەی ئەستێرەی سەرۆك وەزیرانی ئێران (محمد مصدق)،کەتوانی بووی دەسەلاتەکانی شا سنوور بەند بکات ،و شیوعی و نیشتمانیەکانیش پشتگیریان لێدەکرد ،ساڵی ١٩٥٣ز ،دەزگای هەواڵدەری ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی دەستپێکرد بۆ قووتار بوون لەو سەرکردە نیشتمانیە ،(مصدق)بەهۆی خۆماڵی کردنی کۆمپانیای پەترۆڵی (بەریتانی-ئێرانی)یەوە توانی جەماوەری زیاترو زیاتر بۆخۆی مسۆگەر بکات ،چونکە زۆرینەی ئێرانیەکان کۆمپانیاکەیان بەکۆمپانیایەکی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی لەقەڵەم دەدا ...لەهەمان کاتدا مصدق هەڕەشەی لەبەرژەوەندیەکانی بەریتانیا کردوو ڕێگەشی بڕی لەئەمریکیەکان لە گرتنە دەستی سامانەکانی ئێران لەدوای ئینگلیز(وەك لەساڵی ١٩٥٦یش دا ڕوویدا سەرۆکی مصری (جمال عبدالناصر) بڕیاری خۆماڵی کردنی نۆکەندی سویسی دەرکرد)لەمیانەی هەستکردنیان بەڕەوشەکە ئینگلیز بەهاوکاری ئەمریکیەکان گەمارۆی ئابوریان دژی ئێران پەیڕەو کرد بۆوەی جەماوەری مصدق کەم بکەنەوە ،لێرەشەوە هەوڵیان دا ،لەساڵی ١٩٥٢ دەزگای (C.I.A) قایل بکەن بۆوەی لە قووتار بوونی مصدق هاوکاریان بکات وەڵێ لەسەرەتادا (C.I.A) نەبزاو متەقی لەخۆی بڕی بەهۆی هەڵوێستی پارێزگاری سەرۆك ترومانەوە لەم ڕووەوە ... ئەگەرچی

هەڵوێستەکە گـۆڕا بەدەسـت نیشـانکردنی (جـون فوسـتر دالـس)لەپۆسـتی وەزیـری دەرەوەی ئەمریکادا .. ئەم وای دەبینی ڕەوشەکە لەمەڕ ئێران پلانێکـی سـۆڤیەتی یـەو لـەدژی ڕۆژئـاوا پـەیڕەو دەکرێـت و تەحەدایـەکی ڕوونـی بەریتانیاشـە کـە وولاتـە یەکگرتووەکان خۆی بەیەکەم میراتگری دەبینێت...بۆ خۆگونجاندن لـەتەك ئەم سیاسـەتە نوێ یەدا ،(C.I.A)ئاراستەکاری تایبەتی بۆ دەرکرا بەمەبەستی قوتار بوون لە مصدق و ڕابەرایەتیە نیشتمانیەکەی ..(کرمیت ڕۆزفیلـت)ی کوڕی سەرۆکی ئەمریکی (تیودور ڕۆزفیلت)(١٨٥٨-١٩١٩ز)وەك بەرپرسیار لەکردەوەکەی لـەمەڕ ئێران دەستنیشـان کرا ...

(کرمیت)ی ناسراو بە(کیم)پێشوەخت لە (ن.خ.إ) لەماوەی جەنگدا کاری کـردووە و لـەپاشیشدا بوویە پسپۆری کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین...(کیم) لـەلای خۆیـەوە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی (C.I.A)بەهاوڕێیەتی چەند پیاوێکی سەر بـەدەزگای هەواڵگری ،چووە (تاران) و دەستی کرد بەڕاپەڕاندنی کارەکانیلـەدەرەوەی حـەرەمی باڵوێزخانەی ئەمریکادا .پلانی کارەکە ئامانجی دابڕینـی (مصـدق) بوولەپۆسـتەکەیی و دانانی ژەنەراڵ (قازالله زاهدی)وەزیری ناوخۆبوو لەجێگەکەیدا،بۆوەی دەسـتەڵاتەکانی شا بگەڕێنێتەوە سەروولات .

بەپێی ڕێنمایی ئەمریکیـەکان شـا هەسـتا بەلـەکارلادانی مصـدق و ژەنـەراڵ زاهـدی لەجێگەکەیدا دانا .وەلێ مصدق بڕیارەکەی شای ڕەت کردەوەو ڕووناکی سەوزی بـۆ لایـەنگرانی هـەڵکرد تالـەدژی شـاو بڕیارەکـەی خـۆ پیشـان سـازبکەن .ئـەوەبوو شەقامەکانی تاران هـەزاران لایـەنگری مصـدق یـان تـێڕژا،کـە لـەدژی پەهلـەوی و سیاسەتەکانی خۆپیشاندانیان سازکردو فەوزا وولاتی گرتەوە.

ئاژاوەی نێو وولات بونەهۆی هەڵاتنی شا بۆ (بغداد) و لـەوێوە بـۆ (ڕۆمـا)و لـەوێ لەگەڵ بەڕێوەبەری (C.I.A) دا کۆبویەوە ،(ئالن دالـس)ی بەڕێوەبـەری (C.I.A) لەوکۆبونەوەیەدا بەشـای ڕاگـەیاندبوو:جـەنگ لـەدژی مصـدق کۆتـایی نـەهاتووە و

گەڕانەوەی ئەمیش بۆ تاران شێوە مسۆگەرێکە...لەتارانیش رۆزفیلت لەسەر پەتی ناکۆکیە سیاسیەکانی ئێران یاری دەکرد و،داراییەکی زۆری خەرج کرد بۆدژایەتی کردنی (مصدق) و هاوکاری سەرۆك وەزیرانی نوێ (ژەنراڵ زاهدی)هەروەها بەهاوکاری دەزگای هەواڵگری ئێرانی (ساواك)توانی بریاری لەکارلادانی (C.I.A) (مصدق) لەناوەندە رەسمیەکان و چەند بلاو کراوەیەکی تری پشتگیری کار لەشا بلاو بکاتەوە ... لەسەرتاسەری وولاتدا لەکاتێکدا ژمارەیەك لەبەکرێگیراوانی (C.I.A) پەیوەندی راستەوخۆیان کرد بەهەندێ لەئەفسەرانی سوپای ئێرانەوە بۆوەی هاوکاری هەڵوێستەکانیان لەدژی (مصدق) دا بکات..

(خەلەبانی دیل فرەنسیس گاری بورز ، سۆڤیتیەکان لە (١٩٦٠/٥/١) دا فڕۆکەکەیان خستە خوارەوە ، جگە لەوەی بۆ یەکەمجار بوو فڕۆکەیەکی سیخوڕی بکەوێتە خوارەوە ، کەچی (گاری) قوتار نەبوو لە ڕەخنە و گازندەی ئەوانەی پێیان وا بوو گاری خۆی بکوشتایە باشتر بوو لە دیل کرانی و بە ترسنۆك دابوویانە قەڵەم چونکە ژیانی بەسەر مردندا هەڵبژارد بوو) .

پاش ماوەیەکی کەم ئادگارەکانی سەرکەوتنی پلانەکەی رۆزفیلت بەکردەوە لەئێران دەرکەوت و لایەنگرانی (شا) و(زاهدی) توانیان (مصدق) لەدوای جەنگێکی کتوپڕیلەدژی لایەنگرانی لەنێودەزگای سەربازی سوپادا بەرکەنار کەن،دوابەدوای ئەم سەرکەوتنە ،شا گەڕایەوە بۆ وولات ،بەمەش لەهەردوو ئاستی دبلۆماسی و ئابووریەوە پلەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پتەوبوو.

(سەرۆك وەزیرانی ئێران (مصدق) لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگری لە کێشەی وڵاتەکەی دەکات لە بەرامبەر دەست تێوەردانە بیانییەکاندا ، (C.I.A) توانی حکومەتەکەی (مصدق) بڕوخێنێت سەرەڕای ئەو جەماوەرە زۆرەی لە ناو ئێراندا هەیبوو) .

بەگوزەر کردنی یەك ساڵ بەسەر سەرکەوتنی زاهدی دا ،چەند کۆمپانیایەکی نەوتی ڕۆژئاوایی پرۆتۆکۆلی بازرگانیان لەگەڵ ئێراندا مۆر کرد بۆماوەی (٢٥)ساڵ بەتەنها ئەمریکا ٤٠٪ی سەهمی کۆمپانیای نەوتی ئێرانی بەرکەوت ،سوپای ئێرانیش دەستی کرد بەکڕینی چەکی ئەمریکی و ئاسانکاری بۆ دامەزراندی چەند ویستگەیەکی سیخوڕیئەمریکی لەباکووری وڵات کە هاوسنووری سۆڤیەتە دابمەزرێنێت ،جگە لەوە (C.I.A) پرۆسەیەکی مەشق پیکردنی کادرانی موخابەراتی ئێرانی (ناسراو بە ساواك)ی دەست پێکرد.

لەلایەکی ترەوە لەجێگەیەکی تری جیهان ،و لەساڵی ١٩٥٤دا ،(C.I.A) ئامادەباشی وەردەگرت بۆ دەست تێوەردانێکی بۆگەن لەکاروبارەکانی (گواتیمالا)دا ... کەلەبەردا بە(کۆماری موز) ناسرابوو لەساڵی ١٩٥١ز دا ،دانیشتوانی ئەو وڵاتە کە هاو سنوری وڵاتە یەکگرتووەکانن و زوربەشیان کشاوەرز و خەڵکی هەژارن (یعقوب اربنز)یان هەڵبژارد بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، لەدەسپێکی کارەکەیدا سەرۆکی

نویٚ هەوڵی دا بارودۆخی ئابووری وولاٚت بەرەو باشتر بکات ،لەرێگەی پەیرەو کردنی زنجیرەیەك رێوشوێنی یاسایی لەدژی کۆمپانیا پاوەنکاریەکان و گروپە ئەرستۆکراتیەکان،لەنێو ئەم کۆمپانیایانەدا کەخاوەنەکانیان ۲٪ی دانیشتوان پێك دێنن و ۷۰٪ی زەوی و زارەکانیان لەچنگ دایە،(کۆمپانیای ئەمریکی یەکگرتوو بۆ میوە) هەبوو،کەدامەزراوەیەکی زەبەلاحەو پشتگیری رامیاری (واشنطن)ی دەستگیر کردووە ،ناوبانگێکی پاوانکاری دزێویشی هەیە لەنێو دەستە شەعبیە رەش و رووتەکانی گواتیمالادا.

سەبارەت بەریفۆرمەکانی (ئەربنز)خاڵی سەرەکی بریتی بوو لە دابەشکردنی زەوی و زار بەسەر جوتیاران دا بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو پشتگیری کردنی سەندیکا کرێکاریەکان و مافی کشاوەرزان لەوولاٚتدا،،وەلێ ریفۆرمەکانی (ئەربنز)لەتەك بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیای ئاماژە بۆکراودا چوونیەك نەبوون،لەرووی سیاسیشەوە (واشنطن)رەفزکردنی سیاسەتی‌نەرم رەوانی ئەربنز بوو کەلەبەرامبەر شیوعیەکان و چالاکیەکانیان لە گواتیمالادا پەیرەوی دەکرد.

لەترسی سەرکەوتنی ئەربنز و هاوپەیمانە شیوعیەکانی لەوەدا گواتیمالا بکەنە دەولەتێکی کۆمۆنیستی لە کیشوەری ئەمریکا دا، (C.I.A) لەمانگی۳/۱۹۵۳ دا هەستا بەهاوکاری کردنی باڵی راست رەوی گواتیمالا بەچەك و دارایی بۆوەی یاخی بوونێك لەدژی دەستەلاٚتەکەی (ئەربنز)بەرپابکەن،هەماهەنگیەکانی ئەمەریکا هیچ بەرنجامێکی نەبوو ،ئەمەیش وایکرد سەرۆك (ئایزنهاوەر)راشکاوانە یاریدەدەرەکانی خۆی بەم ووتەیە بدوێنێت:(پێویستە لە ئەربنز قوتاربین بەهەرچی شێوازێك بێت).

بەگوێرەی ئەم جۆرە راشکاویە (یاخوود گڵۆپی سەوز هەڵکردنە لەزمانی موخابەراتی دا)،(C.I.A)(فرنك ویزنر)ی جێگری بەرێوەبەرایەتی پلان دانانی راسپاردوو ئەرکی قوتاربوون لە ئەربنزی بەسەردا دا... ئەمیش بەرۆڵی خۆی (کارلۆس کاستیلۆ ئارامس)ی ژەنەراڵی راست رەوی گواتیمالای دەستنیشان کرد بۆوەی ببێتە فەرماندەی

یاخی بوونەکە لە دژی (ئەرسنیز) هەروەها بـەهۆی (C.I.A) ەوە توانـی ژمارەیـەکی گەورەی پەنابەرە گواتیمالیـەکان لـەکامپی مەشـق کردنـی سـەربازیدا لـە نیکـاگوارا کۆبکاتەوە ...لەهندۆراسیش ،ویزنر توانی هـێزێکی ئاسمانی تایبـەت بـۆ ئەرکەکـەی ئامادەبکات کەپێك هاتبوو،لەفڕۆکەی (B47)ی هێرش بـەر ،فڕۆکـەی گواسـتنەوەی (547)..لەسەر سنورەکانی هندۆراسیش ئێستگەیەکی ڕادیۆیـی دامـەزراند بۆهـاندانی گەلی گواتیمالی لەدەستەلاتەکەی ئەرێنز .

لە ئایاری سـالّی ١٩٥٤ز دا ،(C.I.A) پـەردەی لـەڕووی زانیـاری لەسـەر ئـەو کەشتیە تیشکیانە لادا کەبەپر لەچەکی بەرەو گواتیمـالا چـوون ،ئـەم زانیاریانـە بوویـە بەهێزکەری ئەو بڕوایەی لای بەرپرسە ئەمریکیەکان گەلالّە ببوو سەبارەت بە پەیوەندی ئەرێنز بەدەولّەتە شیوعیەکانەوە ،بۆیە پتر سوور بوون لەسەر ڕووخـاندنی ڕژێمەکـە .. هەر بەهۆی ئەم زانیاریانەوە ئەمریکا پاساوی هاوکاریە سـەربازیەکانی خـۆی بـۆ بـالّی ڕاسـت ڕەوی گواتیمـالا دەدا...لەلایـەکی تـرەوە (C.I.A) (٥٠ تـەن) چـەك و خواردەمەنی بەرێکرد بۆ کامپـەکانی مەشـقکردن لـەنیکاراگوا ،گەمارۆیـەکی توونـدو تیژی ئاویشی سەپاند بەسەر گواتیمالا داو هەموو کەشتیەکی دەپشـکنی کەبـەرەو ئـەو وولاتە دەچوون بەکەشتی دەولّەتە دۆستەکانیشەوە ...

ئەوەبوو (بەریتانیا، فەرەنسـا، هۆلّـەندا)بەوپـەڕی تونـدو تیـژی نارەزاییـان بەرانبـەر پشکنینەکە دەر بڕی .لەم ڕووەوە بەرپرسێکی بـەریتانی ووتبـووی :(ئـەو کردەوانـەی (واشـنطن)بەنـهێنی و بـە ئاشـکرا لـەدژی گواتیمـالا بـەڕێوەی دەبـات هەڕەشـەی هەلّگیرسـاندنی جـەنگێك دەکـات لـەویندەر)سـەرەڕای تۆمـەتبارکردنێکی زۆر ،لـە (حوزەیرانی ١٩٥٤ز)داپلانە ئیعلامیەکانی (ویزنر)و ئێستگەکەی (ڕادیۆی ئازادی)کـە بەڕێوەبەرەکەی لەوکاتەدا (دیڤید فیلیبس)بوو ،سەرکەوتو بوو لەکارکردنـە سـەر ڕای گشتی لەگواتیمالا و دەرەوەشـی دا لەبەرانبـەردا ئـەرێنز بـۆ ڕاوەسـتاندنی پلانـەکانی (C.I.A) وبالّی ڕاسـت ڕەو،چـەند ڕێوشـوێنێکی گرتەبـەر ،بۆنمونـە:ئابلّووقـەدانی

بنکەی گواتیمالای ئاسمانی و ناچارکردنی فەرماندەکەی بەهەڵهاتن بۆناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی (C.I.A) لەهندۆراسی هاوسنووردا ،بەرلەهێرشکردنە سەر گواتیمالا سەرۆك ئایزنهاوەر بەیاریدەدەرەکانی گوتبوو:(من ئامادەم بۆدانانی هەمووتواناکان لەپێناوی سەرکەوتنی ئەم ئەرکەدا ،ئەگەر سەرکەوتوبین گەلی گواتیمالیش لەگەڵماندا سەرکەوتووەلەدەرباز بوون لەچنگی مۆتەکەی کۆمۆنیزم ،گەر بشکەوین ،بەیداخی وولاتە یەکگرتووەکان لەکیشوەری ئەمریکادا کەوتووە).

لە(١٩٥٤/٦/١٨ز)دا ،کۆلۆنیل (کاستیلۆ ئارامس)بەسەرۆکایەتی سوپایەك لەسنوورەکانی گواتیمالا پەڕییەوە بەئامانجی ڕوخاندنی دەستەڵاتەکەی ئەربێنز ،لەکردەوەی پەڕینەوەکەدا فڕۆکە(B-47)ئەمریکیەکانیش بەشداریان کرد کەئەرکی بۆردومان کردنی بنکە سەربازی و زیندەییەکانی وولاتی گواتیمالایان پێ سپێردرا بوو ،لەوانە(بەندەری سان خۆسیە)لەسەر ڕۆخەکانی گواتیمالا لەبەری (باسیفیك)دا...(ڕادیۆی ئازادیش)بەشداری پرۆسەی پەڕینەوەکەی کرد بەهەڵبەستن و گەورەکردنی ئەوهەواڵانەی لەبەرەکانی جەنگەوە دەگەیشتن...ئەوێ دەمێ ،فڕۆکە هێرش بەرەکانی سەر شاری گواتیمالا،بڵاوکراوەیان دژ بەحکومەت و ڕژێمەکەی ئەربێنز بڵاودەکردەوە و داواین دەکرد لە هاووڵاتیان پشتگیری کۆلونیۆل(ئارامس)و سوپاکەی بکەن ...لەلایەکی ترەوە ئالن دالس ی بەڕێوەبەری (C.I.A) فڕۆکەی دیکەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی مسۆگەرکرد ،پاش ئەوەی سەرۆك (ئایزنهاوەر)ی قایل کرد کە سەفقەی کڕیتی ئەو فڕۆکانە دەچێتە ژێرناوی (نیکاراگوا) وەك ستافێکی وازو کەر لەسەر پرۆتۆکۆلی کڕینەکە ...ڕۆژی ٦/٢٧ ژەنراڵ (ئەربێنز)ئەرکی بەرەڤانی کردنی لەگواتیمالاو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وولاتی خستە ئەستۆی (ژەنراڵ کارلۆس دیاز)ی وەزیری بەرگری ،پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت قۆناغەکە قۆناغێکی سەربازیەو پێویست دەکات ژەنراڵەکان سەرپەرشتی ڕۆژانەی بەرەکانی جەنگ بکەن..

دەست بەجێ لەدوای گرتنە دەستی ئەم کارە ،ژەنەراڵ دیاز پێداگری خۆی ڕاگەیاند لەبەرگری کردن لەگواتیمالا بەهەر نرخێك بێت ... وەلێ ئەم ڕاگەیاندنە درێژەی نەکیشا ،ئەوەبوو بۆردوومانە ئاسمانیەکان توونددو تیژبوون و فشاری سەربازیش بەهێزتر دەبوو لەسەرهێزەکانی ،بارەگای سەرکردایەتی سەربازیەکەشی لەپایتەخت دا بەر بۆردومان کەوت ،ژەنەراڵ دیاز ناچار کرا هەڵبێتو سەرکردایەتی وولاتی لەبەردەم ئەنجومەنێکی سەربازی بێ تواناداجێهێشت ،کەهەر خێرا هەڵپەی کرد بۆمۆر کردنی پرۆتۆکۆلی خۆبەدەستەوەدان لە(١٩٥٣/٧/٢ز)دا...بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە ژەنەراڵ ئارامس کرایە سەرۆك کۆماری گواتیمالا ،بەوپێ یەی سەرۆکی نوێ نوێنەری چینی دەوڵەمەندەکان و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی (واشنطن)بوو لە گواتیمالا دەستپێکی دەست بەکار بوونی بڕیارێکی گەمژانەبوو،بەگوێرەی ئەم بڕیارە (٧٠٪)ی خەڵکی لەمافی دەنگدان بێ بەشکرد بەو بیانووەی نەخوێندەوارن ،بەبڕیارێکی تریش مافی کرێکارو جوتیارانی هەڵوەشاندەوە کە (أزنبر) لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا چەسپاندبووی .

هەروەها ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی و زاریشی گەڕاندەوە بۆ (کۆمپانیای یەکگرتووی میوە)، لەکاتێکدا (ئەربێنز)بەسەر جوتیاراندا دابەشی کردبوو .سەبارەت بەپرۆسەی داگیرکردنی گواتیمالا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەلێدوانێکی تەلەفزیۆنی دا گووتی:(ئەوی لە گواتیمالا ڕووی دا پەردەی لادا لەڕووی هەڵپەکاریە شەیتانیەکانی (مۆسکۆ) لەپەیدا کردنی جێ پێ یەك لەکیشوەری ئەمریکادا ،بەڵام شۆڕشەکەی ئارامس ڕێگەی لەبەردەم ئەم هەڵپەکاریانەدا بڕی و سەلماندی ململانێ و کێشەکانی ئەو دەڤەرە کێشەیەکی ناوخۆییە لەنێوان شۆڕش و دوژمنەکانی دا)لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا زۆر کەسی قایل نەکرد ،بەتایبەتی هەواڵە دزە کردووەکان ئاماژەیان دەدا بەوەی (C.I.A) بڕی ٢٠ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم داگیرکاریە خەرج کردووە!.

هەرلە پەنجاکاندا لەدوای جڵەوی دەستەڵات گرتنە دەستی (فیدڵ کاسترۆ) لەکوبا ،ئەمریکا و (C.I.A) گلانە دەست تێوەردانەوە لەکاروباری ناوخۆی کوبادا ... لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ز دا ،فیدڵ کاسترۆ بەهاوڕێیەتی ٨١ شۆڕشگێڕ گەیشتنە کوبا بەمەبەستی ڕزگارکردنی لەچنگالی دیکتاتۆر(فلجنسیو باتیستا)، لەساڵی (١٩٥٩ز)دا توانیان دەستەڵات بگرنە دەست ،لەدوای سێ ساڵ لەشەڕی پارتی زانی لەدژی سوپاکەی باتیسا..

هەر لەسەرەتاوە وولاتە یەکگرتوەکان هەڵوێستێکی دژانەی نەگرتە بەر لەبەرانبەر شۆڕشەکەی کوباو شۆڕشە نوێکەیدا، بەڵام هەڵوێستە نەرمەکەی خۆی لەمەڕ کاسترۆ گۆڕی ،دوای ئەوەی کاسترۆ ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکان لەئەمریکای لاتینی دا لەدژی ئەوسیستمە دیکتاتۆریانەی لەلایەن (واشنطن)ەوە پشتگیری دەکرێن .هەروەها لەپاش بڕیاری بلۆك کردنی سامانەکانی ئەمریکا لەکوبادا و بەستنی پەیوەندیش بەکامپی سۆسیالیستیەوە لەسەروشیانەوە یەکێتی سۆڤیەت ،هەرچەندە خودی کاسترۆ لەو ساتەدا شۆڕشی لەدژی (باتیستا) دەستپێکرد شیوعی نەبوو...

لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ز دا ،کولونیول(ج.س.کینگ)بەڕێوەبەری هەرێمی ڕۆژئاوا لە (C.I.A) دا ،پەیامێکی بۆ بەرپرسە باڵاکەی ئالن دالس دەنوسێت و تیایدا بەئاگای دەهێنێتەوە لەمەترسی کاردانەوەی شۆڕشی کوبا لەسەر ناوچەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا. پێشنیاریشی کردبوو فیدڵ کاسترۆ لەنێو ببرێت وەك یەکەم هەنگاو لەسەرە ڕێگەی گۆڕینی ڕژێمی شۆڕشگێڕی لەکوبادا کەتەنها ٩٠ میل لەسنووری وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دوورە ...

لەلایەنی خۆیەوە ئالن دالس پێشنیارەکەی کینگ ی پەسەند کرد،و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی (ئەنجومەنی ئاسیشی نەتەوەیدا) گریێ دا بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەوشی کوبا

..ئەندامە کۆبوەکـان ڕێکـەوتن لـەسـەر پێکـهێنانی سـتافێکی تایـبەت بـۆ لـێکۆڵـینـەوە لەچۆنێتی ڕوخاندنی ڕژێمی فیدڵ کاسترۆ ی ڕابەری شۆڕشەکە.

سـەرۆك (ئایزنـهاوەر) لـەیاداشـتەکانیدا دەربـــارەی پێشـنیارەکان دەڵێــت :(لـــە ۱۷/۳/۱۹٦۰دا ، فەرمانم دا بە (C.I.A) بۆدامەزراندنی کامپی ڕاهێـــانی پـەناهێندە کوبیەکان لـــەگواتیمالادا ،بـەئامانجی ئـەوەی ڕۆژێـك بگەڕێنـەوە نیشـتمانی دایکیـان (کوبا).)هەروا لـەمیانەی خوێندنەوەی یاداشتەکان دا دەردەکەوێت ئایزنهاوەر بەشداری کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتـەوەیی و (C.I.A) بـووە،لـەکاتێکدا ئامـادە بـووان مەسـەلەی تـیرۆر کردنـــی (فیـــدڵ کاســـترۆ)و براکـــەی (ڕاووڵ)و هـــاوڕێ ئەرژەنتینیەکەیان (جیڤارا)یان تاوتوێ دەکرد. هەنگاوی یەکەم لەبەرنامەی ڕووخـــاندنی ڕژێمی شۆڕشگێڕی کوبا،بریتی بوو لەشێواندنی ناوبانگی کاسترۆ لـــەنێوان لایـەنگرانی دا و ، بەکەم نیشاندانی خەسڵەتە پیاوانەکانی و ئەو سەقامگیریەی لەناو هاوڵاتیـەکانیدا پێی دەناسرێت ... بۆیە ،(C.I.A)جەنگێکی (شەڵم کوێرم ناپارێزم)انەی دژ بەکاســترۆ دەست پێکرد، چەندین شێوازی منداڵانەی گرتە بەر بۆ ئـەوەی کاسـترۆ وەك شـێت و تێکچوو نیشان بدات یەکێك لـەو ڕێگایانە ،بریتی بوولـەدانانی بێ هۆشکەری کیمیـایی (L.S.D)لــە سـتۆدیۆی تەلـەفزیۆنی کووبـیدا،بەرلـەژوانی ووتـاردانێکی کاســـترۆ بەجۆرێك مادەکە کار لەهەڵسوکەوتو هاوسەنگی ئەقڵی کاسترۆ بکات لـەسـاتی وتـار دانەکەدا ،بەڵام ئەم هەوڵە بێ سودبوو لە کاتێکدا بـەکرێگیراوانی (C.I.A) نـەیان توانی کارایی مادده بێ هۆشکەرەکە بپارێزن لـــەکاتی دانـانی دا لـەسـتۆدیۆ،ڕێگەیـەکی دیکەی منداڵانــە ،لەخولـگـەی کوشتنیکاسـترۆدا دەخولایـەوە بـەهۆی جگەرەیـەکی ژەهراویەوە،بەڵام(C.I.A)دەست بەرداری ئـەم بیرۆکەیـەش بـوو لـــەکاتێکدا بـەکرێ گیراوەکانی شکستیان هێنالەگەیاندنی جگەرە ژەهراویەکە بەدەمی کاسترۆ ...سـێیەمین پلانـی منداڵانـەی (C.I.A) هـەوڵدان بـوو بۆ جیاکردنـەوەی کاسـترۆ لـــە ڕیشـــە بەناوبانگەکـــەی بـــەهۆی خوێـــی (ثـــالیوم)ەوە کەمادەیـــەکی (فلزیـــە)و زۆر لـــە

(قورقوشم)دەچێت...بڕیار بوو هەندێك لەم مادەیە بکرێتەقۆندەرەکانی کاسترۆوە لەکاتی سەردانی دا بۆ هەندەران و دابەزینی لە ئوتێلێکدا ،چونکە ئەم مادەیە دەبێتە لابەری موو لەکاتێکدا بەرهەر بەشێکی پێست بکەوێت...ئەم پلانەش هەڵوەشایەوە بەهۆی ئەوەوە کاسترۆ بۆماوەیەکی دوورو درێژ هەموو سەردانێکی بۆ هەندەران راوەستان .بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە ئاژانسێکی جیهانی (وەك (C.I.A))کەخۆی بەئاژانسی پیشەوەر و کارامەکان دەزانێت لەبواری سیخوری‌دا هەوڵبدات کردەوەی ئاوابێ ئەرزش جێبەجێ بکات.(C.I.A) دەستبەرداری هەوڵەکانی نەبوو کەبۆ تیرۆر کردنی کاسترۆ و دوو هاوەڵەکەی وەگەڕی دەخست ،لەتەمموزی (١٩٦٠)دا ،بەکرێگیراوێکی کووبی هەواڵی دا بە بەرپرسە باڵاکەی لە (C.I.A) دا کەبەزووترین کات پەیوەندی دەکات بەتۆڕێکی زۆر نزیکەوە لە (ڕاوول کاسترۆ)ی برای فیدڵ کاسترۆ ،ئەوەبوو بەرپرسانی (C.I.A) ئەرکی تیرۆرکردنی ڕاوولیان بەهەمان بەکرێ گیراو سپارد هەرکاتێ بواری بۆ ڕەخسا . بەکرێگیراوەکە لەکۆتا چرکەکانی جێبەجێکردندا دەستی لەئەرکەکەی هەڵگرت و هەولە تیرۆرکاریەکە بۆماوەیەکی تر دواخرا ،لەڕاستیشدا پلانەکانی (C.I.A) لەم سنوورەدا نەوەستا بەڵکو تیرۆرکردنی فیدڵ کاسترۆ بۆماوەیەکی دوور و درێژ ببوە خولیای ئەم دەزگایە لەکۆتاییدا ئاژانسەکە ناچار بوو مافیای جیهانی بۆ تیرۆر کردنی کاسترۆ و هەردوو هاوەڵەکەی بخاتە کار...

لەم ڕووەوە (ڕۆبەرت ماهۆ) دیاری کرا بۆجێبەجێ کردنی ئەرکەکە بەچاو پۆشین لەوەی پەیوەندی لەتەك مافیا دا چ ئاسەوارێکی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە ،زۆرینە بیروبۆچوونەکان پێیان وایە جێگری بەڕێوەبەری پلان دانان لە (C.I.A)دا(ڕیتشارد بیسل) لەپشتی ئەم ئەرك پێسپاردنەوە بوو بێت.دەست بەجێ لەدوای وەرگرتنی فەرمانی ئەم ئەرکە (ماهۆ) لەتەك (جۆن ڕوسیل)ی بەڕێوەبەری دەزگای مافیا لە (لاس فیگاس)کۆبویەوە و بەڵێنی پێدا (١٥٠,٠٠٠)دۆلاری بۆ سەرف بکات گەر بێت و

فیدڵ کاسترۆ تیرۆر بکات ... هەروەها دەستی کردبـووە ڕاڤـە کردنـی هۆکارەکـانی تیرۆر کردنەکــەو وای حـاڵی کردبـوو کەکارتڵـە ئەمریکیـەکان لــەپێناوی بەدەسـت هێنانەوەی سامەنە بلۆك کراوەکانیاندا لەکوبا دەیانەوێت (فیدڵ کاسترۆ)تیرۆر بکەن .

ئاسایی (روسیلی)ئەم ڕاڤەکاری و گێڕانەوانەی بەهەند نەگرت ،چونکە مـاهۆ پێشـتر لەنوسینگەی لێکۆڵینەوە فیدراڵیەکان بـووە،لەبـەرژەوەندی(C.I.A)کـاری کـردووە لەکاتێکدا فلیمێکــی ئیبـاحی لەسـەر پەیوەندیـەکانی سـەرۆکی پێشـووی ئەندەنوسـیا (سوکارنۆ)دەرکردووە،لەگەڵ ئەوەشدا ڕوسیلی بڕیاری دا بەدووی ئەرکەکەیدا بچێت بەچاو پۆشین لەو لایەنەی لە پشتیەوە دەوەسـتێت ،لەبـەر ئـەوە ڕوسـیلی دوو پیـاوی بانگ کرد ،دوو پیاوەکە یەکێك بوون لەگرنگترین ئەوکەسایەتیانەی دادگای ئـەمریکا داوای دەکـردن ،دووپیاوەکـە یـەکێکیان ڕابـەری مافیـای ئـەمریکا (سـام جینکانـا)و بەڕێوەبەری مافیای کوبی (سانتوس ترافیکانتی)،و ئەرکەکەی بۆشی کردنەوە و لەو بڕە پارەیەش بۆ جێبەجێ کردنی تەرخانکرابوو ئاگاداری کـردن ،لـەدوای ئـەوە بەرپرسـی پەیوەندیەکانی (C.I.A) کە بەڕێوەبەری بەشی (کردەوەکانی یارمــەتی دان)ە بـەناوی (جیمس اوکونیل)لەگەڵ ئەو دووپیاوەدا کۆبوونەوەی گرێــدا ،هەرچـەند زۆر باشـیش ئاگای لەتۆماری دادگای هەردوکیان بوو ،چونکە (C.I.A) لەوکاتەدا گوێی نــەدەدا بـەداد و قـەزاو گیروگرفتـەکانیان ،ســـەرەڕای نــاڕەزایی نوســینگەی لێکۆڵینــەوە فیدراڵیەکان ،درێژەی دا بەمامەڵەکانی لەگەڵ ئەو دووپیاوەی مافیادا .

لەکاتێکی تردا مافیا هەستا بە چەند هەوڵێکی تـر بۆتـیرۆر کردنـی کاسـترۆ،بـەهۆی ژەهری کووشندەوە لەڕێگەی یەکێك لەیاریدەدەرەکانیەوە کە لەو چیشتخانە کوبیــەدا کاری دەکرد کە هەمیشە کاسترۆ نانی تێدا دەخـوارد ،(C.I.A)خوازیـاری ئـەوەبوو بەکرێگرتەکەی مافیا بتوانێت بەبەکارهێنانی گۆشتی خراپ بوو وماسی ژەهراویەوە لە ئامادەکردنی خواردنەکەی کاسترۆدا ئەو پیاوە تیرۆر بکات ،بـۆوەی مردنەکـەی کـت وپڕنەبێت و بەپلان ڕێژکراو لەقەڵەم نەدرێت ،وەلێ ئەم بیرۆکەیەش شکستی هێنـا پـاش

ئـەوەی کاسـترۆ چیـدی لـەو چێشـتخانەیە نـانی نـەدەخوارد ،دەمێـک (جون.ف.کنیـدی)هـەڵبژێررا بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی وولاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لەتشرینی دووەمـی ١٩٦٠دا ،هـێزی پەنابـەرە کوبیـەکان لـەگواتیمالا کۆتاییـان بـە ڕاهێنانەکانیان هێنابوو ،یارمەتیـەکی دارایشـیان بـۆ سـەرف کـرا بـەبڕی (١٣ملیـۆن دۆلار)کەسەرۆکی پێشو ئایزنهاوەر ئیمـزای لەسـەر سـەرفکردنی کردبـوو لەتشـرینی یەکـەمی هـەمان سـاڵدا،هەرلەهـەمان مـاوەدا (C.I.A) ئـەرکی ڕاهێنـانی هـەندێك لەپەنابەرە کوبیەکانی بەجێگـەیاندبوو ،لەسـەر بـەکارهێنانی فڕۆکـەی (B26)لەسـەر دەستی پیاوانی (پاسەوانی نیشتمانی) لەویلایـەتی (ئالاباما)ی ئـەمریکیدا ... کـەمێك بەرلەهـەڵبژاردنی سـەرۆك کنیـدی زۆرینـەی ئەوانـەی دەسـتیان هـەبوو لـەگۆڕینی ڕژێمەکەی گواتیمالا دا ،لەئامادەباشی دابوون بۆ کوودەتایەکی دیکە لەکووبا ...

یەکێك لەوانە (دیڤید فلییس)ی پسپۆڕی پروپاگەندە بوو،ئـەم ئیستگەیەکی ڕادوێـی نوێی دامەزراند لەدوورگەی سوان ی نزیکی هیندوراس بۆ تەغتیەکردنی کردەوەکەی کوبا لەژێر شفرەی (شەپۆلی م.ج)دا ...و ئاراستەی حەرەمی زانکۆی میامی لەفلۆریدا کرابوو ...

لەڕوویەکی ترەوە (C.I.A) هەستا بەکردنەوەی زنجیرە سەنتەرێکی بازرگانی وەهمی لـەفلۆریدا دا ،وەك سـەنتەری چاپەمـەنی و چـەکی جـەنگی ،بـۆوەی پەردەپۆشـی چالاکیەکانی خۆیانی پێبکەن،وەلێ خوودی کاسترۆ زۆر جار ڕای دەگەیاند کەبەئاگایـە دەربارەی هەوڵەکانی (C.I.A) بۆ تیرۆر کردنی ،لە واشنطنیش بەرپرسـان هەسـتیان بەنزیك بوونەوەی وادەی ئەو داگیرکردنەی کوبا کردبوو کە (C.I.A) پلان ڕێژی بۆ کردووە،لەهەمان کاتدا هەستیان بەڕەهەندە مەترسی دارەکانیشی دەکرد،بۆیە بەهـەموو شێوازێك هەوڵی دواخستنی کردەوەکەی کوبایـان دەدا ،نەخاسمەکـە خـودی سـەرۆك کنیدیش نیگەران ببوو بەرانبەر هەڵس وکەوتەکانی (C.I.A) لـەو ڕووەوە ،بەرپرسـان هـەوڵیان دا هاوکاریـە سـەربازیەکان کـەم بکرێنـەوە،بەتایبـەت هاوکاریـە سـەربازیە

ئاسمانیەکان ،لەپرۆگرامەکانی (C.I.A) لەمەڕ کوبا ئەوی پتر ترس و دڵەڕاوکێی بەرپرسانی بەرانبەر بەداگیرکردنی کوبا زیاتر دەکرد ،ئەو ڕاپۆرتانەی خوودی (C.I.A) بوو کەڕوونیان دەکردەوە زۆرینەی ڕای گشتی کوبیەکان لەگەڵ سەرکردە پەناهێندەکانا نیە ،وەلێ سەرەڕای ئەم ڕاپۆرتانەش(ریتشارد بیسلی)جیگری بەڕێوەبەری پلاندانان بەردەوامی دا بە پراکتیزەکردنی بەرنامەکەی لەمەڕدابەزاندنی ژمارەیەك لەپەناهێندە کوبیەکان لە(کەنداوی بەرازەکان)لەکوبا ،بۆ دەستبەکاربوون بۆ شۆڕشکردن لەدژی ڕژێمەکەی کاسترۆ.

لە ١٩٦١/٤/١٧ دا ،(١٣٠٠)جەنگاوەر گەشتنە کەنداوی بەرازەکان بەهاوڕێیەتی کەشتی دەریاوانی ئەمریکی و شەش فڕۆکەی جەنگی ئەمریکی لەجۆری (B26)، بەگەشتنیان بۆ کەنداوەکە لەژێر باڵی هێرشە ئاسمانیەکان و بۆمبارانی تۆپە قورسەکاندا،جەنگێکی سەخت لەنێوان ئەمان و لایەنگرانی کاسترۆدا ڕووی دا کەبوویە هۆی دەستگیرکردنی و لەناوبردنی سەرجەم هێرشبەرەکان (بەژمارەیەك لە ئەمریکیە کانیشەوە) ، کاسترۆش وەك فەرماندەیەکی‌نیشتمانی دەرکەوت کەکوبا شیاوی بێت لەبەرگریکردن لەزەویەکانی ،سەرەڕای تێوەگلانی ژمارەیەك لەسەرکردایەتیە سیاسیەکان لەکردەوەکەی کوباو دڵە ڕاوکێی هەندێکی تریان لەهەڵبژاردنی هەڵوێستێکی ڕوون لەمەڕ ئەو مەسەلەیە ،کەچی بەتەنها بەڕێوەبەری (C.I.A) ئالن دالس بوویە کۆچی قوربانی شکستە کتوپڕیەکە،ئەوەبوو لەتۆڵەی شکستیەکەیدا ،سەرۆك کنیدی ئەمی لەکار لاداو لەجێگەیدا (جۆن.أ.مکون)ی دانا لە(١٩٦١/١١ز)دا ،وەك کاردانەوەیەکیش بەرانبەر شکستەکەی کوبا ،سەرۆك کنیدی دەستەڵاتەکانی (C.I.A) بەرتەسك کردەوە،بارەگای سەرەکیشی گواستەوە بۆ ئەم جێیەی هەنووکە تێیدایە و دەکەوێتە ناوچەی (لانفلی)یەوە لەویلایەتی (فیرجینیا)،ناوچەکەش هێندە چڕە داورودرەختە هەڵچوەکان بینایەی (C.I.A) دادەپۆشن و لەچاوی ڕێبوارانی ئەو دەڤەرەی گومشار دەکەن .

وەك ئەدەب دادانێکیش کۆنگرێس لەپاشدا تەنها (٤٧ملیۆن دۆلار)ی بۆئەم دەزگایە سەرف کرد بێگوومان کردەوەکەی کوبا جێ پەنجەی دیار بوو بەسەر دەروازەی چوونە ژوورەوەی ئەم بینا تازەیەشەوە ،کەئەم درووشمە کاریگەرەی لەسەر نەخشێنرابوو...(کە پەیت بەڕاستی برد ، پەی بەدەروازەکانی سەربەستی دەبەیت) سەرنج دەدەین ئەم درووشمە کۆتای هەنگاوەکان نەبوو یەکێتی سۆڤیەت ئەوحاڵەتە سیاسیەی قۆستەوە کەلەنێوان (کوبا) و (وولاتە یەکگرتووەکان)دا سەری هەڵدا بوو ،ئەوەبوو قایل مەندیەکی کاسترۆی دەستگیر بوو سەبارەت بە دامەزراندنی لقێکی مووشەکی ئیستراتیژی لەسەر زەوی دوورگەی کوبای نزیك سنورەکانی وولاتە یەکگرتووەکان ... سالّی ١٩٦٢،دەیان تەکنیکی و پسپۆری سۆڤیەتی گەیشتنە کوبا، دەستیان کردە دامەزراندنی سەکۆی مووشەکی بالستی مامناوەندیەکان ،لەهەمان کاتدا (مۆسکۆ) مووشەکی جۆری(SA.2)ی بەخشیە ڕژێمی کوبا ، کەدژبەفڕۆکەیە سەرەڕای موشەکی بەرگری دیکە . وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا توانی زانیاری دەست خۆبخات لەسەر جموجوولەکانی سۆڤیەت ، بەهۆی سیخوڕی ئاسمانیەوە کەفڕۆکەکانی جۆری (U.2)ی سەربە (C.I.A) پێی هەڵدەستان لەماوەیەکی پاشتردا وێنەئاسمانیەکان دەریان خست کەسۆڤیەتیەکان توانیویانە سەکۆی بزواو بۆ مووشەکە بالستیەکانیان دابمەزرێنن کەدەتوانن کردەوەی هێرشی بەرانبەر لەدژی زەویەکانی ئەمریکا جێبەجێبکەن ،هەردەست بەجێ لەدوای دەستگیر بوونی ئەم زانیاریانە ئیدارەی ئەمریکا لە(١٠/٢٢)دا کۆبونەوەیەکی گرێدا لەتك ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و (C.I.A) دا بۆ تاو وتوێکردنی کۆتا پێشهاتە سەربازیەکان ،ئەوەبوو سەرۆك کنیدی ڕای گەیاند ،لەدوای دەستکەوتنی ئەوزانیاریانە لەسەر تۆڕە مووشەکیە سۆڤیەتیە هێرش بەرەکان لەکوبادا ،ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری دا ئابلۆقەیەکی سەربازی بسەپێنێت بەسەر کوبادا بۆ ناچارکردنی سۆڤیەت بەلەت و پەت کردنی ئەو سەکۆو تۆڕانە.. گەر سۆڤیەت ئەم ڕێگە چارەیە ڕەت بکەنەوە ئەوا ئەمریکا ناچار دەبێت

بۆلێك هەڵوەشاندنەوەی ئەوتۆڕە موشەكیانە گورزێكی سەربازی بسرەوێنێتە كوبا ،بەم هۆیەوەپەیوەندیەكانی نێوان (مۆسكۆ) و (واشنطن)هێندە ئاڵۆزبوو زۆرێك پێیان وابوو ،جەنگی نێوان دوو زەبەلاحەكە لەلێواری دەستپێكردن دایە، كەچی لە ١٠/٢٦ دا رابەری سۆڤیەتی (خرۆشۆف)ئاماژەی دا بەوەی ئامادەیی تێدایە سەكۆی موشەكەكانی لەكوبادا هەڵبوەشێنێتەوە بەمەرجێك پێش وەخت ئەمریكا ئابلۆوقەكەیلابەرێت و لەبەر دەم هەموو جیهانیش دا بەڵێنی ئەوە بدات كە كوبا داگیر نەكات یاخوود دەست لەكاروباری ناوخۆیی كوبا وەرنەدات ،لەپاشدا كنیدی بەداواكاریەكەی سۆڤیەت قایل بوو یەكێتی سۆڤیەتیش دەستی كردە لێك هەڵوەشاندنەوەی سەكۆ مووشەكیەكانی. لەكۆتاییدا پێویستە بێژین هەڵوێستە ئاشكراكانی كنیدی و سەركەوتنی لەبەرانبەركێی سۆڤیەتدا ،بیٚ ئەوەی پەنابەرێتە بەركردەوەی پەنامەكی و خەیاڵی ، بوونە هۆی بەرتەسك كردنەوەیئەركەكانی (C.I.A) و هەوڵەمندالآنەكانی لەبەرانبەركێی مەترسی كۆمۆنیزم و رژێمی نوێی كاسترۆ.

﴿ سیخورایەتی ئەوروپی ﴾

سەرەڕای دەستە بالآیی (K.G.B) و (C.I.A) بەسەر ڕۆلەکانی یاری سـیخوڕیی و بەشەکانیدا ، کەچی دەزگا هەواڵدەریە ئەورووپیەکانیش ڕۆڵی هاوبەشێکی دڵسۆزیان هـەبوو لەوسـیخووڕی و دژە سـیخوڕیەی جیـهانی تـەنیبوو ،بـەریتانیا بەتەنـها خـۆی پەیوەندیەکیباشی هەبوو لەگەڵ وولآتە یەکگرتوەکان لەم بوارانەدا ،ئـەوەبو هـەردوو لا لـە سـاڵی ١٩٤٧دا پرۆتۆکۆلێکیـان ئیمـزا کـرد سـەبارەت بـە ئـاڵوگۆڕکردنی ئەونامانەی لەڕێی بێ تەلەوە وەردەگیرێن و هاوکاری یەکیش دەکەن بۆ شـیکردنەوەی جەفەنگەکانیان ،هەروەها هەردوو لایان ڕێکەوتن لەسەر بەستنەوەی (ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی)ئەمریکی لە (واشنطن)،بەسەنتەی پەیوەندی حکومی بەریتانی لە (شـلتنهام)، بەهۆی هێلێکی بێتەلەوە کەهەمیشە لەکاردا بێت بۆئەوەی خێراییەك بدرێتـە پرۆسـەی گۆرڕینەوەی نامەکان لەسەر تەرزی ئەم پرۆتۆکۆلە هەریـەك لـە (ئوسـترالیا ، کـەنادا ،نیوزلەندە)و سـەرجەم وولآتـە بەشـداربوەکانی پـەیمانی (NATO)هەسـتان بـەئیمزا کردنی پرۆتۆکۆلێك سەبارەت بەئاڵوگۆڕکردنی زانیـاری سـیخوڕی و قـەڵاچۆکردنی پرۆسە سیخوڕیەکانی سۆڤیەت ...وولآتە یەکگرتوەکان ڕۆلێکـی گرنگـی هـەبوو لـە وەرگرتنی زانیاری وپەیامی بێ تەلی ئـاڵ وگۆڕکـراو لـەنێوان دەولـەتانی سـەربەکامپی کۆمۆنیستی دا بــەهۆی مانگـە دەسـتکردەکانیەوە ،مانگـە دەسـتکردە سـیخوڕیەکانی ئەمریکا بەجۆرێك پێشکەوتو بوون توانایـان هـەبوو گفتوگـۆ تەلەفۆنیـەکانی ڕابـەرانی سۆڤیەت وەربگـرن لـەکاتێکدا بـە ئۆتۆمۆبیلـی دبلۆماسـی هاتوچۆیـان دەکـرد ئـەو ئۆتۆمۆبیلانەی ئامێری تەلەفوونی بێتەلی تێدایە بەرلەم ڕۆڵە گرنگەی ئـەمریکا لـەبواری

سخورایەتی کردندا بەریتانیەکان خالّی پرشنگداریان تۆمارکردوە لەبواری سیخوڕی و زانیارەکاندا ،(سەنتەری پەیوەندیە حکومیە بەریتانیەکان)لــە هۆنــگ کۆنــگ بۆنمونــە ، زانیاری زۆر سوود بەخش و بەکەلّکی دەدایە وولاّتە یەکگرتوەکان لەساتە وەختەکانی جــەنگی ڤیتــنام دا . هــەروەها ســەنتەرێکی دیکــەش کارئاســانی کــەی کــرد بــۆ (واشنطن)لەپێناوی پەرە دانی بەکارەکانی (ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی)و بنکە سـیخوڕیەکەی لــە تەپۆلّکــەی (مینــوث)ی ســەر بەکــەرتی (یورکشــایر)ی بــەریتانیدا .هەندێك لەپسپۆران پێیان وایە ئەو بنکەیە زەبەلاح ترین بنکــەی (تــەنصت)ە لەهــەموو گێتیدا.هیچ بوارێکیش نیە بۆ بــەراوردکردنی لەگــەڵ بنکــە سۆڤیەتیەکاندا شیاوی ئاماژە پێدانە بنکەی(مینوث)ی ئەمریکی ڕاستەو خۆ بەسراوەتەوە بەهێلّەکانی تەلــەفۆنی بەریتانیەوە ،ئەمەش یانی مسۆگەرکردنی زیاترین زانیاری و پەیامی هاتوی ئــەلکترۆنی و بیّ تەل لە ئەوروپادا.یــەکێك لــەتوێژەرەوانی (ئاژانســی ئاسیشــی نەتــەوەیی)لــەکۆتایی حەفتاکاندادەربارەی بنکەی (مینوث) دەبێژێت (بنکەیەکی گویّ هەلّخســتنی زەبەلاحــە توانــای گـــویّ هەلّخــــستنی هەیـــە بەسەرســـەرجەم هێلّـــە تەلەفونیەکانـــەوە لەئەوروپادا)...سەبارەت بەکردەوە هەوالّگریە کانی بەریتانیاش زۆرینــەی لەســەنتەری پەیوەندیە حکومیەکاندا بەڕێوەبراوە کەلە ئەوروپاو ناوچەکانی ژێر قەلّــەم ڕەوی پــرژو بــلاّو بوونەتــەوە و زۆرینــەی کــات لەبــەرژەوەندی (M15)کارایــان کــردووە واتــە (ئاژانســی ئاسایشــی نەتــەوەیی بــەریتانیا)کەلــە ئــەمریکا (نوســـینگەی لێکۆلّینـــەوە فیدرالّیەکانFBI)لەبەرامبەردا دادەنرێت ،لێرەدا ڕەوایە ئاماژە بدەین بەوەی گروپێــك لەزانا بەریتانیــەکان ســەربە (ســەنتەری خزمــەتگوزار بــەزمانی _تەکنەلۆژیــەکان) بــەر لەهەرگروپێکی زانستی تر توانی ئامێری کۆمپیوتەری تایبەت بەهەوالّگری بەکار بێنێت ، ئەم ئامێرە کۆمپیوتەریانە دەیان توانی لەماوەی پەیوەندی کردنە تەلەفۆنیەکاندا چــەند ووشەیەکی بەرنامە داری دیاری کــراو وەربگــرن و فــەرمان بدەنــە ئامێرەکــانی تۆمــار کردن تاکو پەیوەندیە تەلەفۆنیەکە تۆمــار بکــەن وسەرچاوەکەشــی بزانــن ، پێدەچێــت

بنکەی سەرەکی ئەم جۆرە کردەوە تەکنەلۆژیانە لە(شانتری هاوس)یفکتۆریای بەریتانیا بێت ، لەکاتێکدا (سەنتەری گوێهەڵچستنی بەریتانی)جیهانی بارەگاکەی لەلندن ی پایتەختە وەلێ دەزگای هەواڵگری بەریتانیا کات ناکاتێك دووچاری گورزێك بووە لەسەر ئاستی سیخوڕی ، بەتایبەت لەدوای دەستگیرکردنی (جوفری برایم)ی بەکرێگیراوی سۆڤیەت ،ساڵی (١٩٨٢)بەتۆمەتی دزەپێکردنی زانیاری لە سەنتەری پەیوەندیە حکومیە بەریتانیەکانەوە بۆ (K.G.B)، برایم لە (١٩٦٨)ەوە بۆ (١٩٧٧)لەوسەنتەرەدا کاری کردووە ، لەم ماوەیەدا توانیویەتی زانیاری تەکنەلۆژی و بێ تەلی بەکەڵك بداتە سۆڤیەتیەکان ،دەستگیرکرانەکەشی لەڕێگای(M15) یاخود(M16)ەوە نەبوو بەڵکو بەڕێکەوت بوو ئەوەبوو پۆلیسی ناوخۆیی بەتۆمەتی نێربازی گرتیان و ئەمەش ژنەکەی هاندا نهێنی کرێگرتەییەکەی بۆسۆڤیەت ئاشکرابکات !! .لەپاش لێکۆڵینەوەدەرکەوت کە (برایم)دووپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەرپرسە باڵاکەیەوە لە (K.G.B)گرێداوە ، لەدوای دەست لەکار کێشانەوەی ساڵی ١٩٧٧پەیوەندی یەکەمیان ساڵی ١٩٨٠و لە(ڤیننا)وەکراوە و پەیوەندی دوەمیشیان ساڵی ١٩٨١و لەبەرلینەوە کراوە هەرچەندە دادگایی کردنە نهێنیەکەی برایم ڕێگەی نەدا چەندێتی و چۆنێتی ئەو زانیاریانە ئاشکرابێت کەبۆ (K.G.B) ناردووە ،وەلێ هەندێك لەپسپۆڕان پێیان وایە (برایم) زانیاری لەسەر پرۆژەیەکی سیخوڕی داوەتە سۆڤیەتیەکان کەناوی (بایمان)ی لێنراوە و بەهۆیەوە ڕۆژئاوا لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەتوانێت دەنگ و ڕەنگی هەرچی چالاکیەکی سۆڤیەت (بەپێی خواستەکانی (C.I.A) و (M16)هەیە تۆماری بکات)هەروەها پێدەچێت زانیاریشی دەربارەی مانگی دەستکردی سیخوڕی (ئارگووس) دزیبێت کە لە حوزەیرانی ١٩٧٥ دا لەخولگەکەی خۆیدا دانرا لەپێناوی دۆزینەوەو وەرگرتنی لەرەلەرەکانی دەنگە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و وورد ، هەروەها دەگوترێت(ئارگووس)توانای تۆمارکردنی سەرجەم ئەو هەڤپەیڤینە بێ سیمانەی هەیە کەلەنێوان فەرماندەی (تانکەکانی)پەیمانی

(وارشۆ)دا گرێ دەدرێ لەهەموو بستە خاکێکی سەر بەکامپی سۆسیالستی دا ..سەرەڕای ئەوەش سۆڤیەتیەکان بەهۆی برایمەوە توانیان لەتەکنەلۆژیای (ئا.ئا.نەتەوەیی)و (سەنتەری پەیوەندیە بەریتانیەکان)لەبوای کۆمپیوتەر و مانگە دەستکردەکان دا شارەزابن... بێگومان ئەمەش بویە هۆی تووڕەکردنی (واشنطن)وئالۆزبوونی پەیوەندیە سیخوڕیەکانی لەتەك بەریتانیادا تاکو گەشتە ڕادەیەك بەرپرسێك لە (C.I.A) دا گووتی (زانیاری لەسەنتەری پەیوەندیە بەریتانیەکان لە شلتن هامەوە بەجۆرێك دزەی کردووە وەك چۆن زەیت لەدابنە مۆیەکی کون دەڕژێت) دەستگیرکردنی (برایم)یەکەمین ڕیسوایی نەبووکەدەزگای هەواڵگری بەریتانیای لەرزاندو پەیوەندیە باشەکانیشی لەتەك (C.I.A) دا ئالۆزکرد ئەوەبوو لەبەریش دا هەردوو زانای ئەتۆمی (نانمای)و (کلاوس فوشز)بەتۆمەتی دزە پێکردنی زانیاری بۆ سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٦و ١٩٥٠دا دەستگیر کران ، بەڵام ئەم دەستگیر کردنەش بە ئەندازەی دەستگیرکردنی هەردوو بەکرێگیراوی جووتە (برگس و ماکلین)کاریگەری نەبوو ...ئەمریکیەکان لەدوای جیابوونەوەی ئەو دوو کارمەندەو هەڵهاتنیان بۆ (مۆسکۆ) لەساڵی ١٩٥١زدا هەموو متمانەیەکی خۆی بەدەزگای هەواڵگری بەریتانیا لەدەست دا. بەگوێرەی گووتەی ئاگایانی ڕەوشەکە ،هۆکاری دزە کردنە نێو دەزگای هەواڵگری بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ تەبەنی کردنی بیردۆزی مارکسیزم لەلایەن ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرە بەریتانیەکانەوە و کارکردنی ئەو ڕۆشنبیرانە بۆهاوکاری کردنی سۆڤیەت لە پێناوی پراکتیزەکردنی بیردۆزەکە لەئاستی جیهانی دا. لەنێو ئەو ڕۆشنبیرانەدا گروپێك لە قوتابیانی زانکۆی (کامبریدج)ی بەریتانیا هەبوو لەوانە [illegible] گایی برگس ، کیم فیلبی ،وهاوڕێکە بەتەمەنترەکەیان ئەنتۆنی [illegible] تەمەنی [illegible] چوار ڕۆژنامەوە توانیان بگەنە چەندان [illegible] سیخوڕی دا بلاینت [illegible] ئاسایشی نەتەوەیی)دانوو فیلبی لە (M16) (موخابەراتی

(ئەمە خانووی (مۆریس و لۆناکۆهین) ە کە پاشتر بە (بیتر و ئیلـین کرۆگـر) ناسـران ، لـەم خانووەوە و لـە فرۆشگەیەکی کۆنە کتێب فرۆشتن دا ئەو دوو بـەکرێ گیراوە تـۆڕی بۆرتلانـدی سـیخوڕییان لـە بـەرژەوەندی سۆڤیەت بەڕێوە دەبرد) .

بەریتانیا)و دوانەکەی دیکەش لەدەزگای تایبـەتیدا بـوون،کەلەتـەوەری (M15) و (M16)دا دە خولانەوە.

بلانت لەلای خۆیەوە ،لەساڵی ١٩٤٥دا لەکاری سیخوڕی کـردن پـەرێزی گـرت ،پاش ئـەوەی زانیـاری بـەهاداری سـەربازی زۆری بـۆ سـۆڤیەت وە دەسـت خسـت لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم دا ولەکاتێکدا فیلبـی و مـاکلین لەسـەر پیشـەکەیان یەکبینەبوون تاکو گەیشتنە سەنتەرە هەستیارەکانی سیخوڕی ،یەکەمیان بویە نێوەندگـیر لەنێوان(M16) و (C.I.A)دا لە (واشنطن)(گای بیرگس)ی بـەکرێگیراوی چـوارەم نێربازو مەیخۆربوو بەڕادەیەك ئەو ڕەوشتەی ڕێگربوو لەبەردەم ئەوەدا بگاتە سـەنتەرێکی گرنگی دار لە موخابەراتی بەریتانیادا ،بـەلام لـەگـەڵ هاوەڵەکـەیدا (دونـاڵد مـاکلین)

کەئەمیش نێربازبوو هەڵات ،دوای ئەوەی ئـەمی دووەم بڕیـاری دا بـەرەوە (مۆسـکۆ) هەڵبێت ،چونکە بەنهێنی پێی ڕاگەیەنرابوو کە ڕوبەڕوی لێپرسینەوەی (M16)دەبێـت سەبارەت بەو تۆمەتانەی دەخرێنە ئەستۆی لەمەڕکارکردنی لەبەرژەوەندی سۆڤیەت.

بـەو شـێوەیە هـەردوو بـەکرێگیراو (برگـس و مـاکلین) بۆماوەیـەك لـەکیشـوەری ئەمریکادا بزر بوون ،پاشـتر لـە(مۆسـکۆ)ی خۆشەویسـتدا بەدەرکـەوتن... هـەروەها دەگوترێـت مـاکلین دەستنیشـان کـرا وەك نوێنـەری بـەرتانیا لەلیژنـەی هاوبەشـی پەرەپێدانی ئەتۆمی لەنێوان (واشـنطن)و لـنـدن دا ،وە (کیـم فیلبـی)هـاوڕێی لـەگرتن ڕزگاری کرد،دوا. ئەوەی برگـس و بلانـت ی خانەنشـین کـراو هـەواڵیان پێدابـوو کەجیمس ئەنگلتۆن ی گەورە پیاوی (C.I.A) داوای دەسـتگیرکردنی کـردووە [illegible] بەکرێگیراوی وڵاتی لەدوای هەڵاتنی ماکلین و برگس ،گومان دەربارەی کیـم فیلبی زیادی کرد ،بەتایبەتی کەلە (واشنطن) پێکەوە لەیـەك مـاڵدا دەژیـان ،هـەروەها (C.I.A) داوای لە (M16)کرد کەدەست بـەجێ فیلـیی لـە (واشـنطن)بگوازنـەوە ،وەگـەر نـا ئاژانسـەکە ناچـار دەبێـت پەیوەندیـە مەعلوماتیـەکانی لەگەڵ دەزگـای موخابەراتی بەریتانیادا بچڕێنێت ...لەکاتێکدا (M16)سەرجەم تۆمەتـەکانی دەرهـەق بە (فیلبی)بەپووچ و بێ ناوەڕۆك دایە قەڵەم ،چونکە ئـەم پیـاوە توانیبـوی موخابـەراتی بەریتانیا هەڵخەڵەتێنێت لەڕاستی کرێگرتەییەکـەی بـۆ سـۆڤیەت ...بـەڵام لـەکۆتاییدا سەنتەرە هەستیارەکەی خۆی لە (واشنطن)لەدەست داو هەستی دەکـرد هێـدی هێـدی موخابەراتی بەریتانی دەستبەرداری خزمەتەکانی دەبێـت ،بۆیەسـاڵی ١٩٦٣بڕیـاری دا بەرەو سۆڤیەت هەڵبێت ،بۆوەی لەوێندەرێ دەست بەکارێکی نوێی موخابەراتی بکـات ،ئەوەبوو بوویە ڕاوێژکاری سـەرۆکی بەڕێوەبـەری (K.G.B)لەوکاتـەدا،لەدوایشـدا بوویە ڕاوێژکاری (یۆری اندروبوف)ی سەرۆکی سۆڤیەت...

لەسەر ئاستی ئەو خورپە سەر شـۆڕکەرانەی لەشەسـتەکاندا دووچـاری موخابـەراتی بـەریتانیا بوونـەوە،ڕاکردنـی بـەکرێگیراوی دووسـەرە (جـۆرج بلایـك) لـەزیندانی

موخابەراتی بەریتانیای ناسراو بە (درەختەکانی کرمی تەختەیی)...لەدوای پێنج ساڵ لە دەستگیرکردنی، بلایکی شیوعی توانی هەڵبێت لەساڵی ١٩٦٦زدا ،ڕاستەو خۆ چووە (مۆسکۆ) ،ئەم پیاوە بەر لە دەستگیرکردنی لەساڵی ١٩٦١زدا ،ماوەی دەساڵ کـاری لەبەرژەوەندی (K.G.B)کردبوو ،دەڵـێن گوایە لـەدوای ئـەوەی سـوپای کۆریـای باکور لەساڵی ١٩٥١ز دا دەستگیریان کردووە،بوەتە شـیوعی ،لـەماوەی جـەنگ دا ،لەوێندەری ماوەیەك بەسەر دەبات و لەلایەن پاسەوانە شـیوعیەکانیەوەمامەڵەی باشی لەگـەڵدا دەکرێـت ،لـەلایـەکی تـردوە گـەر گووتـەکانی (M16)وەڕاسـت بگـێڕین (بیتر رایت)ئەوا هەست دەکەین (C.I.A) گەشـتۆتە قەناعـەتی تـەواو بـە پچڕاندنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ موخابەراتی بەریتانیا ،چونکە ئەوەی (C.I.A) هەسـتی پـێکرد بەکار (MI5) و (M16)وهەندێك لـەپیاوانی سەنتەری پەیوەندیە بەریتانیەکان ،لەپاش ئەو ئاشکراکردنەوانە گەشتە بـەو ئەنجامـە گـوایـە موخابەراتی بەریتانیا جێگەی متمانە نیەو بەرهەمایی نـابێت مامەڵـەی لەگـەڵدا بکرێـت ...هـەروەها لـەبـەریتانیاش (K.G.B)لەمیانـەی ژنـە بکرێگیراوەکـەیدا (رودولـف ابل)ڕۆڵێکی کاریگەرو گرنگی گێڕا ،ئەم ئافرەتە توانـی (موریـس کۆهـین)ی شـیوعی ئەمریکایی و (لۆنا)ی خێزانی قایل بکات سەفەر بکەن بۆ فەرەنساو لەوێ ناوی (بیتر و أیلین کروگر)لەخۆیان بنێن ،کە دووهاولاتی نیوزلەندی بوون و پێشـتر مردبـوون ... موریس کۆهین و ژنەکەی ڕێگـەی (کەنـەدا، سنگافورا، یـەکێتی سـۆڤیەت، نەمسـا ، فەرەنسا) یان گرت بۆ وەدەست کـەوتنی پاسـاپۆرت بـەناوی دووهاوولاتیـە مـردووە نیوزلەندیەکەوە ...دەست بەجێ کەپاساپۆرتە تازەکەی دەستکەوت ،کـابرای شـیوعی ئەمریکی کەناوی لـەخۆی نا (بیتر کروگر) وژنەکەی پێکەوە چونە (بەریتانا)و دەسـتیان کرد بەکاری سیخوڕی کردن لـەژێر چاودێری بەکرێ گیراوێکی سۆڤیەتی دیکە بەناوی (گۆردن لونسدال)(ناوی ڕاستەقینەشی ترۆفیمۆ فیتش مولـودی)یـە ...بەهەماهـەنگی لەتەك (لۆنسداڵ)دا تۆڕێکی سیخوڕی سـەرکەوتویان دامـەزراند ،(١٩٥٦)ەوە تـاکو

(١٩٦١)كاری دەكرد لەبەرژەوەندی (K.G.B)،بەهاوكاری (هاری هوتن) ،ئـەمیش بەكرێ گیراوێكی تر بوو پۆسـتێكی گرنگـی لـە (دامـەزراوەی ژێـر دەریـایی)ەكـاندا لەناوچەی (بورتلاند)ی بـەریتانی داگـیركردبوو ،بـەڵام ئەندامانیئـەم تـۆڕە ،بـەجۆرج بلایكیشەوە ،دەستگیر كران لەدوایجیابوونەوەی(أنا تـۆلی گولیتـین)ی بـەكرێگیراوی سۆڤیەت و هەڵاتنی بۆ ڕۆژئاوا ...گولیتین كاروبارەكانی ئەم تـۆڕەی ئاشـكرا كـرد و ناوی ئەندامەكانیشی ئاشكرا كرد ،ئەمان ماوەیەكی كەمیان لەزینداندا گوزەراند ئینجـا لەپرۆسەیەكی گۆڕینەوەی سیخوڕەكاندا لە خاڵی پەڕینەوەی نێوان بەرلینی ڕۆژهەڵات و بـەرلینی ڕۆژئـاوادا درانـەوە دەستی سـۆڤیەت ... هـەندێكی تـر دەڵێـن نـهێنی سەركەوتنی دزەكردنی سۆڤیەت بۆنیو موخابەراتی بەریتانیا دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوڕۆڵـەی بەڕێوەبـەری (M15)(سـیر ڕۆجـر هۆڵـز)لـە نێـوان (١٩٥٦-١٩٦٥)دا وازی دەكرد،ئەم بەرپرسە كەلە هەمان كاتدا بەكرێ گیراویش بووتوانی ،كیم فیلبی ،گوردن لونسداڵ ،بلانت....هتد.

بپارێزێت لەتۆمەتەكانی (C.I.A) و چاودێری بۆسەوانەكان ئاماژە دەدرێت بـەوەی بلانت بۆنموونە دادگایی نەكرا، سەرەڕای ئەوناپاكیەی كەلەلای هەمووان ئاشـكرایە ... لەهەمان ڕووەوە ،ئاگایانی نهێنیەكانی دزەكردنی سۆڤیەت بۆنێـو موخابـەراتی بـەریتانیا ئاماژە دەكەن بەوەی ناكۆكیە توندو تیژەكانی نێـوان(M15) و (M16) هۆكـارێك بوون لەهۆكارەكانی سەركەوتنی ئـەم دزەكردنـە، قسـەو قسـەڵۆك و ئـەو تۆمەتانـەی دەخرانە پاڵ (هۆڵز گوایە)بەكرێگیراوی سۆڤیەتە .لەوانەیە تۆمـەتباركردنێكی پـووچ و پاڵانتەیەكی بەتاڵ بن و بەرپرسانی (M16)دروستیان كردبێت بـۆ لەكـە خسـتنە پـاڵ (M15)،هەمان ئەگەریش بەسەر ئەوتۆمەتانەدا ئەبڕێت كەبەرپرسانی (M15) دەرهەق بە بەرپرسی (M16)"سـیرموری اولدڤیـل" (١٩٧٤-١٩٧٨) ڕایـان گـەیاند...وەلێ (موریس) لە دوای ئەو پۆستە بەرزكرایەوە بۆ پۆستی (ڕێكخەری هێمنایەتی ئێرلـەندەی باكور)ساڵی ١٩٧٩... لەلایـەكی تـرەوە دزە كردنـی سـۆڤیەت بۆنـاو موخابـەراتی

بەریتانیا بویە هۆی هەڵمەتێکی پەرلەمانی توند و تیژ لەدژی (M16)و کردەوەو چالاکیە سەربەستانەکانیدا ، کەلە ڕووی یاساییەوە پارێزراوە بە (مەرسومی نهێنیە حکومیەکان)،چون(M16) بەرەسمی بونی نیە و پەرلەمانی بەریتانیا پەیوەندی بەکارەکانیەوە نیە ،وەلێ ئەدرەسی بارەگا سەرەکیەکەی لای هەمووان ئاشکرایە نەخاسمە لای شۆفێری ئوتوبیسە گشتیەکان کەڕۆژانە بەوێدا تێدەپەڕن ،شیاوی باس کردنە کە شۆفێری ئوتوبیس و ئۆتۆمبیلە گشتیەکان بارەگاکەی (M16)یان ناوناوە وێستگەی سیخوڕان بەبەراورد لەگەڵ ئاشکرایەتی (C.I.A) ی ئەمریکی و پەیوەندی لەگەڵ کۆنگرێس دا ئەوا دەردەکەوێت کە(M16)دەزگایەکی زۆر نهێنیەوە دوور لەلێپرسینەوەی پەرلەمانی بەریتانیا کاردەکات هەروەها دەگوترێت بودجەی (M16) و (M15)و سەنتەری پەیوەندیە بەریتانیەکان ساڵانە پترە لە (٤٠ملیۆن جونەیی بەریتانی)،سەرەڕایی ئەو ڕۆڵانەی (M16)وازی دەکات و لەڕووی یاسایەوە دانی پێدانەنراوە...

وەلەسەر ئاستی چالاکیە سیخوڕیە ئەوروپیەکان موخابەراتی (پۆڵۆنی)ناسراو بە (UB)سەرکەوتنێکی بەرجەستەیان لەنێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٦٧دا بەدەست هێنا بەهۆی یەکێك لەبەکرێگیراوەکانیەوە بەناوی (لینوسکی)توانی دووکەسی ئەڵمانی ڕۆژئاوایی بۆ خۆی بێنێتە ژێربار ،یەکێکیان (خەلەبان)بوو لەفڕگەی (زیل)ی ئەڵمانیای ڕۆژئاواو ناوی (وولف نوب)بوو،دووەمیان کارمەند بوو لە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی مەدەنی و ناوی (مانفرید رامینگر)بەکرێگیراوی پۆلۆنی هەرلەسەرەتاوە سەرکەوتو بوو لەدزینی قووتویەکی ڕەشی موولکی فڕۆکەی (لیتون.ئێل.ئێم) و فڕاندنی بۆ موخابەراتی پۆڵۆنیا هەروەها هەوڵی دا فرۆکەیەکی (ڤانتۆم)لەبنکەی (زیل)ی ئەڵمانیا بفڕێنێت و بیداتە دەست سۆڤێت .بەڵام دوای ئەوەی دوچاری چەند کۆسپ و تەگەرەیەك هاتەوە دەستبەرداری ئەم ڕایەی بوو ، ناچار پلانەکەی گۆڕی بۆپلانێکی تر کە ئامانجی ڕفاندنی ڕۆکێتی (جو-جو) جۆری ((AIM-9E))بوو.

بەهاوکاری فرۆکەوان (نوب) کەکارتێکی گوزەرکردنیدیکەی بۆ (لینوسکی)دەستەبەر کردبوو ڕێنمایشی کردبوو بۆ گەنجینەیەکی رۆکێتی (جو-جو)ئەمی دووەم توانی یەك ڕۆکێت بدزێت بۆ شوقەیەك لەدووری (٢٠٠میل) لەبنکەی زیلەوە .ڕۆکێتەکەی پارچە پارچە کردووە لەسندوقی ئامادەدا بۆ ڕەوانە کردن بەرەو (مۆسکۆ) دایناوە لەسنووقەکانی نوسیوە (عينات تجارية)..

لەفڕگەی (دوسلدروف)ی ئەلمانیای ڕۆژئاواوە ڕۆکێتەکە ڕەوانەی (مۆسکۆ) کرا لە ڕێی (کوبن هاگن)ەوە ،بەهەمان ئەو فڕۆکەیەی کە (ڕامینگر)ی بەکرێگیراوی ئەلمانی بەکرێی گرتبوو بۆ ئاسان کردنی تەسلیم کردنی ڕۆکێتەکە ڕاستەوخۆ بە(K.G.B).

بەلام رامینگر لە(مۆسکۆ) سەرسام بوو بەنەگەیشتنی سندووقەکان-چونکە بیرۆکراسیەتی یەکێك لەکارمەندەکان شەحنی سندوقەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەلمانیای ڕۆژئاوا بەهۆی کەم و کوڕی لەمامەڵەی پێویستی ڕەوانەکردنی سندوقەکان دا لەگەڵ ئەوەشدا ڕامیرگر مەنرسی بەر ژیانی خۆیدا و گەڕایەوە بۆ فڕگەی (دوسلدِروف)جارێکی تر سندووقەکانی ڕۆکیەتیە هەلوەشاوەکەی ڕەوانەی (مۆسکۆ) کرد ...لەدوای سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەو چەند پرۆسەیەکی گچکەی وەك ئەمە دەست بەسەر تۆڕە بەکرێگیراوە ئەلمانیەکەو بەرپرسە پۆلۆنیەکەیان (لیونسکی)دا گیرا ...کەچی بەخت یاوەری ڕامینگر بوو لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٧١دا ڕۆژئاوا قایل بوو بەبەرەلاکردنی لەبەرانبەربەکرێگیراوێکی ڕۆژئاوایی تردا...

شیاوی باسە ئەلمانیا بەهەردوو باڵی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتی یەوە ،بۆیە شانۆی سیخوڕایەتی بەهۆی جێگەی جوگرافیەکەی لەئەورووپاداو بوونی بەرلینی ڕۆژئاوا لەدڵی ئەلمانیای ڕۆژهەلاتدا .(C.I.A) هەستا بەلێدانی تونێلێك لەبەرلینی ڕۆژئاواوە بۆ بەرلینی ڕۆژهەلات بەمەستی گوێ هەڵخستن لەهێڵەکانی تەلەفون لەئەلمانیای ڕۆژهەلات دا ،لەکاتێکدا دەزگای (K.G.B) توانی چەندین بەکرێگیراوی دووسەرە

لەئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا بچێنێت،بەمەبەستی دەست خستنی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایی لەهەردووبواری سەربازی و مەدەنیدا...

لەلایەکی ترەوە (C.I.A) لەدوای جەنگی جیهانی دووەم هەستا بەدامەزراندنی دەزگای موخابەراتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا (ڕینارد گیلان)ی کردە بەرپرسی ... ئەم گیلانە بەرپرسی موخابەراتی نازی بوو لەئەورووپای ڕۆژهەڵات لەسەردەمی هیتلەردا بەڵام دوای خۆدانی بەدەست (C.I.A) و پێشکەش کردنی زانیاری سوودمەند سەبارەت بەدەزگا موخابەراتیەکانی ڕۆژهەڵات ..موخابەراتی ئەمریکا هاتە سەر ئەو بڕوایەی کەهاوکاری لەگەڵ کردنی باشترە لە زیندانی کردن یاخود لەسێدارەدانی ...بەو شێوەیە گیلان لەدوای جەنگ دەستی کردەوە بە تەجنید کردنەوەی بەکرێ گیراوە دێرینەکانی لەووڵاتەکانی ژێر ڕکێفی ستالیندا .لەچەند پرۆسەیەکی سیخوڕی کردنیشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ،لەگرنگترین سەرکەوتنەکانی گەشتنی بەکرێگیراوێکی ئەم بوو بەناوی (ارنست گرامش) بۆ پۆستێکی زۆر گرنگ و هەستیار لەموخابەراتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا .. بەڵام لەتەمووزی ساڵی ١٩٥٠ز دا ،حکومەتی بۆن بڕیاری دا کاروبارەکانی موخابەراتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەڕێوەبەرێت و ناوەکەشی بگۆڕێت و بیکاتە (ئاژانسی هەواڵە فیدراڵیەکان) پاش قایل بوونی (C.I.A) بەو گۆڕانکاریانە .. هەروەها ئاماژەدەکرێت بەوەی حکومەتی بۆن نەیتوانی گیلان لەپۆستەکەی لابدات وەك بەڕێوەبەری موخابەراتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ،دەست بەجێ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەو ئاژانسەی گرتە دەست .

ساڵی ١٩٦٣ ڕیسواییەکی دیکە ی هێنایە لەرزە ،لەکاتێکدا پەردە لادرا لەڕووی پەیوەندی سێ بەکرێگیراوی گیلان بە(K.G.B)ەوە ، سێ کەسەکە بریتی بوون لە (هانز کلیمنس،ئەرفیل تابل ،هاینزفلیف)هەرسێکیشیان کۆنە ئەندامی تۆڕی (SS)ی نازی بوون لە سویسرا ... بەڵام هاینز فیلف ،وەك هەندێك پێیان وایە ،مەترسی دارترینیان بووە و پتر لەهەمویشیان ئازار بەخش بووە لەڕووی چلۆنایەتی ئەو

زانیاریانـەوە کـە بـۆ (K.G.B) دزیـوون نـەخاسمە خـۆی بەرپرسـی قـەلاچۆکردنی سیخوڕی کردنـی سـۆڤیەت بـوو لـەنێو موخابـەراتی ئـەڵمانیای ڕۆژئـاوادا ... ئـەو زانیاریانەی لـەدوایێ دادگای کردنی ئەم سێ بەکرێگیراوەوە بڵاوبونەوە ،ئاماژەیان بەوە دەکرد ئەو سێ کەسە (١.٥هەزار)وێنەی مەلـ ـاتی موخابـەراتی ئـەڵمانی و ژمارەیـەکی گەورەی کاسێتی تۆمارکردن و گوێ شنە ووتن یان داوە بە (K.G.B).. دوابـەدوای ئەم ریسواییە سیخوڕیە ڕای گشتی ئەمریکاو ئـەڵمانیای ڕۆژئـاوایی قەڵـسـی خۆیانـیـان دەربڕی بەرامبەر بەسیاسەتەکانی (C.I.A) لەدووبارە تەجنید کردنـەوەی گیـلان ی نازی وەك بەرپرسی موخابەرات لـەدوای جەنگ ،وەلێ ڕای گشتی ڕاستەوخۆ کارناکاتە سەر سیاسەتی سیخوڕی و دژە سیخوڕی.

هـەر لەئـەڵمانیای ڕۆژئـاوادا ،موخابـەراتی ئـەڵمانیای ڕۆژئـاوا گۆڵێکی گرنگـی تۆمارکرد لـەموخابەراتی بەرانبەردا ،کاتێك توانی یەکێك لـە بـەکرێگیراوەکانی بـەناوی (گۆنتر گلیۆم) وەك پیاوێکی مەعلوماتی لەنوسینگەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئـاوادا (فیلی برانت) دابنێت ... (فیلی)سـالی ١٩٧٤ دەسـتی لـەکار کێشـایەوە لـەدوای ڕیسواییەکەی دەستگیرکردنی (گلیۆم) وەك بەکرێگیراوی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات .

لەئەوروپای دابەشبوو بەسـەر ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا موخابـەراتی چینیـش ڕۆڵـی سیخوڕی خۆی هەبوو لـەشەستەکاندا ،ئەوەبوو لـەو ساڵانەدا یەکەم ڕووداوی سیخوڕی لەشاری(هیگ)ی هۆڵەندی ١٩٦٦ رویـدا ،لـەکاتێکدا پیـاوێکی چینـی لـەدەرەوەی حەرەمی باڵویزخانەی (چین)دا دۆزرایەوە و بەدەم ئازارەوە دەینالاند ،پاشتر دەرکـەوت ئەو ئێش و ئـازارە بـەهۆی ئەشـکەنجە دانیەوەبوولـەسـەر دەسـتی موخابـەراتی چین دا ،باڵوێزخانەی چین لـەوکاتەدا ڕای دەگەیاند گوایە ئەوکابرایەی کەناوی (هسو –تسو– تسای)ە لـە پەنجـەرەی باڵویزخانەکـەوە کەوتۆتـە خـوارێ ... دوای ئـەوەی هۆشـی لەدەست داوە ئەمەش بۆتە هۆی شکانی کاسـەی سـەری و ئێسـقانی دەسـتی ،(هسـو تسای) دوای یەك ڕۆژ لەچارەسەری پزیشکی لە خەستەخانە ڕفێنرای ،و گوازرایەوە بۆ

بالوێزخانەی چین ، ئەمیش بەڕۆڵی خۆی ڕایگەیاند (تسای) بەهۆی زامەکانیەوە گیانی لەدەست داوە ...

بەو هۆیەوە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا داوای لێکۆڵینەوەی لەمردنی تسای و شیکردنەوەی تەرمەکەی کرد بۆ زانینی هۆکاری مردنەکەی..کەچی بالێوز خانەی چین کێشەکەی بەناوخۆیی لە قەڵەم دا و ڕایگەیاندوەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندە بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە خۆی لەکێشەکە هەڵقورتێنێت،دوابەدوای ئەم ناکۆکیە وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا بالێوزخانەی (چین)ی داخست ،پەکین لەبەرامبەردا هەمان هەڵوێستی گرتە بەرو بالوێزخانەی هۆڵەندای لە (پەکین)داخست ،هەرچەندە داخستنی بالوێزخانەکان درێژەی نەکێشاو زوو بەزوو ناکۆکیەکان چارەسەر کران .

ساڵی ١٩٦٩ ش ،ڕووداوێکی تر لە (هۆڵەندا) ڕووی دا ،تیایدا پەردە لادرا لەڕووی نهێنی باکگراوندەکانی ڕووداوەکەی یەکەم جار ،لە بیست وچواری ئەو ساڵەدا ،(لیو-هوشو) لەموخابەراتی چین جیابووەوەو داوای مافی پەنابەری ڕامیاری لە هۆڵەندا کرد .. (هوشۆ)بەرپرسی پرۆسەی ڕفاندنی (تسای)بوو لە ساڵی (١٩٦٦)دا .هوشۆ گووتی (موخابەراتی چینی بە ئۆتومبێلێك بەخێرایی داویانە لەتسای بەئامانجی کوشتنی دوای ئاشکرابوونی کرێگرتەیی ئەو پیاوە بۆ (C.I.A)بەڵام تسای دەست بەجێ نەمردووە ،ئەمەش موخابەراتی چینی ناچار کرد تاکو بیفرێنن و لەناوی بەرن) ئەو خۆی بەرپرسیاری ڕفاندنەکە بوو هەر سەبارەت بەو ڕوداوە سیخوڕیانەی لە شەستەکاندا لە ئەوروپادا ڕوویانداوە ، پێویستە ئاماژە بدەین بەو جیابوونەوەیەی (جۆزێف فرولیك)ی بەکرێ گیراوی موخابەراتی تیشکی لەساڵی ١٩٦٣ز دا پێی هەستا .

لەسەرەتادا،ژمارەیەك لەپسپۆڕانی سیخوڕی ڕۆژئاواهەل هەڵەیان بوو بۆ ئەم جیابوونەوەیەو وایان دەزانی فرولیك زانیاری بەکەڵکی لایەدەربارەی موخابەرای سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی،هێندەی نەبرد تاسان بەچۆنایەتی ئەو زانیاریانەی فرولیك

هێنابوونی بۆ ڕۆژئاوا. فرولیك پەردەی هەڵماڵی لەڕووی دزەکردنی سۆڤیەت بـۆ نێـو ڕیزەکانی پارتی کاری بەریتانی و ئەو سەندیکا کرێکاریانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەمدان .

هەروەها یەکێك لەبەرپرسەکانی ئەم حیزبەی بەناوی (ویل أون) تۆمەتبار کرد بەوەی بەکرێگیراوی موخابەراتی تشیکۆسلۆڤاکیا یە و بەرپرسێکی تریش بەناوی (جۆن ستـون هاوس) بەبەکرێگیراوی (K.G.B) دابوویە قەڵـەم ... لەگـەڵ ئەوەشـدا تۆمەتـەکانی فرولیك ڕاست درنەچوون ،(ویل أون)بەبێ تـاوان لـەو دادگایـە دەرچـوو کـە سـاڵی (١٩٧٠) لە (لـەندەن) بـۆی سـازدرابوو ،ئەمـە لـەکاتێکدا (هـاوس)خرایـە زینـدان بەتۆمەتی خۆدزینەوە لەیاسا دوای ئەوەی لەڕووی دادگـەری هـەڵات بـۆ ئوسـترالیاو ناوێکی دیکەی لەخۆی نابوو ،واتە بەتۆمـەتی سـیخوڕی کـردن بۆسـۆڤیەت دادگـای نەکرا ... لەکاتێکی تردا ،فرولیك پەرتوکێکی بەناو نیشانی (پرۆسـەی جیابوونـەوەی فرۆلیك)بلاوکردەوە ،تیایدا ئاماژەی داوە بە چەند کردەوەیەکی سیخوڕی بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پاڵەوانەکانیان بدات ،ئەمەش هانی دا چـەند چـاودێرێك بێـژن:(زانیاریـەکانی فرولیك،و کردەوە سیخوڕیەکانیشی بناغەی ڕاستیان نیە).

بەرلەوەی کۆتای بێنین بەڕووداوەکانی ئەم بەشەی تایبەت بە ئەورووپا ، پێویستە بڵێین ،موخابەراتە جیهانیەکان لە ساڵانی شەستەکاندا زانیـاری بـێ وێنـەو زۆرو زەوەندیـان کۆکردەوە لەسەر کرداری سیخوڕی و دژە سیخوڕی لە ئەورووپادا،بۆیە لـەدوای ئـەو ماوەیە بڕیاری دا پسپۆڕایەتیە سیخوڕیەکانیان بگوازنەوە ناوچەیەکی دیکە لە جیـهان دا ... بۆ جیهانی سێهەم ... کت و مت بـۆ ئـەفریقا و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ..ئـەدی لەوێدا چ ڕووی دا ؟..

بەشی شەشەم

﴿ ململانێی موخابەرات لەسەر گۆڕەپانی جیهانی سێیەم ﴾

ساڵی ١٩٦٠ (C.I.A) هاتە نێو گۆڕەپانی ململانێ لەجیهانی سێیەم دا لە دەروازەی کۆنگۆوە ە هەنوکە بە (زائیر)دەناسرێت، لەدووتوێی دەرکردنی بەلژیکیەکان لەو وولاتە لەساڵی ١٩٦٠دا ، ڕێبەری نیشتمانی (باتریس لومومبا) توانی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت لە هەڵبژاردنێکی جەماوەریدا بپچڕێت ، کەلە کەش و هەوایەکی فەوزەویی وپڕلەترس و دڵەڕاوکێدا ئەنجام درا ،بەڵام شکستی هێنا لەسەقامگیر کردنی حوکمەکەی و سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەرتاسەری خاکی کۆنگۆ دا ،لەدوای جیابوونەوەی هەرێمی (کاتنگا)بەڕابەرایەتی (موسی تشوجی)ئەمەش وایکرد (لومومبا) و سەرۆك کۆمار لەوکاتەدا (جۆزیف کازافوبو)داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن دەست وەربداتە کاروبارەکانی کۆنگۆ و هەموو وولاتەکە لەژێر یەك دەستەڵات دارێتی ڕامیاریدا کۆبکەنەوە ،نەتەوە یەکگرتووەکان لەلای خۆیەوە هێزی ئاشتی پارێزی ناوچەی سنووری ململانێکە بۆ پاراستنی هێمنایەتی و ڕژێم ، بەڵام ،وەك هەمیشە ئەرکەکانی لەجیاکردنەوەی هێزە ناکۆکەکان لەیەکدی تێپەڕی نەکرد ، ئەم حاڵەتە هانی (لومومبا)ی‌دا داوای هاوکاری سەربازی و ئابووری لەسۆڤیەت بکات لەپێناوی دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی هەرێمی (کاتنگا).

ڕاستەوخۆ ،بەگەشتنی داواکاری هاوکاریەکە بە(کرملین)، (مۆسکۆ) لە (٨/٢٦ی ەوساڵەدا ،(١٠٠)پسپۆری تەکنیکی و ١٠ فڕۆکەی گواستنەوەی جۆری (11-18)بەچەك و کەرەستەی سەربازیەوە ڕەوانەی کۆنگۆ کرد ...

له (واشنطن) کۆشکی سپی بەووردی و ئاگاییەوە چاودێری جم و جوولەکانی سۆڤیەتی دەکرد،نەخاسمە لەوولاتی کۆنگۆی دەوڵەمەند بەسامانە سروشتیەکان دا ،هەروەها (C.I.A) لەلای خۆیەوە دەستی کرد بەتوێژینەوەی مەلەفی (لومومبا)و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیەوە ،وەك یەکێك لەڕێبەرانی جیهانی سێیەم کەدژن بەسیاسەتەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی سۆڤیەتن ،ئەوەی پتر گوومانی لەدەوری (لومومبا) هەڵسان ،ئەو زانیاریانە بوو کە لە ڕاپۆرتێکی (لۆرنس دفلین) ناوی سیخورپەکەی فکتۆر (هدجن)ی بەڕێوەبەری (C.I.A) لەکۆنگۆدا هاتبوو ،تیایدا دەڵێت :(کۆنگۆ بزافێکی هەڵگەڕانەوە بەرەو کۆمۆنیزم بەخۆیەوە دەبینێت... تائێستاش هەل گونجاوە بۆ دوورخستنەوەی کوبایەکی تر لە ئەفریقادا)...

ئەم ڕاپۆرتە بەس بوو لای سەرانی (C.I.A) بۆ دەرکردنی فەرمانی جفرەیی بۆ دفلین :(تۆ ئەرکی دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵگەڕانەوەی ڕژێمت لەئەستۆ نراوە ... دوا مەکەوە)...

ڕۆژێك بەرلەوەی پسپۆڕە سۆڤیەتیەکان بگەنە کۆنگۆ ، کۆبوونەوەیەك لە واشطن گرێدرا بەئامادەیی : ئالن دالس بەڕێوەبەری (C.I.A) ،گۆردن گرای یاریدەدەری سەرۆکایەتی بۆکاروبارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ،لیفینگستۆن مارشنت یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆکاروباری ڕامیاری ، جۆن أیروین دووەم یاریدەدەری وەزیری بەرگری ،بەرپرسێکی دیکەی (C.I.A) بەناوی تۆماس باروت، کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی کۆنگۆ وڕێگەکانی ڕووبەڕو بوونەوەی .

لەوکاتەدا ئەندامە کۆوەبوەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی : (ئەو ئامادەباشیانەی (C.I.A) لەکۆنگۆ بێی هەڵدەستێت هیچ پلانێك هەڵناوێرێت بۆ قووتاربوون لە (لومومبا)و ڕژێمەکەی).. لەئاکامی ئەم ڕێکەوتنەدا ،(ئالن دالس) پەیامێکی جفرەیی نارد بۆ (دفلین) لەپایتەختی کۆنگۆ ،لیوبۆلدفیل ، تیایدا دەڵێت :(تۆ دەستەڵاتی فراوانترت خراوەتە بەر دەست بەجێبەجێکردنی کردەوەی هێرش بەرانشەوە لەکاتی

پێویستیدا ،بەمەرجێك كردەوەكان بەنهێنی بمێننەوە)، هەروەها (دالس)لـەهاوپێچی ئـەم پەیامەدا (١٠٠هەزار دۆلار)ی ئەمریكی ڕەوانــە كـرد بۆجێبـەجێكردنی كردەوەكـەی (كۆنگۆی ئەفریقی)..

هەردوابـەدوای بەدەسـت گەیشتنی پـەیامی بەرپرسـیارێتی دفلـین دەسـتی كـردە چالاكیەكانی لـەنێو كەسـایەتی و گروپـە ڕامیاریـە نـەیارەكانی لومومبـا دا ، نەخاسمـە كەزۆرێك لەو كەسایەتیانە پلانی تیرۆر كردنی لومومبا یان خستبویە بەردەستی سەرۆك كۆماری كۆنگۆ (كازافوبو)بۆدەربازبوون لە قەیرانەكـە ... بـەلام (كـازافۆ) پـرۆژەی پلانەكـەی ڕەتكـردەوە ،پێـی باشـتر بـوو لومومبـا پۆسـتەكەی دەربكـات ئەوەبولـە (١٩٦٠/٩/٥)دا لومومبـای لەسـەر كـار لادا ،دوای ئـەوەی ژەنراڵێكـی سـەربازی بەناوی (مۆبۆتۆ)و بۆكۆتا جار دەرباز بوون لـە (لومومبـا)و نفـوزی سـۆڤیەت كەلـەو وولاتەدا (لومومبا)بەرجەستەی دەكات ،بەتایبـەت لـەكاتێكدا نەتـەوە یـەكگرتووەكان هەولی دەدا بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ژیانی پەرلـەمانی بـۆ كۆنگـۆو دەسـتەلات دانـە پەرلـەمان بۆ بڕینەوەی مەسـەلەكە ئەمـەش یـانی دووبـارە هەلبژاردنـەوەكی لومومبـا كەجەماوەرێكی بەرینی هەیە ،هەروەها (C.I.A) دەترسا لـەئەگەری هەستانی سـۆڤیەت بەكردەوەیەك كەببێتە هۆی گەڕانەوی لومومبا بۆسەر كورسـی دەسـتەلات و داڕنینـی ڕكابەرەكەی (موبوتو) لـەسەركردایەتی سوپا.

بـەگوێرەی ئـەم تـرس و دلـەڕاوكێ یانـە ،(C.I.A) بڕیـاری دا لومومبـا بەچەكـە خەیالیەكەی تیرۆر بكات واتە بـەژەهری كوشـندە ، لەبـەر ئـەوە (C.I.A)داوای لـە كیمیازان (سیدنی گوتلیب)ڕاوێژكاری زانستی بەڕێوەبەری پلاندانان (ریشـارد بیسـل) كرد ،ماددەیەكی ژەهـراوی ئامادەبكـات كـە پێـك هـاتبێت لـە ڤـایرۆزێكی ئـەفریقی كوشندە بۆ ناردنی بـۆ كۆنگـۆ تـاكو كردەوەكـەی پـێ جێبـەجێ بكرێـت ،لـەدوایدا (گوتلیب)خودی خۆی چوە پایتەختی كۆنگـۆو مـاددە كوشندەكەشـی لەتـەك خۆیـدا هەلگرتبوو تاكو لەوێ (دفلین)بەڕێوەبەری (C.I.A) لـەكۆنگۆ لـەسـەر بـەكارهێنانی

(گاڵتە کردن بە ئاسایشی دەوڵەت لە شەستەکاندا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و قەسابخانە لە کۆنگۆدا ، لەم وێنەیەدا دە شۆڕشگێڕ دەبینرێن تاوانبار کراون بە کوشتنی دووژن لە گوندێکدا ، ئەوەتا لەم وێنەیەدا ئەشکەنجە دەدرێن تاکو دەمرن و گیان لە دەست دەدەن) .

ڕابهێنێت ،یاخود یەکێك لەبەکرێگیراوەکانی دفلین ڕابهێنێت بۆ بەکار هێنانی لەتیرۆرکردنی لومومبادا ، وەلێ ئەم جارە (C.I.A)وەك ڕێو شوێنێکی یەدەگ لەئەگەری هەرەسهێنانی پلانی ژەهر خواردنەکەدا دووپیاوی کۆماندۆسی ئەمریکی بەناوی (رووج)و (وین)بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە ناردە کۆنگۆ .

ئەو دەمەی (دفلین و گوتلیب)مشت و مڕیان دەکرد لەسەر چۆنێتی گەیاندنی ژەهرەکە بە گەدەی لومومبا ،بڕوایەکیان بۆ درووست بوو کە سەرۆك (ئایزنهاوەر) خوودی خۆی گلابێت لەم پرۆسەی تیرۆرکردنەوە ، ئەرکەکەش تابعێکی نیشتمانی ڕامیاری هەیە پتر لەم بڕوایە دڵنیابوون ، بەڵام ئەو دوو پیاوە شکستیان هێنا لەگەیاندنی ژەهرەکە بە لومومبا ،بەر لەوەی ژەهرەکە کارایی خۆی لەدەست بدات لە کوشتنی ئەو کەسەدا کەبیخوات .بەتایبەت گوتلیب لەو کاتەدا نەی توانی ئەم ژەهرە بپارێزێت لە نێو پلەیەکی زۆر بەرزی گەرمادا لە زائیر ،بۆیە لە ١٠/٥ دا گەڕایەوە بۆ (واشنطن)،بۆ ئەوەی جارێکی تر دووپاتی بکاتەوە ،کە پلانەکانی (C.I.A) لەمەڕ

بەکارهێنانی ژەهر ،پلانێکی خەیاڵین و ئەم بەکارهێنانە تەنها لەبەر نامەکانی تەلەفزیۆن دا نەبێت ئیدی درووست نین ،لە گەڵ ئەوەشدا (دفلین) هیوا بڕاو نەبوو ،پلانەکەی گۆڕی و بڕیاری دا بەهۆی پیاوانی کۆماندۆسەوە لومومبا تیرۆر بکات،بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەش (جوستین ئەو دونالّ)ی دەستنیشان کرد،ئەم بەگومانەوە هاتبوو بۆ زائیر گوایە ئەرکی بریتی دەبێت لە دەرکردنی لومومبا لە جێگەی خانە زۆرە ملێکەیدا ،بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە (ئەودونالّ)داوای گەورە پیاوی کۆماندۆس وینی کرد بۆ یارمەتی دانی لەدەرکردنی لومومبا دا .. کەچی لومومبا ماڵەکەی خۆی بەجێهێشتبوو ،ڕووی کردبووە ناوچەی (ستانلی فیل) کەنفوزێکی زۆری تیایدا هەبوو لە هەولێکیدا بۆ دووبارە دەسەڵات گرتنەوە دەستی لە وولاتدا ،لەپاشدا (C.I.A) بەهاوکاری سەربازەکانی مۆبۆتۆ هەموو ڕێگەکانی (ستانلی فیل)یان بڕی ە توانیان لومومبا دەستگیر بکەن کەبڕیار بوو ماوەی زیندانێتی لەناوچەی (بکوانا)دا بەسەر بەرێت کەئەو دەم بەناوچەی (سلخ)ناسرابوو ،ڕۆژی ١/١٧ ئەو فڕۆکەی لومومبای دەگواستەوە لەبری (بکوانە) ڕووی کردە کاتانگا و لەوێش دا هەواڵی کوژرانی لومومبا بڵاوکرایەوە بێ ئەوەی هۆکارەکانی ڕوون بکرێنەوە ، ناسنامەی بکوژەکانیش کە کردەوەکەیان جێبەجێکرد تائێستا نەزانراوە.. هەرچەندە زۆرینەی بەڵگەکان ئاماژە دەکەن بۆ سەرۆك (ئایزنهاوەر) وەك خاوەن تفویض لە مەسەلەکەدا .. بۆ (C.I.A)یش وەك هاوەڵی پلان ڕێژو دژەکانی لومومبا لە کۆنگۆ وەك جێبەجێکارانی پلانی تیرۆر کردنەکە.

بەو جۆرە (C.I.A) قوتار بوو لەڕابەرێکی جەماوەری وەك (لومومبا)لە جێگەکەشیدا دیکتاتۆرێکی سەربازی پێشێل کەری مافەکانی مرۆڤ وەك ژەنەراڵ (مۆبۆتۆ)ی دانا ..مۆبۆتۆ پاش کەمێك لە جڵەوگرتنە دەستی بویە یەکێك لەهەرە دەوڵەمەندەکانی دونیاو سامانەکانی بە (٣ملیار دۆلاری ئەمریکی) مەزەندەکرا. لەلایەکی ترەوە (C.I.A) پەیوەندیەکانی خۆی توندو تۆڵ کرد لەگەڵ دەزگای

موخابەراتی باشوری ئەفریقای ڕەگەز پەرست هەرلەسەرەتای دروست بوونی دەزگاکەوە لەسالّی (١٩٦٩)دا یان لەبارارە بلّێین (C.I.A) دەزگای موخابەراتی باشووری ئەفریقیای ڕاهێناو مەشقی پێکرد و دایمەزراندو ئامادەباشی پێبەخشی بۆ ئەوەی یارمەتی بدات و هاوکاری بکات بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شۆرشە ڕزگاری خوازەکان لەبەشی باشووری ئەفریقیادا ،وەلەسالّی (١٩٧٧)دا جێگری پێشووی بەڕێوەبەری موخابەراتی ئەفریقیای باشوور دووپاتی ئەم ڕاستیانەی کردەوە کە گووتی (کادرەکانمان لەسەر دەستی موخابەراتی ئەمریکادا مەشق دەکەن ،ئێمە کات ناکاتێك دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەلّ گەورە کاربەدەستانی (C.I.A)و موخابەراتی

* مۆبیا (لە ڕاستەوە) بە گوریس بەستراوەتەوە و بە شەقامەکاندا دەیگێڕن و ئامادەی دەکەن بۆ تیرۆر کردنی (وێنە بچوکەکەی ژێرەوە) ... سودمەندی هەرە گەورە لە کوژرانی لۆمۆمبا ، دیکتاتۆر مۆبۆتۆ لە یەکێك لە کۆنگرە ڕۆژنامە نوسیەیە ئامۆکانیدا ، مۆبۆتۆ سەرەڕای ئاوانە یەك لە دوای یەکەکانی کەچی پشتگیری بێ سنووری دەکرا لە لایەن (C.I.A) ەوە ...) .

ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا گرێدەدەین بەمەبەستی گۆڕینەوەی زانیاری سیخوڕی و دارۆشتنی پلانی ئیستراتیژی لونیێوانهەرسێ دەزگا موخابەراتیەکەدا) هەروەها ڕۆژنامەڤانی ناسراوی بەریتانیاش (ئەنتۆنی سامپسۆن)یش دووپاتی ئەم پەیوەندیە بەتینەی کردەوە بەوەی دەڵێت (تۆڕی (C.I.A) لە بریتۆریا - باشووری ئەفریقیا - پشت بە ڕاپۆرتی موخابەراتی باشووری ئەفریقیا دەبەستێت دەربارەی بزوتنەوە ڕزگاری خوازە ئەفریقیەکان و چالاکیەکانیان)شیاوی ئاماژە پێکردنە موخابەراتی باشووری ئەفریقیا کەناسراوە بە (بوس)بۆپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە دەرەکیەکانی وڵات هاتۆتە دامەزراندن لێرەوەش بەرپرسیارێتی چاودێری کردنی دەزگاکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بەسەردا درا لە دوای ڕاستەوخۆ بەستنەوەیەوە بەسەرۆکایەتی حکومەتەوە بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایەش درایە دەست ژەنەراڵ (هندریك ڤاندنبرگ)دۆستی ناسراوی تێزی مارکسیەت و دوژمنی قین لە دڵی گەلانی ڕەش پێست ... هەروەها ڤاندنبرگ خۆیکردە بەڕێوەبەری دەزگای پۆلیسی ناوخۆ لەساڵی (١٩٦٣)دا لەدوای گەشەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کەتا ئێستاش کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی لەباشووری ئەفریقیا سەرۆکایەتی دەکات هەروەها پێویستە ئاماژەش بدەین بەوەی دەستنیشانکردنی ڤاندنبرگ بۆ ئەو پۆستە باڵایە هەروا هەڕەمەکی نەبوو بەڵکو بەپێی پلانێکی تۆکمەی داڕێژراو بوو لەلایەن سەرۆکی حکوومەت لەو کاتەدا (جۆنفۆستر) (هاوەڵی ڤاندنبرگ لەبزوتنەوەی نازی ماوەی جەنگ و هاوڕێی زیندانیشی دا لە هەمان ماوەدا) جگە لەوەش ئاتاجمان هەیە بەئەنگوست ڕاکێشان بۆدژایەتی زۆر ی ڤاندنبرگ بۆ ڕەشپێستەکان لەباشووری ئەفریقادا کە گەشتە ڕادەیەك ژمارەی ئەو زیندانیە سیاسیانەی بەهۆی ئامێرەکانی ئەشکەنجەدانەوە گیانیان لە دەست دا بە(٤٨)پیاوەزندەکرا ئەمەش وایکرد لەحکومەتی باشووری ئەفریقا تالە ساڵی (١٩٧٨ز)دا ڤاندنبرگ لە پۆستەکەی لابدات و بەرپرسێکی میانە ڕەو دەستنیشان بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئاسایشی

دەوڵەت ...سەرەڕای ئەو خەسڵەتە ڕەگەز پەرستانەی حکومەتی باشووری ئەفریقیاو موخابەراتەکەی (بوس)هەیان بوو کەچی وولاتە یەکگرتووەکان و (C.I.A) بەتایبەت پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا توندوتۆڵ کردلەبەر چەندین هۆکاری ئیستراتیژی وەك بۆ نمونە ئەگەری چاودێری کردنی جمو جوڵەکانی سۆڤیەت و کوبا لە مۆزەمبیق و ئەنگۆلادا...

هەروەها بەکار هێنانی بەندەرەکانی دەوروبەری (رأس الرجاء الصالح) بۆ چاودێری کردنی جموجوڵە دەریاوانیەکانی سۆڤیەت و ژێر دەریاییە ناوکیەکانی (مۆسکۆ) ... لەقۆناغێکی پەیوەندی گەشە سەندووی نێوان وولاتە یەکگرتووەکان وباشووری ئەفریقیادا (C.I.A) ڕاپۆرتی مانگانەی نهێنی لە (بوس)ەوە پێدەگەیشت دەربارەی جموجوڵەکانی سۆڤیەت و کوبا لە مۆزەمبیق و ئەنگۆلادا لەلایەکی ترەوە(C.I.A)هەستا بەناردنی هەندێك لەپیاوەکانی بۆ سەنتەرەکانی پەیوەندی سیخوڕی سەربە (بوس)لەناوچەی (المنجم الفضی) نزیك (کاپتاون)..لەوێندەرێوە پیاوانی (C.I.A) دەستیان کرد بەناردنی ڕاپۆرتی نهێنی بۆ سەنتەری ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لە(فۆرتمیت)لە وولاتە یەکگرتووەکان لەڕێی سەنتەری پەیوەندیە حکومیە بەریتانیەکان .لەکاتێکدا باسکی (بوس)ئەستوربوو حکومەتی باشووری ئەفریقیا بەڕابەرایەتی سەرۆکی حکومەت (فۆرستر)و هاوڕێ ڕەگەز پەرستەکەی (ڤاندنبرگ) بە جدی بیریان دەکردەوە لە بڵاو کردنەوەی پروپاگەندەی تایبەتی خۆی لە جیهاندا وەك ئەو کردەوەی ڕاگەیاندنی ئەمریکاو سۆڤیەت دەیکەن ساڵی (١٩٧٢ز)(کۆنی مۆڵدر)ی وەزیری ڕاگەیاندنیان ڕاسپاردبەهەستان بەم ئەرکە پروپاگەندەییە بۆ کەسبکردنی ڕای گشتی ئەوروپی و ئەمریکی و گۆڕینی بەرەوتی دژایەتی کردنی ڕەش پێستەکان لەبریتی هاوسۆزبوون لە تەکیاندا... هەروەها حکوومەتی باشووری ئەفریقیا بڕی (٧٣ ملیۆن)دۆلاری ئەمریکی تەرخانکرد بۆ یەکێك لە کادرەکانی بەناوی (د.إسکال رودی)بۆ جێبەجێکردنی پلانی کردەوە پروپاگەندەییەکەو دامەزراندنی

دەزگاو دامەزراوەی گونجاو بۆ پرۆژەکە بەو شێوەیە (بوس) یەکەم ڕۆژنامەی پروپاگەندەیی لەباشووری ئەفریقیا دا بلاوکردەوە بەمەبەستی قەلاچۆکردنی کارەکانی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی)و ناوی ڕژنامەکەشی نا (هاولاتی) هەروەها (١٠ملیۆن)دۆلاری تەرخان کرد بۆکڕینی ڕۆژنامەی (ئەستێرەی واشنطن)((واشنطن)ستار) لەڕێگەی بلاو کاری ناسراوله (میتشیگن)(جۆن ماك گۆف)ەوە بەلام سەندیکای ڕۆژنامەکە بەلێندەرایەتی فرۆشتنەکەیان ڕەفز کردوو ڕێگەیان بە فرۆشتنی ڕۆژنامەکە نەدا لە بەریتانیاش (بوس)توانی دزە بکاتە نێو ڕیزەکانی دوو دامەزراوەی خێرخوازەو، یەکەمیان ناوی (هاریکاری مەسیحی)هەلگرتووەو کاردەکات بۆ قەلاچۆکردن و بنەبڕکردنی برسێتی لە جیهاندا دووەمیشیان دامەزراوەی (کنون کلینز)ی پەروەردەیی بوو ئەمیش دامەزراوەیەکی خێرخوازەو تایبەتە بە چاودێری کردن و فێرکردنی ڕەش پێستەکان لەبەشی باشووری ئەفریقیادا بەلام حکومەتی بەریتانیا ئاگاداری دا بەهەردوو دەزگاکە دەربارەی ناسنامەی دزەکارەکان و ئەو لایەنەش کەلە پشتی دزەکردنەکەوە دەوەستێت لە (نەرویژیش)(بوس) حیزبێکی ڕاست ڕەوی هاوسۆزی باشووری ئەفۆیقیای تەمویل کردئەمە لەکاتێکدا هەمان موخابەرات کاری دەکرد بۆ دەستگیرۆیی کردنی هەلمەتی هەلبژاردنی (جیرالد فۆرد) بۆسەرۆکایەتی وولاتە یەکگرتووەکان هەلمەتەکانی هەلبژاردنی هەریەك لە (صموئیل هیکوا)بۆ ئەندامێتی کۆنگریسی ئەمریکی لەسالی (١٩٧٦ز)(روجر جیبسون)دژی سیناتۆر دیك کلارك لەسالی (١٩٧٨)دا هەرلەلایەن (بوس)ەوە تەمویل کران .. وەلێ ئەم هەلمەتە پروپاگەندەییانە کە حکومەتی (فورستر)لە میانەی دەزگای (بوس)ەوە پێی هەلدەستا هێدی هێدی شکستیان هێناو لێك هەلوەشان لەدوای (ڕیسواییەکەی مۆلدر)(واتە کۆنی مولدری وەزیری ڕاگەیاندن)کەتۆمەت بارکرا بە سودگەڕایی تایبەت لەمیانەی ئەو کردەوە پروپاگەندەییانەی بۆ حیسابی تایبەتی خۆی پێی هەستابوو..دوابەدوای ئەم ڕیسواییە (فورستر)لە پۆستەکەی دەستی کێشایەوە

لەجێگـەیدا (ب.دبلیـو.بۆتـا)هـەڵبژێررا ئـەم هەوڵـەکانی چڕکـردەوە لـە چۆنیــەتی قوتارکردنی باشووری ئەفریقیا لەو دابڕانـە ڕامیاریـەی لــە ئـەوروپادا هەیـەتی وەقـایل کردنی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بۆدوبارە پڕ چەککردنەوەی سوپاکەیی و یارمـەتی دانـی لـەڕووی (لوجستی)و کوشـتەوەریەوە ...بـەڵام هەڵوێسـتە ڕەگــەز پەرسـتانەکەی (بۆتا)لەدژی هاوڵاتیە ڕەش پێستەکان لە وڵاتەکـەیدا لــە ڕوی جەوهـەرەوە جیـاوازی نـەبوو لــە گـەڵ هەڵوێسـتەکانی فورسـتر دا جگـە لـەوەی ئـەم لەسیاسـەتە ڕەگـــەز پەرستانەکەیدا پشتی بە موخابەراتی سەربازی دەبەست لەبری دەزگای (بوس) کـەناوی لێنا (دەزگـای موخابـەراتی نیشـتمانی)لەسـاڵی (١٩٧٨) هـەروا لـەڕووی چـالاکی سـیخوڕی ئەفریقیـەوە (ڕیشـارد بیسـل) جێگـری بەڕێوەبەرایـەتی پــلان دانــان لــە (C.I.A)دا ژیانی سیخوڕی لەو بەشەی جیهاندا بەم چەند دێـڕە کـورت دەکاتـەوە : (جیــهانی سـێهەم باشــترین گۆڕەپانــە بـــۆ جێبــەجێکردنی کـــردەوە نهێنیــە سـیخوڕیەکان،هەمیشـە دەوڵەتـە دواکـەوتووەکان دەسـەڵاتداریێتی لاواز و دەزگـــای ئاسایشی ساکار جلەو گیرن تیایدا،حیزب و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان ناوچـەی نفـوزی جۆراو جۆر لە وڵاتدا داگیر دەکەن)،لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا کە (بیسل) باسـیان لێـوە دەکات ،ئەگەر نەڵێین تاکە نمونەی ئـەو وڵاتانـە ئەنگۆلایـە ،کەسـەر بـەخۆیی خـۆی لەنێوکەش و هەوایەکی ڕامیاری و سەربازی پڕ گرێ و گوڵدا بەدەسـت هێنـا ،پاشـتر بوویە گۆڕەپانی ئەزموونی سیخوڕی لەنێوان ((K.G.B) و C.I.A)دا ئەمـەش پـترو پتر یەکپارچەیی ئەنگۆلای لێکترازاند و ئـەو وڵاتـەی کـردە پاشـکەوتو تریـن وڵاتـی جیهان.لە دەمێکدا دەوڵەتەکانی ژێر کۆلۆنیالیزم بەشێوەی هێدی هێدی سـەربەخۆییان وەردەگرێت ،ئـەنگۆلا بـاجی خوێنـی دەدا بـۆ وەرگرتنـی سـەربەخۆیی لــە دەوڵـەتی پورتوگال کەلەشەسـتەکاندا پیـاوە ڕەقەکـە (انطونیـودی اولیفـیرا سالازار)ڕابەرایـەتی دەکرد... ساڵی ١٩٦١ سالازار بۆچوونی خۆی دەربارەی بزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی ئەفریقی لە ئـەنگۆلا بـۆ یـەکێك لەدبلۆماسیـەکانی ئـەمریکا بـەم دەسـتەواژەیە ڕوون

دەکاتـەوە : ((تاکـە نەتەوایـەتی لەئـەنگۆلاو مۆزەمبیـق بریتیـە لـە قەومیـــەتی گـــەلی پورتوگال)). هەروەك ســالازار توانــی بــووی لــەو فەرمانــە ســەربازیانەی بــۆ سـوپای پورتوگالی دەردەکرد تەرجەمەی ئەم بۆ چونەی بکات لە تێکشـکاندن و لــەنێو بردنــی نیشتمان پـەروەرانی ئـەنگۆلادا ... بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەم هەڵوێسـتە ڕەق و چـەق بەسـتوانەی سـالازار ،وولاتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا لەنەتـەوە یـەکگرتووەکان دا ڕەخنەی توندو تیژی لەو ڕابەرە پورتوگالیە گرت ،و داوای لێکرد کارئاسـانی بکـات بۆ پاشە کشێی سوپای پورتوگـال لـە ئـەنگۆلا بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە هـەروەها وڵاتـە یـەکگرتوەکان دەسـتی کـرد بـەناردنی یارمـەتی پزیشـکی و دارایـی بـۆ حکومـــەتی شۆڕشگێڕی ئەنگۆلا لە مەنفا بەڕابەرایەتی (هۆڵدن روبرتو).

بەڵام زۆری نەبرد سیاسـەتەکانی (واشـنطن)گۆڕانیـان بەسـەردا هـات دوای ئـەوەی (C.I.A) هەسـتی کـرد بـەوەی کەپێویسـتە پشـت ببەسـتێت بـەبونی پورتوگـــال و جێبەجێکردنی کـردەوەی سـەربازی ئیسـتراتیژی لەناوچـەی (ئـازورس)لەنێوەڕاسـتی زەریای ئەتڵەسی دا..

بۆ پێکهاتنـەوە لەگـەڵ بەرژەوەندیـەکانیدا (واشـنطن)هاریکاریـەکانی بـۆ حکومـەتی شۆڕشگێڕی ئەنگۆلا وەستان و دەستی کردە پڕچەك کردنی سـوپای پورتوگـال و لـەم میانەیەدا فڕۆکەی جەنگی پێویسـتیَ دابـین کـررد بـۆ سـەرکوت کردنـی بزوتنـەوەی نیشـتمان پـەروەرانی ڕەش پێسـت لـە ئـەنگۆلادا ،لـەم کاتـەدا چـەند ڕێکخراوێکـی شۆڕشگێڕی تر دەستیان بەچالاکی کردبوو لەنێو هۆزەکـانی گـەلی ئـەنگۆلاداو هـانی خەڵکیان دەدا بۆسەر بەخۆیی تەواو لە پورتوگال .

لـەنێو ئـەو ڕێکخراوانـەدا (یـەکێتی نیشـتمانی بــۆ ســەربەخۆیی تــەواو)دەبیـنرا بەسـەرۆکایەتی (جۆنـاس سـایڤیمبی)کەلەسـاڵی ١٩٦٦دا لـەبزوتنەوەکـەی سـەرۆکی حکومەتەکەی مەنفا (ڕۆبرتو)جیابوویەوە ...

شایەنی باسە ڕابەرایەتی (ڕۆبرتۆ) هێدی هێدی لە پاشەکشەی دەدا ،لەدوای ڕاوەستاندنی هاوکاری ئەمریکیەکان بۆی ،سەرەڕای گرنگی ئەورۆلەی دیکتاتۆری کۆنگۆ(زائیر)ژەنەراڵ (مۆبۆتۆ)ڕۆبرتۆو یەکێك لە گرنگترین هاوپەیمانەکانی دەیگێڕا سەرەڕای دان نانی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا لەساڵی ١٩٦٤دا بەشەرعیەتی حکومەتەکەی (ڕۆبرتۆ)دا.

ئەمەو درەوشانەوەی ئەستێرەی (بزوتنەوەی شەعبی بۆ ڕزگارکردنی ئەنگۆلا)کەلەسالآنی ١٩٥٦دا دامەزراو کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی بەر فراوان لەنێشتمان پەروەرە ڕەش پێستەکانی دانیشتووی لوانداو بەشی ڕۆژهەڵات ،لەدەوری ئەم بزوتنەوەیە ترازاوەکانی هێزی لە ئەنگۆلادا گۆڕی و ئیستراتیژیەتی ڕێکخراوەکانی تریشی بەهەمان شێوە گۆڕی نەخاسمە ڕێکخراوی (یەکێتی نیشتمانی)... جگە لەوەش ئەمانە کاریان نەکردە سەر هێزو بێزی (بزوتنەوەی شەعبی بۆ ڕزگارکردنی ئەنگۆلا)کەتوانی بووی دانپێدا نانی (زامبیاو یەکێتی سۆڤیەت)بۆخۆی مسۆگەر بکات.. و ڕۆڵی حکومەتەکەی مەنفای بەڕابەرایەتی (ڕۆبرتۆ) لە قالب دا، بەتایبەت کە لەساڵی ١٩٧١دا (ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا)دان پێدانانی خۆی بەحکومەتەکەی (ڕۆبرتۆ)دا کێشایەوە..

ئەمەو (ڕۆبرتۆ) کۆڵی نەداو ڕێکخراوێکی نوێی دروستکرد و ناوی لێنا(بەرەی ڕزگارکردنی ئەنگۆلا)و لەنێوپایتەختی کۆنگۆ (لیوبوفیل)(واتە کینساشای ئێستا)وە دەستی کردەوە بەچالاکی .

لەگەڵ بەردەوامی پشێوی لە ئەنگۆلادا ،کۆمەڵێك ئەفسەری چەپ ڕەو لەپورتوگال توانیان ڕژێم بڕوخێنن و دەست بەسەر حوکم دا بگرن لەدوای لەکار خستنی جێگرەکەی سالازار (مارشیلۆ کاپاتانۆ).. لەیەکەم پەخش نامەیدا ،ئەفسەرە ڕزگاری خوازەکان ڕایان گەیاند :پاشەکشەکردن لەئەنگۆلا یەکێکە لە سەرەکیترین ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیان،ئیدی پاشەکشە لەئەنگۆلا زۆر نزیك بوو ... لەنێو کورەی ئەم

ئاڵوگۆڕە خێرایانەدا ،(C.I.A) دەستی کردە ئامادەباشی وەرگرتن و خۆسازدان بۆ چەند کردەوەیەکی نهێنیلەئەنگۆلادا بەئامانجی سنووردانانێك بۆ بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی (بزووتنەوەی شەعبی)هاوسۆزی سۆڤیەت و گەشتنی بە حوکم لەدوای گەڕانەوەی سوپای پورتوگال ... لەبەر ئەوە سەرۆك (جیراڵد فورد)سەرانی (C.I.A)ی ڕاسپارد و سەربەستی کرد لەبەکارهێنانی (۳۲ملیۆن)دۆلاردا بۆ جێبەجێکردنی ئەم کردەوە نهێنیانە ...ئەمەو وەزیری دەرەوە (هنری کیسنجر)بەتوندی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەپێویستە کردەوەکان بەنهێنی بێننەوە لەبەر دووهۆکار یەك لەو هۆکارانە ناوخۆیی بوون و پەیوەندی هەبوو بەڕادەی گرژی و ناسکی پەیوەندیەکانی نێوان ((مۆسکۆ) وواشنطن)ەوە... سەبارەت بەو ملیۆنەها دۆلارەی (C.I.A) لە ئەنگۆلا دابەشی کرد نیوەی چووە گیرفانی (مۆبۆتۆ)ی دیکتاتۆری کۆنگۆ وە کەرۆلی ناوەند گیری دەبینی لەنێوان (C.I.A) ی هاوپەیمانی هەمیشەیی و (ڕۆبرتۆ)ی میوانیدا... ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی لە باشووری ئەنگۆلا بەسەرۆکایەتی (سافیمبی)وەککارتی گوشار لە دەستی موخابەراتی باشووری ئەفریقادا مایەوە،بەهۆی نزیکی سنوورەکانیەوە لەو ناوچەوە کەسوپای باشووری ئەفریقا و نامیبیا پێگ دەگەن.

سەبارەت بە بزوتنەوەی شەعبی لەدوای پاشەکشەی پرتوگالیەکان ،وادەر کەوت بەهێزترین گروپ و جەماوەردارترینیان بێت ،ئەمەش وایکرد لە (C.I.A) و مۆبۆتۆی بەکرێگیراویان کە ئەنگۆلا لەباکورەوە داگیر بکەن بەهۆی چەند دەستەیەکی سەر بەمۆبۆتۆ وە لەسەربازەکانی سوپای تایبەتی مۆبۆتۆهەروەها هێزەکانی ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی بەهاوکاری سوپای باشووری ئەفریقا بەشی باشووری وڵاتیان داگیر کرد لە هەوڵێکدا بۆ دابەشکردنی پەنیرەکە بەر لە قووت درانی.. لەبەرانبەر ئەم ڕەوشە سەربازیەی دژی (بزوتنەوەی شەعبی)بەرپاکرا لەپایتەخت و ناوچەکانی ناوەڕاستی وڵاتدا هیچ ڕێگە چارەیەك لەبەردەم سەرانی بزوتنەوەکەدا نەما جگە

لەهەڵبژاردنی ڕێگە چارەی دەست تێوەردانی ڕاستەو خۆی (کوبی-سۆڤیەتی) بۆ ڕزگارکردنی ئەو برە نفوزە مارکسی و شیوعیەی لەوڵاتدا ماوەتەوە.

(بەکری گیراوێکی موخابەراتی ئیسرائیل، لە لەردەن فەرمانی خنکاندنی بەسەردا دراوە).

لەئاکامی ئەم دەست تێوەردانەی کوبادا ،خەرجیەکانی (C.I.A) بەشێوەیەکی نائاسایی زیادی کرد،ئەمەش وایکرد کۆنگرێسی ئەمریکی کەمێك بسلەمێتەوە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی ئەنگۆلادا و نەخاسمە لەڕووە مادیەکەیەوە... ئەم ڕەوشە خۆی سەپاند بەسەر ئیدارەی ئەمریکادا ،ئەمیش بەڕۆڵی خۆی داوای

لەهاوپەیمانە ئەورووپیەکانی کرد تاکو هاوکاری مادی و سەربازی پێشکەش بکەن بۆ قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیزم لە ئەنگۆلادا .

وەلێ هیچ کەسێك بەئاشکرا بەدەم ئەم داواکاریەوە نەهات جگە هەندێك مورتەزیقەی بەریتانی کە بەرەزامەندی حکومەتی بەریتانیا نێردرانە ئەنگۆلا بۆ پێکدادان لەدژی بزوتنەوەی شەعبی مارکسی ... هەروەها دوو کۆمپانیای بەریتانی (کۆمپانیای راکاڵ بۆ پەیوەندیەکان و کۆمپانیای تینی کیشاوەرزی) بەشداریان کرد لەهاوکاری کردنی رێکخراوی (یەکێتی نیشتمانی)لەباشوور بەکەرەستەو خواردەمەنی بۆ بەردەوام بوون لە کوشتاری شیوعی و نیشتمانیەکان ..سەرەرای دەست تێوەردانی راستەو خۆی ئەمریکا و باشووری ئەفریقا لەکاروبارەکانی ناوخۆی ئەنگۆلادا ،کەچی بزوتنەوەی شەعبی توانی لەساڵی ١٩٧٦دا جێپێی دەستەڵاتەکەی قایم بکات و لەسەر هەردوو ئاستی ئەفریقی و نێو دەوڵەتیشدا شەرعیەت بۆ حکومەتەکەی مسۆگەر بکات .. ئەم مەسەلەیە بووە هۆی بەپەلە پاشەکشەکردنی ئەمریکا لە مەسەلەی ئەنگۆلادا ،لەپاش بریاری کۆنگریس بەوەستاندنی هاوکاری مادی بۆ رێك و پێك کردنی بارودۆخی ئەنگۆلا ... کۆشکی سپی دەست بەرداری هاریکاری کردنی رێکخراوی یەکێتی نیشتمانی و هاریکاری باشووری ئەفریقا بۆ پر چەك کردن و مەشق پێکردنی رێکخراوی ناوبراو نەدەبوو کەتاکو مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە لەگەڵ شیوعیەکاندا دەجەنگێت .. وەلێ سەبارەت بەرێکخراوەکەی لەمەر رۆبرتۆ کەلەلایەن مۆبۆتۆ وە هاریکاری دەکرا، جەماوەری هێندە لەکەمی دەدا تارادەیەك تەنها ناوەکەی مابوو ،هیچ بوونێکی راستەقینەی لەمەیدانی ململانێدا نەمابوو.

بەهەر حاڵ لەوکاتەدا هەندێك ناوەندی رامیاری وایان لێکدەدایەوە گوایە دەست تێوەردانی ئەمریکا پێویست بێت بۆ بەربەست کردنی بڵاوبوونەوەی خێرای سۆڤیەت لەو کیشوەرە گرنگ و دەوڵەمەندەی سامانە سروشتیەکاندا..بەڵام هەندێك ناوەندی تر وای دەبینی ئەوکردەوە نهێنیانەی کە (C.I.A) پێی هەڵدەستێت دژی بزوتنەوە

ڕزگاری خوازە نیشتمانیە ئەفریقیەکان،پەیوەندی هەندێك دەوڵـەتی ئـەفریقی بـە وڵاتـە یەکگرتووەکانەوە تێکداوەو بۆتە هۆی داڕوخانی بەها مرۆییەکانی ئەمریکا لەجیـهاندا .. بۆیە لیژنـەی کاروبارەکـانی موخابـەرات سـەربەئەنجومەنی پـیرانی ئـەمریکا ئاکـامێکی دەستگیر بوو لە جەنگەکانی ئەنگۆلاوە ،ئاکامەکە بریتی بوو لەم ڕێژنـە دەسـتەواژەیە: (ئـەو کردەوانـەی (C.I.A) پێـی هەڵدەسـتێت پێچەوانەیـە لەگـەڵ سروشـتی ئـەو مەبدەئانەی ڕابەرایەتی ئەمریکای لەسەر دامەزراوەبۆ جیهانی ئازادی و دیموکراتی)..

هەروەها لەچەندین بۆنەی جیاجیادا کۆنگرێسی ئەمریکی دووپاتی ئەوەی کردۆتـەوە کەبزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئـەفریقا شۆڕشـی نیشـتمانی بـوون لـەپێناوی وەدەسـت هێنانی ئـازادی و سـەربەخۆییدا بـەرپابوون ،وەلێ دەسـت تێوەردانـەکانی (C.I.A)و ئیدارەی ئەمریکا وایکرد شۆڕشەکان ببنە هاوپەیمانی سۆڤیەت و ئـەو پـەڕی پێویسـتیان بەیارمەتی و هاوکاری ئەو هەبێت ، هەروا لەبواری توانج دان لەسیاسەتی (واشنطن)لە ئـەفریقادا ،زامبیـا لەنێوەڕاسـتی حـەفتاکاندا گووتـی:(ئـەو کودەتـا سـەربازیەی کـە (C.I.A) لـە زائـیر بـەرپای کـرد ،تەکـــەهوناتی زۆرێـــك لەڕابـــەرانی ئـــەفریقای سەلماندکەلەپشتی هەرکودەتایـەکی سـەربازی سـەرکەوتووەوە ،دەسـتی ڕۆژئـاوای لەپشتەوە دەبینین دەیجولێنن).لەلایەکی ترەوە (C.I.A) هەستا بەچـەند کردەوەیـەکی سـیخوڕیلەناوچەی ڕۆژهـەڵاتی نـاوین دا لـە هـەولێکی دا بـۆ مسـۆگەرکردنی دوو ئامانجی ئیستراتیژی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان .یەکێك لەو ئامانجانە دەستگرتن بوو بەسـەر پاشماوەو میراتیەکانی پادشانشینی بەریتانی و دوور خستنەوەی سۆڤیەت لەدەست گرتن بەسەر ئەو میراتە گرنگەدا ،کەبەنرخ مەزەندە نـاکرێت .. وەلێ ئاگـادارانی کاروبـاری موخابەرات یەکدەنگ بوون لەسەر بە(شکست خواردوو)لەقەڵەم دانـی ئـەو هەوڵانـە ،لەبەر چەندین هۆکار گرنگرتلاینیان خەفڵاندنی پێشهاتەکانی دوای جەنگی گەردوونی دووەم،وەتێنەگەیشـتن لـە سروشـتی بزوتنـەوە ڕامیـاری و نیشـتمانی و نەتەوەییـەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .. ساڵی ١٩٥٣ (C.I.A) پشتگیری کرد لـە شۆڕشـەکەی

رابەری نیشتمانی مصر (جمال عەبدولناسر) لەدژی شا فاروق، هاوڕێو دۆستی پادشا نشینی بەریتانیا، بەو هیوایەوە کە عەبدولناسر ئامادە بێت داگیرکەرێکی موحافیزکاری بەریتانی بگۆڕێتەوە بەداگیرکەرێکی لیبراڵی ئەمریکی، بەڵام رابەری مصری ئەمریکیەکانی هیوا روخاوکرد لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٥٥ەوە دەستی کرد بەوەرگرتنی هاوکاری سۆڤیەتی لەهەموو ئاستەکاندا، ئەوەش وایکرد لەفۆستر داڵسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوکاتدا کیم رۆزفیلتی پیاوی CIA تاکو سەردانی قاهیرە بکەنو لەگەڵ عەبدەولناسردا کۆبوونەوە گرێ بدەن، لەدواهەوڵیاندا بۆ قەناعەت پێکردنی عەبدولناسر تاکو پەیوەندی بکات بەو هێڵە نوێیەی کەئەمریکا لەجیهاندا کێشاویەتی.. ئەوەبوو هەوڵەکانی ئەو دوو پیاوە شکستی هێنا لەقەناعەت پێکردنی سەرۆکی مصردا کەپەیوەندیەکانی لەگەڵ کرملیندا توندوتۆڵ کردبوو، پاش راوەستاندنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەتەمویل کردنی بەنداوی ئەسوان، هەروەها بڕیاری خۆماڵی کردنی نۆکەندی سوێنسی کردو بەهاوکاریو تەمویلی سۆڤیەت دەستی کردەوە بەکارکردن لەپرۆژەی کەنداوی ئەسواندا.

لەسات و سەودایەدا کە CIA هەوڵی چاککردنی پەیوەندیەکانی دەدا بەحوکمی نوێوە لەقاهیرە، موخابەراتی ئیسرائیلی کەناسراوە بەمۆساد چالاکانە کاری دەکرد بۆ جێبەجێکردنی پلانە سیخوڕیەکەی کە لەژێر شیفرەی (پرۆژەی سۆزانی)دا ناونرابوو، بەئامانجی تێکدانی هەر پەیوەندیەك کەئەگەری سەرهەڵدانی هەبێت لەنێوان ئەمریکاو قاهیرەدان گەر نەڵێین تێکدانی لەنێوبردنو سڕینەوەی پەیوەندی ئاسایی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە.. لێرەوە مۆساد هەستا بەهێنانە ژێرباری ژمارەیەك هاووڵاتی مصری بۆ لێدانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەمصرداو تیرۆرکردنی دیبلۆماسیە ئەمریکیەکان لەمصر، لەهەوڵێکدا بۆ لکاندنی ئەو تۆمەتانە بەرژێمی نیشمانی مصر.. بەڵام ئەو هاووڵاتیانە مصریانە لەچرکە کۆتاییەکاندا پەشیمان دەبوونەوە لەناپاکی کردن بەرامبەر نیشتمانو شۆڕشی مصریو پرۆژی سۆزانی

ئیسرائیلیان جێبەجێنەدەکرد.. کەچی پێشهاتەکەی داهاتوو خزمەتی پلانە تێک دەرانەکەی مۆسادی کردو، CIAی بەجۆرێك لێنزیك کردووە کە هەندێك لەچاودێران وەسفی مۆسادو موخابەراتی ئەمریکا بە(دووانە خۆشەویستەکە) بکەن!! لەلایەکی ترەوە مۆساد، لەساڵی ١٩٦٠دا ئاگاداری ئەوەی وەرگرت ژەنراڵ مەحمود خەلیل بەڕێوەبەری پێشووی موخابەرات لەهێزە هەواییەکانی میسردا، توانیویەتی ٢٦ زانای فڕۆکەوانی و ڕۆکێت قایل بکات (لەنێو ئەو زانایانەدا دکتۆر یۆجین سانگر لەپەیمانگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بەفڕۆکەی فیشکەدار لەشتوتگارت) بۆ پەیوەندی کردن بەپرۆژەی بەرهەمهێنانی ڕۆکێتی میسری ئەو پرۆژەیە حکومەت بەهاوکاری لەتەك چەندین کۆمپانیای وەهمیدا کارسازی بۆکردبوو لەنێوانیاندا کۆمپانیای (انترا هندل) لەمیونخ و شتوتگارت، لەئاکامی ئەم زانیاریانەدا مۆساد (وولف گانگ لوتز)ی ئەڵمانی نەژادی بەکرێگیراوی خۆی ڕاسپارد بەسیخوڕی کردن بەسەر پرۆژەکەی میسرەوە وەك سەرەتا دروست کردنێك بۆ لێدان و تەقاندنەوەی بەرلەوەی کار لەکار بترازێت، لەوکاتەدا لۆتز، وەك هەر یەکێك لەبەکرێگیراوە نهێنییەکان هەستا بەگەشتێك بەئەوروپادا ئینجا لەپاریسەوە چووە قاهیرە، لەوێندەرێوە لەساڵی ١٩٦١دا توانی درزە بکاتە نێو جالیەی ئەڵمانیەکان و زانیاریەکی زۆری دەست بکەوێت دەربارەی پرۆژەی دروستکردنی ڕۆکێتە میسریەکە.

وەڵێ موخابەراتی میسری لەساڵی ١٩٦٥ بۆ ماوەی دوو ساڵ دەستگیری کرد، لەدوایدا لەگەڵ ٨ بەکرێگیراوی تری ئیسرائیلیدا بەرەڵلا کرا لەبەرامبەر بەرەڵاکردنی ٥٠٠٠ پێنج هەزار سەربازی میسریدا، کە لەشەڕی ساڵی ١٩٦٧دا سوپای ئسیرائیلی بەدیلی گرتبوونی.

لەئێرانیش CIA هەڵەی کرد لەخەملاندنی ئەو بارودۆخەدا کەوڵات پیایدا گوزەری دەکرد لەو ساتەوە کە شا گەڕایەوە بۆ دەسەڵات لەساڵی ١٩٥٣دا سەرەڕای گرنگێتی ئەو هاوپەیمانە موحافیزکارە لەکارئاسانی کردن بۆ کردەوە سیخوڕیەکان و گوێ شنەوتن کەموخابەراتی ئەمریکا لەدژی سۆڤیەت پەیڕەوی

دەکرد لەبنکەی (کابکـان بهشـار)ی بـاکوری ئێرانـەوە ،کـەچی (C.I.A) سنوری مـاقوڵی بەزاندلەچاوپۆشـی کـردن لەدڕنەیـەتی قوتابیـە بەنازەکـەی (سـاڤاك)دا،واتـە موخابەراتی ئێران کە دزێوترین مامەڵەی لەگـەڵ بەرهەڵسـتکارە ڕامیاریـەکانی وڵاتـدا دەکـرد.. هـەروەك چـۆن (C.I.A) کەوتـە هەڵـەوە لەمەزەندەکردنیشـەعبیەتی ئیمام(ئایەتوڵڵا خومەینی)دا ،کەڕابەرایەتی شۆڕشی ئیسـلامی گرتـە دەسـتو لەسـاڵی (١٩٧٩)داسەرکەوتنی بەدەست هێنا لەتێك وپێك شکاندنی ساڤاك و ڕژێمـی ڕاسـت ڕەوی موحافیزکار لەئێراندا .

(شۆڕشی ئێران بوو بەهۆی شەڕی شەقامەکان لە شارەکانی ئێراندا ،لەم وێنەیەدا دیمەنێکی لەم جەنگە لە شاری خورەمشەهر دا دەردەکەوێت)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی سەرۆك (کارتـەر)تاکـە سـەرۆکی ئـەمریکا بـوو لەریزی ئەوسەرۆکانەدا لەساڵی ١٩٥٣ وە هاتونەتە سەرکورسی حوکم لەئـەمریکادا ،کە ئاماژەی دابێت بەمەترسی سیاسەتەکانی شاو موخابەراتەکەیی وهەوڵی داوە فشاری بخاتـە سـەر بـۆوەی مامەڵـەی خـۆی لەتـەك نـەیارەکانیدا بگۆڕێـت ،بـەڵام

ئاگادارکردنەوەکانی چونکە درەنگ وەخت بوون،نەیان توانـی ڕێگـە بگـرن لەگەڵجـە موسوڵمانەکان لەئێراندا تاکو دەست نـەگرن بەسـەر بارەگـای باڵوێزخانـەی ئـەمریکا لـەتاران و دەسـت بەسـەردا گرتنـی کارمـەندانی باڵوێزخانەکـە بۆماوەیـەکی دورو درێژ،دیسانەوە ئەویش (C.I.A) ناچـارکرد تـاکو کردەوەیـەکی پوچـەڵ بکـات بـۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان ،لەئەنجامدا گرێ کوێرەی پەیوەندیەکانی نێـوان هـەردوو وڵات پتر ئاڵۆزبوو لەبری ئـەوەی بـە ئاشـتیانە چارەسـەر بکرێـت ،یـاخود ڕێ لـەڕوودانی بگیرێت بەرلەوەی کار لەکار بترازێت .

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین هەڵسو کەوتـە (هـەندێك جـار خۆهەڵقورتێنـەر)هـەندێك جـاریش زارۆییـەکانی (C.I.A) ،خزمـەتی موخابـەراتی سـۆڤیەتی و سیاسـەتەکانی (کرملین)ی کرد لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقادا،چونکە لەبری ئـەوەی بزوتنـەوە ڕزگاریە نیشتمانیەکان بقۆزرێنەوەو لەئاراستەی ڕەوتی دیموکراتیدا هاوکاری و تەبەنیان بکات،(C.I.A) کاری کرد بۆ گۆڕین،یان هەوڵی گۆڕینـی ئـەو بزوتنەوەنیشـتمانیانە ،بەڕژێمانێکی سـەربازی ڕاسـت ڕەو کەگاڵتـەی دەکـرد بەئاسایشـی هاوڵاتیـەکانی و سەربەستی و ئازادیشیان ،بوشنە هۆی لەکەدارکردنی ناوبانگی وڵاتـە یـەکگرتوەکانی پێشرەوی جیهانی ئازاد.

بەشی حەوتەم

﴿ هندی چینی ﴾

لەدوای سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لەچین لە ساڵی ١٩٤٩دا ،وداگیرکردنی کۆریای باشوور لەساڵی (١٩٥٠)دالەلایەن شیوعیەکانی کۆریای باکورەوە،وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەستی کرد ناچاربووە بەوەی سنورێك دابنێت بۆمەترسی بڵاوبونەوەی کۆمۆنیزم لە جیهاندا ،بەجۆرێك لەرۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەست پێبکات و لە ئەمریکای لاتینی دا کۆتایی پێ بێت .. و بە ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئەفریقی دا گوزەر بکات... لەبەر ئەوە (C.I.A) لەچوارچێوەی زنجیرە پلانەکانیدا ،پلانێکی دارێژرا بۆ بنەبڕکردنی شیوعیەت لە چین و دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنسا لە هندی چینی دا واتە ولاتانی لاوس ،کمبودیاو ڤێتنام ،بۆ گونجان لەتەك ئەم نەخشەیەدا ،(C.I.A) هەوڵی دا لەساڵی ١٩٥٣ دا،هەڵمەتێکی پروپاگەندەیی –رامیاری لەنێو خۆیی چین دا رێك بخات بەئامانجی روخاندنی رژێمی شیوعی بەرابەرایەتی (ماوتسن تۆنگ)،بەلام پلانەکە بەرلەوەی سەری لەهێلکە بجوقێت (دەربڕینی وەرگێڕی کوردیە)مرداربوویەوە،بەوەی لەنێو چین دا دوو بەکرێگیراوی (C.I.A) بەناوی (جۆن دۆنی) و (ریتشارد فکتۆ) دەستگیرکران.

لەئاکامی ئەم نشوستیەدا (C.I.A) جامی گرنگی دانی خۆی رۆکرد بەسەر هیندی چینی دا بۆ رێگەگرتن لە گەشتنی شیوعیەکان بەدەستەلات ،لەمیانەی ئەو شەڕە پارتیزانیەی سەرکەوتوانەوە کەلە دژی داگیرکەری فەرەنسا هەڵیان گیرساندبوو،کەلەپاش شکستیەکەی (دیان بیان یو)لەباکوری ڤێتنام لەساڵی (١٩٤٥ز)دا ئەو ولاتەی بەجێ هێشت ...فەرەنساییەکان کە ولاتەکەیان بەجێ هێشت

جلەوی حوکمیان دایە دەست کۆمەڵە گروپێکی ڕاست ڕەوی توندڕەو ،کە ڕاستەوخۆ هاوپەیمانیان لەگەڵ وولاتە یەکگرتووەکاندا بەرپاکرد،لەکاتێکدا ئەمی کۆتایی فرە بەپەرۆش بوو بۆگرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر دوژمنێکی شیوعیەت دابا هەرچی خەسڵەتێکیشی هەبوو بێت هەرلەو ماوەیەدا ئایزەنهاوەری سەرۆکی ئەمریکا (کۆلۆنێل ئیدوارد لانسداڵ یەکێك لە کۆنە پیاوەکانی) (نوسینگەی خزمەتگوزاریە ئیستراتیژیەکان)ی ڕاسپارد بۆ هەڵبژاردنی ڕابەرێکی ڤێتنامی کەتوانای هەبێت بەربەرەکانێی(هۆشی منە)بکات.

بەگوێرەی دان پێدانانیخودی سەرۆك ئایزنهاوەر کەلە یاداشتەکانیدا دەڵێت:(هەموو ئەوانەی وتووێژم لەگەڵدا کردوون لەبارەی ڕەوشی ڤێتنامەوە کەزۆربەشیان پسپۆر بوون لەکاروباری هینددی چینی دا ،دووپاتیان بۆ کردوومەتەوە کە(هۆشی منە)دەتوانێت پتر لە (٨٠٪)دەنگی ڤێتنامیەکانبەدەست بێنێت لەساتە وەختێکدا گەر هەڵبژاردنی سەربەست و ڕاستەقینە لەو وڵاتەدا بێتە ئاراوە)...

لەدوای ڕاسپاردنی بەو ئەرکە (لانسداڵ)بینی سەرۆکی ئەو دەمەی حکومەتی ڤێتنام باشترین ڕابەری ڕاستڕەوە بۆ ڕێکردن لەگەڵ کاروانگەی ئەمریکادا ...بۆیە وای بینی گواستنەوەی هاوکاریە مادی و سەربازی تەواوەکان بۆ نێو هەگبەکەی ئەم کابرایە زۆر باشترەلە دابەشکردنی بەسەر گرووپە ڕاستڕەوە جۆراوجۆرەکان یاخود کەسایەتیە ئیئتلافیە حکومیەکان ،هەروەها پێشنیاری سەرۆکی پێشوی ئەرکانی ئەمریکا ژەنراڵ(لۆتۆن کولینز)یشی کرد... جگە لەوەش (لانسداڵ)پێی وابوو کارتی جیاوازی طائیفی لەنێوان کەمایەتی کاسۆلیکی و زۆرایەتی بوزی لە ڤێتنام دا خزمەتی مەرامەکانی (واشنطن)دەکات لەقاڵب دانی (هۆشی منە)و ڕۆڵی شیوعیەکان لەباکوری وڵاتدا ... لەبە ئەوە (لانسداڵ)بەهاوکاری (C.I.A) دەستی کرد بەئامادەکردنی هەڵمەتێکی پالاَنتەو درۆ بلاَوکردنەوە لە ڤێتنامی باکوردا ،سەرەڕای چاندنی ترس و دڵە ڕاوکێ لەناخی کەمینەی کاسۆلیکی وڵاتدا لەڕێگەی چیرۆك و گێڕانەوەی

جۆراوجۆرەوەکەهانی پتر لە (٨٠٠هەزار)کەسیان دا کۆچ بکەن بۆ ڤێتنامی باشوور .لەگەڵ ئەوەشدا خەونەکانی (لانسدالّ)وەك خۆی هیوای دەخواست نەهاتە دی ،ئەوەبوو شەعبیەتی (هۆشی منە)زیادی کرد و بەرەو بەشی باشووریش درێژبوویەوە ،دوای ئەوەی بۆ ڤێتنامیەکان ئاشکرابوو سەرۆك وەزیرانی بەشی باشوور (نگودین دیام)چنیە،جگە بووکە شوشەیەك بەدەستی ئەمریکیەکانەوە کەبەڕۆڵی خۆیان یارمەتی دیکتاتۆرێکی ستەمکار دەدەن ،شیاوی باسە وولاتە یەکگرتوەکان لەنێوان سالانی (١٩٥٥-١٩٦٠)دا ،یەك بلیۆن دۆلاری ئەمریکیان وەك هاوکاری دابوویە رژێمی (دیام)وبراکەی(نگودین نهۆ)کە ڕاستەو خۆ لە ڤێتنامدا خزمەتی (C.I.A) ی کردبوو،ڕۆلێکی گرنگی بینی بوولەکاروبارەکانی ناوخۆی ولاتدا ..هەروەها پێویستە بێژین (دیام)لەتشرینی یەکەمی سالّی(١٩٥٥)دا لەدوای هەلّبژاردنێکی ساختە توانی دەستەلاّت بەسەر تەواوی ولاّتدا بگەیەنێت... ئەنجامی هەلّبژاردنەکە یاریدەی (دیام)ی‌دا تاکو ئیمپراتۆری لاوازی ڤێتنام لەوکاتەدا(باودای)لەکار بخات.

لەگەڵ دەستپێکردنی سالّی (١٩٥٩)دا شیوعیەکان جەنگێکی پارتی زانی سەرکەوتویان دژی ڤێتنامی باشوور دەستپێکرد ،توانیان سەرەڕای هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ ڕژێمەکەی (دیام)چەند گوندێکی سەرسنوری نێوان هەردوو ڤێتنام کۆنترۆڵ بکەن ،(ولیەم کولبی)بەڕێوەبەری تۆڕی (C.I.A) لە (سایگۆن)هەولّی دا دەرك بکات بەمەترسی ڕەوشەکە لەڕێی ڕێکخستنی ئەو پرۆژەیەی ناونرابوو (پرۆگرامی هملتی ئیستراتیژی)بەمەبەستی قایم کردنی ئەوگوندانەی هاوسنورن لەتەك ناوچەکانی نفوزی شیوعیەکاندا لەباکور،و مەشق پێکردنی لاوان لەسەر بەکارهێنانی چەکوکوشتارکردنی گەریلا پارتیزانەکان،بەلاّم پرۆگرامەکە بەفەزلّی سیاسەتەکانی دیکتاتۆری گچکە (نگۆدین نهۆ)(برای دیام)ەوەگۆڕا بۆ پرۆگرامی ڕەش بگیری کۆمەلّی،لەگەلّیشیدا گوندە سەرسنوریەکان بوونە کامپی بەر فراوانی دەستگیر کردن و تیایدا گروپە شەعبیە نەیارەکانی ڕژێمی دەستەلاّتدار دەستگیرکران و بەو جۆرەش

جەماوەری (هۆشی منە)زیادی کرد.هەروەها کولیی هەولی مەشق پێکردنی هۆزە ڤێتنامیەکانی لەناوچە شاخاویەکان و پرچەك کردنیانی بەچەکی پێویست بۆ قەلاچۆکردنی بلاوەکردنی کۆمۆنیزم دابوو.

هاولاتی‌یەکی بووزی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە لە سالی (١٩٦٣) دا بۆ ڕیسوا کردنی سیاسەتەکانی دیکتاتۆر (دیام) دژی بوزیەکان لە ولاتدا... ئەم وێنەیە کاری کرد لە ڕای گشتی جیهانی و کۆنگریسی ئەمریکی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کە زەرورە دەست هەل بگرێت لە پالپشتی کردنی ڕژێمەکەی (دیام).

بەلام ئەو پێشهاتە دراماتیکیانەی لە ڤێتنامی باشووردا ڕوویان دانەخاسمە ئەوانەیان کەپەیوەندیان بەسیاسەتەکانی (دیام وبراکەیەوە)هەیە بوونە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو هەولانەی کەدەرکران بۆ سازکردنی جەماوەری لە دژی هۆشی منە ... لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی دیام کاسۆلیکی بوو،سیاسەتەکانیشی کە پشتگیری دەکرد لە (واشنطن) بویە هۆی ڕق هەستانی زۆرینەی هاولاتیانی ولات کە بوزین لەم ڕوانگەیەشەوە بوزیەکان هەولە پروپاگەندەیەکانیان لەدژی دیام و براکەی پەرەپێدا لەسەرەتای شەستەکانەوە تاکو ڕادەیەك ئاپۆڕەیەکی زۆریان خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم مالەکەی دیام دا سازدا بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر شەوانە دەستگیر کردنی بەکۆمەلی بوزیەکان لەلایەن هێزە تایبەتەکانی ڕژێمەوە ،بەسەرۆکایەتی نهۆ .. وەلێ ئەو

هێزانە ڕێژنـەی گوللـەیان کـردە ئـاپۆڕەی خۆپیشـان دەران لەسـالّی ۱۹٦۳ دا، و ژمارەیەکی گەورەشیان لێ کوشتن ،بەو هۆیەوە ئەمریکیـەکان و کۆشکی سـپی لـەناو خۆو دەرەوەدا قەڵس و تـوڕە بـوون .. هـەروەها ئـەو هێزانـە هێرشیان کـردە سـەر پەرستگای بوزیەکان لە ولاّتدا و،زۆرێکیان لە (نساك)ەکانیـان گرتـن کـە هـەندێکیان ناچاربوون لەدژی سیاسەتەکەی دیام و وولاّتە یەکگرتوەکان لە گۆڕەپانـە گشـتیەکان ئاگر لەجەستەی خۆیان بەربدەن .

لەتشرینی یەکەمی سالّی ۱۹٦۳دا ،کۆمەڵێك لەئەفسەرانی ڤیێتنامی باشـوور توانیـان دەست بگرن بەسەر ولاّتدا لەڕێگەی کودەتایەکی سەربازیەوە کـە بـە هۆیـەوە(دیـام و براکەی)گیانیان لە دەست دا...وەتاکو مێژوی ئێستامان ،پەنجەی تاوانبـارکردن درێـژ دەکرێت بۆ ڕۆڵـی (C.I.A) لـەتیرۆر کردنـی هـەردوو براکـە دیـام و سـەرکەوتنی کودەتـا سـەربازیەکە دا.بەتایبـەت کـە ڕیسـواییەکەی (أوراق البنتـاغون)لــەم ڕووەوە دۆکیومێنتی گرنگی ئاشکرا کرد و دوپاتیشی کردەوە سـەنتەری سـەرەکی (C.I.A) لە ولاّتە یەکگرتوەکان تەعلیماتی دەرکردووە بۆ بالّوێزی ئـەمریکا لـە ڤیێتنـام (هـنری کابوت لوج)بەوەی بـەردەوام بێـت لـە ڕەتکردنـەوەی ئـەو تۆمەتانـەی دەدرێنـە پـالّ (C.I.A) لە مەڕ هاوکاری کردنی ئەفسەرانی کودەتاکـە ،هـەروەها دۆکیومێنتـەکان پەردەیان لادا لەڕووی ئەو پەیوەندیـە تۆکمەیـەی (C.I.A) دەبەسـتێتەوە بـە کودەتـا چیەکانەوە ... سەرەڕای نالەباری هەلّوێستی گشتی لە ولاّتدا ،ئـەمریکا یەکبینـە بـوو لەیارمەتی دانی حکومەتی ڤیێتنامی باشورو ناردنی پێداویستی و چەك و سەرباز بۆ ڤیێتنام ی هەژار بەو گومانەی گوایە پارچەیەك شیرینیەو قوتدانی زۆر ئاسانە.. بەلاّم شـیرینیەکە لە قورگی ئــەمریکادا گـیراو دەنگـی تاسـاند،وەك ڕابـەری جیـهانی ئـازد... هەرلـە شەستەکاندا (C.I.A) لەولاّتی(لاوس)گلا لە چەند کردەوەیەکی نهێنی یەوە ،ئەوەبوو لەدوای پاشەکشەی فەرەنسیەکان لــە سـالّی (۱۹٥٤ز)دا،جلـەوی حوکـم لەلایـەن (سۆڤانا نۆمـا)وە گیرایـە دەسـت کەسەردەسـتەی حکومـەتێکی میانـەڕەوی دەکـرد و

لەساڵی (١٩٥٨)دا قایل بوو بە بەشداری کردنی شیوعیەکان لەدەستەڵاتدا ،پاش ئەوەی (باثیت لاوا= حیزبی شیوعی)سەرکەوتنی ڕامیاری و ئینتخابی زۆر گرنگی لەوڵاتدا بەدەست هێنا... هەرچەندە لەو کاتەدا (C.I.A) قایل نەبوو بەبەشداری کردنی شیوعیەکان لە کابینەی حکومەت دا ،بۆیە بڕیاری دا یارمەتی گروپە ڕاست ڕەو توندڕەوەکان بدات بۆ بەرهەڵستی کردنی شیوعیەکان ،بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵە ئەفسەرێکی ڕاست ڕەو هەڵبژێردران ،لەنێوانیاندا ژەنراڵ (فۆمی نوسافان)دەبینرا کەتوانی لەساڵی (١٩٥٨)دا جڵەوی دەستەڵات بگرێتە دەست و (باثیت لاوا)یشی ناچارکرد بەئاشکرا حیزبەکە هەڵبوەشێنێتەوە و پەنا بەرێتە بەر شەڕی پارتیزانی نهێنی.

لەئەنجامی ئەم ڕوداوانەدا کەبارودۆخی ناوخۆی وڵاتی (لاوس)ی تێکدا. کودەتایەکی سەربازی تر لەدژی ژەنراڵ(فۆمی)پیادەکرا،لەو کودەتایەدا نەقیبێکی سوپا کەتەمەنی (٢٦)ساڵ بوو بەناوی (کۆنگ لاإیە)توانی دەستەڵات بگرێتە دەست و بانگێشی ئەمیر (سڤانا)ی کرد تابگەڕێتەوە و وەك سەرۆکی حکومەت دەست بەکاربێتەوە .هەرچەندە ئەم کودەتایە نەیتوانی بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر ژەنراڵ فۆمی دا چونکە ئەو بەهاوکاری (C.I.A) بەتایبەت هاوڕێی خۆشەویستی لە (C.I.A) دا (جاك هنری)بەسەر بەشی باشوری لاوس دا زاڵ ببوو.

لەکاتێکدا نەقیبی لاو هەوڵی دەدا قەناعەت بەئەمیر بکات ،بەزەرورەتی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی نیشتمانی کە هەموو گروپە لێك جوداکان بگرێتە خۆ بە کۆمەڵەکەی فۆمی و شیوعیەکانیشەوە ،(C.I.A) هێشتر پێداگربوو لەسەریارمەتی دانی فۆمی و سیاسەتە ڕەفزکەرانەکەی بۆ هەر ئیئتیلافێك لەتەك شیوعیەکاندا ... سەرەڕای بانگێشەکانی باڵوێزی ئەمریکا لە لاوس (وینتروب براون)بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی لەنێو هەموو گروپە ناکۆکەکاندا کەچی (C.I.A) سەرقاڵی قایل کردنی ئەمیر (سۆڤانا)بوو بەوەی دەست بەرداری هەڵوێستە میانەڕەوەکەی بێت و شەڕ لەسەر (باثیت لاو—حیزبی شیوعی)ڕابگەیەنێت،لەپێناوی ئەوەدا هاوکاری مادی و سەربازی

له (واشنطن)ەوە دەستگیربێت...وەلێ(سۆڤانا) مامەڵـەکردنی لەتـەك سۆڤیەت دا پێ باشتر بوو لـەبەرچەندین هۆکار دیارترینیان خۆشحاڵی ڕای گشتی (لاوس)بوو بەمامەڵـە لەتەك ڕووسەکاندا و ئەمیش بەڕۆڵی خۆی هاوکاری (سۆڤانا)وشیوعیەکانی کرد،دژی دەسـت تێوەردانـەکانی چـین و ئـەمریکا لـەلاوس دا ... یەکـەم فڕۆکـەی سـۆڤیەتی کەکەرەسـتەی خۆراکـی و سـەربازی هـەڵگرتبوو لەسـاڵی(١٩٦١)دا لـــە(هـانۆی ڤێتنامەوە) گەیشتە باکوری لاوس .

کاردانـەوەی فۆمـی لەسـەر ئـەم ڕوداوە زۆر تونـدو تیژو کاریگـەر بـوو ئـەوەبوو بـەهاوکاری (C.I.A)توانـی شـاری (فینتیـان)ی پایتـەختی لاوس کۆنـترۆڵ بکـات و هێزەکانی (سۆڤانا) و نەقیب (لاإیە)ی هاوپەیمانی ناچار کرد بەرەو بەشە بـاکوری لاوس پاشەکشە بکەن ... هەردوو گروپەکە هێندەی نەبرد ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوەو لە هاوکاریەکی شێوە گشتگیردا لە گەڵ شیوعیەکاندا بەپاڵپشتی ڤێتنام توانیـان بنکەیـەکی هەوایی داگیر بکەن لـەناوچەی(بلاد جار)دا کەتەنها (٥٠میل)لە سنورەکانی ڤێتنامـەوە دوورە .. ئەم کردەوەیە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕانیتـەرازوی هێزەکـان لە لاوس دا ،ڕوەو سەقامگیرکردنی جێ پێی هاوپـەیمانانی (مۆسـکۆ) لـەو وڵاتـەدا لـە هەمان کاتدا سەرۆك (جۆن کنیدی)پۆستی سەرۆکایەتی لە (واشنطن)گرتبوویە دەسـت لەدوای ئاهەنگی کردنەوەی پەیمانگای نوێ لە (١٩٦١/١/١٩)دا .

لـەیەکەمین هەنگاوی بەکردەوەیدا سەرۆك (کنیدی)داوای کرد لـــە (کەشـتی گـەلی ئوسطولی حەوتەمی دەریاوانی ئەمریکا ، تاکو لـە ڕۆخەکانی لاوس دا نزیك بکەوێتـەوە ،تاڕادەی هاویشتنی تۆپی مەدفەعی لـــە کەشـتیەکانەوە ،بـۆ ئامادەباشـی وەرگرتـن بـۆ ڕووبەڕو بوونەوە لە گەڵ هەریاخی بونێکی شـیوعیەکان لـەوڵاتی لاوس ... وەلێ ئـەم پلانە بوویە هۆی قەڵس کردنی هاوپەیمانەکانی (واشنطن)و ئەندامانی پرۆتۆکۆلی باشوور – ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ،یساریدەدەرانی سـەرۆك (کنیـدی)یـش پەسـتبوون چونکـە ئـەوان لەلایەکی ترەوە لـەسەر داواکاری سەرۆك پلانێکیان داڕشتبوو بۆ تێوەگلانی هاوپەیمانـە

ڕۆژئاواییەکان لەشەڕێکەوە دژی یاخی بوانی لاوس لەژێر پەردەی ڕێکخراوی (پەیمانی باشووری –ڕۆژهەلاتی ئاسیا)و ڕەزامەندی سەرجەم ئەندامەکانی ...

بەکردەوە هەنگاوەکەی سەرۆك (کنیدی)شکستی خۆی سەلماند لەبواری هاوکاری لەتەك دەوڵەتە دۆستەکاندا ،ئەوەبوو هەریەك لە فەڕەنساو بەریتانیا ملە جەڕێیان کرد لەپاڵپشتی کردنی بڕیارەکەی (کنیدی)ویارمەتی دانی سەربازی ئەو بڕیارە لەبەرەی ڕۆخەکانی لاوس دا سەرۆك (کنیدی)لەوتارێکی تەلەفزیۆنی دا ڕۆژی (١٩٦١/٣/٢٣)وەڵامی هەڵوێستی هاوبەشی فەڕەنساو بەریتانیای دایەوەو ووتی (دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان خۆیان دەبینن چۆن ناچاردەبن بەدووبارە بیرکردنەوە لەبڕیاری دەست تێورنەدانەکەیان، لەکاتێکدا شیوعیەکان هێرشی کۆتاییان دەست پێدەکەن بۆسەر لاوس ،بەمەبەستی لکاندنیەوە بە هاوپەیمانیەتیەکەی سۆڤیەتەوە) لەلای خۆیانەوە، ڕابەرانی (کرملین)قایل بوون بەپێشنیارێك بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نێو دەوڵەتی سەبارەت بەلاوس ،وەناوەند گیری بەریتانیا بۆ ئاگربڕ لەنێوان لایەنە پێك هەڵپژاوەکانی ئەو وڵاتەدا .

بەو جۆرە ١٤ دەوڵەت لە ئایاری (١٩٦١)دا کۆنگرەیەکیان لە (ڤیەننا)دەربارەی ڕەوشی ناکۆکیەکانی (لاوس)گرێدا ،لە میانەیدا ئەمیر(سۆڤانا)داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کرد کە سەرجەم لایەنە ناکۆکەکان بە شیوعی و گروپەکەی (فۆمی)شەوە تیایدا بەشداربن .. وەلێ ژەنراڵ(فۆمی)جارێکی تر بەشداری کردنی شیوعیەکانی ڕەتکردەوە بەو هیوایەی (C.I.A) بەردەوام بێت لە هاوکاریکردنی لە پێناوی دەستەڵات سەپاندن بەسەر جیهاندا وەلێ ڕەشەبا بەپێچەوانەی ئاواتی کەشتیەکانی (فۆمی)یەوە هەڵی کرد، ئەوەبوو (جۆن ماکون)بەڕێوەبەری (C.I.A) لەوکاتەدا فەرمانی بەهەموو پیاوەکانی دا لەناوچەکانی نفوزی (فۆمی)بکشێنەوە و (فۆمی) وپیاوەکانی بەجێ بهێڵن لەبەردەم جەنگی پارتیزانی شیوعیەکاندا.

هەروەها باڵوێزی ئەمریکا لەلاوس ئاگاداری دا بە ژەنراڵ (فۆمی)لەمەڕ بەرەنجامەکانی هەڵوێستە ڕەقەکەی دەربارەی دیالۆگی نیشتمانی کراوەو داواشی لێکرد بەرلەوەی هەلی لەکیس چێت دووبارە بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە ... پاش ماوەیەکی کەم بۆچوونەکانی باڵوێزەکەی ئەمریکاوە بەڕاست گەڕان ،ئەوەبوو شیوعیەکان توانیان کۆنترۆڵی ناوچەیەکی پان و بەرین بکەن کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی ژەنراڵ دا بوو ،بەوەش ناچاریان کرد مل بدات بە وتو وێژی نیشتمانی ،لە ئەنجامدا لە ڕۆژی (١٩٦١/٧/٢٣)لایەنەکان ئیمزایان کرد لەسەر بنەماکانی دیالۆگی نیشتمانی .

لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا (واشنطن)(٦٦٦)پسپۆڕو ڕاهێنەری سەربازی لەو ناوچانەدا کێشایەوە کە ژەنراڵ فۆمی کۆنترۆڵی کردبوو ،وەك ئاسانکاریەك بۆ پرۆگرامی پێکهاتنەوەی نیشتمانی ... لەئاکامی زنجیرەیەك ڕوداوی نێگەتیف دا کەپاش مۆرکردن لەسەر کۆنگرەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی لەلاوس دا ڕویاندا،حکومەتی ڤێتنامی باکوورلە (ئازاری ساڵی١٩٦٣)دا بڕیاریدا پاشەکشە بە سەربازەکانی نەکات و بەردەوام بێت لەهاوکاری کردنی شیوعیەکان کە توانیبویان ناوچەی ئیستراتیژی (بلان جارز) کۆنترۆڵ بکەن ... لەئەنجامی ئەم ڕووداوانەدا چەندین پێکدادان ڕووی دا لەنێوان گروپە ناکۆکەکانی لاوس دا ... و (C.I.A) یش ژمارەیەکی گەورەی لە پیاوەکانی خۆی ناردەوە بۆ لاوس ،بەمەستی سەرلەنوێ دروست کردنەوەی جوجوڵی پروپاگەندەیی سەربازی ،بۆ قەڵاچۆکردنی شیوعیەت لەژێر سایەی بودجەیەکدا کە گەشتبویە (٧٠)ملیۆن دۆلار .هەروەها (C.I.A) پلانی پێشوتری خۆی گۆڕیبوو ،ئەم جارەیان لەبری هاوکاری کردنی ئەفسەرە ڕاست ڕەوەکان ،دەستی کرد بەچەکدارکردن و مەشق پێکردنی خێڵەکانی (میۆ)بۆ پاراستنی کەلێن و ئەو ڕۆخانەی لێیانەوە کردەوەکانی (C.I.A) بە وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە.هەروەها لە سۆنگەی گواستنەوەی چەك و پێداویستیەکانەوە بەرەو لاوس (کۆمپانیای هێڵە ئەمریکیەکان) سەر بە (C.I.A) بەڵێنی دا هێڵێکی ئاسمانی هەمیشەیی دابین بکات بۆ ناوچەکانی

نفـوزی خێڵـەکانی (میـۆ)هـەروەها (کۆمپانیـــای گواســـتنەوەی هـــەوایی مـــەدەنی) (٥٠٠٠ کارمـەند و ٦٥ فڕۆکـە)ی خسـتە خزمـەتی ئـەو مەبەسـتەوەو هـەندێك لـــە پێداویستیەکانی گواستەوە بۆ لاوس ... لێرەدا ئاماژە کردن گرنگە بەو خاڵەی کەلەو ماوەیەدا پروپاگەندەی ئەوە دەکرا گوایە فڕۆکە ئەمریکیەکان هەستابن بە گواسـتنەوەی مادەی بێهۆشکەرو یاساغ کراو هەرچەندە ئەم پروپاگەندانە نەسـەلمێنران لـەلایـەن هیـچ داواکارێکەوە ..(C.I.A) بەم گوتەیە پاساوی دەهێنایـەوە (فڕۆکـەکانی کۆمپانیاکـان جارناجـارێك بەمەبەســتی پشــکنین و ســەیرکردنی بزوێنــەرەکان (المحركـــات)و چاککردنـەوەی بەشـە لەکارکـەوتووەکان چونەتـە هــەندێك فڕۆکەخانــەو بنکــەی دیکە،بەرلـەوەی دەست بکەن بەگەشتە دورودرێژەکانیان) .

جگە لـەو دوکۆمپانیایـە (C.I.A) کۆمپانیایـەکی دیکـەی ئـەمریکی بـەکارهێنا بـۆ بەشداری کردن لـە پرۆسەی گواستنەوەکاندا بەرەو لاوس،کۆمپانیاکە(کۆمپانیای هێڵـە ئاسیاییەکان)بوو کەبارەگای ســەرەکی لـەتایوانـە ئـەم کۆمپانیایـە (٦٠٠٠)کارمـەندی بەکارهێنا بۆ چاککردنەوەو دابین کردنی پارچە دەگمەنە پێویســتەکان بـۆ فڕۆکـەکانی (C.I.A) و سوپای ئەمریکا پێکەوە.هەروەها (کۆمپانیای تەکنیکی باسیفیك)بەشداری کرد لـە چاودێری کردنی ئەرکەکـەی (C.I.A) لـەڕووی هونەریـەوەو هاوکاریشـی کرد لەدروستکردنی فڕۆکەخانە لـــەلاوس و ڤێتنـام دا .بـەهۆی هەڵمـەتی بەخشـین و یارمەتیە لۆجستی یەکانەوە ،(C.I.A) توانی هێزێکی گرنگی ســەربازی لـەخێڵـەکانی (میۆ)دروست بکات و هێزەکەش بەکار بهێنێت لەبەرگری کردن لەناوەندەکانی ڕادار و مانۆڕە دەریایــەکانی خـۆی لــەلاوس دا .. هـەر لـەمیانـەی ئـەم کردەوانـەوە توانـی زنجیرەیەك هێرشی هەوایی سەرکەوتوو بکاتە ســەر ناوچــەکانی نفـوزی (هۆشـی منـە)، بەچاو پۆشین لـەوەی سەرکەوتنەکانی (C.I.A) بەهۆی خێڵەکانی (میۆ)ەوە ،بوە هۆی لەنێو چوونی نیوەی پیاوەکانی ئەو هۆزانە ، بەپێی ئامارێك کەلەنێوەڕاستی حــەفتاکاندا

کرا ،ئەنجامی ئامارەکەش بوویە هۆی پەژموردەییەکی زۆر بۆ ئەوپیاوانەی نــەکوژرابوون و لـە ژیاندا مابوونەوە.

لـەسەرەتای حەفتاکانەوە تەرازوی هێزەکان لـە لاوسدا گـۆڕا و،شـیوعیەکان توانیـان سەرکەوتنی گرنگ بەدەست بێنن بەسەر خێڵەکانی (میۆ)دا و،ئەم سەرکەوتنانەش هانی ئەمریکیەکانی دا پەلە بکەن لەپاشەکشـەکرد لـە و وڵاتـەدا ،ئـەوەبوو سـاڵی ۱۹۷۳ پاشەکشەیان کردو هۆزەکانی (میۆ)ش لـەسەر لوتکەی چیاکان وەبێ پاڵپشـت دابـڕان لە هەر کۆمەکیەك.

سـەبارەت بـەو کۆمپانیایانـەی کـە شانبەشـانی (C.I.A) گلابـوون لـــەکردەوەی گواستنەوەی چەك و پێداویستی ترەوە بەرەولاوس ،ســەرجەمیان فرۆشـران بەهـەندێك لەو دەوڵەمەندانەی کەلـەنێو خودی (C.I.A) کار دەکەن ... ئەمەش پـارێزێکی لای زۆرێـك لەڕۆژنامەنووسـان و ئـەو کەسـانە هەڵایسـاند کـە چـاودێری جموجوڵـەکانی (C.I.A) دەکەن .. لەم ڕووەوە (والــتر لیپمـان)لەڕۆژنامـەی ((واشنطن)پۆسـت)دا دەنوسێت:(من ئامادەم بێژم ئێمە لـە مەوقیعی بەرگری کردنی هەمیشەیی دایـن لـەچـەند ناوچەو وڵاتێك کەبزافی گۆڕانکاری و یاخی بوون بەخۆیانەوە دەبینن ،بۆیە هەندێکمان پێداگرین لـەسـەر بەخشـینی مـاڵێکی زۆر بێشـومار و قوربـانی دانێکـی زۆری گیـانی لـەپێناوی سەقامگیرکردنی حکومەتێکی دۆگما کە بەگۆڕانکاری قایل نابن ... دروست وەك ئەو ڕایەی خرۆشۆف دەچێتــەوە کـەپێی وابـوو شـیوعیەت تاکـە چارەسـەرە بـۆ قوتاربوون لـە هەندێ ڕژێمی چینایەتی و ڕەگەزپەرست لـە جیهاندا).. لەلایەکی تـرەوە ،(C.I.A) لـە کـەمبۆدیا هینـدی چینـی ڕۆڵێکـی خراپـی گـێڕا لـــە ئـالۆزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان کۆشـکی سـپی و حـاکمی ئـەو وڵاتـە لـەشەسـتەکاندا (نـۆرودوم سیهانۆك)(C.I.A) لـەوەڵامی هەڵوێستی بێ لایەنانـەی (سـیهانۆك)دا لـەناکۆکیـەکانی ئەمریکا و ڤێتنامدا دەستی کردە هێرشی ڕامیاری و ئیعلامی لـەدژی ئەمیری کەمبۆدی و شانبەشـــانی مەشـــق پێکـــردن و پڕچـــەك کردنـــی گروپـــی (الخمــیر الحمـــر)...

(C.I.A)بەپروپاگەندەی نالۆژیکی پاساوی ئەو کردەوانەی دەدا ،تیایدا ڕای دەگەیاند کەمیانە ڕەوی سیهانۆك یارمەتی شۆڕشگێڕانی ڤیێتنام دەدات تاکو پەنا بەرنە بەر کەمبۆدیاو ڕابکەن لەدەست سوپای ئەمریکا و هێزەکانی ڤیێتنامی باشوور،وەلێ ئەو پروپاگەندانە قەناعەتیان نەکرد بەزۆرێك لە چاودێران و ئاگایانی کاروباری هیندی چینی ..

ساڵی ١٩٦٥ (نیویۆرك تایمز)بەم تەرزە توانجی دا لەسەر ڕۆڵی (C.I.A) لە هندی چینیدا:(زۆرێك لە ڕابەرانی ئەو وڵاتە هەنلە هەڵوێستی تازەیاندا لە ڕیزی هاوکارانی وڵاتە یەکگرتوەکانەوە گواستویانەتەوە بۆ ڕیزی ڕەخنەگران لە ئەمریکا ،گەر لەوەش پتر نەڵێین.. لەنێو ئەو ڕابەرانەدا سیهانۆك دەبینرێت کەلە وتارەکانی ڕۆژانەی دا هەست دەکەین ملی ڕێگای گرتۆتە بەر بەرەو ڕیزی ئەوانەی پێشکەوتون لەدژانی (واشنطن)).

شیاوی باسە ئەمیری کەمبۆدیا هەستی بە مەترسی کردلە هەڵسوکەوتەکانی (C.I.A)لە دوای ڕیسواییەکەی (یارمەتی بێسنور)کەئەو دەزگایە لەساڵی ١٩٦٥دا پێشکەشی یاخیبوانی ئەندەنوسیای کردبوو،بەهۆیەوە یاخی بووان توانیان حکومەتە نیشتمانیەکەی (سوکارتو)بڕوخێنن و حکومەتێکی ڕاست ڕەوی توندڕەو بهێننە سەرکار کە پتر لە ٥٠٠هەزار شیوعی کوشت بەوەش جێ پێی دیکتاتۆرێکی وەك سۆهارتۆ ی قایم کرد...

لەئازاری (١٩٧٠)دا ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپای کەمبۆدی بەهاوکاری (خمیرالاحمر)توانیان دەست بگرن بەسەر دەسەتەڵاتدا و ئەمیر (سیهانۆك)لەکار بخەن ،بەڵام نەیانتوانی بیکوژن ،بەپێی گوتەی یەکێك لەلیپرسراوانی پێشوی موخابەراتی دەریایی ئەمریکی (صمؤیل ثورنتون)... ثورنتون دەڵێت C.I.A پلانێکی نهێنی دارشتبوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی کەمبۆدی و کوشتنی ئەمیر (سیهانۆك)،بەڵام ئەم

لەکاتێکدا ئەفسەرەکانی بەرابەرایەتی (لون نۆل)کودەتایان بەسەردا کرد لــە هــەندەران بوو...

بەهەرحاڵ پێویستە لێرەدا بڵێین :کودەتاکەی (لون نۆل) بارودۆخی وڵاتەکەی تێکــدا و کــەمبۆدیای پەلکێشــکرد بــۆ کێشــە گــەلێکی ئــابووری و ڕامیــاری مەترســی دار ،کۆتایەمینیان کودەتای دیکتاتۆر(بول بات)بوو لــە ســاڵی (١٩٧٥)دا... وەك توانــج دانێك لەڕەوشی ڕووداوەکانی کەمبۆدیا (هنری کیسنجر)وەزیری ئەوکاتــەی دەرەوەی ئەمریکا لەساڵی (١٩٧٧ز)دا دەڵێت:(وڵاتــە یــەکگرتوەکان بــێ تاوانــە لــەو پلانــەی لەدژی ئەمیر سیهانۆك دارێژرا ،بەلایــەنی کەمــەوە بۆئــەوەی زیــاتر سنور بــەندکار بم ،بەرپرسە گەورەکان لە (واشنطن)لەو پلان گێڕیە بێ تاوان و بێئاگان).

ئەمە ووتەی (کیسنجر)ە ،کەبەهیچ شێوەیەك باس لە لێپرســراوە گچکــەکان ناکــات ،یاخود بەرپرسی کردەوە نهێنی یەکان ،لیپرسراوە بچوکەکان ئاسایی لێدوانێ نادەن... کەواتە ڕووی ڕاستی لە کوێندەرە؟ پرسیارەکە بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە ...

بەهەر حاڵ ڤێتنام یەکەم قوربــانی کــردەوە نهێنیــەکانی (C.I.A) لــە هینــدی چیــنی دا....هێزەکانی ئەمریکا لەوێدا ڕاستەوخۆ تەدەخولیان کرد،لە نێوان ساڵانی (١٩٦١ - ١٩٦٤)داموخابەراتی ئــەمریکا ئاســتی کردەوەکــانی خــۆی بــەرزکردەوە بــەدرێژی سنورەکان لەتەك ڤێتنامی باکوردا و هەندێك جاریش لەنێو پانایی ماڵی شیوعیەکاندا لە (هانوی)..بەڵام زۆرینەی ئەو کردەوانە ئامانجە ئیستراتیژیەکانی خۆیان دەســتگیر نــەبوو ،واتــە تــیرۆر کردنــی دەســتەڵاتدارانی ڤێتنــام وەك ڕێخۆشــکردنێك بــۆ لــەرزاندنی پایەکانیدەســتەڵاتی شــیوعی لــەو وڵاتــەدا و پاشــانیش کودەتــا کــردن بەســەریدا .. (C.I.A) چەندین جار هەوڵی داوە سەرانی شیوعی ئەو وڵاتە ژەهر خوار بکات ،یــان تیرۆریان بکات یاخود بیان ڕفێنێت.نمونە لەسەر ژەهــر خوارکــردن ،ئــەو هەوڵــە بــوو لەگــەڵ فــەرماندەی پۆلیســی هــانوی دا دایــان بــەژەهرێکی کوشــندە کەلــەنێو بتلــی

(براندی)دا دایان نابوو .. بەرەو ڕفاندنی سەرجەم ئەندامانی حکومەتی ڤێتنام لە کۆبوونەوە یەکیاندا لە پایتەخت ...

ئیدارەی ئەمریکا (C.I.A) بەرەو ڕووی چەندین پرۆسەی تاقیکردنەوە کردەوە ،لەسەر کارایی کردە سیخوڕیەکانی بەرلەوەی فەرمان دەربکات بۆ هێزە ئەمریکیەکان بۆ تەدەخولکردنی ڕاستەوخۆ لەکاروباری ڤێتنام دا لە ساڵی ١٩٦٥. هەرچەندە (C.I.A) لەتاقیکردنەوە کرداریەکانیدا شکستی هێنا ،بەڵام لەتاقیکردنەوەیەکی زارەکیدا دەرچوو ،تیایدا ئاشکرای کردبوو دەست تێوەردانی سەربازی ئەمریکا لە ڤێتنام دووچاری نشوستی دەبێت.

شیاوی یاد هێنانەوەیە (C.I.A) بەرلەوەی سوپای ئەمریکا دەست وەرداتە جەنگی ڤێتنامەوە ،توانی بووی بەتەنها لە شاری (سایگۆن)دا (١٠٠٠)بەکرێگیراو بۆ خۆی ژێربار بخات ،لە ساڵی ١٩٦٨ەوە بەڕێوەبەری تۆڕی (C.I.A) لە سایگۆن (ولیەم کولبی) خودی خۆی سەرپەرشتی (پرۆگرامی مونیکس)ی مەعلوماتی کرد... کە تایبەت بوو بەکۆکردنەوەی زانیاری لە مەڕکادرە شیوعیەکان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بۆ پەردە لادان لە ڕووی ناوەندەکانی کەل و پەل و شانە شیوعیەکان لە وڵاتدا ،(کولبی)پێی وابووپرۆگرامەکەی توانای هەیە سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنێت لەڕووی سەربازیەوە ،لەو بەرنامانەی هێزە ئەمریکیەکان دایان ڕشت و بۆردومانی دێهات و ناوچە قەرەباڵغەکانی دانیشتوانیان هەرەمەکیانە پێکرد ،یاخود جەنگان لەتەك گەریلاکاندا ڕوبەڕوو.

هەروەها (کولبی) ڕای وابوو سەرکەوتن بەسەر شیوعیەکانی ڤێتنام دا پێویستی بەکاری هێمن و نهێنی هەیە ،وەك لەبەرنامەکەشی دا کە ناسرابوو بە(فونیکس) دا ڕەنگی دابوویەوە ،هەرچەندە هەندێك لەکارمەندانی (C.I.A) لە سایگۆن پێچەوانەی ڕاکەی کولبی یان هەبوو ،نەخاسمە (فرانك سناب)ی کۆنە بەرپرس لە سایگۆن دا ،ئەو پێی وابوو پرۆگرامی فونیکس دەست پێچکەیەکە بەدەستی (C.I.A) و موخابەراتی

ڤێتنامی باشـــورەوە بـۆ درێـژە دان بـەکردەوەکانی ئەشـکەنجەدان و ڕەش بگـیر لەدژی‌شیوعیەکان و لایـەنگر و خـزم و کـەس وکاریـان .. بـەگوێرەی گوتـەکانی (سناب)،هەمیشە بەکرێگیراوانی (C.I.A) لەکردەوەی ئەشکەنجەدانەکاندا ئامادەبوون گەر نەڵێین کوشتن کە پیاوەکانی موخابەراتی ڤێتنامی باشوور پێی هەڵدەستان ،وە بەپێی زانیاری و گووتەی تر ،فونیکس بوە هۆی گیـان لەدەسـت دانـی ٢٥هـەزار قوربـانی ،بەشـێك لـەو قوربانیانـە لـەژێر ئەشـکەنجەداندا گیانیـان لەدەســت داوە ،لـەدوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام لـەساڵی ١٩٧٣ دا ،پیـاوانی (C.I.A) تـاکو ساڵی ١٩٧٥ درێژەیان دا بەچالاکیەکانیان ،تا ئەودەمەی هێزەکانی سـەر بـە (هۆشـی منـە)شـاری (سـایگۆن)یـان داگـیرکردو ناچاریـان کـردن لـەسـەربان و دیوارەکـانی باڵوێزخانەی ئەمریکاوە بـە فرۆکـەی (هلیکوبـتر)ی ئـەمریکی ئـەو ولاتـە جێبێڵـن و لەدوای خۆیانەوە مەلەفی بـەکرێگیراوە ڤێتنامیـەکان بـە جێبـهێڵن ... ئـەم ڕوداوەش نیشـانەیەکی‌تربوو لەناپاکیـەکانی (C.I.A) و دەسـت بـەردانی لـە هاوکـارو بەکرێگیراوە نهێنی یەکانی لە جیهاندا .

بەشی هەشتەم

﴿ سیاسەتی هاوسێ یەتی ﴾

هەریەکە لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا پەیڕەوی سیاسەتی پەروەردەکار و فێرکاریان لەدەوڵەتە دراوسێکانیاندا پەیڕەوی کردوە وخۆیان کردۆتە پارێزگاری کار لە نفوزی ئایدۆلۆجی و ڕامیاری هاوسێکانیان ... لەڕیزی سۆڤیەتدا ئەم قوتابیانە دەبینرا :(پۆڵەندا،تیشیکۆسلۆفاکیا،هەنگاریا،بولگاریا،ڕۆمانیا،ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات)، پۆلەکەی لەمەڕ ئەمریکاش پێکهاتبوو لەسەرجەم دەوڵەتە لاتینیەکان بەبێ ڕیزپەڕ .

لەساڵی (١٩٥٦ز)دا سۆڤیەت هەوڵێکی هەنگاری سەرکووت کرد کەتیایدا حکومەتەکەی (ئیمروناگی)بەهاوکاری جەماوەری قین لەدڵ ،هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی نهێنی و گۆڕینی ڕەگەزە شیوعیەکانی حوکم بەرەگەزی میانەڕەوی دیموکراسی ... بە گەشتنی تانکەکانی سۆڤیەت بۆ (بودابستی)ی پایتەخت لە تشرینی دووەمی (١٩٥٦ز)دا،ڕادیۆو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان کەوتنە گێڕانەوەی هەواڵەکە لەزاری ئەو پەنابەرانەوە کەڕایان کردبوویە نەمسا گوایە لەشکری سۆڤیەت قەتڵ و عام و ڕەشبگیریەکی بێ وێنەی دروستکردووە لەو وڵاتەدا ،یاخی بوانیش توانای بەرگەگرتنیی ئەو کردەوە دڕندانەیان نیەبۆیە ،دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان پشتگیری خۆیان ڕاگەیاند بۆ یاخی بووان و دەست تێوەردانەکەی سۆڤیتیشیان شەرمەزار و ڕیسواکرد،هەروەها (C.I.A)و دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەڵێنیان دا بە دیموکراسی خوازەکانی هەنگاریا ،کەئەگەر بێت و بەردەوام بن لەبەرهەڵستی کردنی سۆڤیەت ئەوا هاوکاری سەربازیان دەکەن ،لەو لاوە یەکێتی سۆڤیەت ئاگادار بوو چ لەژێر بەرەی ڕۆژئاواو هەنگاریا دایە،بەتایبەت بەرپرسی

ئەوکاتەی (K.G.B) جەنراڵ (ئەلسکەندەر ئیڤانۆف)بەدڵ ڕەق و شارەزایی زۆری لە بواری سیخوڕیدا ناوبانگی دەرکردبوو .

ئەم ئەلکسەندەرە کوڕی یەکێك لە جوتیارە ڕوسەکانە،بۆیەکەم جار لەساڵی ۱۹۳۹ دا لەگەڵ پۆلیسی نهێنی دا کاری‌کردوە ،وەك بەرپرسی (پرۆگرامی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەناوچەکانی بەلتیسکی سەر بەیەکێتی سۆڤیەت)دا ... پاشتر گوازرایەوە بۆ (ئۆکرانیا)،لەوێندەرێ (خرۆتشیف) ناسی و لەو کاتەشەوە بووە بەر پرسی (K.G.B) ... لەپاش گەشتنی تانکەکانی سۆڤیەت بە (بۆدابست)ی پایتەختی هەنگاریا و سەرکەوتنی لە کوژانەوەی ئاگری یاخی بوونەکە لەدژی کرملین ،خودی ئەلکسەندەر ئامادەی کۆبوونەوەیەك بوو لەتەك نوێنەرانی هێزە سۆڤیەتیەکان لە بۆدابست و ڕابەرانی یاخی بوونەکە،بەمەبەستی تاوتوێکردنی چۆنێتی گەڕانەوەی سوپای سۆڤیەت لە شەقامەکاندا و دووبارە درێژ بوونەوەی باڵی دەسەڵاتی حیزبی شیوعی هەنگاری بەسەر وڵاتدا ...

لەکاتێکدا گفتوگۆو دانوستانەکانیان لەسەر مێزی نانخواردنی ئێوارە بەردەوام بوو،،ئەلکسەندەر و هەندێك لەپیاوەکانی خۆیان کرد بەژووری چێشت خانەداو ،هەریەك لە (ئیمرونـاگی)سەرۆك وەزیرانی هەنگاریاو ،سەرکردەی نوێی سوپای هەنگاریا ژەنراڵ (پول مالیتر)یان دەستگیرکرد... لەپاشدا ژەنراڵ لەتەك ژمارەیەك لەیاخی بوان و جیاخوازە سیاسیەکانی تردا لەکەش و هەوایەکی نادیاردا لە سێدارە دران .

دەگوترێت گوایە نوێنەرەکەی سۆڤیەت لەو کۆبونەوەدا ژەنراڵ (میخائیل مالینی)بەتوندی نارەزای خۆی دەربڕیوە بەرانبەر ئەم کردەوەی (ئەلکسەندەر)و لای بەرپرسە باڵاکانی سۆڤیێتیش سکاڵای کردووە ،وەلێ هیچ ئەنجامێکی وەدەست نەهێناوە ... لەئاکامی ئەم دەست تێوەردانە یەکلایی کەرەوانەی سۆڤیەت لەهەنگاریا ،دەنگی زۆرێك لەوانە کپ بویەوە کەلەئامادە باشی و خۆسازکردندا بوون بۆیاخی بوونی

هاوشێوە لەئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ،بەوەش دەنگی هیواو ئاواتی سەربەخۆیی و ئازادیـان کزو بێ ورە بـوو،لـەدوای بۆتابسـت سـەرەهاتە سـەر (پـراگ)ی پایتـەختی تیشـیکۆ سـلۆفاکیا،ئـەوەبوو لـەئابی ۱۹٦۸دا ،تانکـەکانی سـۆڤیەت حورمـەتی شـەقامەکانی پراگیان شکاند لەدوای حاڵـەتێکی یـاخی بـوون ،کـە ژەنراڵێکـی شـیوعی میانـە ڕەو بەناوی (ئەلکسەندەر دوبتشیك)سەرۆکایەتی دەکرد لەپێناوی سەربەخۆبوونی ناوخۆیی لەسیاسەتەکانی (مۆسکۆ)،و دروست کردنی ئەوەی ناوی لێنراوە (کۆمەڵگای مرۆیـی سۆسیالیزم).. بەواتایەکی تر ،ژەنراڵ دوبتشیك لەدوای ئەوەی دەستەڵاتی لـە (ئـەنتۆنی نوفوتنی)ناسراو بەسـتالینی تیشـکی گرتـە دەسـت هـەوڵی دا خـۆی قوتاربکـات لـە هـەژموونی کرملـین بەسـەر سۆسیالیسـتی یـەتی تیشـکی و ڕەهـەندە ئـابوری و کۆمەڵایەتیەکانی دا لـەگەڵ ئەوەشدا ،پارێزگاری بکات لە هاوپەیمانی هاوڕێیەتی لەنێوان هەردو وڵاتـدا هاتۆتـە گـۆڕێ لـەچوارچێوەی پـەیمانی وارشـۆدا ،لەهـەردوو بـواری سـەربازی و دەرەکـی دا ... وەلێ (K.G.B) بەسـەرۆکایەتی (یـۆری ئەندۆبوف)(ڕابەری پاشتری یـەکێتی سـۆڤیەت)دودڵـی خـۆی دەربـڕی بەرانبـەر ئـەو حاڵەتی لاڕێ بوونە دیموکراسیەی تشیکۆسلۆفاکیاو سیاسەتە (وڵابونەوە)ی دوبتشـیك بانگەشەی بۆ دەکات و ڕاستەو خۆش پیادەی کردووە ،بە هەڵگرتنی سانسـۆری سـەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەڤانی لە وڵاتدا.

لـەلای (K.G.B) ئـەم گۆڕانکاریـە مەترسـی دارە ،ئـازادی دەداتـە دەزگاکـانی ڕاگـەیاندن تـاکو ڕەخنـە لـە پۆلیـس بگـرن ... پۆلیسـی نـاوخۆیی و پـەیوەندی داپلۆسێنەرەکەی بە (K.G.B) یەوە دیارە ئەو کاتـە زامێکـی جـەماوەری و جیـهانی دروست دەکـات لـەسیاسـەتەکانی دراوسـێتی (مۆسـکۆ) دا ،وجموجوڵـە باوکانـەکانی سۆڤیەت لە بەرانبەر زارۆکانی دا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا سنور بەند دەکات .

بەلـەبەر چاوگرتنی ئاکامەکانی ئـەم ئـاڵوگۆڕە دیموکراتیـە ،زرێ پـۆش و تانکـەکانی سۆڤیەت لە ڕۆژی ۱۹٦۸/۸/۲۰دا ،حورمەتی تشیکۆسلۆفاکیان شکاندو چونـە نێـو

شەقامەکانی (پراگ)ەوە،بەسەرکردایەتی (ئەندرۆبۆف)ئەم کابرایە بەر لە بەرپرسەکانی تری سۆڤیەت گەشتە پراگ و دەست بەجێ دەستی کردە شالاَوێکی ڕەشبگیری وا کە سەرجەم کۆمەلگەی نێو دەولەتی ئیدانەو ریسوایان کرد،تەنانەت وایکرد لەهەندێك گەورە کارمەندانی سۆڤیەت ڕەخنە لەسیاسەتەکانی سەرکردایەتیەکەیان بگرن و بگرە دەستیش لەکار بکێشنەوە ،بەمە رەدی (لادیسلاف بیتمان)جێگری بەرێوەبەری بەشی (ئاراستەکردنی ئیعلامی) لە (K.G.B)دا.

وەلێ ئەو کردەوەی قوتابی تیشکی (جان بالاش)کردی ،ویژدانی جیهانی هەژاندو سۆزی ڕای گشتی نێو دەولەتی هێنایەوە بەلای گەلی تیشك و بزوتنەوە دیموکراسیەکەی دا.. ئەوەبوو ئەو خوێندکارە تیشکیە (جان بالاش)لە گۆرەپانی (ونسیسلاوس)دا،بۆ پرۆستستۆکردنی داگیرکردنی تشیکۆسلۆفاکیا لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە ،ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو ،لەشی خۆی کردە سوتماك و گیانی لەدەست دا.

لە واشنطن،(C.I.A)کەوتە بەر شالاَوی ڕەخنەو گازندە چونکە بە ئاشکرا شکستی هێنا لە پێشبینی کردنی داگیرکردنی تشیکۆسلۆفاکیا لەلایەن سۆڤیەتەوە، یاخود تەنانەت بەلایەنی کەمەوە لەچاودێری کردنی جوجولەکانی سوپای سۆڤێتی لەساتە وەختی داگیرکردنەکەدا ... سەرۆکی ئەمریکا (جونسون)هەوالی داگیرکردنەکەی ڕاستەوخۆ لەزاری بالوێزی سۆڤیەت لە (واشنطن)ەوە بیست ،لەکاتێکدا سەردانی کردبوو لەکۆشکی سپی دا.. بۆ زانیاریش ،ئەرکی سەرەکی (C.I.A) بریتی یە لەچاودێری کردنی جوجولەکانی سۆڤیەت لەئەورووپای ڕۆژهەلاَت و ئاگادار کردنەوەی ئیدارەی ئەمریکا لێی .. بۆ ڕووبەڕووبونەوەی شەپۆلی ڕەخنەکان، (هلمز)ی بەرپرسی ئەوکاتەی (C.I.A) دەلێت :(لەدووهەفتەی ڕابردوودا زۆر قەلس بووم ،تیایاندا هیچ ڕاپۆرتێکم لەمەر جوجولی سۆڤیەت لەتشیکۆ سلۆفاکیا دا پێنەگەیوە)..لەلایەکی دیکەوە بۆ دلّ دانەوەی خۆی دەلێت :(لەگەلّ ئەوەشدا متمانەم هەیە

بەوەی (C.I.A) توانای هەبوو بەچاکترین و تەواوترین شێوە هەستێت بەراپەڕاندنی ئەرکەکانی ،ئەگەر ئامانجی سۆڤیەتیەکان ئەڵمانیای دیموکراتی بوایە لە بری تشیکۆسلۆفاکیا).

شیاوی یاد خستنەوەیە لەو ڕاپۆرتەدا کەساڵی (١٩٧٦)دەرچوە دەربارەی چالاکیەکانی (C.I.A) هاتوە،سەرەڕای ئەو ئامێرە تازانەی خراونەتە خزمەتی دەزگای موخابەراتی ئەمریکا وە ،کەچی ئەو موخابەراتە نەی توانیوە لەماوەی دووهەفتەی تەواوی بەر لەداگیرکرانی پراگ دا ،مۆڵگەو جێگەکانی سوپای سۆڤیەت دەست نیشان بکات... هەروەها ڕاپۆرتەکە دەنوسێت ،(C.I.A) ئاگاداری نیازەکانی سۆڤیەت نەبووە ،بەهۆی سەرقاڵیەوە بە ئەرکی ترەوە.. چاودێران یەك دەنگن لەسەر ئەوەی (C.I.A) بەهۆی سەرقاڵیەوە بە سەرکوتکردنی شیوعیەت لە دەوڵەتە دراوسێکانی ئەمریکا دا،دوا کەوتووە لەپەی بردن بە نیازەکانی سۆڤیەت لە دژی تشیکۆسلۆفاکیا...

ئەوەتا لە دوای ڕوداوەکانی گواتیمالا (١٩٥٤)و گەشتنی کاسترۆ بە حوکم لە کوبادا (١٩٥٩)،ئیدارەی ئەمریکا بەرنامەیەکی چڕی دەست پێکرد بەمەبەستی چەکدارکردن و ڕاهێنانی دامەزراوەکانی پۆلیس‌وسوپا لە دەوڵەتە لاتینیەکاندا بەمەبەستی قەڵاچۆو بنەبڕکردنی شوعیەت و بەراڤە کردن لەبنەماکانی دیموکراسیەت لەو وڵاتانەدا.. وەلێ ئەزمونی جیاوازی نێوان مەقولەی دیموکراسیەت و ئەو کردەو داپلۆسێنەرانەی سەلماند کەئەو دەزگایانە بەهاوکاری (C.I.A) و (FBI- نوسینگەی موخابەراتی فیدراڵی)پێی هەڵدەستان...

ئەوەتا بە ئاشکرا (C.I.A) گلاوە لەتاوانی سەقامگیرکردنی حوکمی پێرە عەسکەریەکەی بەرازیل لە ساڵی ١٩٦٤دا ،ئەمە جگە لەسەرکەوتن بەسەر گەریلاکانی سەربە (تشی گیڤا)لە پۆلیڤیا(١٩٦٧)... ئەو شاڵاوە (ئیعلامی ،سەربازیە)ش کە دەکرایە سەر شۆڕشگێڕانی(توبا مارۆس)لە گوندەکانی ئۆرگوای

لەنێوان (١٩٦٨-١٩٧٣)دا لە ئەنجامدا بویە هۆی هاتنە سەرکاری پێڕێکی سەربازی ڕاستڕەوی هاوپەیمانی ئەمریکاو سیاسەتەکانی لە ئەمریکای لاتینی دا.

سەبارەت بەدەست تێوەردانەکانی (C.I.A) لەکاروباری تشیلی و ڕوخاندنی ڕژێمی دیموکراسی تیایدا و گۆڕینی بەحوکمی دیکتاتۆرێکی سەربازی وەك (بینوشیە)... یەکێك بوولەگرنگترین دەست تێوەردانێك کەهەردو زلهێزەکە لەناوچەکانی نفوزی ڕامیاری - جوگرافیاندا پێی هەستابن .. بابزانین لەوێندەر چ ڕویدا؟

دوابەدوای گەشتنی کنیدی بەکۆشکی سپی لە سەرەتای شەستەکاندا ،ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری دا بەهەر نرخێك بووە تۆڵە بکاتەوە لە شۆڕشەکەی کاسترۆ و بەرهەڵستی سۆڤیەتیش بکات لە ئەمریکای لاتینی دا بۆ ئەم مەبەستە تشیلی هەڵبژێررا کەلە ئەزمونێکی دیموکراسیدا دەژیا لەنێوان حیزبەکانیشدا لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست ،لەو وڵاتەدا حیزبی شیوعی جەماوەرێکی باشی هەبوو، بەجۆرێك دەیتوانی ئەگەر هاوپەیمانێتی بکردایە لەتەك گروپەکانی تردا،بەشێوەیەکی دەستوری دەستەڵات بگرێتە دەست و کۆمەڵگە بگۆڕێت بەکۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیلەسەر تەرزی کۆمەڵگە مارکسی لینینی یەکان لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتی یەکانی ساڵی ١٩٦٤ی ئەو وڵاتەدا ،ئیدارەی ئەمریکا جامی هاوکاری کردن ویارمەتی دانی خۆی ڕۆکرد بەسەر دیموکراسی خوازی مەسیحی (ئیدوار دۆفرای)لەدژی مارکسیەتی میانە ڕەو(دکتۆر سلفادور اللیندی).

(C.I.A) ڕاسپێررا بە مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنی فرای بەهۆی ئامرازە هەمیشە بەکارهاتووەکانی ئەم مەسەلە سیخوڕیانەوە ،واتە بەهۆی دۆلاری ئەمریکی و ڕاگەیاندنی بەبەرنامەوە ،بەو جۆرە (C.I.A) هەڵمەتی هەڵبژاردنی دیموکراسیخوازە گاورەکەی دەست پێکرد ،سەرەڕای ترسی زۆری کارتلە ئەمریکیەکان لەبەرنامە سیاسیە لیبراڵیەکەی (فرای)کەتاڕادەیەك هاوسۆز بوو لەگەڵ کرێکاراندا .. لەگەڵ

ئەوەشدا ئەویان پێ باشتربوو لەپیاوێکی مارکسی وەك (دکتۆر لیندی)،بۆیە بێ ئـەوەی خۆی هەست بکات پشتگیری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان کرد و سەرکەوتنیشـیان بـۆ مسۆگەرکرد لەساڵی (١٩٦٤)دا ...

سەرەڕای سەرکەوتنی فرای لە هەڵبژاردنەکاندا لایـەنگران و جـەماوەری (لینـدی) مارکسی پەیتا پەیتا لەزیادی دەدا ،لەئەنجامدا لە پاش ٦ساڵ بۆ پۆستی سـەرۆك كۆمـار هـەڵبژێردرا ، و سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا لەبەرانبـەر ڕکابەرەکـەیدا (جـۆرج ئەلیسەندری) ڕاست ڕەوی موحافیزکار ،کە ڕاستەو خۆ لەلایەن (C.I.A) و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا لە تشیلی یەوە پاڵپشت دەکرا.

هـەروەها هـەندێك لـە کۆمپانیـا ئەمریکیـەکان ترسـی خۆیـان دەربـڕی لەوحاڵەتـە چەپڕەویەی تشیلی پێدا گوزەر دەکات ،بۆیە بڕە پارەیـەکی زۆرو زەوەندیـان بەخشـیە (C.I.A) ،لەپێناوی پارێزگاری کردن لە سەربەستی ئابوری لـەو وڵاتـەدا بـەئامانجی پارێزگـاریکردن لەبەرژەوەندیـە بازرگانیـەکانیان... یـەکێك لـەو کۆمپانیایانـەی بـڕە پارەیەکی زۆریـان بەخشـی بـە (C.I.A) و هەڵمـەتی هەڵبژاردنـەکانی ئەلیسـەندری ،(کۆمپانیای پەیوەندیە جیهانیەکانی A.T.T)بوو ،کەلەلایەن (جـون مـاکون)ی کۆنـە بەڕێوەبەری (C.I.A) ەوە بەڕێوە دەبرا ... هەروەها (کۆمپانیـای بیبسـی کـۆلا)کـە (دۆناڵد کاندڵ)هاوڕێی سـەرۆك (ڕیتشـارد نیکسـۆن) خـاوەنی بـوو ...لەسـەردەمی نیکسۆن دا،کۆمپانیا یادکراوەکان ،بڕینیو ملیۆن دۆلاری ئەمریکیان بەخشـیە ئیـدارەی ئەمریکا وەك یارمـەتی دانـی هەڵمـەتی هەڵبژاردنـەکانی کـاندیدی ڕاسـتڕەو ... وەلێ (کۆشکی سپی) بەڵێندەرایەتیەکەی ڕەفزکرد و خسـتیە ئەسـتۆی (C.I.A) ەوە ،ئـەم بـەڕۆڵی خـۆی هەسـتابوو بەکۆکردنـەوەی بـڕی (٧٠٠هـەزاردۆلار)بـۆ ڕاپـەڕاندنی ئەرکەکـەی ،شـاوی باسـە بەتەنـها کۆمپانیـای (A.T.T)بـڕی ٣٥٠هـەزار دۆلاری بەخشی بۆهەستان بەئەرکی سەرخستنی هەڵمەتە ئینتیخابیەکانی ئەلیسەندری،بـەجۆرێك ڕق و تورەیی باڵوێزی ئەمریکی لە تشیلی بزواند ،ئـەم هەرچـەندە خۆشـی لـەچارەی

مارکسیەکی وەك لیندی نەدەهات وەلێ پێی وابوو ڕێگەچارەی دیموکراسی بەتەنها تاوتوێ کردنی لەو ولاتەدا تایبەتە بە خودی گەلی تشیلی یەوە نەك هیچ لایەنێکی تر ...(ئیدوارد کوری)بالوێزی ئەمریکا لە تشیلی لەسەرەتاوە ناکۆك بوو لەتەك ڕای (هنری هکتشر)ی بەرپرسی (C.I.A) لە تشیلی دەربارەی زەرورەتی پالپشتی کردنی کاندیدی ڕاستڕەو بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەو خۆ،بەلام لەم ڕایەی پاشگەز بوویەوە لەدوای سەرکەوتنی (لیندی)لە هەلبژاردنەکاندا بەکۆی (٣٦,٣٪)لەبەرانبەر ڕکابەرە ڕاستڕەوەکەی (ئەلیسەندری)کە (٣٤,٩٪)ی دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەرکرد ...

بەو جۆرە لەدوای هەلبژاردنەکان بوویە سەرۆکی تشیلی ... لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی کۆمپانیای (A.T.T)یەك مانگ بەرلە ژوانی هەلبژاردنەکان (یەك ملیۆن)دۆلارو (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا)(نیو ملیۆن دۆلار)یان بەخشیوە بە (C.I.A) بەمەبەستی سەرخستنی هەلمەتەکانی هەلبژاردنی (ئەلیسەندری)جگە لەو بڕە پارانەی پێشتر لەو پێناوەدا بەخشیبوویان...

لەدوای سەرکەوتنی لیندی ،بەڕێوەبەری (C.I.A) فەرمانێکی لە سەرۆك نیکسۆنەوە پێ گەیشت ،تیایدا دەلێت :(پێویستە تشیلی ڕزگار بکرێت ،تەنانەت ئەگەر ئەگەری سەرکەوتنیش لە (١٠٪)تێ نەپەڕێت ،چاوت لە خەرجیەکان نەبێت ،(١٠ ملیۆن دۆلارت)دەخەینە بەردەست بۆ تەجنید کردن و بەکار بردنی ئەوەی دەتەوێت ،لە موجازەفە مەترسە ،بالوێزخانەی ئەمریکا مەگلێنە لە ئەرکەکەوە ،ترس و تۆقاندن بچێنە لە بازاڕی ئابوری تشیلی دا ،وابکەن کارتلەکان لە ترساندا هاواربکەن ... خۆت ئامادە بکە بۆ کارێك لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا)...

دەربارەی ئەو فەرمانانە (هلمز)ی بەڕێوەبەری (C.I.A) لەو کاتەدا دەلێت :(ئەو ڕۆژە وام هەست دەکرد گۆچانی مۆسیقی مایسترۆم هەلگرتبێت ،و کۆشکی سپی پێی هەلگرتم).



سەرۆك (ليندى) لە (ناوەڕاستدا) چاودێری ئەو فڕۆكانە دەكات كە لە كودەتاكەی (١١/٩/١٩٧٣) دا بەسەر ئاسمانی كۆشكی سەرۆكايەتی‌دا دەسوڕانەوە .. ليندی لەم كودەتايەدا كوژرا ، دوای چەند مانگێك لە هەوڵی بێ وچانی شكست خواردووی (c.i.a) بۆ كەنار خستنی ليندی و ڕوخاندنی حكومەتەكەی تاكە چارەسەر كودەتا بوو).

بەگەڕانەوە بۆ ماوە ٤٨ كاتژمێری تەرخانكراو بۆ (C.I.A) تاكو پلانێك بگێڕێت لە دژی سەرۆكی تازە هەڵبژێردراو ،دەبينين سەرانی ئەو دەزگا موخابەراتی يە ماوەكەيان زۆر بەكورت دەزانی ،بۆيە پێيان وابوو پێويستی بەكردەوەيەكی سەربازی دەبێت ..

لەم ڕوانگەيەوە پلانگێڕان گرنگی دانی خۆيان چڕكردەوە لەسەر قەناعەت پێكردنی سەرۆكی ئەركانی چەكداری لە تشيلی ژەنراڵ (رينيە شنايدر)تاكو هەستێت بەكودەتايەكی سەربازی بەسەر ليندی داو بزوتنەوە جەماوەريەكەشی سەركوت بكات. (شنايدر) لەلای خۆيەوە ئەم داواكاريەی ئەمريكای ڕەت كردەوە چونكە پێچەوانە دەبوو لەگەڵ بيرو باوەڕی ديموكراسيەكانيدا ،بۆيە بڕياری دا يارمەتی سەرۆك ليندی بدات بۆ هەستان بەئەركەكەی .

هەڵوێستەکەی ژەنراڵ وایکرد لە پلان دانەران وەدوی یەکێك بگەڕێت کەقایل بێت بەداواکاریەکەی ئەمریکا ... ژەنراڵی خانەنشین کراو (رۆبەرت ڤیۆ)بەم داوایە ڕازی بوو، دەستی کردە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕاوێژکاری سەربازی ئەمریکا لە تشیلی کۆلۆنێل (پول ویمارت)و کۆلۆنێلێك لە سوپای تشیلیدا بەناوی (کامیلۆ فانزاوالا)بۆ دەست بەکار بوون لە دارشتنی پلانێك بۆ فڕاندنی ژەنراڵ (شنایدر)و قوتاربوون لێی ... دوای دوو هەوڵی شکست خواردوو توانیان ژەنراڵ بکوژن ،دیارە کوژرانەکەی بەمەبەست نەبوو ،بەڵکو لەکاتی هەوڵدانیان بۆ فڕاندنی لە (٢٣/١٠)دا زامداربوو ،لەئەنجامی زامداریەکەیدا گیانی لەدەست دا .

شیاوی ئاماژە پێدانە (C.I.A) بڕی (٥٠هەزار دۆلار)ی تەرخانکرد ،بۆ فڕاندنی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان ژەنراڵ شنایدر و قوتاربوون لە هەڵوێستە دیموکراسیەکانی ،هەرچەندە ڕفاندنی شنایدر ڕیگرنەبوو لەبەردەم (لیند)ی‌دا لەدەست بەکاربوون لە پۆستی سەرۆکایەتی دا و مامەڵەی دەستوری و یاسایی کردن لەتەك سەرۆکی نوێی هێزە چەکدارەکاندا ژەنراڵ (کارلۆس براتس)، (C.I.A) لەلای خۆیەوە بەوەندە دەستی کۆتا نەکرد ،هەڵمەتێکی بەرفراوان و قەبەی ڕاگەیاندنی دەست پێکرد ،بەهۆی هەندێك لەو پەیامنێرانەوە کە داراییان پێ باشتر بوو لەشەرەفی پیشەی ڕۆژنامەگەری ، یەکێك لەوانە بەداخەوە ،پەیام نێری گۆڤاری (تایم)بوو لە (سنتاگۆن).

هەروەها (C.I.A) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلاری لەنێوان سالآنی (١٩٧٠-١٩٧٣) بەخشیە ڕۆژنامەی (میدکۆریۆ)ی تشیلی، بەمەبەستی چڕکردنەوەی هەڵمەتە ئیعلامیەکان ،بڕە پارەیەکی دیکەشی دابووە (پارتی دیموکراتی مەسیحی)و (پارتی نیشتمانی ڕاسڕەو) بۆوەی هاوکاری بکەن لە کڕینی ئێستگەی رادیۆیی و چاپخانەی تایبەت ... چاودێران کۆی ئەو بڕە پارەیەی (C.I.A) لەو ماوەیەدا خەرجی کردووە بە ٨ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکەن .

لە کۆتایدا (C.I.A) ئەوەی چاندبووی دوریەوە ، یەکێك لە ژەنراڵە تشیلی یەکان بەناوی (ئۆگستۆ بینوشیە) توانی ڕۆژی (١٩٧٣/٩/١١) کودەتایەکی سەربازی بکات بەسەر سەرۆك (لیندی)داو جڵەوی دەسەڵات بگرێتەمشتێکی ئاسنین .. ئەو مشتە ئاسنینە توانی هەزاران لاوی تشیلی و لایەنگرانی (لیندی)ئەشکەنجە بدات و بتاسێنێ.

سەرەڕای ئەوەی (C.I.A) دان نانێت بەوەدا کەڕاستەوخۆ ئامادەسازی کردبێت بۆ کودەتای سەربازی ، کەچی سەرجەم بەڵگەکان ئاماژە دەکەن بە ڕۆڵی سەرەکی ئەم دەزگایە بەلایەنی کەمەوە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ لەنەخشەکێشانیدا بۆئەم کودەتا سەربازیە سەرکەوتووە .. بەڵام تراژیدیاکەی لەمەڕ تشیلی بەگووتەی چاودێران بەتەنها تراژیدیای ئەشکەنجەدان و کوشتن و گرتن نەبوو ،بەڵکو تراژیدیایەکی ڕامیاری و مرۆیی بوو ،ڕاپۆرتی لیژنەی (ڕۆکفلر)ی ئەمریکی تەعبیری لێدەکات لەکاتێکدا هەستاوە بەلێکۆڵینەوە لە چالاکیەکانی (C.I.A) و ئەم ئەنجام گیریەی وەدەست هێناوە:(بەڕەهایی ڕژێمەکەی لیندی هیچ جۆرە مەترسیەکی دروست نەکردبوو لەسەر وڵاتە یەکگرتوەکان ،بەهۆی نەبوونی هیچ نیاز یاخود ئاماژەیەك دەربارەی بوونی سەربازیانەی سۆڤیەت لە تشیلی دا ... لەلایەکی ترەوە ڕژێمەکەی لیندی لە خۆیدا نمونەیەکی مارکسی وانەبوو ،بتوانێت شۆڕشی کۆمۆنیزمی هەناردە بکات لۆ دەوڵەتە لاتینی یەکانی دیکە)...

لەلێکۆڵینەوەو بەدوادا چونێکی تردا کە لیژنەیەك بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکای ئەنجامداوە ،دەرکەوتوە کە (C.I.A) بەرپرسیارە لە لاوازکردن و کۆتایی هێنان بە حاڵەتی دەستوری لە تشیلی دا ... بەپشت بەستن بەو دوو ڕاپۆرتەو چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەڤانی و دبلۆماسی تر ،هاوپەیمان و دژەکانی ئەمریکا پێکەوە ڕخنەیان گرت لە ڕۆڵی نێگەتیڤی (C.I.A) و کردەوە نهێنیەکانی لە تشیلی دا، و ڕژێمەکەی (بینشیە)شیان ئاگادار کردەوە لە خراپی زیاتر پەلکێشانیان لە ئەشکەنجەدان وقەتڵ و عامکردنی لایەنگرانی لیندی.. هێندەی نەبرد ئەو ئاگادار کردنەوەو ڕەخنەگرتنانە

چوون بەهەوادا لەکاتێکدا بینوشیە و لایەنگرانی بەتوندی خۆیان سەپاند بەسەر حوکم دا... و ڕژێمێکی عەسکەری سەپاند بەسەر وڵاتدا و هەموو جۆرە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەیەکی سیاسیان لە وڵاتدا یاساغ کرد ... لە هەوڵێکدا بۆ قوتار بوون لە بینوشیە و حوکمە دیکتاتۆریەکەی (بزوتنەوەی چەپڕەوی شۆڕشگێڕی تشیلی) لە ساڵی (١٩٨٦)دا ،کردەوەیەکی تیرۆرکارانەیان لەدژی بینوشیە ئەنجام دا ،خەریك بوو لەنێو بچێت بە هۆیەوە ... جا ئایا شۆڕشگێڕان لە هەوڵی دووەمیاندا سەرکەوتن بەدەست دێنن و دەستەڵات دەگرنە دەست ،بەمەبەستی گۆڕینی بۆ ئەنجومەنێکی شۆڕشگێڕانە دژی وڵاتە یەکگرتوەکان و حیزبە ڕاستڕەوەکانی لە تشیلی دا؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لەناخی هەندێك لەچاودێرانی کاروباری تشیلی ستەم لێکراودا ئۆخژنی گرتووە ... لەناوچەیەکی تری جیهاندا ،کەزۆر دوورە لە ئەمریکای باشوورەوە ،کودەتایەك ڕووی دا لە ئەفغانستان دا کەدەکەوێتە نێوان پاکستان و یەکێتی سۆڤیەتەوە ... لە نیسانی ساڵی (١٩٧٨)دا دەستەڵات لەلایەن (نور محمد تەرەقی)چەپڕەوەوە گیرایە دەست ،ئەم هەر دەست بەجێ داوای کرد لە هەڤاڵە سۆڤیەتیەکانی تاکو یارمەتی بدەن لە گۆڕینی دەوڵەتە دواکەوتوەکەیدا بۆ دەوڵەتێکی سۆسیالیستی مۆدێرن.. وەلێ ئەم بازە خێرایە ،بوویە هۆی قەڵس بوونی هۆزە موسوڵمانەکانی چیاکانی ئەفغانستان و وای لێکردن بەتوندی لەدژی پێشکەوتنە سۆسیالیستەکەی وڵاتەکەیان بوەستنەوە.. هێشتر ساڵ و نیوێك تێنەپەڕیبوو بەسەر هاتنە سەرکاری تەرەقی دا کەبەدەستی سەرك وەزیرانەکە خۆی (حفيظ الله أمين)کوژرائەمیش لەئەنجامی دەست تێوەردانی سەربازیانەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لەمانگی (١٩٧٩/١٢)داکوژرا .. وەلێ کوژرانی (حفيظ الله)نەبووە هۆی باش بوونی بارو دۆخی مانەوەی سۆڤیەتیەکان لەسەر زەویەکانی ئەفغانستان ... بەڵکو بە پێچەوانەوە (C.I.A) باری فەوزەوی نێو وڵاتی قۆستەوە ،دەستی کردە بەخشینی یارمەتیەکی بێ سنوور بۆ هۆزە ئیسلامیەکان کەلە حوکمی سەرۆکی نوێ(بابراك كارمل)یاخی ببوون

... بۆزانیاریش،(K.G.B) هەرلەسەرەتاوە دەست خۆشی نەکردبوو لە بیرۆکەی داگیرکردنی ئەفغانستان ... کەچی جارێکی تر خۆی دیتبویەوە لە بەرانبەر بەرهەڵستی یەکی جدی و لێبڕاوانەی (C.I.A) دا کە (١٠٠ملیۆن)دۆلاری تەرخانکردبوو بۆ ڕاهێنان و چەکدارکردنی موجاهیدەکانی ئیسلام لە پاکستان و ناوچەکانی تردا..

سەبارەت بەو لایەنەش کە کارئاسانی کرد بۆ دزە پێکردنی چەك بۆ نێو ئەفغانستان ،ئاگایانی ئەم بوارە دەبێژن مصر یەکەم خۆبەخش بۆ هەستان بەم کارە بە هاوکاری لەگەڵ پاکستان دا .. ئینجا چین خۆی لەمەسەلەکە هەڵقورتاند و دەستی کرد بەگواستنەوەی چەك بۆ پاکستان لە هەمان پێناودا..

هەروەها یەکێك لەبازرگانەکانی کەنەدیەکان هەستاوە بەکڕینی ئەو چەك و جبەخانە سۆڤیەتیانەی کە ئیسرائیل لە سووری و فەلەستینی یەکانی گرتبوو، لەبازاڕی ڕۆژانەی پاکستاندا و چەکانەی دەفرۆشتەوە ،دیارە بازارەکە تایبەت کرابوو بۆ یارمەتی دانی شۆڕشگێڕانی ئەفغان .

سەرەڕای زۆری یارمەتیە فرە چاوگەکان ،شۆڕشگێڕان نەیان توانی سەرکەوتنی کۆتایی مسۆگەر بکەن بەسەر ڕژێمی سۆسیالیستی دا.. چەند جار هەوڵیان داوە کۆنگرێسی ئەمریکی قایل بکەن بە زەرورەتی زیادکردنی هاوکاریەکان بۆ شۆڕشەکەیان لەدژی دوژمنە سۆڤیەتی یکان و بەکرێگیراو وچاوساغە ئەفغانیەکانیان ، کەپارەیەکی زۆر و زەوەند وەردەگرن لەبەرانبەر دزینی زانیاری سەربازی لەسەر نیازەکانی شۆڕشگێڕان و مەڵبەندەکانی نیشتەجێ بوونیان بۆ سۆڤیەتیەکان.

دوای ساڵانێکی دوور و درێژی کوشت و کوشتاری ڕۆژانە لە ئەفغانستاندا،ڕابەری سۆڤیەتی (میخائیل گۆرباتشۆف)بڕیاری دا سوپاکەی لە ئەفغانستان بکێشێتەوە،لەیەکەم دانپێدانانیدا بە نسکۆی سیاسەتی (هاوەڵایەتی) لە دراوسێ یەتیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا سۆڤیەتیەکان توانیان سەرکەوتنێکی سنوردار تۆماربکەن لە کاتێکدا توانیان بەهۆی ژەنراڵێکی پۆڵۆنی (وژیاك یاروزلسکی)یەوە سەرۆکی میانە ڕەوی

وڵات و حیزبی شیوعی (ئیدوارد ژیاریك)بگۆڕن و خودی ژەنـــراڵ (یاروزلسـکی)لـە ڕابەرایـەتی وڵات بخـەن ژەنـراڵ (یاروزلسـکی)توانـــی ڕۆژی (١٣-١٢-١٩٨١)دا ،ڕابەری سەندیکای سەربەخۆی (هاوکاری) کرێکاران (لیش فالیسـا)و ژمارەیـەك لـە هاوەڵـەکانی دەسـتگیر بکـات ..(فالیسـا)و هـاوڕێ کرێکارەکـانی لـە بـەندەری (گدانسك)توانیبوویان لەو ماوەیەدا مەترسیەکی گەورە دروست بکەن لەسـەر ڕژێمـی شیوعی پۆلۆنیا ی هاوپەیمانی سۆڤیەت چونکـە ژمـارەی ئـەو کرێکارانـەی پـەیوەندیان کردبوو بە (سـەندیکای هاوکـاری)یـەوە لـە هـاوینی (١٩٨١)دا گەیشـتە دوملیـۆن کرێکار ،لە نێویاندا نیو ملیـۆن کرێکـاری شـیوعی دەبیـنران بەڕابەرایـەتی (بوگـدان لیس)ی جێگری فالـسیا.

بەهەمان شێوەی (هەنگاریاو تشیکوسلۆفاکیا)پۆلۆنیا لەسەرەتای شەستەکانەوە،کەوتە بەر ئەزمونێکی دیموکراسی کە شیوعی میانەڕەو (رادسیلۆ گومولکا)دەسـتی پێکردبـوو .ئـــەم ســـەرەڕای شکســـت هێنـــانی ڕاپەڕینەکـــەی کرێکـــارانی بـــەندەری (بوزنـان)لەسـاڵی(١٩٥٦)داتوانیبـوی بگاتـە سـەرۆکایەتی حیزبیشیوعی ...ئەمـە سەرەڕای هەوڵو کۆششەکانی سۆڤیەت بـۆ خنکـاندنی هـەموو دەنگێکـی داواکـاری پەرەپێدانی ڕژێمی سۆسیالیستی لە پۆلۆنیادا.

پاش ماوەیەکی زۆر لە گوریس ڕاکێشان لەنێوان وارشۆ و (مۆسکۆ) دا،شـیوعیەکی میانەڕەوی دیکە بەناوی (ئیـدوارد جیـارك)هاتـە کایـەوە ،ئـەم چنگـاڵی ڕژێمـی لـە قورقوراگـەی ئازادیـەکان داگـرت و ڕێگـەی دا بـەجۆرێك لـەوالابوون و کرانـــەوە لەبواری ڕاگەیاندندا.لەو ماوەیەدا بۆنمونە ڕێگەدرا بەبەرهەمهێنەری سینەمایی (ئەندریـە وجدا) تاکو فلمێك دەربارەی سەندیکای هاوکاری و فالسیای ڕابەری بەرهەم بهێنێت و دابەشیشی بکات ،هەروەها شاکارەکانی هۆزانڤانی نەیاری پۆلۆنی (زیسلو میلوز)لە ئێستگەی ڕەسمی وارشۆ وەدەخوێندرایەوە. هەروەها وتارو لێکۆڵینـەوەی هـەندێك لـە بیریـارو ڕۆشـنبیرەکانی دژ بەشیوعیەتیش بڵاودەکرانـەوە بەنمونـەی لێکۆڵینـەوەکانی

(جاسيك كورون).هەموو ئەوانە بونە هۆی قەڵسی و پەستی (كرملین)و هانی ڕابەرانی دا،تاكو هاوكاری ژەنراڵ (یاروزلسكی)بكەن،تاكو كودەتا بەرپا بكات بەسەر شیوعیە میانە ڕەوەكانداو كۆنترۆڵی حوكم بكات .

وەلێ كردەوەكانی (یاروز لسكی)نەبونە هۆی سنوردانانێك بۆ مەرامی كرێكارە پۆلۆنیەكان لە بەڕێوەبردنی كاروباری سەندیكا سەربەخۆكەیان ،بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە مەرامانە زیادی كرد ،بەتایبەت لە كەنیسەی كاسۆلیكی یەوە كە هەرگیز دژایەتی خۆی بۆ ڕژێمەكەی (یاروزلسكی)نەشاردۆتەوە نەخاسمە لەدوای ئەوەی پۆلیسی نهێنی پۆلۆنی هەستا بەكوشتنی قەشەی كاسۆلیكی (جوزی بوبیالوسكی)ی هاوپەیمان و برای ڕۆحی سەندیكای هاوكاری..ئەمانە دیارترین ڕووداوەكانی دەوڵەتە هاوسێكانی سۆڤیەت بوو لە حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكاندا .. ئەوەش لەنێو دراوسێكانی ئەمریكا دا لەكۆن و نوێدا ڕوو دەدەن،هەوڵی بەردەوامی كۆشكی سپی یە بۆ تەمبێ كردنی ڕژێمە شۆڕشگێڕەكان لە ئەمریكای لاتینی دا(بۆنمونە :نیكاراگوا)لەگەڵ سەرەتای هەشتاكاندا... و بەرهەڵستی كردنی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەكانی دیكە كە ڕەوتی چەپڕەوانەیان هەیە ،وەك سوپای شۆڕشگێڕ لە سلڤادۆر..

بەشی نۆیەم

﴿ سیخوڕی کردن لە حەفتاکاندا ﴾

لەماوەی حەفتاکاندا هەریەك لە موخابەراتی ئەمریکاو سۆڤیەت کەوتنە نێو باروۆدۆخێکەوە کە ترازوی هێزی لەنێوانیاندا گۆڕی و ڕەنگ دانەوەشی هەبوو بەسەر سیاسەتی هەردوو زلهێزەکەوە لەلای دراوسێکان و هەموو جیهانیش دا ،لە کاتێکدا لێزمەی ڕەخنەی جەماوەری و ڕامیاری دەرژا بەسەر (C.I.A) و کردەوە کانیدا لەناوچە داغەکانی جیهاندا ،کرملین سەرقاڵی دوبارە ڕێکخستنەوەو ڕاهێنانەوەی سوپاکەی (K.G.B) بوو بەسەرکردایەتی پیاوی ئاسنین (یوری ئەندرویوف)ئەم لەوکاتەوە کەلەساڵی (١٩٦٧)دا سەرکردایەتی (K.G.B)گرتە دەست دەستی کرد بەلادانی بزوتنەوە ریفۆرمیەکەی (خرۆتشیف)لەنێو (K.G.B)دا.. خروتشیف هەستا بە گۆڕینی ڕەگەز شیوعیە پسپۆڕەکانی بواری سیخوڕی بە ڕەگەزی لاو بێ ئەزموون کە لە ڕێکخراوی (کۆمسمون=لاوانی شیوعی)ە وەهێنابوونی .

لەساڵی (١٩٥٨ز)ەوە (ئەلکسەندەر شلیبین)ڕابەرایەتی ئەو ڕەگەزە لاوانەی گرتە دەست ،لەدوای ئەمیش (فلادیمیر بفیمو ڤیتش) جێگەی گرتەوە .. لەسەردەمی ئەم دوو لاوەدا (K.G.B)چەندین خورپەیەوای لێکەوت کە توانا داری و جەبەروتی ئەو دەزگایەی لەنێو خۆو دەرەوەدا لەرزاند .. ساڵی ١٩٦٢ (ئۆلگ بنکوفسکی)ی کۆلۆنیلی سەربازی لە مووخابەراتی سۆڤیەتی دا دەستگیر کرا بەهۆی تۆمەتبارکردنی بەدزینی زانیاری بۆ موخابەراتی بەریتانی (M16)بۆماوەی دووساڵی تەواو..

ماوەیەکی تر تێپەڕی جیابوونەوەو پەرت بونێکی سیخوڕی تر ڕویدا سیخوڕی سۆڤیەتی لە فنلندا (ئەناتۆلی گولیستین)پێی هەستا و ناوی چەندین بەکرێگیراوی

(K.G.B) لەرۆژئاوادا ئاشکرا کرد هەرلەهەمان ماوەدا (K.G.B) ناوبانگی خۆی لەنێو هاولاتیانی سۆڤیەت دا لەکەدار کرد بەهۆی ئەودادگایە تەمسیلیانەوە کە پێی هەڵدەستا وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ حوکم دان بەسەر هەندێك نەیاری سیاسیدا بەنمونەی:(سینیا فیسکی)و (دانیاڵ).

هەموو ئەمانە بە دەستێکی سیحری سڕانەوە لەدوای ئەوەی (ئەندرۆ بوف)گەشتە سەرەوەی هەرەمی ڕێکخستن لە (K.G.B) ..ئەندرۆبۆف خاوەنی مێژویەکی دێرینە لەخەباتدا لەدژی نازیەکانی ئەڵمان لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم دا لە سلکی دبلۆماسیشدا وەك بالیۆزی سۆڤیەت لە هەنگاریا لە ساڵی (١٩٥٦)دا کاری کردووە.. دەگوترێت (ئەندرۆ بۆف) دوای ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەرو گرنگی بینی لە هەنگاریا لەدوای ڕاپەڕینەکەی (١٩٥٦)کرایە سەرۆکی (K.G.B) .. ئەو ڕاپەڕینەی کە بووە هۆی داگیرکردنی (بۆدابست)لەلایەن سۆڤیەتەوەو دەستگیرکردنی ژەنراڵ (مالیتر)ی هەنگاری دوای ڕابەرایەتی (K.G.B) گرتنە دەست لەلایەن (ئەندرۆ بۆف)ەوە،دەستی کردە هەڵمەتێکی ڕێکخستن و پاکژکردنەوەی توندوتیژ، بارودۆخی کاری کارمەندان و بەکرێگیراوانی چاککرد ،سەرەتا لەپێدانی جۆرەبەرگێکی باشترە وە بگرە تاکو فێرکردنی زمانە بیانیەکان ..هەروەها هەستا بەدانانی چەندین پسپۆری بواری موخابەرات بۆ کارکردن لەتەك شانە دبلۆماسیەکانی سۆڤیەتدا لە هەندەران زۆرێك لەکارمەندانی موخابەراتی گۆڕی جگە لەوانەش قەدەغەی کرد لەهەندێك ئەندامی تر کە لەیەك کاتدا کاری موخابەراتیش بکەن و ئیدمانیشیان هەبێت لەسەر مەی نۆشین ..(ئەرکادی شڤتشنکۆ)گەورە کارمەندی (K.G.B) دەربارەی دەست نیشانکردنی (ئەندرۆ بوف)بۆ ئەو پۆتە دەڵێت:(لەکۆتایدا بوینە خاوەنی ڕابەرێکی بەهێز لە(K.G.B)دا کەپشتی پێ دەبەستین).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی (K.G.B) دەزگایەکی زەبەلاحەو بەپێی خەملاندنی هەندێك لەئاگایان کارمەندانی پێك هاتوون لە :(٩٠)هەزار ئەندام

،(٣٠٠)هەزار پاسەوانی سنور و (١٠٠) هەزار کارمەند لە نوسینگەو بینایەکانی (K.G.B) دا ..ئەمە جگە لەژمارەیەکی ئەندامی تر بەناوی (هێزەتایبەتەکان)ەوە .

بارەگای سەرەکی (K.G.B) کە ناسراوە بەسەنتەر لە گۆڕەپانی (دجیرجینسکی)نزیك کرملین دایە لەنێوەڕاستی (مۆسکۆ)ی پایتەختی سۆڤیەت دا. بەشی ١٦ ی ئەم بارەگایە لەسەر پاشماوەکانی زیندانی (لوبیانکا)ی بەناوبانگ دروست کراوە .. سەبارەت بەپرۆسەکانی بەکاربردن و دامەزراندن، داواکاریەکانی کارکردن شەکلی بوون و دامەزراندنیش بەزۆری لەڕێگەی ناسراوو هاوەڵانی ناو (K.G.B) ەوە دەبوو ... سەبارەت بەچۆنێتی دابەشکردنی ئەرك و فەرمانەکان لە (K.G.B) دا مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە ،لە کۆی چوار بەڕێوەبەرایەتی سیانیان تەرخانکرابوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵات، ئەمەش یانی سیخوڕی کردن بەسەر نەیارە سیاسیەکان و ئەوانەشەوە کە گومانیان لێدەکرێت .. و هەوڵدان بۆ بەکاربردنی زۆرترین ژمارەی ئەو ڕۆژنامە نوس و دبلۆماسانەی کە لەیەکێتی سۆڤیەتدا کاردەکەن .. ئەوانە هەموو لەلایەك ،بەڕێوەبەرایەتی دووەمی (K.G.B) ئەرکی ئەوەبوو کچە جوان و شۆخ و شەنگەکان ژێربار بکات ،بەمەبەستی لە خشتە بردنی دبلۆماسیە بیانیەکان وسیخوری کردن بەسەر کارەکانیانەوە ... ئەندرۆ بۆف گرنگی داوە بەم بوارەو لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە هەولی داوە زۆرترین کچی جوان بێنێتە ڕیزەکانی (K.G.B) ەوە ،بە هەرچی ئامرازێك کە دەلوێت..

بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە بۆنمونە ،(گالیا)ی شۆخ و شەنگی سۆڤیێتی وکارەکەری باڵوێزی بەریتانیا لە (مۆسکۆ) (جفری هارسیۆن)توانی باڵیۆز لەخشتە بەرێت و پەیوەندی سکسی لە گەڵ دا ببەستێت... بەڵام پاش ماوەیەکی کەم باڵیۆز مەسەلەکەی ئاشکراکردو لەلای بەرپرسە باڵاکەیدا لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دا دانی نا بە هەڵەکەیدا، بەرپرسە باڵاکەش ناچار بوو (هارسیۆن)بگۆڕێت بە باڵیۆزێکی تر بەناوی

(دنیکا ولسون).. ئەم شەش هەفتە دوای ئەوەی گەیشتە (مۆسکۆ) (گالیا)ی لەباڵیۆزخانەی بەریتانیا دەرکرد،هۆکاری ئەم کردەوەیەشی ڕانەگەیاند.

(ولسون)باڵیۆزی ئوستڕالیای لە (مۆسکۆ) ئاگادار کردەوە لەبەکاربردنی (گالیا) لە باڵیۆز خانەکەید ،لەوەڵامی پرسیارێکدا کە باڵیۆزەکەی ئوستڕالیا لیی کردبوو ،دەربارەی ڕای ئەو بەرانبەر کارەکەرە پێشوەکەی ..

ساڵی (١٩٦٩)،ئەندرۆبوف بەڕێوەبەرایەتی پێنجەمی لە (K.G.B) دا دامەزراند و ئەرکی مامەڵە کردن لەگەڵ نەیارە سیاسیەکان و بنەبڕکردنی چالاکیەکانی لەوڵاتدا خستە ئەستۆ .. لەیەکەم ساتەکانی دامەزراندنیەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پرۆگرامێکی زیرەکی گرتە بەر بۆ قوتاربوون لەنفوزی هەندێك نەیاری سیاسی لەسەر گەلی سۆڤیەت .. لەنێو سەردێڕ و بابەتەکانی ئەم پرۆگرامەدا بۆنمونە، توندو تۆڵکردنی چاودێری و قەڵس کردن لەدژی نەیارەکان و فشاری دەرونی خستنە سەریان تاکو ناچاربن هەڵبێن بەرەو ڕۆژئاواو لەوێ داوای مافی پەنابەری ڕامیاری بکەن ،دەبینرا .. یاخود هەڵبەستنی چیرۆکی وەها کەیارمەتی (K.G.B) بدات ،بەوەی بتوانێت ئەو نەیارە سیاسیانە تۆمەتبار بکات بەشێت بوون ،وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ ناردنیان بۆچارەسازی عەقڵی لەبری بەئاشکرا دادگایی کردنیان لە وڵاتدا... چاودێران پێیان وایە بەرنامەکەی ئەندرۆبوف بەرهەمی باشی هەبوو،ئەوەتا لەسەرەتای هەشتاکانەوە ڕۆڵی نەیارە سیاسیەکان لە یەکێتی سۆڤیەتدا لەکەمی دەداو جوجوڵە جەماوەریەکانیشیان بەتەواوی بەرەو لاوازی دەچوو.

سەبارەت بەئەرك و فەرمانەکانی بەڕێوەبەرایەتی سێیەم کەهەندێك جار بە بەڕێوەبەرایەتی پاسەوانی سنوور دێتە ناوزەدکردن ،ئەندرۆبوف شێوازەکانی سیخوڕی کردنی ئەم دەزگایەی چەکوش کاری کرد ...و پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ سوپای سۆڤێتیدا باشکرد ،چونکە سوپای سۆڤیەت بەردەوام ناڕەزایی دەردەبڕی بەرانبەر خۆ هەڵقورتاندنی ئەم بەڕێوەبەرێتی یە لەکاروبارەکانی سەربازیدا.

وەك زانراوە لەسەردەمی ستالینەوە تاكو ئەوكاتەی (ئەندرۆبوف) سەرۆكایەتی (K.G.B) گرتۆتە دەست ،پەیوەندیەكانی نێوان هێزە چەكدارەكانو موخابەراتی سۆڤیەت لەسەر سنورەكانی ئەوروپای ڕۆژهەلات و ئاسیاو ناوچەكانی تردا ،پەیوەندی دژبۆدژ بووە ،ئەمیش بەهۆی سروشتی ئەركەكانی موخابەراتی پاسەوانی سنور و ڕۆلیان لەپلان دانان بۆ دەست تێوەدانە سەربازیەكان وەك لە (هەنگاریاو تشیكوسلوفاكیا)دا ڕوی‌دا..ئەم ڕۆلەی كەدرابووە (K.G.B) شانبەشانی ڕۆلی بنەبڕكردنی نەیارە ڕامیاریەكان لە ولاتدا ،هەمیشە (K.G.B) جیاكردۆتەوە لە (C.I.A) ی ئەمریكی . هەرچەندە هەندێك پێیان وایە (C.I.A) لەنێو خۆی ئەمریكاشدا لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی ڕۆل دەبینێت.

لێرەدا ئاماژە دەكەین بەوەی (ڤیتالی فدروشیك)ی جێگری (ئەندرۆبۆف) لە (K.G.B) دا،هەركە گەشتە لوتكەی دەستەلات لەو دەزگا موخابەراتیەدا ،هەولی دا وێنەی موخابەراتی سۆڤیەت لەنێوخۆی سۆڤیەتدا جوان بكات ،بۆ مەیسەركردنی ئەم ئامانجە ،داوای لەهەموو ئەندام و ئەفسەرانی (K.G.B) كرد ،تالەكاتی هەستان بەجێبەجێ كردنی ئەركەكانی ڕۆژانەیاندا ،بەجل وبەرگی سەربازی ئاساییەوە دەربكەون،لەبری خۆشاردنەوە لەپشتی دەمامكەكەی پۆلیسی نهێنی یەوە .. هەروەها كاری‌كرد بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی كەتیایدا پیاوانی (K.G.B) بە پالەوانی ڕۆمانسی و بەهێز وێنا دەكات،كت ومت وەك فیلمەكانی (جیمس بۆند)...

سەبارەت بەئەركەكانی بەڕێوەبەرایەتی یەكەم لە (K.G.B) دا یاخود بەڕێوەبەرایەتی سیخوڕی دەرەكی ،بریتیە لەكۆكردنەوەی زانیاری نهێنی و شیكردنەوەیان ودزەكردنە نێو دەزگا موخابەراتیەكانی دوژمن و دەزگا حكومیەكانیشیان،یارمەتی دانی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەكان ،و پارتە چەپەكان لەدنیادا ،دامەزراندنی پەیوەندی تایبەتی لەگەل دەزگاكان و پۆلیسی دەولەتە ئەوروپیە دۆستەكان و كوبا دا ،هەروەها ئەم

بەڕێوەبەرایەتیە بەشی یانزەیەمینی پەیکەری ڕێکخستنی خۆی تەرخانکردووە بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیە تایبەتانە لەگەڵ دەزگا دۆستەکانداو کارکردن بۆ سازکردن و مەشق پێکردنیان ،بەجۆرێك لەدوایدا (K.G.B) بتوانێت لەبەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێت .

بەچاوپۆشین لەوەی بوونی هەندێك لەئەندامانی (K.G.B) لەهەندەران بەناشەرعی دێتە هەژماردن،وەك بارودۆخی یاسایی مانەوەی (جۆرج لونسداڵ)لەبەریتانیا ،و (رودولف ئابڵ)لەئەمریکا،یاخود بونێکی دووجەمسەرە وەك مانەوەی (کیم فیلبی)لە (واشنطن).. ئەوانەی تر لەئەندامانی (K.G.B) لەهەندەدان وەك ئەندامی شاندە دبلۆماسیەکانی سۆڤیەت یاخود کارمەندی (ئەیرفلوت=هێڵە ئاسمانیەکانی سۆڤیەت)یان.... هتد، کاردەکەن بێگومان ئەندامانی (C.I.A)و(M16)ش لە ژێر ئەو دەمامکانەدا لە هەندەران هەن بەڵام بەژمارەیەکی کەمتر و لەنێو کەش و هەوایەکی جیاوازیش دا... بەگوێرەی گوتەکانی یەکێك لەکارمەندانی ئاسایشی فەرەنسا:(توانیومانە لەنێو هەزار کارمەندی سۆڤیەتی و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا لەساڵی (١٩٧١)دا، ئاماری ٦٠٠بەکرێگیراوی (K.G.B) بکەین ،بێگومان ئامارکردنیشیان ئەرکێکی گرانە،گەر نەڵێین ئەستەمە)..

بەپێی ئەم ڕوانگە ڕۆژئاواییە بۆچالاکیە دبلۆماسیەکانی سۆڤیەت لەهەندەران دا،ئاساییە هەندێك دەوڵەتی ڕۆژئاوایی هەستن بە دەرکردنی سەرجەم ئەندامانی گروپە دبلۆماسیەکانی سۆڤیەت لە وڵاتی خۆیاندا...لەم ڕووەوە نمونەیەك دێنینەوە لەساڵی ١٩٧١دا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (ئیدوارد هیث)رایگەیاند : (٩٠)دبلۆماسی سۆڤیەتی لە بەریتانیا کاردەکەن وەك بەکرێگیراوی (K.G.B) ،بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکێك کەدەربارەی گوتی :(ئەرکێکی تێك دەرانەیە بۆ نەهێشتنی ڕژێم لەپادشا نشینی یەکگرتوی بەریتانیادا)لەبەر ئەوەهیث گوتی:(ئەو نەوەد دبلۆماسیە سۆڤیەتیە پێویستە دەست بەجێ وڵات جێ بێڵن و بەپانزە هاوەڵی تریشیان ڕابگەیەنن کە ئێستا لە

دەرەوەی بەریتانیان ،ئەوانیش لــەڕیزی دەرکراوەکـاندان و بۆیـان نیـە بگەڕێنـەوە بـۆ بەریتانیا).

بەریتانیا لەدوای جیابوونـەوەی (ئولـگ لیـالین)لـە موخابـەراتی سـۆڤیەت بڕیـاری دەرکردنی ئەو دبلۆماسیانەی دا،(لیـالین)پـەردەی لادا لـەڕووی تۆڕێکـی سـیخوڕی سۆڤیەت لـە بەریتانیا،کەکاردەکەن بۆ تێك دانــی دامەزراوەکانیتەلـەفۆن و بـێ تـەل و تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆکان لە (لەندەن)...

هـەروەها (لیـالین)دانـی نابـەوەدا کـە (K.G.B) ئـەم و چـەند کـادرێکی تـری ڕاســپاردووە تاهەســتن بــەتێکدانی وێســتگەی ئاگادارکردنــەوەی پێشـــوەختی (فیلنگدال)لەباکوری یورك شایر...دواتر بەڵگەکان ئاماژەیان دەکرد بــەو ڕاستیانەی کە(لیــالین)زیـاد ڕەوی کـردووە لەتۆمـەتبارکردنی (K.G.B) و هـەروەها ڕونیـش بویەوەئـەو تـۆڕە ١٠٥ کەسـیەی نـاوی بـراوە ،زیـادە ڕەوی کـراوە لـەپێدانی ڕۆڵـی تێکدەرانە پێیان و ژمارەی ئەندامە کاراکانی لەسەر ئاستی کاری سیخوڕی ...

لەلایەکی ترەوە ،سەرچاوەکانی ئیستیخباراتی ڕۆژئاوا لەســاڵی ١٩٧٦دا ئاماژەیـان دەدا بـەوەی کـە (٣٦٪)لـەکۆی سـەرجەم دبلۆماسـیەکانی سـۆڤیەت لـــەڕۆژئاوادا سەربەموخابەراتیسۆڤیەت بوون .. هەندێکی تر لەسەرچاوەکان پێیان وایە ســەرکەوتنی (K.G.B) لەبواری سیخوڕی دەرەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای ئەو دەزگایە (نەخاسمـە بەڕێوەبەرایـەتی یەکـــەم تیــایدا)بەبــەکارهێنانی ڕۆژنامەگـــەری و ڕۆژنامـــە نوســـان لەئاوەژوکردنەوەو لەکەدارکردنی چەند زانیاریەکیدیاریکراو،بەئامانجی لادانی ســەرنج لەسەر چەند زانیاریەکی تر کە سۆڤیەتیەکان بەگرنگی دەزانن لەوڕووەوە دەگوترێت کە (جوزیف فرولیك)ی جیابوەوەی تیشکی لەکاتێکدا پــەردەی لادا لــەڕووی پــەوەندی هەندێك لەپەرلـەمانتارە بەریتانیەکان بـە (K.G.B) یـەوە ،مەبەسـت لێـی تیوەگلانـی (M15)بوو لە تۆمەتیناديارەوە تاکو لانەکاتەوە بەلای چەندین بواری سیخوڕی تــردا کەزۆر گرنگ و زیندەیی (حیوی)ترن،هەروەها ڕۆڵی هەریەك لە (فیتــاڵی بفتجنفیتـش

لوی)که له ڕۆژئاوادا به (فکتۆر لویس)ناسراوەو له (هەواڵەکانی ئێوارەی لەندەن)دا کاری دەکرد له پەنجاکاندا ،و (فلادیمێر گریگۆروفتیش)که خۆی کردبووە پەیامنێری ڕۆژنامەی (پرافدا)له (فلیپین)له ساڵی (١٩٧٤)دا،هەمان ڕۆڵ بووە..

له وڵاتی هندستان دا مەسەلەکە بەڕونتر دەردەکەوێت ،چونکه هەندێك پێیان وایە بونی حەوت پەیامنێری (پرافدا)لەهندستاندا لەبەرانبەر تەنها دوو پەیامنێری (ڕۆیتەر)دا ،مانای وایە بەشێك لەو حەوت کەسە لەبەرژەوەندی (K.G.B) کار دەکەن ،لەلایەکی ترەوە تاهەنوکەش مەسەلەی تێوەگلانی بەڕێوەبەرایەتی یەکەم له (K.G.B) دا ،له ڕاهێنان و پر چەککردنی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکاندا ،یان وەك هەندێك دەڵێن ڕێکخراوە (تیرۆیستەکان)،مەسەلەیەکی خیلافیە له مەحفەلە نێودەوڵەتیەکاندا ...هەرچۆن بێت بەڕاستی (K.G.B) دەستی هەبووە له مەشق پێکردن و پرچەککردنی بزافەکانی ڕزگاری نیشتمانی.. بەنمونەی (ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین)کەڕاستەو خۆ کۆمەك و یارمەتی له (K.G.B) وەردەگرت، یاخوود وەك ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان له ئەمریکای لاتینی دا، کەلەسەر دەستی موخابەراتی (کوبا) ی دۆستی (K.G.B) دا ڕادەهێنرێن و پرچەك دەکرێن.

لەکاتێکدا (مۆسکۆ) بوونی هەرپەیوەندیەکی خۆی بەپرچەککردنی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە بەدرۆ دەخاتەوە،زۆرێك له دەوڵەتە نەیارەکانی بەگومانن له هەڵوێستی (مۆسکۆ) بەرانبەر تیرۆری نێودەوڵەتی ... هەندێك لەو دەوڵەتانەی زۆر توند ڕەون له دژایەتی کۆمۆنیزم دا پێیان وایە یەکێتی سۆڤیەت خولگەیەکە،کە تیرۆری نێو دەوڵەتی بەدەوریدا دەخولێتەوە ،ئەو تیرۆرەی کە خۆی له سوپای نهێنی ئیرلەندەو ،شۆڕشگێڕانی (ساندینیستا)ی نیکاراگوا و .... هتد.دا دەبینێتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستیەکە هێشتر تەم و مژاویە ،چونکە ئەوەی هەندێك بەتیرۆری له قەڵەم دەدەن هەندێکی تر بەخەباتی چەکداری له قەڵەم دەدەن لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیدا سەبارەت بەڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین ،یەکێتی سۆڤیەت بەئاشکرا



(چەند گەریلایەکی سوپای نهێنی ئێرلەندی لە هەندێ دیمەنی دەگمەندا .. سەرەڕای هاوکاری کردنی کێشەی ئێرلەندا لەلایەن دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانەوە ، کەچی ئەمریکا یەکەمین سەرچاوەی یارمەتی دانی سوپای نهێنی ئێرلەندە بووە و پێویستە ئاماژە بەو هەوڵە زۆرانە بدەین کە حکومەتەکانی ئەمریکا داویانە بۆ بەرگرتن لە هاوڵاتیانی ئەمریکا بەوەی ھاریکاری سوپای نهێنی ئێرلەندە بکەن).

کۆمەکی دەکات بەوپێیەی بزافێکی ڕزگاری نیشتمانیە ،ئەمە لەکاتێکدا هەریەکە لەئەمریکاو ئیسرائیل ئەو ڕێکخراوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست ناوزەد دەکەن.. ڕێکخراوەکە هەڵوێستی دەربارەی ئەم مەسەلەیە ڕوون و ئاشکرایە و ڕای دەگەیەنێت کۆمەکیە سەربازیەکانی سۆڤیەت سەرجەمی دەخزێتە خزمەتی شۆڕشی چەکداری فەلەستینەوە لەدژی ئیسرائیل ولەمەسەلەی تردا بەکار ناهێنرێت ،وەك شوێن بزرکردنی فڕۆکە مەدەنیەکان و چاندنی تەقەمەنی لە فڕگە جیهانیەکاندا وەك هەندێك گومان دەبەن .. سەبارەت بەسوپای نهێنی ئێرلەندەش ،بەپێی هەندێك لێکدانەوە ،کۆمەکیەکانی سۆڤیەتی لەڕێگەی موخابەراتی (تیشکیەوە پێ دەگات ... لەگەڵ ئەوەشدا تۆمەتبارکردنی سۆڤیەتیەکان بەپەیوەندی بەستنیان لەگەڵ تیرۆریستی جیهانی (کارلۆس)دا،گەورەترین تۆمەتبارکردن بوو کاریگەریترین یشیان بوو لەسەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ..

(کارلۆس)ناوی ڕاستەقینەی (ئیلیتش ڕامیریز سانشیز)ەو،بۆماوەی (یەك ساڵ) لەزانکۆی (باتریسی لومومبا)لە (مۆسکۆ)ساڵی ١٩٦٨ خوێندویەتی .نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات چونکە سۆڤیەتیەکان لەبەر چەندین هۆکاری ڕەوشتی دەریان کرد. هەرچەندە زۆرێك لە پسپۆڕانی سیخوڕی ،کارلۆس بەبەکرێگیراوی سۆڤیەت لە قەڵەم

دەدەن، سەبارەت بەدەرکردنی کارلۆسیش لەسۆڤیەت دەڵێن تەنها فیلێکی سیخوڕی بوو بۆدورخستنەوەی گومان لە (K.G.B) .

لەهەمان ڕوپەڕدا دەنگۆ بڵاوبویەوە کەیەکێتی سۆڤیەت دەستی هەبوبێت لە هەوڵی تیرۆرکردنی (یوحەنا پۆڵسی دووەم)ی پاپای ڤاتیکان لەساڵی ١٩٨١،بەتایبەت لەدوای ئەوەی (محمد علی ئەجکا)ی ڕاپەڕێنەری هەوڵەکە دانی ناوە بەوەدا کەلەبەرژەوەندی موخابەراتی بولگاریا ی هاوپەیمانی (K.G.B) کاردەکات ... پاش ماوەیەکی کەم لە بڵاوبونەوەی پروپاگەندەکە ،(ئەجکا)لەو دان پێدانانەی پاش گەزبوویەوە و ڕای گشتی لەنێو گێژاوی سەرسوڕماندا بەجێ هێشت .ئایا بەتەنها موخابەراتی سۆڤیەت بۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕای گشتی زانیاریەکان دەشێوێنێت ؟یاخود هەندێك جار هەندێك لەموخابەراتەکانی ڕۆژئاواش بەشداری ئەم کارەی دەکەن؟

دان پێدانانەکانی (ئەجکا)ئەم دوو پرسیارەی ووروژاند و میسداقیەتی موخابەراتەکانی ڕۆژئاواشی لە مەحەك دا..

بالایەك بکەینەوە بەلای ئەندرۆبوف دا ،تێبینی دەکەین سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی (K.G.B) ئاگاداریان کردۆتەوە لە هەر پلانێکدا کە کێشرابێت بۆ جێ بەجێکردن لەسەر ئاستی کردەوە سیخوڕیەکاندا.لەمیانەی ڕێکخستنی پەیوەندی مەرکەزی لەنێوان ئەو و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، ئەندرۆبوف توانی هەڵمەتێکی سەرکەوتو بەرپابکات لەدژی گەندەڵی و بیرۆکراتیەت لەنێو پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دا،بەتایبەت هەڵمەتەکەی لە ئازەر بایجان (١٩٦٩)و، جۆرجیا (١٩٧١).. لەسەرەتای هەشتاکاندا ،ئەندرۆبوف تەقەی دا لەدەروازەی بیرۆکراتیەت لەدەوروبەری ڕابەری سۆڤیەتی (لیونید بریجنیف)و گروپەکەیدا.. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە لەکاتێکدا (ئەندرۆبوف)کەئەندامی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو لەساڵی (١٩٨٢)دالەدوای مردنی (بریجنیف)بویە سەرۆکی سۆڤیەت .



2 C № 035848 1971 s

FILIACION
PERSONAL DESCRIPTION

Cédula de Identidad / Identification Card: 4365201

Nacionalidad / Nationality: CHILENA

Nacido el / Date of birth: 1- JULIO - 1947

Estado civil / Marital status: SOLTERO

Profesion / Profession: INGENIERO

Domicilio / Address: PEDRO TORRES 360

Observaciones / Notes:

FILIACION
PERSONAL DESCRIPTION

REGISTRO CIVIL E IDENTIFICACION DE QUILLOTA Depto. de Quillota CHILE

DIGITO PULGAR
THUMB PRINT

FIRMA DEL TITULAR
SIGNATURE OF BEARER

(پسابۆرتێکی ساخته به ناوی (ئیلتش ڕامیرز سانتیز) ناسراو به تیرۆرستی جیهانی (کارلۆس)، پێویسته بلێین دیارترین کاری تیرۆرستی (کارلۆس) بریتی بوو له ڕفاندنی (۱۱) وەزیری عەرەبی که نوێنەرایەتی وڵاتەکانیان دەکرد له ڕێکخراوی (ئۆپێك) دا ، ئەم کردەوەیە له کانونی یەکەمی ۱۹۷۵ دا جێ بەجێ کرا).

لـەو دەمانـەی (K.G.B) بـە دەزگایـەکی کـارا دەبینـرا لـە حـەفتاکاندا لـە نێـو یەکێتیسۆڤیەتدا ،(C.I.A) قەیرانی متمانەی هـەبوو لەگـەڵ هاوڵاتیـانی و سیاسـەت مـەدارانی ئـەمریکادا ،چونکـە سیاسـەت مـەداران و هاوڵاتیـانی ئـەمریکا ئاژانسـی (C.I.A) یان تۆمەتبار دەکرد بەوەی ڕێ وشوێنی نێگەتیڤ دەگرێتە بـەرو کـردەوەی نهێنی نایاسایی ئەنجام داوە لەهەریەکە لە (لاوس،کەمبۆدیا، ڤێتنام، تشـیلی....هتـد)دا ...

(C.I.A) لەساڵی (۱۹۷۳)بەدزێوترین قەیرانەکانیدا گوزەری کرد ،بەهۆی ئەوەی سـەرۆك (نیکسـۆن)لـــەو ســاڵەدا،(ڕیتشـــاردیلمز) ی بەڕێوەبـــەری ئاژانســـەکەی (۱۹٦٦-۱۹۷۳)لە پۆستەکەی دەرکرد،چونکە ئـەمی دووەم ڕەتـی ئـەوەی کـردەوە

کەبەشداری بکات لە لێکۆڵینەوەی لابەلا دەربارەی ڕیسواییە بەناوبانگەکەی (ۆترگێت).

پاش ماوەیەك (نیکسۆن)دەست نیشانی (هلمز)ی کرد بۆ پۆستی باڵیۆزی ئەمریکا لەئێران دا،ئەم دەست نیشان کردنە بوویە هۆی ووروژاندنی گومان لەوەی (هلمز) لەمیانەی قەیرانی (ۆترگێت)دا إبتیزازی سەرۆکی کردبێت...کەچی هیلمز خۆی بەئاشکرا ئەم تۆمەتە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت :(لەنێو هەموو ئەو تۆمەتانەی لەدژی خۆم و (C.I.A) بەکاردەهێنرێت ،بەتوندی ئەم تۆمەتە ڕەت دەکەمەوە کەباس لە إبتزازی سەرۆك دەکات)..

شیاوی باسە (هلمز)دڵنیابوو لەوەی ئەو کردەوانەی لەماوەی ساڵانی خزمەتیدا لە (C.I.A) کردونی لە پێناوی نیشتمان دابووە، ئەو لەوتارێکی تایبەتیدا لەساڵی (١٩٧١)دا لەوروەوە دەڵێت:(نیشتمان تارادەیەك پێویستە دڵنیا بێت، ئێمەش ـ پیاوانی (C.I.A) ـ هاوڵاتی دڵسۆزین بۆی و بۆ کێشە گشتیەکانی)..

سەبارەت بە باگراوندی ڕۆشنبیری و سۆسۆلۆژی (هلمز)،لەڕوی جەوهەرەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ باکگراوندی ڕابەرە پێشینەکانی (C.I.A) دا ،ئەمیش زانیاریەکانی لە فێرگەو پەیمانگەکانی سویسراو ئەڵمانیا وەرگرتووەو پاشان لە پەیمانگای (سان لویس)لە ساڵی (١٩٣٥)دا دەرچووە ، پاشتر لەبواری ڕۆژنامە گەریدا کاری کردووە(لەرۆژنامەی "ڕۆژانەی ئەندیانا بۆلس")داو بۆ خزمەت کردن لە (نوسینگەی خزمەتگوزاریە ئیستراتیژیەکان)هێنرایە ژێربار لەماوەی جەنگ دا ،بەکۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی هلمز پەیوەندی دەکات بە (C.I.A) ەوە ئیدی ڕێگە دەبڕێت بەرەو لوتکەی پەیکەرەکەی لەمەڕ موخابەراتی ئەمریکا .. لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٩)دا هێندەی خزمەت کردبوو کە بەس بێت بۆئەوەی ڕاستەوخۆ ئاگاداربێت بەسەر هەوڵەکانی تیرۆرکردنی (فیدڵ کاسترۆ)دا ،لەدانیشتنێکی لێپرسینەوەدا کە لیژنەی موخابەراتی سەربەئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا سازی کردبوو لە ساڵی

(١٩٧٥ز)دا ،هلمز ووتی :(کەئەو ڕای خۆی نەگۆڕیوە سەبارەت بەدادگەری ئەو هەوڵانەی کە هەندێك (بە مافیا)شەوە پێی هەستاون بۆ تیرۆرکردنی فیدڵ کاسترۆ،هەروا ڕونیشی کردەوە کە (C.I.A)هەستاوە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیشتمانیەکانی و لەسنوری چوارچێوەی یاسایی ئەو ئەرکانەش دەرنەچووە)...

بەڵام گوتەکانی هیلمز بەرەهایی قەناعەت پێکارنەبوون ،بەتایبەت لەدوای ئەو زنجیرە ڕیسواییەی کە (C.I.A)یان لەرزاند لەسەردەمی بەڕێوەبەرایەتی نوێی (ولیەم کولبی)دا.. لەو ساوەکە لەتەمووزی (١٩٧٣)دا (کولبی) بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی ئەمریکای گرتە دەست، داوای لەکارمەندانی (C.I.A) کرد تاکو ڕاپۆرتی ڕەسمی بنوسن دەربارەی هەڵسوکەوتە پێشینەکان و کردەوە نهێنیە نایاساییەکان..بەئامانجی هاوکاری کردنی لیژنە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە بۆ گەشتن بەڕاستی ئەوکردەوانەی (C.I.A) لەسەر دەمی سەرۆك نیکسۆن دا کردوونی ..بیروباوەڕێکی وا بلاوبویەوە کە (C.I.A) دەستی وەرداوەتە کاروباری ناوخۆیی کۆمەڵگەی ئەمریکی و وە شوێن هەندێك لەو ئەندامانەدا چووە کە پاڵپشتی بزافی ئاشتی دژ بەشەڕبوون لە ڤێتنام وهەندێکی تریش لە کەسایەتیە سیاسیە توندڕەوەکان ،ئەمەش بەبێ گومان یانی پێشێل کردنی یاسای ئەمریکاچونکە ئەو یاسایە قەدەغەی کردووە (C.I.A) ئەوجۆرە چالاکیە ناوخۆییانە ئەنجام بدات لە ئاکامی بەدوادا چون و لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی (روکفلر)و لیژنەی (کەنیسەی سەربە ئەنجومەنی پیران)، (C.I.A) لەماوەی شەڕی ڤێتنام دا(جیمس ئەنگلتۆن)ی کردە بەرپرسی ئەو کردەوانەی ناوی لێنرابوو (کردەوە شپرزەکان)ئەودەستەواژەیە (شیفرە)یەکی زانیاری بوو بۆ پلانێکی سیخوڕی کردن بەسەر کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتەوە ...

هەروەها دەشگوترێت ئەو زانیاریانەی کە هەبوون لە سەر تێوەگلانی (C.I.A) لەتیرۆرکردنی ڕابەرو سەرکردە جیهانیەکان و تێکدانی سیستەمە دیموکراسیەکان لە ئاسیاو ئەمریکای لاتینی دا بوونە هۆی ڕق هەستانی ڕای گشتی ئەمریکاو پالی نا بە

(دادوەری) ئەمریکاوە تاکو (ریتشارد هلمز)بەرپرسی ئەوکاتەی (C.I.A) تاوانبار بکات بەتۆمەتی درۆکردن لەبەرانبەر لیژنەی پەیوەندیە دەرەکیەکان لە ئەنجومەنی پیران دا لەمەڕ ڕۆڵی (C.I.A)لەتێکدانی ڕژێمی (تشیلی).

ئەنجامی کۆتایی دادگایی کردنەکان بریتی بوو لە فەرمانی زیندانی کردنی (هلمز)بۆماوەی (٢ساڵ)و باجێکی دارایش ...

لەئاکامدا کۆنگریس پێی داگرت لەسەر زەرورەتی کۆنترۆڵ کردنەوەی سیاسەتە دەرەکیەکانی وڵات و دانی سنورێك بۆ هەڵسوکەوتەکانی (C.I.A) لەڕێگەی دانانی زنجیرەیەك ڕێوشوێنی یاساییەوە کە (C.I.A) بەرپرسیار بکات لەسەرجەم کردەوە نهێنیەکانی لەبەر دەم لیژنەی پسپۆری پەرلەمانیدا لەگەڵ هاتنە سەرکاری (کارتەر)لەساڵی (١٩٧١)دا، ئاژانسی (C.I.A) پەروباڵ ئکراو کردەوەکانی بەژمارەو سنور گەلێك لەقاڵب درا ،لەبری هەزارەها کردەوەی ئیداری و نائیداری ڕێگەدرا بە بەڕێوەبەری نوێی (C.I.A) (ئەمیراڵ ستانسفیلدترنر)تەنها (٣٠٠)کردەوە ئەنجام بدات هەروەها کردەوە نهێنیەکانیش کرانە دووان یاخود سێ کردەوەلەبری ئەوژمارە بێ سنورەی کە موخابەراتی ئەمریکا پێشتر دەیتوانی بەئارەزووی خۆی کردەوە ئەنجام بدات.

سەبارەت بە (بەشی چالاکیە جیهانیەکان)یش ،ئەرکەکانی گەڕێنرانەوە سەر ئەو ئەرکە بنەڕەتیانەی لەبڕوانامەی دامەزراندنی (C.I.A)دا هاتبوو .. هەرلەهەمان قۆناغدا (پیاوە ئازاکان)دەستیان هەڵگرت لەکردەوە پۆلیسیە ئەندێشەییەکان ،وە گرنگیان دەدا بە سیخوڕی ئەلکترۆنی ئاسمانی لەژێر سەقفی بودجەیەکدا کەلە کۆتایی حەفتاکاندا گەشتە (٤٠٪)ی قەبارەی پێشوی کە لە گرێی شەشەمیدا (العقد السادس)هەیبوو ..لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێ و شوێنانە کاری کردە سەر پەیوەندیەکانی (C.I.A) بەئاژانسە دۆستەکانیەوە ،چونکە ئەو ئاژانسانە دڵەڕاوکێی خۆیان نیشاندا لەئاشکرایەتی موخابەراتی ئەمریکا لەبەردەم دەستە دەستوری و یاسا دانەریەکانی

ولاّتدا ..و سلّەمینەوەشی نیشاندا لە گۆڕینەوەی زانیاری نهێنی لەگـەڵ (C.I.A) دا .. ئەمە ڕوداوەکانی سەردەمی سەرۆك (کارتەر)بـوون لـەماوەی چـوار سـاڵی تەمـەنی سەرۆکایەتیەکەیدا ... پرسیار لێرەدا ئەمەیە :ئایا مەسـەلەکان دەربـارەی (C.I.A) و چالاکیە سیخوڕیەکانی وەك سەردەمی سەرۆك (کارتەر)مانەوە؟ یـاخود ئیـدارەی نـوێ بەسـەرۆکایەتی سـەرۆکی ئـەمریکی (ڕێگـان) مەسـەلەکانی گـۆڕی و لەبـەرژەوەندی (C.I.A) شکاندیەوە؟

﴿ نهێنی و پێداویستیەکانی پیشەی سیخوڕی ﴾

بێگومان نـهێنی و هەڵخەڵـەتاندن و فڕوفێـڵ لـەکاری سـیخوڕی دا دوو ڕەگـەزی بنچینەیین و هەرلەسـەرەتاوە دەبنـە دوو خەسـڵەت و دەچەسـپێن بـەو کەسـەوە سـەر دەکات بەماڵی ئەم پیشەیەدا ،سیخوڕی کردن بەسەر نهێنیەکانی کەسانی ترەوە ،چ نیـە جگە لە کۆمەڵێك فڕوفێڵی بۆگەن و ڕێگای نهێنی گرتنەبەر بۆ وەدەستهێنانی زانیـاری ... وەلێ زەروریاتەکانی پیشەکە،زۆر جار پێویست بەوە دەکات پیشەوەرانی ئەم بـوارە کردەوەی کوشتن و تیرۆرکردن ئەنجام بدەن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری داواکراو،ئـەم خاڵەش وادەکات لەلای زۆرینەی هەرە زۆری خەڵك بەپیاوانی پیشە مەترسی دارەکـە بێنە ناوزەدکردن.

لەبارەی ئەم جۆرە کردەوە مەترسی دارانەوە ،موخابـەراتی بولـگاریـا (بـەپێی بـڕوای بـڵاو لـە ڕۆژئـاوادا)کردەوەیـەکی بـێ وێنـەی تـیرۆری ئـەنجام دا،ئـەوەبوو یـەکێك لەبـەکرێگیراوەکانی بۆیەکـەم جـار ،ئـامێرێکی وەکـو لولـەی دەمانچـەی بـەکارهێنا .بۆتەقاندنی پارچە پلاتینێکی بچـوك بـەرەو ڕووی یـەکێك لـەجیابوەوە بولگاریـەکان بەئامانجی کوشتنی .

سیخوڕە بولـگاریەکە توانی (گۆرکی مارکۆف)ی‌جیابوەوە بپێکێت،لەکاتێکدا لەبـەر دەم نوسینگەکانی ئێستگەی بەریتانیا (B.B.C) لە(لەندەن) دا تێپـەڕی دەکـرد ،ئـەم ڕوداوە لەساڵی (١٩٧٨)دابوو... دەڵێن گوایە (مارکۆف) لـەپڕ هەسـتی بـەئازارێك کرد لەڕانی ڕاستی دا بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێت ،ئەوەندە نـەبێت کەسـێکی نـامۆ

(واته خەڵکی بەریتانیا نەبوو)ی بیـنی کەبـە شـەقامەکەدا ڕای دەکـرد و هـەوڵی دەدا خۆی حەشار بدات و لەبەرچاوی ڕێبوارەکان خۆی بزر بکات .

ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەرمی لەشی (مارکۆف)بەجۆرێکی مەترسیدار بەرزبوویەوە ،بۆیـە گوازرایەوە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر وەرگرتن ..پزیشکەکان شکستیان هێنا لە زانینـی هۆکاری نەخۆشیە کتوپڕیەکەی ،ئەوەبوو دوای سێ ڕۆژ لەنەخۆشخانە گیانی لەدەست دا ... لـەدوایدا نوژداەکـان ڕایـان گـەیاند :حاڵـەتێکی ژەهـراوی بـوون دوچـاری، (مارکۆف) بووە لەئاکامی هەوکردنیدا بەهۆی پارچـە کانزایـەکی دروسـت کـراو لـە پلاتین و (ئەیریدیۆم)..پارچـە پلاتینەکـە لـەڕانی ڕاسـتیدا بـووە و ئـەم جـۆرە تێکەڵـە (کیمیایی ـ کانزایی)ە ،ئاسایی لە دروستکردنی فڕۆکەدا بەکار دەهێنرێت ... لـەکاتی ئامادەکردندا لە فڕنی زۆر گەرم دا تێکەڵ دەکرێن .. نوژدارەکـان لـەدرێژەی پێناسـە کردنی پارچە کانزایەکـەدا گوتیـان :پارچەیـەکی پلاتینـی چەماوەیـەو تیرەکـەی تەنـها (٢ملم)ەو لەهەر چوارلاوە هەڵکۆڵراوە بەهۆی ئامێرێکی تایبەت بەدروسـتکردنی ئـەم جۆرە بابەتە ووردانە..

پزیشکەکان بەکۆتایی هێنان بەڕاپرۆتەکەیان دەبێژن:(مـارکۆف) بـەهۆی ئـەو پارچـە کانزایەوە مردوە کە خوێنەکەی ژەهراوی کردو بویە هۆی بەهێواشی کوشتنی..

گومانی تێدانیە ئەم ڕوداوی تیرۆر کردنە سەرنجی چـاودێرانی ڕاکێشـا بـەرەو چـەند ڕووداوێکـی تـر کەلەبـەردا ڕویـان داو بونـە هـۆی گیـان لەدەسـت دانـــی چـــەند جیابوەوەیەکی سیاسی تـر ..ئـەوەتا لـە مـانگی تـەموزی سـاڵی (١٩٧٣)دا،(بۆریـس (ئەرنۆف))کەپەناهێندەیەکی بولگاری بوو لە (دانیمارك)دەژیا،لە پـڕدا شـوێن بزرکـرا بۆماوەیەکی کورت ، پاشتر لەبەردەم یەکێك لە دادگاکانی بولگاریا لـــە (صوفیـا) ی پایتەخت ڕاوەستێنرا بەتۆمەتی ناپاکی و دوژمنایـەتی کردنـی ڕژێمـی شـیوعی.. ئینجـا فەرمانی (١٥)ساڵ زیندانی کردنی درا بەسەردا.. کەچی (ئەرنۆف) دوای دوو مـانگ تێپەڕاندنی زیندانێتی‌یەکەی لەبارودۆخێکی تەم و مژاویدا کۆچی دوایی کرد..

گۆڤاری لاوانی کۆمۆنیستی له بولگاریا (نارودنی ملادی)لەدوای مردنی(ئەرنۆف) وتارێکی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەو کردەوەی کوشت و بڕوتاوانانەی (ئـەرنۆف) پێـی هەستاوەو دووپاتیشی کردۆتــەوە کـەمردن چارەنوسـی هـەموو ناپـاك و دوژمنـەکانی سۆسیالیزمە.

لەو ڕوداوەشدا دوبارە تیشك خرایەوە سەر موخابەراتی بولـگاریـا ،ڕووداوەکـه بـەم تەرزە بوو:لەشاری پـاریس لـەمانگی (ئـاب/١٩٧٨)دا،نـەیارێکی سیاسـی بولـگـاری بەناوی (فلادیمێر کۆستۆف)بەپارچەیەکی پلاتین پێکرا ،بـەڵام (کۆسـتۆف) توانـرا لـەم هەوڵە ڕزگار بکرێت،سەرەڕای دوچاربوونی بەهــەمان حاڵەتـەکانی (مـارکۆف) وەك بەرز بوونەوەی لە ڕادەبەدەری پلەی گەرمی و هــەوکردنی خوێـن... لـەئاکامی ئـەو زانیاریانەی لە (لەندەن) بڵاوکرانەوە دەربارەی تیرۆرکردنی (مــارکۆف)،پزیشـکەکان توانیان هەست بەمەسەلەکە بکەنو بەرلـەوەی کار لـەکار بترازێت پارچـە کانزاییەکـەیان لەڕانی (کۆستۆف)دا دەرهێنا ...

ئەو لێکۆڵیارە ئینگلیزیانەی دەستنیشانی تێکەڵە (کیمیایی ـ کـانزایی) یەکـەی ڕانـی (مارکۆف) یان کرد،بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ڕوویان کردە پاریس و پاش تاوتوێ کـردن و توێژینەوە لـەسەر پارچە کانزاکەی نێو ڕانی (کۆسـتۆف)ڕایان گەیاند هــەردوو پارچـە کانزاییەکەی ((مارکۆف) و کۆستۆف)دوانــەی لێکچـون و خەسـڵەت و قەبارەشـیان یەکە .ئــەو ژەهـرەش لەهــەردوو ڕووداوەکـەدا بـەکارهێنراوە بریـتی یـە لـە ژەهـری (ڕیسین)ی دەرهێنراو لە ڕۆنی (خروع)ی زەرد..[1]

---

[1] خروع:جۆرێکە لەڕووەکی گژوگیایی ،لەگروپی (فربونیات)ە گەڵاکانی پانکەلەن ،زێدی بنەڕەتی ئەم ڕووەکە کیشوەری ئاسیایە ،لە هەندێك جێگەدا بۆ جوانکاری دەچێنرێت ... بنواڕە (المنجد في اللغة)،چاپی (٣٥).. وەرگێڕی کوردی.

لــــەم لاشـــەوە هــــەردوو دەزگـــای (K.G.B) و (C.I.A)ئـــامێری (درۆگر=Polygraph)یان بەکارهێنا بۆلێکۆڵینەوە لــە ڕاستگۆیی کارمـەندەکانیان یاخود بۆ پەردەلادان لەڕوی میسداقیەتی ئەوانەی تاوانبار دەکرێن بە سیخوڕی کــردن لەبەرژەوەندی دوژمنان.. ئەم ئامێرە کاردەکات بۆ تۆمارکردنی ئاڵوگۆڕە فیزیاییـەکانی لەشی ئەوکەسانەی خۆدەدزنەوە لە گوتنی قسەی ڕاست لە کـاتی لێکۆڵینـەوەدا،وەك گۆڕانی بۆنمونە ،پەستانی خوێن،گەرمی لەش، ڕێژەی جواناو دەردان کە هەمیشـــە وەك کاردانـەوەی بیۆلـۆژی ڕودەدات لەئـەنجامی هەسـت کـردن بـــەترس لەســـەرەنجامی درۆکردن..

ئاژانسی موخابــەراتی ئـەمریکی هەمیشـە لـەکاتی لێپرسـینەوەی تۆمـەتبارکراوەکان داپشتی بەم پرسیارە دەبەست:(ئایـا هیـچ کـات شـتێکت لـەماڵ و موڵکـی دەوڵـەت نەدزیوە؟)ئەمە لەکاتێکدا دەزگاکانی تر کۆمەڵــە پرسـیارێکیان بـەکاردەهێنا ،وەك ئـەو پرسیارانەی خاوەن کاردەیانکات لــەو کەسـانەی پـاڵێوراون بۆوەگرتنـی کـار لــەلای خاوەنکارەکە .. بەهەرحاڵ ئامێری درۆگر سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەئاشــکراکرنی درۆ لــەبواری سیخوڕی و دژە سـیخوڕی دا ،بـەوەش لــــەنێو دامــەزراوە ڕەسمیــەکاندا بـەکارهێنانی بلاوبویـەوە،جگـە لــە (سـەنتەری پەیوەندیـە حکومیـەکان) لــە بـەریتانیا کارمەندانی ئەو دەزگایە ملکەچ بوون بۆئەو ئامێرەیان بـەتوندی ڕەت کـردەوە،لەبـەر چەند هۆکارێك ،دیارترینیان ،پێشێل کردنی نهێنی یە شەخسیەکان لەلایەن ئەم ئامێرەوە و شکست هێنانیشی لەتۆمارکردنی سەرجەم گۆڕانە فیزیاییــەکانی لــەش دا کــەزانایان هۆکارەکەیان تەنها بە درۆکردن سـنور بـەند نـەکردووە شیاوی ئامـاژە پێدانـە ،لــەم ڕۆژگارانەی ئەمڕۆماندا (ئامێری درۆگر) لــەنێو دامـەزراوە بازرگانیـەکانیش دا بـەکار دەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لە(سەرڕاستی) کارمەندە تازەکانی دامەزراوەکە ،هەرلەهــەمان بواردا واتە لـەبواری بەکارهێنانی تەکنیکی زانستی لە خزمەتی سیخوڕی دا ،ئەمریکی و سۆڤیەتیەکان هەوڵی بەکارهێنانی داو دەرمانی کیمیاوی تایبەتیان دا بۆکۆنترۆڵ کردنـی

عەقڵی مرۆڤ ،هەرچەندە بەڵگەی تەواو بەدەستەوە نیە لەسەر هەوڵدانی سۆڤیەت لەم ڕووەوە ،وەلێ ئاگاداری تەواومان هەیە بەسەر ئەو پلانانەدا کەئەمریکی یەکان دای دەڕێژن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم دەرمانە مەترسیدارانە ،ساڵی ١٩٥٠ (C.I.A) لەڕێگەی ئازمایشکا پزیشکیە بڵاوەکانی وڵاتەوە ،هەوڵێکی سەرەتایی دا بۆبەرهەمهێنانی ئەو دەرمانەی کەناوی لێنابوو (چۆلەکەی شین)،لەپاشدا هەوڵی دووەمی دا بۆ ئامادەکردنی دەرمانێك بەناوی (مکولترا)وە.

لەم کاتەدا (ریتشارد هیلمز)جێگری بەرپرسی بەڕێوەبەری پلاندانانی (C.I.A) لەوکاتەدا پێشنیاری ئەوەیکرد ،ئاژانسەکە بڕی (٣٠٠هەزاردۆلار)تەرخان بکات بۆ ئەم پرۆژە زیندەییە (بەگوتەی ئەو)..ئەمەو (ئالن دالس)جێگری بەڕێوەبەری موخابەراتی ئەمریکا لەوکاتەدا ڕاستەو ڕاست قایل بوو بەو پێشنیارە ،بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەو بەڕێوەبردنی پرۆژەی بەرهەمهێنانی دەرمانی ئاماژە بۆکراویشی کیمیایی بەناوبانگ(سۆنی گوتلیب)ی هەڵبژارد.. ئیدی زۆرینەی تاقیگە زانستی یەکان لە زانکۆو بیمارستانەکانی ئەمریکادا خرانە خزمەتی ئەم پرۆژە موخابەراتیەوە ... جگە لەوەش هەریەك لەم دەزگا زانستیانەی لە خوارەوە ناویان دێت پشتگیری پرۆژەکەیان کرد:

- دەزگای (کۆمەڵگە لەخزمەتی زانستی زیندەوەرزانی)دا.
- دەزگای (پەیمانگای ئەندازیاری زانستی).
- (کۆمەڵەی جۆسیا ماکی)بۆلێکۆڵینەوەی زانستی.
- (سندوقی جستشیکتر)بۆ توێژینەوە نوژداریەکانی.

لەلای خۆیەوە ئەمریکا پروپاگەندەی ئەوەی کرد گوایە یەکێتی سۆڤیەت پرۆسەی کۆنترۆڵ کردنی کیمیاییانەی بەسەر ئاوەزی هەندێك لەتۆمەتبارکراو و زیندانیەکانیدا جێ بەجێ کردووە ،(واشنطن)بۆسەلماندنی پروپاگەندەکانی پەنای بردە بەرئاشکراکردنی بارودۆخی هەندێك لەو زیندانیانەی کەوایان نیشاندەدا دووچاری

سەرسورِمیّ بوون لەکاتی دادگای کردنیـاندا لـە (مۆسـکۆ) ... هـەروەها (C.I.A) بارودۆخی هەندێك لەو زیندانیانەی ئاشکراکردکە لەکۆریای بـاکورەوە گەڕابوونـەوە ،وەك بەڵگەیەکی سەلمێنەری پروپاگەندەکانی ،نەخاسمەهەندێکیان دووچاری تێکچوونـی ژیری و ڕاڕایی دەرونی هاتبون لەدوای گەڕانەوەیان بۆ وڵات.

لـە یاداشـتنامەکەیدا سـەرۆکی بەشـی (پزیشـکایەتی)سـەربە (C.I.A) لـــەکانونی دووەمی ۱۹۵۲دا بـۆ بەرپرسـەکانی خـۆی نـاردووە دەنوسـێت :(زۆرێـك بەڵگـەی یەکلاکەرەوە هەیە لەسەر ئەوەی شیوعیەکان مـادەی بێهۆشـکەری کیمیـایی و بـەزۆر ڕاوەسـتاندن و خورپـەی کارەبـایی و هـەندێك جـار خـەواندنی موگناتیســی شـیان بەکارهێناوە بۆزاڵ بوون بەسەر ئاوەزی دوژمـن و زیندانیـەکانیاندا،لەبـەر ئەوەپێویسـتە لەسەر مان هەستین بــە هەڵمـەتێکی زانسـتی تـا لـەکۆتایدا بتوانـین هـەمان تـەکنیکی نوژداری و زانسـتی بـەجۆرێك بەکاربـهێنین تاهـەموان دڵنیـا بـن لـەوەی ئـەو جـۆرە تەکنیکانە لەدەستانێکی ئەمین دا دەمێننەوە و گاڵتە ناکرێت بەئامانجەکانی)...

هەروەها یەکەم سـەرۆکی (دامـەزراوەی جیهانی نەخۆشـیە قڵـی یـەکان)(د.ئیۆنـی کامـیرون)چـەند تاقیکردنەوەیـەکی ئـەنجامدا بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئـاوەزی هــەندێك لەنەخۆشەکاندا ،لەم یانەیەدا ئەم دەرمانانەی بەکار هێنا :(تورازین، نمبوتاڵ، سـیکوناڵ، فیرونـاڵ، فنرگـاڵ) .. (کامـیرون)هـەوڵی دا مێشـکی چـەند کەسـێکیان بشـۆرێتەوە بەبەکارهێنانی پەیامێکی دەنگی کەلە ڕێگەی ئامێرێکی بچوکی تۆمارکەرەوە ئاراسـتەی دەکرد ،ئامێری تۆمارکردنەکەی خسبوە ژێر(سەرین)ی نەخۆشـەکانیەوە ،لەماوەیئـەو سی ڕۆژەدا کەنەخۆشەکانی توشی (غیـبوبە)ببون بەهۆی بەکارهێنانی ئـەو دەرمانانـەی سەرەوە لەدژیان.

تاقیکردنەوەکانی کامیرون بونە جێگـەی سەرسـورِمانی (د.دونـاڵدهب)پرۆفیسـۆری دەرون ناسی لەزانکۆی (ماك گیڵ)،ئەمی دووەم دەربارەی تاقیکردنـەوەکانی کامـیرون دەڵێت:(گەر ڕێکەوتایە یەکێك لە قوتابیەکانم پێشنیاری کردەوەیەکی گاڵتـەجاڕی وەك

ئەوەی (کامیرون)ی بکردایە یاخود هەربیریشی لێبکردایەتەوە،دەست بەجێ لەزانکۆ دەرم دەکرد).

لەهەمان ڕووەوە چەندین هەوڵ خرایە کار بەمەبەستی پراکتیزەکردنی بنەمای (التجرید الحسی)بەسەر زیندانیە سیاسیەکاندا ،ئەم جارەیان بەهۆی بێهۆشکەری سروشتیەوە ،زیندانیەکانیان بێ هۆش دەکرد ،پەنایان دەبردە بەر ئەومادەیەی کە هندە ئەمریکیەکان دەیانکرد بەنوکی تیرەکانیانەوە تاکو ژەهراوی ببێت و دوژمنەکانیان یاخود نێچیرەکان بێ هۆش بکات .. بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەم هەوڵانە شکستیان خوارد ،هەرچەندە دەگوترا گوایە موخابەراتی بەریتانیا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە بەکارهێنانی بێ هۆشکەرە هندیەکە لەدژی هەندێك لەگیراوەکانی سوپای ئیرلەندی کاسۆلیکی.

بە ڕۆڵی خۆی بەڕێوەبەری سەنتەری (ئیدمان و نەخۆشیە ئاوەزیەکان) لە (لیکزنتون)ی ویلایەتی (کانتاکی)ئەمریکا ،(د.هاریس ئیزابل)ئامادەباشی زیادی دەربڕی بۆ گرنگی دان بە پرۆژەی بەرهەمهێنانی (دەرمانی سیحری)کە (C.I.A)داوای کردبوو بۆ بەرهەڵستی کردنی تەکنیکیە سۆڤیەتیەکە.

(إیزابل)هەریەکە لە مادەکانی (ئیسکۆ پۆلامین)و حەبی(LSD)بەدناوی‌تاقیکردەوە،هێندەی نەبرد (إیزابل)قەناعەتی کرد بەسەرانی (C.I.A) تاکو کەبسولی (LSD)بەکاربهێنن و لەڕاپۆرتێکدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئەم کەبسولەی بۆنوسیبوون کە بۆماوەی (٧٧)ڕۆژ بەسەر حەوت کەسدا تاقی کردبوویەوە ،بەپێی ئەو ئەنجامە بەدەست هێنراوە (سدنی گوتلیب)ی بەڕێوەبەری پرۆژە کیمیاویەکە داوای لەنەخۆشخانەی (مۆنت سینا)ی ئەمریکی کرد،بەردەوام بن لە توێژینەوەکانیان لەسەر مادەی داواکراو ، هاوکاری و هەماهەنگیش بکەن لەگەڵ پەیمانگاکانی نوژداری لە زانکۆکانی (ئیلنوی، کۆلۆمبیا،ئۆکلاهۆما)بۆ هەمان مەبەست.هەموو ئەم تاقیکردنەوانەش یارمەتی (گوتلیب)یان دا لەدۆزینەوەی ئەو مادە سیحریەی بەدوایدا

وێڵ بوو بۆ کاریگەری خراپ دروست کردن لەسەر هەڵسوکەوتەکانی (فیدڵ کاسترۆ).

لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٣دا موخابەراتی ئەمریکا پرۆژەیەکی نوێی دەست پێکرد لەهەمان بواری تەکنیکی سیخوڕی دا ،ئەم پرۆژەی ئێستە (جەنگی خانە بیۆلۆژیەکان)ی لێکەوتەوە، یاخود بەمانایەکی تر ،پزیشکانی (C.I.A) و پەیمانگا زانستیەکانی دەستیان کردە تاقی کردنەوە لەسەر خانەکانی لەشی مرۆڤ لەمیانەی بەکارهێنانی هەمان مادەی (L.S.D)یەوە .

(د.فرانك ئۆڵسن)بەویستی خۆی خرایە ژێر یەکەم ئەزمونگەریەوە ،لەم ئەزمونەدا(٧٠ میکرۆگرام)لەمادەی (LSD)لەنێو شوشەیەکی (کوانترۆ)دا،گیرایەوەو دکتۆرئۆڵسن یەك پێکی لێخواردەوەو دەست بەجێ هەستی کرد چالاکیەکانی زیاد لەئاستی سروشتی پەرەیسەندوە.. وەلێ ئەم چالاکیە دەستکردە درێژەی نەکێشا،ئۆڵسن هەستی بە دڵ تەنگیەکی قوڵ کرد،لەئەنجامدا داوای دیدەنی یەکێك لەپسپۆرەکانی دەرون ناسی کرد..(C.I.A) کەخۆی هەرلەسەرەتاوە سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکەی کردبوو،ڕێگەی نەدا بەبەکارهێنانی پزیشکێکی دەرونی شەرعی بۆ ئەم مەبەستە ،لەترسی ئەوەی نەکا مەسەلەکە ئاشکرابێت.. لەبەر ئەوە داوای لە (د.هاروڵد سینای)کرد تاکو کردارەکانی پشکنین بۆ پزیشکی نەخۆشکەوتوو (د.ئۆڵسن)بکات،چونکە بە جۆرێك باری دەروونی تێك چوو بوو لەبەرواری (٢٧-١١-١٩٥٣)و لە ئوتێل ((واشنطن)ستانلر)دا خۆی کوشت ،واتە چوار ڕۆژ دوای خواردنەوەی مادەی(LSD). تاکو مێژوی پەردە لادان لەڕووی بەسەرهاتەکەی (د.ئۆڵسن)نەهاتە پێشێ و لیژنەی لێکۆڵینەوەی (روکفلر)لەساڵی (١٩٥٧)دا کردەوەکەی ئاشکرا نەکرد،بنەماڵەی (د.ئۆڵسن)نەیان دەزانی (C.I.A) تاقیکردنەوەی کیمیایی‌یان بەسەردا کردوە ،واتە هۆکاری مردنەکەیان نەدەزانی ... ئیدی لەساڵی (١٩٦٣)دا پرۆژەی بەرهەمهێنانی (LSD)ڕاوەستێنرا .. بۆوەی دەست

بکرێت بەراپەڕاندنی پرۆژەی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی ژەهرو دەرمانی سیحری ،کە پـەیتا پەیتا (C.I.A) خەونی بە وە دەست هێنانیەوە دەبینی .

سەبارەت بە ئەزمونکاریەکانی سۆڤیەت لـەمەڕ ئەم مەسەلەیە (ڕێکخـراوی لێبوردنـی نێودەوڵەتی)لە ڕاپۆرتێکیدا لە (مۆسـکۆ)وە لـەو تـاو ماوەیـەدا ڕایگـەیاند :پـەیمانگای (سربسکی)و نەخۆشخانەی (ئۆریول)لە چالاکترین دامەزراوە سۆڤیەتیەکانن لەم بوارەدا ،واتە لەبواری تاقیکردنەوەی کیمیایی بۆ زاڵ بوون بەسەر ئاوەزی مرۆڤدا ...

چـەند زانیاریـەکی تـر ئاماژەیـان کـرد بـەوەی (زینـدانـی لیبیانکـا)ی بـەناوبانگ لە(مۆسکۆ)، لـەنێو ژوورە (ئینفرادیەکانیدا)هەندێك ژووری تەرخان کـردووە بـۆ ئـەم تاقیکردنەوانە بەسـەر زیندانیـە سیاسیەکاندا ئـەو کردەوانـەی هـەندێك جـار دەزگـا موخابەراتیە جیهانیەکان پێی هەڵدەستن، فیلمـە پۆلیسـی یـەکانی (جێمـس بۆنـد)مـان بیردێنێتەوە ،کەتیایاندا ئامرازی سیخوڕی کردنی خەیاڵی بەکاردەهێنێت.

بەڵام ئەو تەکنیکە بەرزەی چواردەوری پیاوانی موخابەراتی لە دنیادا گرتوە واقعی لە خەیاڵ نزیك کردۆتەوە و وای کردوە پیشەی سیخوڕی ببێتـە پیشـەی قارەمـانو پیـاوە زیرەکەکان،بۆنمونە لـە ئەورووپا ،واڕێکخرابوو کە بەکرێگیراو کارمـەندانی (K.G.B) و (C.I.A) و موخابەراتـەکانی ترفـەرمانی بەرپرسـە باڵاکانیـان لەڕێگـەی ئاگـاداری ڕۆژانەی ڕۆژنامەییەوە پێ بگات ،یاخود بەهۆی ژمـارەی شـیفرەیی کەبـەهۆی شـەپۆلی ڕادیۆیی کورتەوە دەگەیەنرا... کارمەندەکان لـەدوای بیستن یاخود خوێندنەوەی ژمارە شیفرەییەکان هەڵدەستان بەشیتەڵ کردنی ژمارەکانی بەهۆی تیانوسی جەفەنگەکان کەبە (تیانوسی هەمیشەیی)نـاودەبرا..تیانوسـەکە کۆمـەڵێك پـەڕەی بچـوك بـوو لـە کـاتی پێویستدا دەتوانرا لە پاکەتی جگەرەدا بشاردرێتەوە ...

بۆئەوانـەی لـە ئـەڵمانیا دەژیـان دەیـانتوانی گوێگـرن لـە ڕادیـۆی (ئـەڵمانیای ڕۆژهەڵات)تاکو بەئاسانی گوێبیستی ژمارە شیفرەییەکان بن.. ئەوکەسانەش لەبـەریتانیا دەژیـان لەڕێگـەی خوێندنـەوەی ڕۆژنامـەی (دەیلـی تەلـە گـراف)ەوە بـەژمارە

شفرەدارەکان ئاشنادەبوون، بەڕای چاودێران ئەو ڕۆژنامەیە گرنگترین ئامرازی بڵاوکردنەوەی ژمارە شیفرەییەکان بووە... بەخوێندنەوەی چەند نمونەیەکت لەو پەیامە نهێنیانە بەرچاو دەکەوێت کەئەگەر پسپۆڕ نەبێت لەکاروباری سیخوڕی و موخابەراتدا هیچیان لێتێناگەیت.

(بۆریس ئەنیمیسۆفیسش)ی ناسراو بە(ئیفان)یەکێکە لەبەناوبانگترین ئەو بەکرێگیراوانەی (K.G.B) کە تیانوسی هەمیشەییان بەکارهێناوە ،ئەم ماوەیەکی زۆر لەباڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە (لەندەن) دا کاری کردوە و ساڵی (١٩٥٩)ش ڕەوانەی ئوستڕالیا کرا، تاله وێندەریش کار بکات بۆ دروست کردنی تۆڕێکی موخابەراتی سۆڤیەتی .. بەرێکەوت ئەم پیاوە پەیوەندی بەست لەگەڵ ئافرەتێکی سەربەموخابەراتی ئوستڕالیادا لە (ملبۆرن).. ئەم ئافرەتە هونەرێکی‌نوێی نیشانی (ئیفان)دا تالەنامەکانیدا بۆی بەکاربێنێت، ئەم هونەرەش بریتیە لە (مورەکەبێکی نهێنی)ونوسین بەم مورەکەبە ناخوێندرێتەوە تاکو مادەیەکی کیمیایی نەکرێت بەسەریدا.. ئیفان لەسەر هەمان لاپەڕە نامەیەکی ئاسایی دەنوسی و لەدیوەکەی تریشی دا بە مورەکەبە نهێنیەکەش نامەیەکی نهێنی دەنوسی و تیایدا داوای ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی تایبەتی یاخود چاوپێکەوتنێکی نهێنی دەکرد لەگەڵ ئافرەتە بەکرێگیراوەکەی (ملبۆرن)دا.

هەروەها پسپۆرانی بواری سیخوڕی هەستان بە بەکارهێنانی (میکروفیلم المنقط)ئەم ئامرازە سیخوڕی یە پێکهاتوە لە فیلمێك بەقەبارەی دوو کەوانە یاخود نیشانەی خاڵبەندی(:)،بەم هۆیەوە وێنەی زانیاریەکان دەگیرێتە وە تاکو ڕادەی (خاڵ)بچوك دەکرێنەوە و دەنێردرێن بۆ ئەو سیخوڕەی مەبەستە و،ئەویش لەلایەن خۆیەوە بەبەکارهێنانی (ووردبین)ێکی تایبەتی ڕەمزەکان گەورە دەکات و لێکیان دەداتەوە ...

هەرسەبارەت بە پەیام و نامە سیخوڕی یەکان باس لەوە دەکرێت کەپیاوانی موخابەرات هەستاون بە ئاڵ وگۆڕکردنی نامە لەڕێگەی (سندوقی پۆستی تایبەتی)یەوە کەلە پێشدا ڕێکەوتن لەسەری هاتۆتە ئاراوە.. کۆلۆنێل(ئۆلگ

بلكوفسكی)بەكرێگیراوی بەناوبانگی بەریتانی (ڕادیاتۆر)ی یەكێك لە كۆشكەكانی (مۆسكۆ)ی وەك سندوقی پۆستی نهێنی بەكارهێناوە... لە (فرانك بوسارد)ی بەكرێگیراوی سۆڤیەتیش دەگێڕنەوە كەبەهۆی كون و كەلەبەری نێو كەڵەكێكی نیوە ڕوخاوی (لەندەن)ەوە نامەكانی ئاڵو گۆڕكردوە ،یاخود هەندێك جار لەڕێگەی دارو درەختەوە (جان پۆل سۆبەرت)ی ئەندازیاری كیمیایی سویسریش،كەلە بەلژیكا موخابەراتی ئەڵمانیا ی ڕۆژهەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆی هێناویەتیە ژێربار ،سندوقێكی پۆستی گەڕۆكی بەكارهێناوە بەمەبەستی پارێزگاریكردن لەنامەو دۆكیومێنتەكان ،سندوقە گەڕۆكەكانیشی هەندێك جار پاكەتی معجونی ددان و هەندێك جار ئیسفەنجی پاككردنەوەی ماڵ و هەندێك جاری دیكەش پاكەت و قوتوی شەكولاتە... بووە.

ئەمە لەكاتێكدا ئەندامانی تۆڕی موخابەراتی بەریتانیا لە (پۆرت لاند)پاكەتی شت و مەكی جوانكاری و تایتیان بەكارهێناوە لە ئاڵوگۆڕ پێكردنی نامە لەنێو خۆیاندا..لەلایەن خۆیەوە ئامێرە ئەلكترۆنیەكانیش ڕۆڵێكی گرنگیان بینی لە سیخوڕی و دژە سیخوڕی دا...لە ئایاری ساڵی ١٩٦٠دا ،باڵیۆزی ئەمریكا لەنەتەوەیەكگرتوەكان (هنری كابۆت لۆدج)،لە كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا،پارچە تەختەیەكی زۆر جوان و قەشەنگی خستە بەردەم ئەنجومەنەكە لەسەر ئەو پارچە تەختە دەستەواژەی (مۆری ئەمریكای مەزن)هەڵكەندرابوو،ڕاشی گەیاند:(ئەو تەختەیە دیاری سۆڤیەتیەكانە بۆ باڵیۆزی ئەمریكا لە (مۆسكۆ)،ئەوەشی ڕونكردەوە كەپارچەتەختەكە چ نیە ،جگە ئامێرێكی گوێ هەڵخستن بۆ دزینی زانیاری ،(K.G.B) ویستیەتی بەگەشتنی ئەو تەختەیە بە باڵیۆزخانەی ئەمریكا لەبەرژەوەندی مەرامە سیخوڕیەكانی خۆی بەكاری بێنێت).

لەنێو دەزگا سیخوڕیەكاندا بەگشتی و (C.I.A) بەتایبەتی وابوو كەكارمەندە تازەكان بەرلەوەی بخرێنە كاری سیخوڕیەوە ،قاڵ بكرێن لەمەشقی تیۆری و كرداری

قورس دا... موخابەراتیئەمریکا کارمەندە نویَ یەکانی خۆی لەکامپی (بیری)دا مەشق پێدەکرد، کامپەکە دەکەویتە ویلایەتی (ڤیرجینیا) کەناسراوە بە(کێڵگە).

لەو مەشقانەدا خوێندکارەکانی موخابەرات ڕادەهێنرێن لەسەر ئامێرەکانی گوێ هەڵخستن و کردنەوەی دەرگاو سندوقە نهێنیەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان .. هەروەها وانەی تایبەتیان پێدەڵێنەوە لەسەر لێهاتوویی جەستەیی و چەند وەرزشێکی ژاپۆنی وەك (کاراتی، ئەیکدۆ.....هتد)بەمەبەستی زیادکردنی توانای بەرگری لەخۆکردنی ئەندامانی موخابەرات بەبێ پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەك ... سەبارەت بەمەشق کردن لەسەر بەکارهێنانی ئامێری گوێ هەڵخستن،تەکنەلۆژیای نوێ گۆڕانکاری هێنا بەسەر شێوازی گوێ هەڵخستنی کۆن کەپشتی بەئامێری ناردنی بچوك دەبەست (بەقەبارەی دەنکە زەیتونێك)،ئەم ئامێرە بچوکە لەو ژوورو جێگانەدا دادەنران کە پێویست بوو سیخوڕییان بەسەرەوە بکرێت .. ئەمڕۆ موخابەراتەکانی ئەمریکاو بەریتانیا ئامێری کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن لەوەرگێڕانی پەیامی تەلەفۆنی شیفرەداردا بۆ پەیامی ئاسایی و ڕاستەوخۆ دەشی گەیەنن بەبەشی زانیاریەکان کەتایبەتە بەو مەسەلانەوە.

ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە ئاسانکاری زۆری کردووە لە پرۆسەی سیخوڕی و دژە سیخوڕی نێوان دەزگا موخابەراتیە دۆستەکاندا ،لەنێو دەزگا دۆستەکاندا ،ئاماژە بەئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەدەین،ئەم دەزگایە ماوەیەکی دوورو درێژ سانسۆری جوجوڵەکانی پەیوەندی تەلەفۆنی و بێتەلی دەزگا موخابەراتەکانی ڕۆژئاوایی دەکر،بەگوێرەی ڕاپۆرتی (فینك)ی کونگریسی ئەمریکی لەساڵی (١٩٧٥)دا،ئاژانسەکە:(سیخوڕی کردوە بەسەر پەیوەندیەکانی بەریتانیای مەزن ،گرنگترین هاوپەیمانەکانی (واشنطن)ەو لەپاش دانپێدانانی یەکێك لەکارمەندانی ئاژانسی ناوبراو لەوێستگەی (کێڵگەکانی فینسیت)لە (وارینگتون)ی ویلایەتی ڤیرجینیادا،ئەو ڕاستیانە دوپات کراونەوەو سەلمێنران ،کارمەندەکە گووتی:(وێستگەکە

ئامێری قەبەو ستافێکی گەورەی کاری هەیە ،تاکە ئەرکی ئەم وێستگەیە گوێ هەڵخستنە بەسەر پەیوەندیەکانی شانشینی یەکگرتوی بەریتانیاوە).

جۆری ئەو پەیوەندیانەش کە ئاژانسەکە سیخوڕی بەسەرەوەدەکردن،لەپەیوەندی کردنە ئاساییەکانی بازرگانیەوە دەستی پێدەکرد تا بە پەیوەندی کردنە نهێنیە سەربازیەکان کۆتایی دەهات،شیاوی ئاماژە پێدانەپرۆژەی سیخوڕی کردن بەسەر بەریتانیاوە ناوی لێنرا پرۆژەی (الخلاصة العامة)،لەپاش ڕیسواییەکەی ئەم گوێ هەڵخستنە پرۆژەکە داخراو کارمەندەکانی گوازرانەوە بۆ (سان ئەنتۆنیۆ) لەویلایەتی (تەکساس).

لەهەمان چوارچێوەدا بورجەکانی ئامادەکراو بەشەپۆلی (کهرتیسی)بچوك ،وەك (بورجی سەنتەری پۆستە)لە (لەندەن) ،ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە پرۆسەکانی گوێ هەڵخستن و سیخوڕی دا .نێردراوە سۆڤیەتیەکان بۆ (سانفرانسیسکۆ)ی ئەمریکا بەبەردەوامی ئامێری (ڕادار)و (هەوایی)تایبەتیان بۆ تەرخانکرابوو بۆ وەرگتنی پەیوەندیەکانی بێ تەل ،ئەم حاڵەتەش لەبورجی (مای‌فیر)ی بەناوبانگ لە سەنتەرە ستراتیجیەکەیدا لە(لەندەن) ڕەنگ دەداتەوە ،چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی زۆرێك لە باڵیۆزخانە دبلۆماسیەکانەوە...

لەترسی کاریگەری ئەم تۆڕە هەواییانە ،لیژنەی موخابەرات لە کۆنگرێسی ئەمریکی ساڵی ١٩٨٧پێشنیاری کرد ،حکومەت بڕیارێك بسەپێنێت بەسەر دبلۆماسیەکانی سۆڤیەت دا ،ئەوانەیان لە گردۆڵکەکانی (واشنطن)دا نیشتە جێبوون، جێگەی نیشتەجێبوونیان بگۆڕن و لەنێو خودی (واشنطن)دانیشتەجێبن ،بۆ سنور دانانێك لە ئەگەری گوێ هەڵخستنی هەوایی بەسەر نوسینگەکانی دەوڵەتی فیدراڵیەوە ... بەهەرحاڵ کارایی ئەم ئامێرانە بە سنور داری دەمێننەوە،بەبەراورد لەگەڵ کارایی ئەو گوێ‌هەڵخستنەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە پێی هەڵدەستن... مانگە دەست کردەکان توانایان هەیە پەیامی بێ‌تەل لەدووری دەریا یان

و بەرینەکان و کیشوەرەکانەوە وەربگرن،بەلاّم مەترسی ئەم تەکنەلۆژیا بەرزە لەوەدامۆڵ دەخوات کە دەستەلاّتە ناوخۆییەکان بەکاری بێنن بۆ سیخوڕی کردن بەسەر هاولاّتیەکانی خۆیان و چالاکیە رامیاریە نهێنیەکانیانەوە،شانبەشانی مانگە دەستکردەکان موخابەراتە جیهانیەکان ژێردەریایی و کەشتی جەنگی بەکاردێنن بۆ وەرگرتنی زانیاری بێتەل،کەشتی (بویبلو)ی سیخوڕی ئەمریکی ریسواکرا بەوەی کۆریای باکور ساڵی ١٩٦٨ دەستی بەسەردا گرت لەکاتێکدا بەکردارێکی سیخوڕی کردن هەستابوولەنزیك رۆخەکانی کۆریای باکورەوە.

سەرەرای خەرجی زۆرو زەوەندی ئەم جۆرە کردەوانە،دەولّەتە گەورەکان بەردەوامیان داوەبە هەولّەکانیان بۆ پێشخستن و پەرەدان بەدەزگاکانی سیخوڕی و ئامێرەکانی ئەم پیشەیە کە بەم دواییانە لە ولاّتانی جیهانی سێیەم دا بەکارهێنانیان زیادی کردووە دەولّەتە گەورەکان سامانێکی بێشوماریان خەرج کردبۆ سیخوڕی کردن بەسەر جیهانی سێیەمەوە لە بەرانبەریشدا جیهانی سێیەم توانیویەتی بیسەلمێنێت کە هەردەم توانای هەیە باجی خوێن لەدەولّەتە گەورەکان بستێنێت ،شانبەشانی ئەو باجی دارایی یەی دەولّەتە گەورەکان بەخەرجی دەدەن ..لەدەست تێوەردانە نارەواکانیان لەکاروبارەکانی ولاّتانی تردا.



(دەمانچەی تەقاندنی خەردەقی ژەهراوی)



(پاکەتی شقارتە بۆ وێنەگرتنی نهێنی ، کۆمپانیای "کوداك" هەزار پاکەتی لەم جۆرەی بەرهەم هێنا بۆ هەڵسوڕاندن و ڕاپەکردنی کاروبارەکانی نوسینگەی خزمەتگوزاریە ئیستراتیژیەکان لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا) .



(دوو جۆرە ئامێری درۆگر).



(هەندێك پێداویستی سیخوڕی سۆڤێتی لە لەندەن ساڵی ١٩٧١ دەستی بەسەرداگیرا) .



(پاکەتی تایتی بۆش ، تورێکی سیخوڕی بەریتانی لەم پاکەتەی بەکارهێناوە بۆ شاردنەوەی فلیمی بچوک وپێداویستی سیخوڕی نهێنی) .



(ئەنگوستیلەیەکی نهێنی ، سیخوڕەکان مایکرۆفیلیمێکی بچوک یان دنکە حەبێکی سیانیدی ژەهراوی تێدا دەشارنەوە بۆ خۆکوشتن لەکاتی پێویستیدا) .

بەشی یانزدەیەم

﴿ دواناکۆکیەکان ﴾

بەهەلبژێردرانی (ڕۆنالد ڕێگان)بۆ پۆستی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکان لەساڵی١٩٨١دا ،قۆناغێکی نوێ لە سیخوڕی و دژە سیخوڕی نێوان (مۆسکۆ) و (واشنطن)،هاتە ئاراوە... ئەو سیاسەتی دژایەتی کردنەی کۆمۆنیزم کەسەرۆکی نوێ گرتبویە بەر ،وای کرد چاو بگێڕدرێتەوە بەو ڕۆڵەی‌درابووە (C.I.A) لەکاروبارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەکی دا،لەسەردەمی ڕێگان دا موخابەراتی ئەمریکا هەستا بەئەنجام دانی چەندکردەوەیەکی نهێنی دژی هاوپەیمانەکانی (مۆسکۆ) لەسەرتاسەری گێتی دا... لەبەرانبەردا (K.G.B) هەموو هەوڵ و کۆششێکی چڕکردەوە لەوەدەست هێنانی تەکنیك و تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایدا،بەتایبەت چونکە سەرۆك ڕێگان زری پێدادەگرت لەسەر دابڕینی (مۆسکۆ) لەڕووی تەکنەلۆژیاوە ،و گەمارۆدانی ئەو کۆمپانیا ڕۆژئاواییانەش کەلە ڕویتەکنیکی یەوە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی کۆمۆنیستیدا دەکەن...

بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك ڕیگان هاوڕێی ملیۆنێری خۆی (ولیەم کیسی)دەست نیشانکرد بۆ پۆستی بەڕێوەبەری (C.I.A) بۆوەی بەشداری بکات لەگەڵیدا لەمەراسیم و ئاهەنگی سەرکەوتن بەسەر کۆمۆنیزم دا،ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵمەتەکانی هەلبژاردندا بەڵێنی دابوو.. لەیەکێك لەگەشتە پروپاگەندەیەکانیدا بۆ هەڵبژاردن ،ڕێگان وتی :(پێویستە پشت ببەستین بەدەزگای بەهێز بۆ تەزوید کردنی حکومەتەکەمان بەزانیاری زیندەیی لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا،وولاتە یەکگرتوەکان تاکە دەوڵەتە مافی پشت بەستن بەو جۆرە دەزگایانەی لە خۆی یاساغ کردبێت ...

دیاره ئەمەش دروست و ڕەوا نیە). شیاوی باسە (ولیەم کیسی)پاشگری (ستانسفیلّدترنر) لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی (C.I.A) دا ،پێشتر لەنوسینگە خزمەتگوزاریە ئیستراتیژیەکان کاری کردووەو، بەیەکێك لەهەرە دوژمنە سەرسەختەکانی کۆمۆنیزم دادەنرێت ... یەکێك لەئەندامانی کۆنگریسی ئەمریکا دەربارەی ئەو دەلێت:(ئەو پیاوە لێبڕاو و دڵ گەرمە تارادەی ئەوەی گەر پێویست بکات کردەوەی نهێنی لەدژی ڤاتیکان ئەنجام بدات)..

لەساتێکدا (کیسی)بەڕێوەبەرایەتی (C.I.A) ی وەرگرت ،ناوچەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و،ئەفغانستان و ئەمریکای لاتینی ،ململانێی توندوتیژی بە خۆیەوە دەبینی لەنێوان چەپڕەو و ڕاستڕەوەکاندا ئەفغانستان کە لەلایەن ڕژێمێکی سۆسیالیستی هاوپەیمانی سۆڤیەتەوە بەڕێوەدەبرا،لەسەردەمی (ڕێگان)دا ململانێی توندوتیژی سەربازی تێدا هاتەئاراوە ،لەنێوان موجاهیدانی ئەفغان لەلایەك وگروپەکانی سەربەڕژێمیش لەلایەکی ترەوە ... ئەم ململانێیەش ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ (C.I.A) تاکو دەست وەربداتە ڕەوشەکەوە شۆڕشگێڕانی ئەفغان و باربو بکات بەچەکی پێشکەوتوی ئەمریکی هەروەها ئالۆزیش بالّی کێشابوو بەسەر ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبیدا،ئەمە لەکاتێدا (نیکاراگوا)لە ئەمریکای لاتینی دا ببوە جێگەی گرنگی پێدانی (ولیەم کیسی)،ئەم سوربوو لەسەر بەربەرەکانێ کردنی ڕژێمی چەپڕەوی ئەو ولاّتە بەسەرکردایەتی (دانیالّ ئۆرتیگا)و یارمەتی دانی شۆڕشگێڕانی (نیکاراگوا)ی ناسراوبە (کۆنتراس)بەمەبەستی ڕوخاندنی ڕژێم .

شیاوی وەبیر هێنانەوەیە (ئۆرتیگا)ی ڕابەری (ساندینی)یەکان لە نیکاراگوا لەتەمموزی سالّی ١٩٧٩ داگەشتە سەر کورسی دەستەلاّت ،لەدوای لەکارلادانی دیکتاتۆر(أنا ستازیوسومۆزا)، (ئۆرتیگا) لەماوەیەکی کەمدا توانی پایەکانی دەستەلاّتەکەی بەتەواوی بچەسپێنێت ،نەك هەرئەوەندە بەلّکو هۆکاری و کۆمەکی چەپڕەوەکانی (سلڤادۆر)ی هاوسنوریش بکات ،ئەم ڕەوشە ئیدارەی ئەمریکای بەڕابەرایەتی ڕێگان نیگەران کردو

وای لێکرد کۆمەکی سەربازی و مەعنەوی زیاتر بۆ ڕژێمی ڕاستڕەوی (سلڤادۆر) ڕەوانەبکات ،بەبێ پەنابردنە بەر کێ بەرکێ یەکی کراوە لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکی دا قایل نەبوو بەم جۆرە هاوکاریانە .. ئیدارەی ئەمریکا خۆی کێشا بەهەڵوێستی میانەڕەوی کۆنگرێسی ئەمریکی دا سەبارەت بەو هەوڵانەی دەدران بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی چەپڕەوی نیکاراگوا .ئەمەش ئیدارەی ئەمریکای ناچارکرد بەپەنامەکی و نهێنی و بەشێوەیەکی نایاسایی هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی نیکاراگوا (کۆنتراس) بکات ،لە کۆتاییدا سەری لە ڕیسواییەکی گەورەی جیهانیەوە دەرچوو کە چەندین ناوی لێنرا ،وەك (ئێران گێت) (وەك ڕیسواییەکەی ۆترگێت).

لەڕاستیدا ڕژێمی چەپڕەوی نیکاراگوا،کەهەندێك بەڕژێمێکی میانەڕەویان لەقەڵەم دەدا ،بەبەراورد لەگەڵ ڕژێمی کوبادا، لەتیڕوانینی ڕێگان ویاریدەدەرانیدا بە (مەترسی سوری شیوعیەت)هاتبوویە پۆلاندن ... (بەرەی ڕزگاری نیشتمانی ساندینی)لەسەردەمی (جیمی کارتەر)داگەشتە دەسەڵات ،چونکە ئەم بە هەموو جۆرێك یارمەتیدانی ڕژێمە ڕاستڕەو و دیکتاتۆرەکانی بەنمونەی (ڕژێمی سوموزای ستەمکار)ڕەت دەکردەوە.

بەرەکە پێك هاتبوو لەنوێنەرانی کەنیسەی کاسۆلیکی و دەستە ڕۆژنامەوانیو فیکریەکانی وڵات، شانبەشانی پارتە چەپڕەوە جۆراوجۆرەکان و ڕەوتە جیاوازەکان،و ساندیکای کرێکاران و جوتیاران ،ئەم پێکهاتەیەش ئیمتیازی تەمسیلی نیشتمانی لەهەردوو ئاستی دەرەکی و ناوەکیدا دابویە بەرەی ڕزگاری ساندینی ... ئەم پێکهاتە یەکگرتوە وردەوردە لاوازبوو لێك هەڵوەشایەوە بەهۆی داواکاری (ئۆرتیگا) لە (فیدڵ کاسترۆ)ی هاوڕێی بۆیارمەتی دانی لەدروستکردنی ڕژێمێکی سۆسیالیستی نوێ لە نیکاراگوادا .

ئەوەبوو بەکردەوە (فیدڵ کاسترۆ)بەدەم داواکاریەکەیەوە هات و (٥٠٠)پسپۆڕی کولبی ڕەوانەی نیکاراگوا کرد،کە لەنێویاندا ژمارەیەك نوژدار و ئەندازیار و پسپۆڕی سەربازی دەبینرا.

لەئەنجامی ئەو داواکاریەدا سەرۆك (کارتەر)(یەك ملیۆن دۆلاری)وەك بڕەپارەیەکی نهێنی پێشکەش بەنەیارانی ڕاستڕەوی کاسۆلیکی لەنیکاراگوا کرد،لە هەولێکیدا بۆ ڕاوەستاندنی ئەو پرۆسەی بەرەو شیوعیەت چونەی بەرەی چەپڕەوی میانەڕەو لەنیکاراگوادا ڕووبەڕوی دەبویەو،وەلێ ئەم بڕە پارەیە ئارەزوی ڕیگانیەکان(یانی لایەنگرانی ڕیگان لەنێو پارتی کۆماری ئەمریکیدا)تێر نەکرد بۆ هەڵلوشینی ڕژێمی (ئۆرتیگا) و گۆڕینی بەسیتەمێکی دیکە ،بۆیە دەست بەجێ دوای گەشتنی ڕیگان بەکۆشکی سپی ،ئاماژەی دا بە (C.I.A) تا هەستێت بەئەرکی ڕاهێنان و یارمەتیدانی (کۆنتراس)ی نەیاری چەپڕەوانی حوکم بەشێوەیەکی پەنامەکی ،هەروەها ڕیگان توانی بەر لەدەست پێکردنی مانگی (تشرینی دووەم/١٩٨١)،کۆنگرێس قایل بکات بە بڕینەوەی بودجەیەکی تایبەت بۆ یارمەتی دانی کۆنتراس ،لەم ڕووەوە بۆ سەلماندنی ڕەوایەتی بانگەشەکانی ئەو ڕوداوی سەرکوت کرن و داپلۆسینە ڕامیاریانەی دەهێنایەوە کە لەنێو نیکاراگوا دا ڕووی دەدا،جگە لەوەش گەشەکرنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانی چەپڕەو لەسلفادۆر،چەکێکی سەلمێنەر و پاڵپشتێکی چاك بوو بەدەستی ڕیگانەوە... بەوجۆرە ،کۆنگرێس بڕی (١٩,٥)ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد بۆ (C.I.A) بەمەبەستی دەست بەکاربوون لەدروست کردنی سەرکردایەتیەکی سەربازی و ڕامیاری لەپەناهێندە نیکاراگواییەکان لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی چەپڕەوی (ئۆرتیگا).

هەروەها داواشی کرد لە (C.I.A) چەند کردەوەیەکی نهێنی سازبدات و هێلەکانی پاڵپشتی سەربازی لەنێوان کوبا و نیکاراگوادا بپچڕێنێت.

بەرەی نەیارەکان یاخود (کۆنترا) سەری دانەنەواند بۆ فشارەکانی ئەمریکا ،بۆ لەخۆگرتنی پەناهێندە ڕامیاریەکان ،ئەوانەیان خزمەتیان کردووە لەپاسەوانانی دیکتاتۆری پێشو (سۆموزا)...ئیدارەی ئەمریکا بەم کردەوەی هەوڵی دەدا زۆرترین ژمارەی نەیارە ڕامیاریەکان کۆبکاتەوە دژبە چەپرەوە دەستەڵاتدارەکان ...لەو لاوە ئەم بیرکردنەوە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنی نیکاراگوای خستە نێو کورەی ناکۆکی ناوخۆییەوە ،واتە ناکۆکی لەنێوان لایەنگرانی سوموزاو نەیارە زۆر و زەوەندەکانیداسەری هەڵدا لەنێو (کۆنترا)دا.. هەروەها ناوبانگی کۆنترا و ئامانجەکانیشی لەکە دار کرد کە گوایە هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی ڕژێمێکی سەربەخۆو ئازاد ... هەندێك دەیان وت ئەستەمە لەژێر سایەی بونی هەندێك کەسدا کە مێژوویەکی دزێویان هەیە لە خزمەتکردنی دیکتاتۆرێکی وەك سوموزا دا،ڕژێمی ئازاد بێتە دامەزراندن.

لەسەرەتای ١٩٨١ دا (C.I.A) دوو خێوەتگای ئامادەکرد بۆڕاهێنانی سەربازی لەهەردوو ویلایەتی (فلۆریدا) و (کالیفۆرنیا)دا،بۆدروست کردنی هێزێکی سەربازی ئۆپۆزسیۆن،ئەمە لەکاتێکدا جێگری بەڕێوەبەری پێشوی (C.I.A) ژەنراڵ (فون وولترز)لەناوەڕاستی هەمان ساڵ دا،توانیبوی چەند گروپێکی سەربازی کە لەبنەڕەتدا سەر بەکۆمەڵەکەی سۆموزا بوون،قایل بکات تاکو هەوڵەکانیان یەك بخەن و لەڕوی سەربازیەوە لەگەڵ (ڕێکخراوی یەکێتی دیموکراتی نیکاراگوا)دا یەکبگرن... جێگەی ئاماژە پێدانە ژەنراڵ (وولترز) هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی ئەو دو هێزە لەکاتێکدا خستەکارکەبینی گروپەکانی سەربە سوموزا کە لە هندۆراسی سەرسنوری نیکاراگوادا مۆڵیان خواردوە بەهەماهەنگی لەگەڵ میلشیاکانی یەکێتی دیموکراتیدا ،کەلەبنەڕەت دا لە (میامی)فلۆریدا مۆڵ دراون،دەتوانن هێرشی سەربازی لەدژی سوپای نیکاراگوا ئەنجام بدەن لەناوچەکانی سنورە ئیستراتیژیەکانی هیندۆراس دا...

لەپاش ڕەزامەندی (فرنشیسکۆ کاردینال)ی ڕابەری یەکێتی دیموکراتی ،لەسەر هاوکاریکردن لەگەڵ گروپەکانی سوموزا و پێکهێنانی هێزێکی سەربازی ناوی لێنرا (هێزە

دیموکراتیەکانی نیکاراگوا)(C.I.A) شکستی هێنا لە قەناعەت پێکردنی یاخود هەڵخەڵەتاندنی (ئەیدن باستورا گومیز)ی ڕابەری شۆڕشی دیموکراتی بەوەی ڕێچکەی ئەوانی دیکە بگرێت وئەو هێزانەی لە (کۆستەریکا)دان بخاتە پاڵ هێزە دیموکراتیەکان.. ئەیدن پێشتر کابرایەکی چەپڕەو بوو لەسەرکردایەتی (ئۆرتیگا) جیابویەوە ...

لەساڵی ١٩٨٢دا ،پێکدادانە سەربازیەکانی نێوان (کۆنترا)و(سوپای نیکاراگوا)بویە جەنگێکی کراوەو ئاشکرا بەهۆی هاوکاریە داراییەکانی ئەمریکاوەکەلەنێوان (١٩٨٢-١٩٨٣)دا گەشتە (٦٠ملیۆندۆلار)کۆنترا توانی (١٠هەزار) پەناهێندەی نیکاراگوایی ژێربار بخات بۆجەنگ لەدژی نیکاراگوای چەپڕەو ،هەروەها کۆنترا سودی زۆری وەرگرت لە تیوەگلانی ڕاستەوخۆی (C.I.A) لەکردەوە سەربازیەکاندا ،پتر لە (١٥٠پسپۆڕی)سەربازی لە (C.I.A) دا ،ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی هێرش و بۆردومانکردن و شەبەیخونەکانی شەوانەیان لەدژی سوپای نیکاراگوا دەکرد،بەدرێژایی سنوری هندۆراس ... هەروەها (C.I.A) فڕۆکەوانە ئەمریکیەکانی بەکاردەهێنا بۆ گواستنەوەی پێداویستی و چەك بۆ ئەندامانی کۆنترا لەنێو خۆی نیکاراگوادا،دەشگوترا ئەو فڕۆکانە مینیان لە سنورەئاویەکانی نیکاراگوادا چاندوە،بۆوەی گەمارۆی دەریایی ئەو وڵاتە بدەن .

(مینە دەرياييەكان)سەریەشەی زۆری دروست کرد بۆ وڵاتە یەکگرتوەکان ،چونکە خۆی بەتاوانبار دەبینی لەدوای لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایەی حکومەتی نیکاراگوا پێشکەشی دادگای نێو دەوڵەتی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکانی کرد.

لەوەڵام دانەوەی ئەم ڕیسواییەو چەندین ڕیسوایی تری پەیوەست بە سەرکردایەتی کۆنتراس و ڕۆڵی تاوانکارانەیان لەکردەوەی ڕەشەکوژی گومان لێکراودا بەسەر ئەمریکادا هاتبوو،کۆنگرێسی ئەمریکی لە حوزەیرانی ١٩٨٤دا ،قایل نەبوو هاوکاری و دارایی سەربازی کۆنتراس زیاتر بکات و،(ڕێگان)یشی ئاگادارکردەوە لە درێژکردنی باسکی (C.I.A) بۆ کردەوەی نهێنی لەنێو نیکاراگوادا.

ئەوەشی زیاتر کۆنگرێسی قایل کرد بەڕەوایی بڕیارەکەی ئەم دواییانەی و پاڵپشتیەکی جەماوەری بەرفراوانیشی بۆ بڕیارەکە دروستکردلەنێوخۆی ئەمریکاو لەسەر ئاستی

هەڵوێست وەرگرتن لە مەڕ نیکاراگوا... بریتی بوو لەمەسەلەی ئەو ڕۆیسواییەی ناوی لێنرا (نامیلکەی موخابەراتی)ئەوەبوو (C.I.A) هەستا بەدابەشکردنی نامیلکەیەك بەسەر سەرکردەکانی کۆنترا داو داوای لێکردن کاربە ئاراستەکاری و بنەماکانی بکەن کەلەبنەڕەتدا ڕێنمویی دەکرد بۆ ئەنجامدانی کردەوەی دەرونی (استفزازی)لەدژی حکومەتی نیکاراگوا.. ئاراستەکاریەکانی ئەو نامیلکەیە لەخولگەی چۆنێتی هەستان کردەوەی کوشتن و شوێن بزر کردن و ئەشکەنجەداندا دەخولایەوە ،بەجۆرێك ببێتە هۆی وسەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەنیکاراگوادا .

هەرچەندە کۆشکی سپی هەرجۆرە پەیوەندیەکی خۆی بەو نامیلکەیەوە ڕەتکردەوە بەلاّم گۆڤاری (نیوزویك)ی ئەمریکی ،پەردەی لادالەڕوی ئەو ڕاستیەی کەهەندێك لە بەرپرسە بلّند پایەکانی نێو ئیدارەی ئەمریکا بەشداریان کردووە لە نوسینی ئەو ئاراستەکاریانەدا ،بەنمونەی (ژینی کیرکباتریك)ی ژنە نوێنەری ئەمریکا لە (نەتەوە یەکگرتوەکان). سەرچاوەی خودی ڕیسواییەکەش (ئیدگار شامۆرۆ)یەکێك لە سەرانی کۆنتراس بوو (شامۆرۆ)لەوانەبوو کەبەتوندی پەیوەندی کردنی لایەنگرانی سۆموزای بە بزافی ئۆپۆزسیۆنەوە ڕەت دەکردەوە، هەرئەمیش یەکێك بوو لەوکەسانەی باجی هەڵوێستی خۆیان دا لەدوای ئەوەی (C.I.A) لەڕوی مادی و مەعنەوی یەوە پشتی تێکرد و دەستی لەیارمەتی دانی هەڵگرت لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەین نامیلکەکە کەلەژێر سەردیڕی (کردەوە سایکۆلۆژیەکان لە شەڕی پارتیزانیدا)نوسرابوو ،بویە هۆی ڕق هەستانی کۆنگرێسی ئەمریکا لەدوای چاو خشاندن بەسەر چەند بڕگەیەکیدا .. بەتایبەت ئەم بڕگەیەی کەتیایدا هاتووە :(پێویستە تاوانبارە پیشەوەرەکان بەکاربێنین بۆ سەرکردایەتی کردنی هاولاتیان بەرەو ڕوبەڕوبونەوەی دەستەو یەخە لەگەڵ دەستەلاّتدارانی نیکاراگوادا ،تاحاڵەتی تەقەکردن و کوژران و شەهیدبونی لێ بکەوێتەوە باشتریشە گەر لەکاتی کۆبونەوەی خەڵکدا هەندێك لەئەفسەرە گەورەکان بکرێنە ئامانج و بکوژرێن بۆوەی ڕۆڵێکیان پێبدرێت لە کێشەکەدا)...لەژێرکاریگەری ئەم ڕیسواییەو چەندین ڕیسوای دیکەدا کۆنگرێسی ئەمریکی لەساڵی ١٩٨٥ هەمو کۆمەکە

داراییەکانی خۆی لە (کۆنترا)گرتەوەو ئەو ڕێکخراوەیان کردە بارمتەی هاوکاریە نایاسایی و نهێنیەکانی (C.I.A) کە کات ناکتێك پێشکەشی ڕێکخراوەکەیان دەکرد.

سەرانی (C.I.A) بەپارێزێکی توندو تیژەوە مامەڵەیان دەکرد لەگەڵ هاوکاریە نهێنیەکاندا بۆ خۆدورخستنەوە لەڕیسوایی دیکەی هاوشێوەی ئەو ڕیسواییانەی لە حەفتاکاندا ناوبانگی ئاژانسەکەیان لەکەدارکردبوو.هەروەها دەشگوترێت موخابەراتی ئەمریکا چەندین جار فشارەکانی ئیدارەی ئەمریکای ڕەت کردۆتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کرداری نهێنی لەنیکاراگوادا .ئیدارەی ئەمریکا لەلایەن خۆیەوە (کۆلۆنێل ئۆلیفەرنورث)ی ڕەوانەی کامپەکانی کۆنتراس کرد ،بەمەبەستی دڵنیاکردنەوەیان لەوەی ئیدارەکەی سەرۆك ڕێگان سورە لەسەر هاوکاری کردنیان تاکو سەرکەوتن بەدەست دێنن بەسەر ڕژێمەکەی (ئۆرتیگا) .هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیش بەهاوکاری کۆنە بەرپرسەکانی (C.I.A) چەند هەڵمەتێکی کۆمەك کۆکردنەوەی سازکرد بۆهاوکاری کردنی کۆنترا ،بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیان کرد بە هەندێك کۆمەڵەی ڕاستڕەوی توندڕەوی نێو ئەمریکاوە، وەك :

- کۆمەڵەی دۆستانی ئەمریکا.
- پەیوەندی جیهانی دژ بەکۆمۆنیزم .
- سەربازەکانی سامان.
- دامەزراوەی نێودەوڵەتی.

جگە لەوەش هەندێك لەو خەلەبانانەی لەبەردا لەریزەکانی (C.I.A) دا خزمەتیان کردبوو لە وڵاتانی (لاوس و ڤێتنام)دا خۆیان تەرخانکرد بۆ فرین بەسەر ئاسمانی نیکاراگوادا بۆ گواستنەوەی چەك و پێداویستی تر بە کۆنترا .دیارترین خەلەبان لەم ڕووەوە ژەنراڵی خانەنشین (ریتشارد سوکورد)بوو ، هەر ئەمیش سەرپەرشتی گواستنەوەی چەك و تفاقی جەنگی کردبوو بۆلاوس ،پاشتر بوویە بەڕێوەبەری گروپی (ستانفۆرد بۆ تەکنەلۆژیاو بازرگانی).دەشگوترێت هەر ئەم گروپە بوون هەستاون بە تەحویل کردن و ڕێکخستنی کردەوەکانی (ئۆلیفەر نورث)ی نهێنی لەمەڕ نیکاراگوا.لەنێوەڕاستی ساڵی١٩٨٦یشدا(نورث)و (سۆکورد)ئەو یارمەتیانەی بۆ کۆنترایان کۆکردبویەوە بە

(٤,٥)ملیۆن دۆلار مەزەندە کرد لەئابی ١٩٨٦دا کاتێك کۆنگرێــس بـەرەسمی بڕیـاری دا دوبارە باربوی کۆنترا بکاتەوە ،(نورث)سەرقاڵی سەودای نهێنی بوو لـەتەك ئێراندا ،لەپاشدا سەری لەڕیسواییەکەی (ئـێران گێـت)ەوە دەرچووئـەم ڕیسـواییەش کۆمەڵگـەی ئـەمریکای لەرزاندو بوبە خورپەیەك بۆنێو وجودی ئەو کۆمەڵگەیە ئیدی هەواڵ و دەنگ وباس بەخێرایی بڵاودەبونەوە سەبارەت بە پرۆتۆکۆلی فرۆشتنی چەك بە ئێران ،ڕیسواییەکە پــەردەی لـەڕوی چەندین ڕاستی لادا بەرلـەوەی کۆلۆنێل (نورث)لەئایاری ١٩٨٧دا بەبەدلە ســەربازیەکەیەوە بۆ بەرگری لەخۆکردن دەربکەوێت لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئـێران بە سەرکردایەتی (ئایەتوللاخومەینی)لەساڵی ١٩٧٩دا بوویە هۆی پاشەکشە کردنی نفــوزی وڵاتە یەکگرتوەکان لە ڕۆژهــەڵاتی نـاوین دا ،وەهـانی گروپـە ئیسـلامیەکانی نێـو جیـهانی عەرەبیشی دا تــاکو هـێرش بکەنـە سـەر سیاسـەتەکانی (واشـنطن)لەهـەرکوێدا بڕەخسـێت لەبەیروت لـەنیسانی ١٩٨٣ هێرشێکی بەو شێوە ڕوی دا ئەوەبوو موســوڵمانێك بـەخۆیی و ئوتومبیلە بەمین چێنراوەکەیەوە خۆی کرد بەنێو باڵیۆز خانەی ئـەمریکادا لــە وێنـدەر خـۆی تەقاندەوەو بوویە هۆی ڕوخاندنی بەشێکی سەر بەباڵیۆزخانەکـەو کوژرانــی ٦٠ کارمـەندی باڵیۆزخانەکەش کە بەلایەنی کەمەوە حەوتیان سەربە (C.I.A) بوون و (ڕۆبەرت ئەیمس)ی بەرپرسی تـۆڕی (C.I.A) لـەبیروت لـەنێو کوژراوەکـاندا بـوو ... هـەروەها لـەئازاری ١٩٨٤ دا ڕێکخراوێکی نهێنی سەربە ئێران هەستا بە ڕفـاندنی (ولیـەم بـاکلی)بەڕێوەبـەری نوێی تۆڕی (C.I.A) لەبەیروت بەوەش بارمتەیەکی دیکەی هێنایە ڕیزی بارمتەکانی تریەوە لە لوبناندا سەرەڕای پروپاگەندەکانی سەرۆك ڕێگان و لێدوانەکانی کەتیایدا پێی دادەگـرت لەسەر نەکردنیمامەڵـە لەگـەڵ ئەوانـەی نـاوی لێنـابوون (تیرۆریسـت)، کـەچی لـەو لاوە ئیدارەی ئەمریکاو (C.I.A) سەرگەرمی سات و سەودای نـهێنی بـوون بـۆ بـەرەڵاکردنی (باکلی) و دەستگیرکراوەکانی تر ، لەبەرامبەر پرچەك کردنی ئێران دا ،کـەزۆری پێویست بوو لەکاتی شەڕەکەیدا لەگەڵ عـێراق ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوەیی ،تۆڕێکـی پـەیوەندی وگواستنەوەی نهێنی سازاندبوو لەساڵی١٩٨٦دا بۆ دەست کـردن بـە جـێ بـەجێ کردنـی پرۆژەی بەنهێنی پرچـەککردنی ئـێران ، ئەرکەکـەش بـە ژەنـراڵ(ئۆلیفـەرنورث)و ژەنراڵــی

خانەنشین کراو (سۆکورد)سپێردرا،شان بەشانی هەندێك لەبەرپرسانی کۆمپانیای فڕۆکـەوانی (گواستنەوەی هەوایی باشور)،ئەم کۆمپانیایە پێشتر مولکـی (C.I.A) بـوو ... لـەکۆتایدا هەولـەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ بەرەلآکردنی (باکلی) بەبادا چوو چونکەهـەواڵی مردنی لە دیلێتــی دا بلآوکراەیـەوە... هەرچـەندە موخابـەراتی ئـەمریکا لـە هەولـەکانیدا بەردەوام بـوو بـۆ ئـاڵوگۆڕکردنی ئـەو نهێنیانـەی (بـاکلی) سـەبارەت بـە بـەکرێگیراوانی (C.I.A) لە ڕۆژهەلآتیناوەڕاست دا درکاندوونی لەبەرامبەر چەکدا بۆ ئێران لەئاکامی ئەم هەولـە وەگەڕخراوانەدا لەلایەن ئەمریکیەکانەوە لــە شـوباتی ١٩٨٦دا یەکـەم بـارە چـەکی ئەمریکی گەیەنرایە ئێران ،بەهاوڕێیەتی هەریەك لــە (ئۆلیفـر نـورث)و ڕاوێژکـاری ئاسایشـی نەتەوەیی(ڕۆبەرت ماکفرلین)کە هەردوکیان زنجیرەیەك کۆبونەوەی نـهێنیان لەگـەڵ هـەندێك بەرپرسی ئێرانیدا گرێدابوو.

لــەدوای ســێیەمین بارەچـەك کەبوشــە کۆتایــەمین بــار لــە ١٩٨٦/١٠/٢٩دا (دیفیدجاکۆبسن)بەرەلآکرا ،بەلآم نامۆیی مەسەلەکە لەوەدا نەبوو کە ئیدارەی ئەمریکا هێندە بوێر بوە توانیویەتی پێشێلی هەلوێستی ڕەسمی ئەمریکا بکات سـەبارەت بەچـەك فرۆشـتن بـە ئـێران ، بـەلکو لـەوەدا بـوو کـە سـەرانی ئـەم ئیدارەیـە قـازانجی فرۆشـتنی چەکـەکانیان ڕەوانەیهێزەکانی کۆنترا کرد لە هندۆراس .

لەکۆتاییدا ئیدارەی ئەمریکا خۆی لــە تەنگـەلآنێکی چـارەنوس سـازدا دیتـەوە بـەجۆرێك پێگەکانی سیاسەتە دەرەکیەکانی هێنایە لــەرزە بـەرەنجامی داسـتانە مندالآنـەکانی (C.I.A) یشی وەبیر ڕای گشتی هێنایەوە کەلەبەردا پێی هەستاوە.

(ولیەم کیسی)بەڕێوەبەری (C.I.A) لەوکاتەدا ،مردن دەربازی کرد لــە ڕیسـواییەکەی (ئـێران گێـت)،ئەوەبوو سـالی ١٩٨٧ پـاش یـەك سـالدوچار بوونـی بـە شـێرۆ پەنجـەی کوشندەیسەر کۆچـی دوایـی کـرد.سـەرۆك ڕێگـانیش بەڕێوەبـەری (F.B.I=نوسـینگەی لێکۆلینەوە فیدرالیەکان)(ولیەم ویستەر)ی لەجێگەکەی دانا پاش ئەوەی بۆ ئــەم و سـەرانی (C.I.A) ڕوون بویەوە جێگرەکەی (ولیەم کیســی)ناسـراو بـە (ڕۆبـەرت گێـت)دەستی

هەبووە لە ڕیسوایی (ئیران گێیت)دا، تاڕادەیەك دووری خستەوە لە جێگە گرتنەوەی بەڕێوەبەرە مردووەکەی.

سەرەڕای ئەو تەنگەڵانە ،کردەوە تاوانکاریەکانی کۆنترا لەدژی نیکاراگوا بویە هۆی باسك ئەستور بوونی حکومەتی چەپڕەوی ئەو وڵاتە لە هەردوو ئاستی ناو خۆیی و دەرەکیداو هەوڵەکانی ڕێگان و یاریدەدەرەکانیشی بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی (ئۆرتیگا) پوچەڵ کردەوە .

لەبەرامبەریشدا ،(K.G.B) جێ پێی خۆی لەدەستەڵاتی سۆڤێتیدا قایم کرد لەدوای گەشتنی (یۆری ئەندرۆبوف)ی بەڕێوەبەری (K.G.B) بەپلەی ڕابەرایەتی حیزبی شیوعی و یەکێتی سۆڤیەت ، لەجێگە خۆی (فکتۆر تشبریکۆف)ی دەست نیشان کرد بۆدرێژەدان بە تەقەلَلاکانی دژی گەندەڵی و بەرتیل خۆری لە یەکێتیسۆڤیەت دا ،لەدوای مردنی (ئەندرۆبۆف)و گەشتنی (میخائیل گۆرباتشوف)بە دەستەڵات ، ڕۆڵی (K.G.B) پەرەی پێدرا لەمیانەی بەرزکردنەوەی (تشبریکوف) بۆ ئەندامێتی تەواو لە مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دا .

باسك ئەستورکردنی (K.G.B) و ئەورۆڵە گەورەی پێی درا پاڵی نا بە هەندێك سیاسەتمەدارەوە تاکو گومان دەربڕن لە بانگەشە ڕیفۆرمی و ئاشتەواییەکانی گۆرباتشۆف چونکە ئەو بانگەشانە پێچەوانە دەبنەوە لەگەڵ پشت ئەستورکردنی ڕۆڵی (K.G.B) لەنێو وڵات و جیهانی دەرەوەشدا...لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا (K.G.B) هەستی کرد،ناچار بووە ڕێ و شوێنی مووخابەراتی و ڕێگەی نادروست بگرێتە بەر بۆ وەدەست هێنانی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایی و (مایکرۆشیب)ی‌بەکارهێنراو لە کۆمپیوتەری نوێ دا ،بەتایبەت چونکە یەکێتی سۆڤیەت دەستەوسان بوو لەکڕین یاخود بەرهەمهێنانی (مایکرۆشیب)،ڕۆژئاوا گەمارۆی فرۆشتنی هەندێك بەرهەمی تەکنەلۆژی خستبووە سەر یەکێتی سۆڤیەت لەبەرچەند هۆکارێکی هێمنایەتی ،بەو پێیەی یەکێتی سۆڤیەت ئەو تەکنیکە نوێیانە بەکاردێنێت لەبەرەو پێش بردنی میکانیزمی سەربازی خۆیدا.

ساڵی ١٩٨١ نوسینگەی لێکۆڵینەوە فیدراڵیەکان F.B.I مەزەندەی ئەوەی کردبوو (٣٥٪)ی سەرجەم دبلۆماسیەکانی سۆڤیەت لە ،لاتە یەکگرتوەکاندا ،لەبەرژەوەندی

(K.G.B) کاردەکەن،نەخاسمە لەشارەکانی (واشنطن،نیویورك،سانفرانسیسکو)،چونکە موخابەراتی سۆڤیەتی لەو شوێنانەدا مۆڵگەی خۆیقایم کردبوو،لەنزیکی سەنتەرە هێمنایەتی و بێ تەلەگرنگەکانەوە.

باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە واشنطنهەوای خاوەن لەرەلەری بەرزی هەڵکردوە،هەندێك لەو لەرە لەرانەی ئاراستەی پەنتاگۆن و کۆشکی سپی کردوە،بەشێکی دیکەشی ئاراستەی بارەگای (C.I.A) کردوە لە(لانگلی)سەربەویلایەتی(ڤێرجینیا). هەروەها سۆڤیەتیەکان بەئەنقەست هەستاون بە درستکردنی ناوەندێکی وەرزشی لەنزیك یەکێك لە ویستگەکانی پەیوەندی کردنی سەربازیەوە ،لەسەر شەپۆلی کورت لەناوچەی (ئەنا پۆلیس)ی ویلایەتی(مێریلاند).. لەنیویۆرکیش،بەتایبەت لەناوچەی (ریڤردیل)،سۆڤیەتیەکان لەدامەزراوەکانی نیشتەجێ بوونی خۆیاندا کەل و پەلی هەوایی پێشکەوتویان داناوە بۆوەرگرتنیپەیوەندی و شەپۆلە سەربازیەکانی ئەمریکا ،ئەمە لەکاتێکدا قونصولیەتی سۆڤیەت لە (سانفرانسیسکۆ) سکالای کرد لەدەست وەرگرتن و شیکردنەوەی ئەو پەیامە بێ تەلانەی لەهەردوو بنکەی ژێر دەریایی ناوکی(دۆڵی سیلیکۆن)و دورگەی (میر)ەوە،دەردەچن.

(ئیودۆر گاردینەر)ی کارمەندی(F.B.I) دەربارەی نەوعیەتی کادرانی (K.G.B) لەولایەتە یەکگرتوەکاندا دەڵێت:(ئەوانە باشترین جۆرن ئەوانە لەریزی سەرتاکانن)!! بۆنمونە سەرنجی (دیمتری‌یاکوشکین)بدە،کەماوەیەکی دوورودرێژ سەرکردایەتی تۆری (K.G.B) کردوە،بۆمان دەرکەوتوە لەنەوەی یەکێکە لە گەورەترین سەرکردە سەربازیەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)ی کۆمۆنیستی.

یاخود هەربۆنمونە سەیری(فلادیمێر کازکۆف)ی بەرپرسی (K.G.B) لەنیویۆرك دەکەین ،دوبینین یەکێکە لەوانەی لەبەردا رابەرایەتی بەرێوەبەرایەتی یەکەمی موخابەراتیان لە(مۆسکۆ) گرتۆتە دەست.

سەبارەت بەو شێوازی کارەی K.G.B گرتبویە بەر لەولاتە یەکگرتوەکاندا بۆ دەست کەوتنی زانیاری ،دەشێت باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە (واشنطن)باشترین نمونە بێت بۆپەردەلادان

لەڕوی ئەوشێوازە سۆڤیەتیەبە ئەمریکی کراوەی پەیڕەوی کردوە بۆ سیخوڕی کـردن بەسـەر خەلکانی ترەوە.

ئەندامانی ئەو بەشەی ناونراوە (استخباراتی سەربازی)لە بالیۆزخانـەی سـۆڤیەتدا،هەمیشـە لەو بارانە دەمۆڕانەوە کەلەناوەندە سەربازیەکانەوە نزیك بوون... کارمەندە (مـەعلوماتی و تەکنەلۆژیەکان) یـش لەیانـەکانی زانیـاری و مەعریفـەدا دەبیـنران ،سـەرەڕای بونـی شـێوە هەمیشەییان لەبەشەکانی زانیاریو تەکنەلۆژیا لە پەراوگەکانی ئەمریکا دا...

سەبارەت بەو شێوازە لەخشتە بردنە سۆڤیەتیەی لە ئەمریکا دا پەیڕەو دەکرا ،کارمـەندێکی پێشوی C.I.A بەناوی (هاری روزتسکی) دەلێت:(هـاولاتی ئاسـایی ئـەمریکی وادەبینێـت دارایی تاکە ڕێگای دلنیایی و کامەرانی یـە ،لەسـەر ئـەم بنچینەیـە هـاولاتی ئـەمریکی چـاو ناپۆشـێت لەهــەر سـەرچاوەیەکی وەدەسـت هێنـانی دارایـی ئەگـەر خرایـە بەردەمی)...(روزتسکی)لەکاتێکدا وای گوت،کەباسی لەو شێوازی لەخشتە بردنە دەکـرد کە K.G.B لەئەمریکا دا پەیڕەوی لێدەکرد ....ئەم شێوازە تارادەیـەکی زۆر سـەرکەتوو بوو لە ژێر بارخستنی یەکێك لەئەندازیارانی (کۆمپانیای هوتج)ی فڕۆکەوانی بەناوی (ولیـەم هۆلدن بل)،ئـەم سـەبارەت بـەتێوەگلانی خـۆی لەتـەك موخابـەراتی سـۆڤیتی دا، لەبـەردەم (F.B.I)دا گوتبوی کە سەرەڕای لە خشتە بردنـی دارایـی ،هەڕەشەشی لەلایـەن یـەکێك لەبەکرێگیراوە پۆلۆنیەکانەوە لەسەر بووە، بـەوەی ئـازاری خێزانەکـەی دەدات گـەربێت و بەردەوامی نەدات بە دزینی پرۆسەی زانیاری .

لە میانەی دان پێدانانەکانی (هۆلدن بـل)ەوە،(F.B.I)توانـی پـەی بـەرێت بەمەرامـەکانی سۆڤیەت لە سیخوڕی کردن بەسەر دامەزراوەکانی دۆلی (سیلیکۆن)ی سەربازیەوە .

ئـەم دۆلـی (سـلیکۆن)ە ،پێکـهاتوە لەناوچەیـەکی فـراوان لـە نزیـك سانفرانسیسکۆدا،(٦٠٠)کۆمپانیـا لـەو ناوچـەدا کـار دەکـەن بـۆ ڕاپـەڕاندنی پـرۆژە حکومیەکانلەبواری تەکنیکی نهێنی پێشکەوتودا.

لـە نزیـك (لـۆس ئەنجـەلوس)یـش کۆمپانیـای هاوشـێوەی کۆمپانیاکـانی (دۆلـی سـلیکۆن)هەیـە،لـەوێندەریش (٣٥٠)کۆمپانیـای تەکنـەلۆژی تایبـەت بەتـەکنیکی نـهێنی

کاردەکەن بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ئەم کۆمپانیا تەکنەلۆژیانە ،K.G.B هەبونی خۆی لەناوچەکانی نزیك (سانفرانسیکۆ)چڕ کردەوە... بەگوێرەی (F.B.I)،موخابەراتیسۆڤیەت لەوێدا (٦٠کارمەندی سەربە K.G.B بوون ،جگە لە ٢٥ کارمەندی تری سەربە موخابەراتی سەربازی ...دبلۆماسیە ڕەسمیەکانی سۆڤیەتیش تەنها کاریان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری تەکنەلۆژیئەمریکی لەوهەندێك لەوکارتلانەی داراییان خۆش دەوێت ،و لەژێر کاریگەری دارایی دا ئامادەن هەموو نهێنی یەك بدرکێنن).سالّی ١٩٨١ هاولاتی ئەمریکی بەڕەچەلّەك سۆڤیەتی (ئەناتۆنی مالوطا)٥سالّ زیندانی کرانی درا بەسەردا،بەتۆمەتی سیخوڕی تەکنەلۆژی لەبەرژەوەندی K.G.B ،(مالوطا)تۆمەتبارکرابوو بەناردنی ئامێری کۆمپیوتەر و پێداویستی تەکنەلۆژی تر بەبڕی (٨-١٠)ملیۆن دۆلار بۆ یەکێتی سۆڤیەت ،پاش ئەوەی وەزارەتی (بازرگانی و گومرگ)ی ئەمریکا توانی پەردە لابدات لە ڕوی پەیوەندی ژێربەژێری (مالوطا)بەیەکێك لەگەورەترین ڕفێنەرانی تەکنەلۆژیا لەجیهاندا (ورنر بروتشهازون)ی ملیۆنێری ئەلّمانی ،ئەم پیاوە ماوەیەکی دورو درێژ هەولّی دا تەکنەلۆژیا ئەمریکیەکان لە ئەلّمانیای ڕۆژهەلاتەوە بگەیەنێتە یەکێتی سۆڤیەت ،بۆ ئەم مەبەستە (مالوطا)ی وەك کرێگرتە و دەسکەلایەکی خۆی لە ئەمریکادا بەکار هێنا.

لەراپۆرتی وەزارەتی بازرگانی ئەمریکا تایبەت بە کێشەی (مالوطا)هاتوە: ئەم کابرایە چەندین داواکاری ڕەوانەی (فەرماندەیی پەیوەندیەکان لە سوپای ئەمریکی)داو (پەیمانگای موخابەرات لە قەلای هواتشوکا)کردوە،بەمەبەستی کڕینی تۆڕو هەوایی کەلەسەر شەپۆلی زۆر کورت کاردەکەن ،بەلام (مالوطا)ئەم خواستەی بۆ نەهاتۆتە دی،بەپێچەوانەی پروپاگەندەکانی خۆیەوە کە گوایە (فەرماندەیی پەیوەندیەکان) قایل بوون بە داواکاریەکەی و خەریك بوە ئامێرەکەشی بۆ ڕەوانە بکەن ... وەزارەتەکە لەکاتێکی دوایی تردا ئەوەی ئاشکرا کرد کەچەند کۆمپانیایەکی نهێنی تۆڕی هەوایی‌و ئامێری کۆمپیوتەریان چنگ کەوتوەو ڕفاندویانە بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

لە سەرەتای هەشتاکاندا (٩٠)دبلۆماسی سۆڤیەتی لـە ولاتـە جۆربـەجۆرەکاندا دەرکـران بەتۆمەتی کۆکردنەوەیزانیاری نهێنی بەم تەرزە.

- ♦ (٤٠) دبلۆماسی لەفەرەنسا دەرکران.
- ♦ (٤) دبلۆماسی لەبەریتانیا دەرکران.
- ♦ (١٨) دبلۆماسی لەئێران دەرکران.
- ♦ (٣) دبلۆماسی لەولاتە یەکگرتوەکان دەرکران.

وە لـە بەلژیکا سالی (١٩٨٣)،بەڕێوەبەری (کۆمپانیـــای بەلژیکی ـسـۆڤیەتی)بۆکاروبـاری بازرگانی (یڤتگینی میخائیلۆف)دەرکرا،دوابەدوای ئەم لـەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا ،ولاتـــە یەکگرتوەکان ژمارەیەکی زۆری سۆڤیەتیەکانی دەرکرد و لـە ئەنجامدا شەپۆلێکی بــەرفراوانی (دەرکردن و دژە دەرکردن)لەنێوان پایتەختە ڕۆژئاواییەکان و (مۆسکۆ) دا هاتە ئاراوە .

سـالی (١٩٨٦) ولاتـە یـەکگرتوەکان توشـی سەرەسـوڕێ هـات بـەهۆی جیابونـــەوەی (ئیدواردلی هاورد)ی کۆنــە کارمـەندی (C.I.A)یـەوە، (ئیـدوارد هـاورد) توانیبـوی ئـەو کارمەند و بەکرێگیراوانەی (F.B.I) بخەلەتێنێت کە چاودێری جموجولەکانیان دەکرد بەرلە هەلاتنی بۆ یەکێتی سۆڤیەت).

(هاورد) بوکە شوشەیەکی لــە شـێوەی خـۆی بـەکارهێناو لەپێشـی ئوتومبێلەکـەیدا دانـا بۆچاوبەست کردنی F.B.I و خۆشی لـــەدەرگای پاشـەوەی مالەکەیـەوە دەرفرتـی و تێـی تەقاند، ئاشکرایە (فیتالی یۆرتشنکۆ)ی کۆنە بەکرێ گـیراوی سـۆڤیەت بەرلــە دووسـال لــە ڕاکردنی (هاورد) ئاگاداری دابوو بە(F.B.I) لـــەڕاکردن و هــەلاتنی (هـاورد) و ئەوەشـی ئاشکرا کردبوو کە (هـاورد)لەبـەرژەوەندی (K.G.B)کاردەکـات . هـەندێك لەڕۆژنامـە ئەمریکیەکان ڕایانگەیاند گوایە یەکێك لەوانەی کــار لەبـەرژەوەندی (C.I.A)دەکـەن لـە (مۆسکۆ)دا کوژراوە،دوای ئەوەی سۆڤیەتیەکان لە ڕێگەی (هاورد)ەوە پەی یـان بـردوە بـە پەیوەندیەکانی ئەو کابرایە ...

هەرلەسەر ئاستی چالاکیە سیخوڕیەکانی سۆڤیەت لە ئەمریکادا ،سـالی ١٩٨٦ تیشـك خرایە سەر مەسەلەی دەستگیر کردنـی(گـادی زخـارۆف)بەتۆمـەتی سـیخوڕی کـردن بـۆ

(K.G.B)و دزە پێکردنی زانیاری (تەکنەلۆژی- هونەری)بۆ یەکێتی سۆڤیەت ،ئەم زخارۆفە (فیزیازان)ێکی سۆڤیەتی بوەو لە ساڵی (١٩٨٢)ەوە لە ئەمریکا ژیاوە ،یەکێکیش بوو لەو (٣٠٠)کەسەی لە (ڕازگرایەتی) نەتەوە یەکگرتوەکاندا کارمەند بوون،نوسینگەی لێکۆڵینەوە فیدراڵیەکان ڕایگەیاند لەکاتێکدا(زخارۆف) دەستگیرکراوە،کە هەوڵی داوە بڕی (١٠٠٠ دۆلار)بداتە کارمەندێکی ئەمریکی لەگەڵ یەکێك لە بەڵێندەرەکانی (پەنتاگۆن)داکاری دەکرد بەمەبەستی بەدەست خستنی زانیاری نهێنی جگە لە وانەش (F.B.I) پڕوپاگەندەشی دەکرد کە پیاوەکانی توانیویانە لیستی ناوی سیخوڕانی موخابەراتە بانیەکان لە یەکێك لە دۆڵابەکانی ئۆتۆمبیلەکەی (زخارۆف)دا بدۆزنەوە ... ئەوەندەی نەبرد ،زخارۆف بەرەڵاکرا لەبەرامبەر بەرەڵاکردنی ڕۆژنامەڤانی ئەمریکی (نیکۆلادانیلۆف)دا کە (K.G.B)دەستگیری کردبوو بە تۆمەتی سیخوڕی کردن لە بەرژەوندی (C.I.A).

پرۆسەی گۆڕینەوەی هەردوو دیلەکە بەر لەژوانی کۆبونەوە بەناوبانگەکەی (سەرۆك ڕیگان و گۆرباتشۆف)بوو لە (ریکجا فیك)،لە ئاکامی ئەم کۆبونەوەیەدا نیشانەی کرانەوەی سیاسی نێودەوڵەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧)دا هێدی هێدی بەدەردەکەوت ،هەرچەندە پرۆسەکە خاڵی نەبوو لە هەندێك تەنگ و چەڵەمە کە کردەوە سیخوڕی یەکانی بەرلە کۆبوونەوە بەناوبانگەکە ببونە هۆی سەرهەڵدانی .

ساڵی ١٩٨٧ وڵاتە یەکگرتوەکان ڕای گەیاند باڵیۆزخانەکەی لە (مۆسکۆ)دا لەبار و گونجاو نیە بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەرێکی دبلۆماسی پارێزراو لە سیخوڕی کردنی سۆڤیەتیەکان بەسەریەوە، هەروەها(K.G.B)یشی تاوانبارکرد بە چاندنی جۆرەها ئامێری گوێ شنە وتن لە دیواری باڵیۆزخانەکەدا لە ساتەکانی دروستکردنی بیناکەدا،هەریەك لە ئەمریکی و سۆڤیەتیەکان لە حەفتاکاندا قایل بوون بەدروستکردنی دوو باڵیۆزخانەی نوێ لە (مۆسکۆ) و(واشنطن)دا ...

هەرلەو تاو ماوەیەدا ،(کۆنگریس)هەوڵی دەرکردنی یاسایەکی دەدا کە ڕێگە نەدات سۆڤیەتیەکان ئەو خانوانەی نیشتە جێ بوونیان لە (واشنطن) بەکار بێنن کە ئەمریکی یەکان

بەسەنتەری سیخوڕی کردنی دەبینن بەسەر تۆڕە پەیوەندیــە نهێنیـەکانی ئـەمریکاوە هـەروەها بەپێی ئەو یاسایە دەبوایە سۆڤیەتیەکان ئەو خانوانە چۆڵ بکەن.

سەرەڕای ئەم ئاوەڵابونە رامیاریەی لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا دەبیــنرا کـە چـی نیشـانەی پرسیار لەدەوری رۆڵی (C.I.A)لەباشوری ئەفریقادا ببویە جێگەی تێڕامان لــە کیشـوەری ئەفریقا و هەموو گێتی دا... ئەوەتا لە کـاتێکدا ئیدارەکـەی (سـەرۆك کارتـەر)شانبەشـانی دەوڵەتە ئەوروپیەکان پاڵپشتی خۆی ڕاگەیاند بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئـابوری و تـەکنۆلۆژی بەسەر حکومەتە ڕەگەز پەرستەکەی باشوری ئەفریقادا، کەچی بـاڵی ڕاسـتڕەوی (C.I.A)و ئیدارەی ئەمریکا لەسەردەمی (ڕێگان)دا، هەوڵیان خستبویە کار بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی باشوری ئـەفریقا لــەدەربازبون لـەو دابڕانـە تەکنۆلۆژیـەی تێـی کـەوتوە ،وە قـەڵاچۆکرنی سەرکردایەتی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی)لە مەنفادا. توندڕەوە ئەمریکیەکان پاساویان بـۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەبوو شیوعیەکان بەتەواوی دەستەڵاتیان ســەپاندوە بەســەر ئاڕاسـتە کردنـی سیاسەتەکانی کۆنگرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی(نێلسن ماندێلا)دا ،بەو پێیە سەرکەوتنی ئەو گروپە لەباشوری ئەفریقادا یانی سەرکەوتنی سۆڤیەتیەکان .

شیاوی باسە لە ساڵی (١٩٦٢ز)دا فەرمانی زیندانی کردنی هـەتا هـەتایی سـەپێنرا بەسـەر (نێلسن ماندێلا)دا بەتۆمەتی هەوڵدان بۆڕوخاندنی حکومەتی ڕەگەز پەرستی باشوری ئـەفریقا .هـەروەها (C.I.A)بـە هاوکـاری موخابەراتـەکانی بـەریتانیاو ئـەڵمانیا ی ڕۆژئـاوا توانـی حکومەتە ڕەگەزپەرستەکە باربوو بکات بە پێداویستی و تەکنۆلۆژیای نـوێ بـۆ پـەرەپێدانی میکانیزمە سەربازیەکانی و دژایەتی کردنی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی).

ساڵی (١٩٤٨ز)کۆبونەوەیەکی نهێنی گرێدرا لــەنێوان موخابـەراتی بـەریتانیاو ئـەمریکادا لەبارەگای (پەیوەندیە حکومیەکانی بەریتانیا) لەوکۆبونەوەیـەدا نوێنـەرانی موخابـەراتی سـەر بەباشوری ئـەفریقاش ئامـادەبوون و ڕێکـەوتن مۆرکـرا لەسـەر ئـاڵ و گۆڕکردنـی زانیـاری سەربازی و هەواڵدەری لەنێوان هەرسێ دەزگا موخابەراتیەکەدا،بەو مەرجەی باشوری ئەفریقا ڕاپۆرتی هێمنایەتی بداتە ئەمریکیەکان لەسەر جموجوڵــەکانی سـۆڤیەت لـە ئاوەکـانی (رجـاء الصالح)دا وجموجوڵەکانی (کوبا)ش لە (ئـەنگۆلا و مۆزەمبیـق)دا .جگـە لەوانـەش باشـوری

ئەفریقا ڕاسپێردرا بە چاودێری کردنی جموجوڵەکانی سۆڤیەت لە ناوچەی بیابانەکانی باشور و (نامیبیا)دا،لە بەرامبەردا باشوری ئەفریقا داوای لـە (C.I.A) کـرد زانیـاری بداتـێ لەسـەر چالاکیەکانی (کۆنگـرەی نیشـتمانی)و بەرپرسـەکەی لـە مـەنفادا (ئۆلیڤـەر تـامبۆ)و نیـازو مەرامەکانی ڕژێمەکانی حوکمی هەریەك لە (مۆزەمبیق،ئەنگۆلا،بوتسوانا،زامبیـا) کـە نـەیار و بەرهەڵسـتکاری حکومەتـە ڕەگـەز پەرستەکەی باشـوری ئـەفریقا بـوون... موخابـەراتی بەریتانیاش لەو کۆنگرەیەدا ئەرکی چاودێری کردنی ئەو پەیوەندیانەی خستە ئەستۆی خـۆی ،کەسـەرانی (کۆنگـرەی نیشـتمانی)لـە مـەنفادا لەمیانـەی سـەنتەری (پەیوەندیـە حکومیـە بەریتانیەکان)ەوە لە (زامبیـا)گرێـی دەدەن،شـیاوی وەبـیر هێنانەوەیـە هـەندێك لەبەرپرسـە ئەمریکیەکان هەرجۆرە پەیوەندیەکی ئیدارەی ئەمریکایان بـەم کۆبونەوەیـەوە ڕەتکـردەوە وە کۆبونەوەکەشیان بەتوندی پرۆتستۆ کردبەڵام هەندیکی تر لەبەرپرسەکان بەنمونەی سیناتۆری ڕاستڕەو(جیسی هلـمز)هانی بەردەوامێتی ئـەم جـۆرە هاوکاریانـەیان دەدا لـە گـەڵ باشـوری ئەفریقادا، بەمەبەستی قەڵاچۆکردنی چالاکی کۆمۆنیسـتەکان و سـۆڤیەت لەبەشـی باشـوری ئەفریقادا .

سەرەڕای ناڕەزایی ئەوروپیەکان و زۆرینەی ئـەندامانی کۆنگرێسـی ئـەمریکی لـەم ڕەوتـە موخابەراتیە کەچی (C.I.A)درێژەی دا بەم کۆبونەوانە.

لەناوچەیەکی تری ئەم جیهانەدا ،هەماهەنگی یەك هاتە گۆڕێ لەنێوان (C.I.A)یەکێك لە گەورە بەرپرسانی پۆلیسی بەریتانی دا بەناوی (ژۆن ستالکر)،ئەم بـەڕەسمی داوای لێکرابـوو لێکۆڵینەوە بکات لەسەر چەند کردەوەیەکی کوشتن و دەست درێژی کە پۆلیسـی بـەریتانیا لە باکوری ئێرلەندا دژی هاوڵاتیە مەدەنیە ئاساییەکان پێـی هەسـتاوە بـە تۆمـەتی پـەیوەندی بونیان بە (سـوپای نـهێنی ئێرلـەندا)وە جـا(C.I.A)و (سـتالکرد) ویسـتبویان هەماهـەنگی یـەکدی بکـەن بـۆ دڵنیـابوون لەڕاسـتی ئـەم پروپاگەندانـە کـەچی (M15)(موخابـەراتی بەریتانیا)بەتوندی لەدژی ئەم هاوکاریە وەستاو چـەندین تۆمـەتی خسـتە پـاڵ(سـتالکر)و لـە ئەنجامدا لەسەر کارەکەی دەرکراو دۆسیەی لێکۆڵینەوەکەش داخرا.

جگە لەو قسەو قسەلۆکانەی هەبوون لەسەر رۆڵی (M15)لە کێشەکەی (ستالکر)دا،حکومەتەکەی(مارگریت ڤانشەر)لەساڵی ۱۹۸۷چاوی هەڵتۆقی بەرپسوایەتیەکی تردا لەمەڕ کردەوە نهێنیەکانی(M15)، ئەوەبوو لەو ساڵەدا یەکێك لە کۆنە کارمەندەکانی موخابەراتی بەریتانیا بەناوی (بیتەر رایت)پەرتوکێکی بڵاوکردەوەتیایدا بەڕێوەبەری (M15)(رۆجەر- هۆلیز)(۱۹٥٦-۱۹٦٥)تۆمەتبارکردبوو بەکارکردن لەبەرژەوەندی سۆڤیەت ،ئەو زانیاریانەی سەر ڕاست کردەوە کە (تشابمان لبینشر)ی پسپۆڕی سیخوڕی لەپەرتوکەکەی (ناپاکی پیشەیانە)دا ئاماژەی پێدا بوو.

هەروەها (ڕایت)ئەوەشی وەبیر هێنابویەوە کە (۳۰)هاوەڵی ئەم لە (M15)ساڵی ۱۹۷٤ پلانێکیان داڕشت بۆ لەنێو بردنی کابینە حکومیەکەی پارتی کرێکاران لەسەر ئەو باوەڕەی کەسەرۆکی حکومەتیە کرێکاریەکەی ئەو ساڵە (هارۆڵد وێلسۆن)بەکرێگیراوی سۆڤیەت بووە،هەروەها (ڕایت)دانیبەوەدا نا بوو کە (K.G.B) ساڵی ۱۹٦۳سەرۆکی پێشوی پارتی کرێکاران(هۆگ گایتسکل)ی کوشت،بۆئەوەی ڕێگە لەبەردەم (هارۆڵد وێلسۆن)دا والابکات ،تاکو بەئاسانی پۆستی سەرۆکایەتی (پارتی کرێکاران)بگرێتە دەست.

حکومەتەکەی (ماگرێت ثانشەر)ئاگاداری (خانەی بڵاوکردنەوەی ئوسترالی) کردەوە لە ئاکامە خراپەکانی چاپکردنی ئەو پەرتوکەو دابەشکردنی و کێشەکەشی ڕوبەڕوی دادگاکانی ئوسترالیا کردەوە ،بۆ بەرگری کردن لەم کێشەیەش (ثانشەر)(ڕۆبەرت ئەرمسترۆنگ)ی ناردە بەردەم دادگا ،ڕۆبەرتیش بۆخۆی یەکێك بوو لەئەندامانی (لیژنەی موخابەراتی هاوبەش).

گەر بەوردی سەرنج بدەین لەم دێڕانەی ڕابوردن،دەتوانین لە میانەیانەوە ڕوی ڕاستی ئەو کردەوە نهێنیانە ببینین کەکات ناکاتێك دەزگا موخابەراتە جیهانیەکان پێی هەڵدەستن ... لە هەندێك کاتدا دەزگا موخابەراتیەکان سنوری خۆیان دەگرن و چەردەیەك بەپێی ئەخلاقیاتی کار دەجولێنەوە و خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ژیانی نەتەوەکەیان دەکەن ،لە هەندێك کاتی تریشدا ئەو دەزگایانە بەپێی ئارەزوی خۆیان دەجولێنەوە وەك دابڕان لە پەیکەری دەسەڵاتە ڕەسمیەکانی وڵاتەکانیان.

بۆنمونە کردەوەی تایبەت ئەنجام دەدەن لـەدژی هـەندێك کەسایەتی و ڕژێـم کـە لەگـەڵ سیاسەتەکانیاندا پێك نایەن ،یان خۆدەگلێنن لە جـەنگی بچوکـەوە ،لـەکاتێکدا ئـەم جـۆرە جەنگە هیچ خزمەتێك ناکەن بە وڵاتەکانیان وپەیوەندیە دبلۆماسـیەکانی ،بۆیـە پێویسـتە ئـەم دەزگایانە هەمیشـەو هـەردەم بەرپرسیاری کـردەوە نادروستەکانیان بـن لەبـەردەم یاسـا و دەستەڵاتی وڵاتدا...

باجۆرێکیش پشت ڕاستی کردەوەکانیان بکرێتەوە،کە ڕەوابێت کەسـێك لەپێناسـەکرنیاندا بلێت:(چالاکیەکان لەخزمەت و بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی)دان .

تـــــــــــەواوبـــــــــــوو

٢٠٠٠-١٠-١٠

ناوەرۆك

بەشی یەکەم: کاتێك جەنگ کۆتایی هات........................ ٥
بەشی دووەم: یەکەمین کردەوەی نهێنی ١٩
بەشی سێ هەم: جەنگی زانیاریەکان ٣٦
بەشی چوارەم: دەست تێوەردانی دەزگای هەواڵدەری ئەمریکی ٤٩
بەشی پێنجەم: سیخورایەتی ئەورووپی ٦٥
بەشی شەشەم: ململانێی موخابەرات لەسەر گۆڕەپانی جیهانی سێیەم ٧٩
بەشی حەوتەم: هندی چینی.............................. ٩٩
بەشی هەشتەم: سیاسەتی هاوسێ یەتی ١١٤
بەشی نۆیەم: سیخوری کردن لە حەفتاکاندا ١٢٩
بەشی دەیەم: نهێنی و پێداویستیەکانی پیشەی سیخوری ١٤٤
بەشی یانزدەیەم: دواناکۆکیەکان ١٦٢

کۆمپیوتەر و فۆتۆکۆپی دلێر/سلێمانی- شەقامی مەولەوی –تەنیشت بانکی سەلام